# ئایندەناسی

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات

ژمارە (١٥) ساڵی سێیەم، کانونی یەکەم ٢٠٢٢


- ئایندەی هەرێم و عێراق، لە پەراوێزی ڕاپەڕینی نەتەوەکانی ئێران
- سێکتەری نەوت لەنێوان هەرێم و بەغدادا
- سیستمی هەڵبژاردن و هاوکێشەکانی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان
- ئایندەی سیستمی نێودەوڵەتی و هەرێمی کوردستان
- مەترسییەکانی سۆشیالمیدیا لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان
- مەترسییەکانی دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەویی هەولێر و کاریگەریی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون
- دەروازەیەک لەمەڕ بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لە زانستی سیاسەتدا
- قەیرانی ئۆکرانیا؛ شەڕی وزە و ئاسایشی خۆراک
- بانکە ناوەندییەکان؛ هەڵکشانی مشتومڕەکان لە بارەی سەربەخۆیی سیاسەتی دراو لە جیهاندا
- گەندەڵی وەک یەکێک لە چوار مەترسییەکەی سەر ئایندەی دەوڵەتی عێراق
- ١٠٠ ساڵەی کۆمار؛ ئایندەی تورکیا بەرەو کوێ؟


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
وەرزانە دەریدەکات

CFS
Center for Future Studies



# ئایندەناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١٥) ساڵی سێیەم، کانونی یەکەم ٢٠٢٢

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: د. هەردی مەهدی میکە

بەڕێوەبەری نووسین
ئەژی ئازاد ئەبوبەکر
بەڕێوەبەری کاروباری هونەری
عەدنان ئەحمەد

بۆردی ڕاوێژ
د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول

هەڵەبڕ: باخان ئەحمەد

شوێن: عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی،
کۆمەڵگەی زانکۆ، باڵەخانەی K، نهۆمی G, شووقەی 4)
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

SCAN ME

# ئایندەناسی

ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. وەرزی جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەتڕێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان...تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەتڕێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات.

میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەند پسپۆڕێتی (Multidisciplinary) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئامارییی.

هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتە جیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.



ئایندەی هەرێم و عێراق، لە پەراوێزی ڕاپەڕینی نەتەوەکانی ئێران
د. هەردی مەهدی میکە ..........................7-6



سێکتەری نەوت لەنێوان هەرێم و بەغدادا
یادگار سدیق گەڵاڵی ......................30-10




سیستمی هەڵبژاردن و هاوکێشەکانی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان
هۆگر ئیبراهیم حەکیم ......................48-31



ئایندەی سیستمی نێودەوڵەتی و هەرێمی کوردستان
زانا کەریم نەجم ..........................61-49



مەترسییەکانی سۆشیالمیدیا لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان
پ.ی.د. کارزان محەمەد .....................73-62



مەترسییەکانی دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەویی هەولێر و کاریگەریی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون
ڕێکخراوی ستۆپ، مولک نیوز ................87-74



دەروازەیەک لەمەڕ بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لە زانستی سیاسەت
سەید حسێن میر خەلیلی ..................102-90



قەیرانی ئۆکرانیا شەڕی وزە و ئاسایشی خۆراک
وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: پەڕۆش محەمەد...112-103




بانکە ناوەندییەکان: هەڵکشانی مشتومڕەکان لە بارەی سەربەخۆیی سیاسەتی دراو لە جیهاندا
عەلی سەلاح، و: بارام سوبحی ...........129-113




گەندەڵی وەک یەکێک لە چوار مەترسییەکەی سەر ئایندەی دەوڵەتی عێراق
ڕاپۆرتی تایبەت بە "دیداری ڕافیدەین" ....135-132




١٠٠ ساڵەی کۆمار، ئایندەی تورکیا بەرەو کوێ؟
ئامادەکردن: گۆڤاری ئایندەناسی ..........147-136




ژیان وەک سیاسەت: چۆن خەڵکی سادە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕن
ئامادەکردن: د. عابد خالد ...........155-150



بەرنامەڕێژی (لەسەر بنەمای کات و مەودا)
ئامادەکردن: ئەژی ئازاد ئەبوبەکر
161-158....

CFS
Center for Future Studies

هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
165-162....

# ئایندەی هەرێم و عێراق
# لە پەراوێزی ڕاپەڕینی نەتەوەکانی ئێران



**هەردی مەهدی میکە**

نارەزایەتییەکان و خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی ئێران، وا خەریکە پێ دەنێتە مانگی چوارەمیەوە، سیستمی سیاسی و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەقووڵی نیگەران کردووە. لە ٤٤ ساڵی ڕابردوودا، هیچ نارەزایەتییەک نە تەمەنی ئەمەی ئەم دواییەی هەبووە و نە ڕای گشتیی جیهان و خەڵکی ئێرانی هێندە وروژاندووە و یەکدەست کردووە بەرامبەر دەسەڵات، هیچ کاتیش هێندەی ئێستا نەتەوەکان و هێزە سیاسییەکانی ئێران وا پێکەوە یەکهەڵوێست و یەک ناوک بەدەوری درووشمێکدا کۆ نەبوونەتەوە. ئەم ڕووداوە ناکرێت هەر وا بەسانایی بەسەر ئێراندا تێپەڕێت و سایەی لەسەر ئێستا و ئایندەی عێراق و هەرێمدا جێ نەهێڵێت.

عێراق و لە نێویشیدا هەرێمی کوردستان، پێکەوە بە درێژایی (١٦٠٩کم) سنووری هاوبەشیان هەیە. پەیوەندییەکانی ئەم نێوچەیە لەگەڵ حکومەتە "ئێرانی"یەکاندا، بە درێژایی پێنج سەدەی ڕابردوو لە هەڵبەزودابەزدا بووە. گەر بە پێی ڕووداوەکانی نێو مێژوو وێنەیەکی گشتیی لێ وەربگرین، دەکرێت ناوی بنێین دوو "دراوسێی ناچاری". ئەڵبەت بێ یەک نەیانکراوە و پێکەوەش نەیانکراوە و نایانکرێت، چونکە لە بنەماوە لە سەردەمی عوسمانییەوە تا هەنووکە، دەسەڵاتدارانی هەر پایتەختێکی ئێرانی و عێراقی، هەر کامیان بۆیان کرابێت هەژموون و هێرشی بۆ سەر ئەوی دی کردووە، نموونە زۆر هەیە کە سەردەمانێک والیی بەغدا و میرانی بابان و حکومەتەکانی ویلایەتی موسڵ لەشکرکێشییان بۆ تەورێز، کرماشان و سنە و بگرە هەمەدانیش کردووە، سەردەم هەبووە بابانەکان دە ساڵێک لە سنەدا خاوەن نفوز بوون و دەسەڵاتی ئەسفەهان لە پەراوێزدا بووە. بەپێچەوانەشەوە حکومەتەکانی سەفەوی و ئەفشار و زەندی زۆر جار لەشکرکێشییان بۆ بەغدا و بەسرە و خانەقین و کەرکووک کردووە، هیچیان بۆ یەکجاری نەیانتوانی پرسەکە بە هێز یەکلا بکەنەوە و دواجار ئەم سنوورەی هەنووکە تا ڕادەیەک بۆ سەد ساڵێک دەچێت وا جێگیر کراوە.

ڕەتنەکراوەیە، بە درێژایی ٢٠ ساڵی ڕابردوو، یەک لە بەهەژموونترین دەوڵەتی دەستڕۆیشتووی نێو عێراق، تاران بووە لە ڕەهەندی نەخشەی سیاسیی عێراقدا، بێ دوودڵی دەتوانین بڵێین کێبڕکێی ئەمەریکای ڕووخێنەری ڕژێمی بەعس و سەددامی کردووە، بەڵام: ١. لە دوا هەڵبژاردنەکانی عێراق و هەرێم، ٢. لە دوو ساڵی ڕابردووی پاش توندگیرییەکانی ترەمپی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا بەرامبەر تاران و کوشتنی قاسمی سولەیمانی، ٣. لە ئانی خۆپیشاندانە بەردەوامەکانی ئێستای ئێراندا. لەم پێدراوانەوە ئەوەی هەستی پێ دەکرێت: هەژموونی پرۆئێرانییەکان کشانەوەی وەخۆوە دیوە و دەزگا هەواڵگرییەکانی ئێران لە جاران دەستکورتتر و لە ڕووی وروژاندنی باڵەکانی سوپای قودسیشەوە لەم نێوچەیەدا کەمڕەنگتر لە جاران؛ تاران خۆی دەنوێنێت. شەقامی عێراقیش لە جاران و لە (٢٠٢٠)ەوە تووڕەتر لە سیاسەتەکانی ئێران و چەندین جار ئەم تووڕەییەیان لە سەرشەقام بە خوێنی خۆپیشاندەر

تەجەلا کردووە. ئەمانە سەرجەم دەکرێت ئاماژەی نوێ بن و هەلی نوێ بدەنە هەرێم و هێزە عێراقییەکان تا لەبریی ئەوەی لەژێر هەژموونی ئێراندا بن، لە ڕووی سیاسەت و دبلۆماسیەتەوە بیر لە هاوبەشی و سەربەخۆیی بڕیار بکەنەوە و لانی کەم وەک هەڵێک لەم گۆڕانکاری و ئاماژانە بڕوانن، چونکە لە ئەگەری گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە ئێراندا، سایەی گۆڕانکاریدا، ئەودەم وەک پاسیڤێک لە هێزە عێراقی و هەرێمییەکان دەڕوانێت و کەم ڕۆڵ دەبن و دوور نییە کاراکتەری نوێ لە عێراقدا لە گۆڕەپانی سیاسیدا دەربکەون.

لە وێنە گشتییەکەوەشەوە، ڕاستە هێشتا ناوی جووڵانەوەی نەتەوەکانی ئێران بە خۆپیشاندان یان ناڕەزایەتی ڕۆیشتووە، بەڵام دەشکرێت چیدی ناوی ڕاپەڕین یاخود وەک هەندێ لایەن هەستانەوە و جووڵانەوەی لێ بنرێت، چونکە بە ڕێکخستن و جۆری چالاکی و ڕەفتاری ناڕازییەکان لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی و هەوڵدان بۆ چاکسازیی بەشەکی دەرچووە.

کاتێک ئەم دێڕانە دەنووسین، لە کۆی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی ئێران، لانی کەم ١١ حەوتوویان تێپەڕاندووە و وا پێ دەنێتە مانگی چوارەمیەوە. بە گوێرەی ئاماری ڕێکخراو و ڕێکخستنەکانی خۆپیشاندانەکان، نزیکەی ٢٩ هەزار و ٤٠٠ کەس دەستگیر کراون، لەنێو ئەمانەدا تەنها ١٠٪یان پەیوەندییان بە هێزە سیاسییە نەیارەکانی حکومەتی ئێرانەوە هەبووە، ٩٣٪یشیان بۆ یەکەم جاریان بووە بەشداریی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانیان کردووە، ٦٥٪ی خێزانی دەستگیرکراوان خێزانی پابەند بە ئایین و لەچکبەسەر و حیجابن لە ڕووی پۆشتەییەوە، لە کۆی ژمارەی دەستگیرکراوانیشدا تا هەنووکە ئەوەی ڕاگەیەنراوە ١١٥ کەسیان لە کەسانی هێزەکانی بەرگری و سەربازین و هەڵوێستیان هاوپشتیی خەڵک بوون، یان لانی کەم لەگەڵ دەوڵەتدا نەبووە و پشتگیریی سەرکوتکردنیان نەکردووە.

ئەوەشی پەیوەندیی بە دۆسێی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، ئەوا دۆسێی مافی کورد و ڕەوایی و مەدەنیبوونی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چیتر نێوچەیی نییە و ڕای گشتیی کۆڵانەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەی دەکات. لەنێوان خەڵک و هێزە سیاسییەکان و چالاکواناندا، یەکگرتووترین شەقامی هەیە لەچاو هێز و شەقامەکانی دیکەی غەیرەکوردی نێو ئێراندا. ڕۆژهەڵات ئێستا نموونەیە بۆ پەرۆشیی کۆمەڵگەکەی بۆ مافی مرۆڤ، پرسی کوردیش بەگشتی چیدی ئینکارکراو نییە بەئەمنیکردنی خاکەکەی وەک سەد ساڵی ڕابردوو وەڵامگۆ نابێت و بێسوودە. سەدەی بەردەممان بۆ کوردبوون هەڵێکە، گەر خۆی بیەوێت.

دەمێنێتەوە سەر کۆمەڵگەی باشوور و هێزەکانی و دانیشتووانی، دەتوانرێت زیاتر لەمە بکرێت، ڕۆژهەڵات وەک کوردستان و وەک کۆمەڵگەیەکی مرۆیی پێویستی بە لۆبی فراوانتر هەیە، دەکرێت سیحری ئەو نەرمەهێزەی کوردبوون دۆخەکە لە بەرژەوەندیی پاراستنی ئایندەی هەرێم و دروستکردنی دیفاکتۆ و "هەرێمێکی دیکە" وەپێش بخرێت. حیزبەکان دەتوانن پەیوەندییە دپلۆماسییەکانی خۆیان و هەرێم لەگەڵ هاوپەیمانان و ڕۆژئاوا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سوود لێ وەربگرن. حیزبە کوردستانییەکانی باشوور و وەزیر و پەرلەمانتارانی هەرێم و بەغدا دەتوانن بە نزیکایەتی لەگەڵ عەرەبەکانی کەنداو و باشوور و نێوەڕاستی عێراق پێکەوە لە یارییەکی براوە و ئەقڵانیدا هەم دەنگی ڕۆژهەڵات بگەیەنن و هەم عێراقیش لە هەژموونی دراوسێکانی دەستکراوەتر بکەن، بەمەش یارییەکی سیاسیی براوە -براوە لە بەرژەوەندیی دنیایەکی باشتر و بەرەو پێکەوەژیانێک لەسەر بنەمای دپلۆماسیی ئاشتییانە لەنێوان بەغدا و هەرێم و دراوسێ کەنداوییەکان و بگرە تارانیشدا ئاڕاستە بکەن. بۆیە دەکرێت وا بیر بکرێتەوە لە یەک کاتدا خۆپیشاندانەکان هەم هەلن لەبەردەم عێراقییاندا، هەم هەڕەشەش!

# ئایندەناسی

# توێژینەوەکان

# سێکتەری نەوت لەنێوان هەرێم و بەغدادا



**یادگار سدیق گەڵاڵی**
ماستەر لە بەڕێوەبردنی نەوت و گاز




**بەرایی**

لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا و پاش نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق، بەردەوام بەڕێوەبردن و مامەڵەکردن بە نەوت و گازی هەرێمەوە جێی ناکۆکی بووە لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمدا. بەغدا پێی وا بوو کە لە تایبەتمەندییەکانی حکومەتی فیدراڵە و هەولێریش بەپێچەوانەوە بە مافی خۆی دەزانی ئەو سێکتەرە بەڕێوە ببات. چارەسەری ناکۆکییەکان بە ڕێککەوتنی سیاسی لە چەندین قۆناغدا دوا خراوە، تا کار گەیشت بەوەی لەلایەن دادگای فیدراڵەوە مامەڵەکانی هەرێم بە سەکتەری نەوتەوە بە نادەستووری بناسرێت و چەندین هەنگاوی خێرا لەلایەن وەزارەتی نەوتەوە دژی هەرێم و کۆمپانیا نەوتییەکانی کە لەگەڵ هەرێم مامەڵە دەکەن؛ بگیرێتە بەر.

لەم توێژینەوەدا دەمانەوێ سەرەتا کورتەیەکی مێژوویی لەسەر کێشەکانی هەرێم باس بکەین و پاشان بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی نەوت؛ جۆری گرێبەستەکان شی بکەینەوە و بەراورد بکەین لەنێوان ئەو جۆرە گرێبەستانەی لەلایەن حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانەوە پەیڕەو دەکرێن. ئامانجمانە لە هەلومەرجی پێش دەرچوون و کاتی دەرچوونی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵ تێبگەین، بۆ ئەوەی بتوانین هەنگاوەکانی ئایندە و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵی ڕوون بێت لامان.

## ١. کورتەیەکی مێژوویی

کێشەی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵدا دەگەڕێتەوە بۆ کاتی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق و شێوازی دارشتنەوەی ئەو مادانەی کە پەیوەستن بە بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان و پاشتریش لە کاتی نووسینی ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵدا زیاتر زەق بووەوە و جیاوازیی تێڕوانینەکان ڕەنگڕێژ بوو، تا گەیشتە ئەوەی ڕەشنووسی جیای یاساکە بڵاو بکرێتەوە و لێکدانەوەی جیای بۆ بکرێت و گۆڕانکاری بەسەر ئەو ڕەشنووسەدا هات کە پەسەند کراوە لەلایەن هەرێمەوە. لە ڕێکەوتی 9ی ئازاری ٢٠٠٧دا، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەقی پەسەندکراوی ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لە ڕاگەیەنراوێکدا بڵاو کردەوە و هەر لەو ڕاگەیەنراوەدا هاتووە: " لیژنەی نەوت و وزە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەبێت چوار هاوپێچ ئامادە بکات کە لە ڕەشنووسی یاساکەدا ئاماژەی پێ کراوە کە بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکان و ناوچە تایبەتەکانی گەڕان لە عێراق بۆ حکومەتی هەرێم و کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی عێراق و وەزارەتی نەوتی عێراق تەرخان دەکات. هەروەها لیژنەکە پێویستی بە ڕێککەوتن هەیە لەسەر گرێبەستە نموونەییەکانی نەوت و ڕێنماییەکان بۆ مەرجەکانی گرێبەست و یاسای دابەشکردنی داهات[١]". وەزیری سامانە سروشتییەکان لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆیتەرز ڕایگەیاند: "هاوپێچەکان وەك ئەوەی ئێستا نووسراون، لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە قبووڵ ناکرێن. ئامانج لێی، لێسەندنەوەی کێڵگە نەوتییەکانە لە هەرێم[٢]". دەرەنجام، دەرچوونی یاساکە لە پەرلەمان پەک خرا.




چارتی ژمارە (1)

ژمارەی ئەو گرێبەستانەی بەرهەمهێنانی هاوبەش پیشان دەدات کە لە هەرێمی کوردستان لەنێوان 2006 بۆ 2013دا واژوو کراون

پاش ئەوەی ڕەشنووسی یاسای نەوتی فیدراڵ لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراق دەرنەچوو، هەرێم لە هەمان ساڵدا ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی هەرێمی ئامادە کرد. پێش ئەوەی لە پەرلەمان دەربچێت، کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی لەسەر کرا تاوەکوو بەرگێکی نیشتمانیی بەبەردا بکرێت و پشتگیریی هەموو لایەک مسۆگەر بکات.

لە ٩ی ئابی ٢٠٠٧دا، یاسای ژمارە 22ی ساڵی ٢٠٠٧: "یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان-عێراق" لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کرا، لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٦ بۆ ٢٠١٣ بڕی ٥٧ گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش لەنێوان حکومەتی هەرێم و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوتدا واژوو کرا. لە ساڵی (٢٠١٧)شدا پێنج کێڵگەی تر گرێبەستی بۆ کرا لەگەڵ کۆمپانیای ڕۆسنەفتی ڕووسی[٣]. سەرجەم گرێبەستەکانی هەرێم جیاوازن لەگەڵ ئەو جۆرە گرێبەستانەی کە لەلایەن وەزارەتی نەوتی فیدراڵەوە پەیڕەو دەکرێن. ١١ گرێبەست لە ٩ کێڵگە پێش دەرچوونی یاساکە تا ساڵی ٢٠٠٦ ئەنجام دراون و ٢٩ گرێبەستیش لە ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨دا ئەنجام دران[٤] لەو کاتەی کە مشتومڕ لەسەر یاسای نەوت و گازی فیدراڵ هەبوو.

دەستووریبوون و نەبوونی یاسای نەوت و بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت، لێکدانەوە و تەفسیری جیاوازی هەبوو لەلایەن حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵەوە. هەرێم لە یاسای نەوت و گازدا و لە مادەکانی دووەم و سێیەمدا پشتی بە مادەکانی ١١١، ١١٢، ١١٥ و ١٢١ی دەستوور بەستووە کە مافی بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت دەدات بە هەرێم. لە بەشی دەیەمی یاساکەدا جۆری گرێبەستەکان بە گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش دیاری کراوە و لە مادەکانی ٣٧ تا ٣٩ مەرجەکانی گرێبەستەکەی تێدا دیاری کراوە. بەڵام حکومەتی فیدراڵ داوای ڕادەستکردنی سەرجەم نەوتی بەرهەمهاتووی هەرێمی دەکرد و هەناردەکردنیشی بە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ دەزانی. ئەو هەنگاوانەی هەرێم لەو بوارەدا ناونی، بە نادەستووریی دەزانی.

### ٢. خاڵی ناکۆکیی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ

خاڵی سەرەکیی ناکۆکیی نێوان هەرێم و ناوەند بریتی بوو لە بەڕێوەبردنی هەرێم بۆ سێکتەری نەوت کە لە ڕەشنووسی یاساکەی کە نێردرا بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی و هەرێم لەسەری ناڕازی بوو. لەو ڕەشنووسی یاسایەدا ڕۆڵی هەرێم تەنها ڕاوێژکاری بووە و بڕیاری کۆتا لای وەزارەتی نەوت و کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی عێراق دەبێت[٥] و هەرێم مافی واژووکردنی گرێبەستی نەوتی نابێت.

خاڵێکی تر کە زۆر جەختی لەسەر دەکرێتەوە، زۆر جار وا نیشان دەدرێت کە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ناکۆکییەکان جیاوازیی جۆری گرێبەستەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵە، لە کاتێکدا هەرێم پەیڕەویی گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش (Production Sharing Contracts) دەکات و حکومەتی فیدراڵ جۆری خزمەتگوزاریی مەترسیدار (Risk Service Contract) پەیڕەو دەکات، هەر چەند ڕەخنەگران و ئەوانەی دژی ڕەشنووسی پرۆژەیاسای نەوت و گازن

دەڵێن ئەوەی لە ڕەشنووسی یاساکە و لە مادەی ١٥دا هاتووە: "گرێبەستی گەڕان و بەرهەمهێنان یان گرێبەستی پەرەپێدان و بەرهەمهێنان" تەنها یاریکردنە بە وشە، ئەگینا مەبەست لێی هەمان گرێبەستی هاوبەشیکردن بووە لە بەرهەم.

دوای ئەوەی لە ماوەی ساڵەکانی ٢٠٠٦ و ٢٠١٣دا زیاد لە ٥٧ گرێبەست کراون[٦]، هەرێم لە سەرەتاوە بە ئاستی جیا و بە بڕی کەم هەناردەی نەوتی دەکرد، پاشتر لە ٢٢ی ئایاری ٢٠١٤دا بەفەرمی هەناردەی نەوتی ڕاگەیاند. بەڵام لە ١ی حوزەیرانی ٢٠٠٩دا بۆریی نەوتی هەرێم لە ڕێوڕەسمێکدا بەفەرمی کرایەوە و لە ساڵی ٢٠١٣دا حکومەتی هەرێم ئابووریی سەربەخۆی ڕاگەیاند.

لە ٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٣دا، لە پەراوێزی سێیەمین کۆنفرانسی نەوت و گازدا ئاشتی هەورامی؛ وەزیری سامانە سروشتییەکانی ئەوکات ڕایگەیاند ماوەی ساڵێکە نەوت بە تەنکەر بۆ تورکیا دەنێرین و سێ چوار ساڵیش دەبێت بە هەمان شێوە نەوتمان بە ئێران فرۆشتووە. لە کۆنفرانسەکانی نەوتدا حکومەتی هەرێم سیاسەتی نەوتی خۆی ڕادەگەیاند، لە لایەک جەختی لە دەستووریبوونی گرێبەستەکان و بەرهەمهێنان دەکردەوە، لە لایەکی تر هەڕەشەی بەکارهێنانی داهاتی نەوتی دەکرد گەر شایستەی کۆمپانیاکانی نەوت و شایستە داراییەکانی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە نەدرێت[٧]. لێرەوە کێشەی نەدانی شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکانی نەوت و هەرێم دەستی پێ کرد.

لەگەڵ هەناردەکردنی نەوتدا کێشەکان چوونە قۆناغێکی ترەوە، چەندین جار ڕێککەوتن لەنێوان هەرێم و بەغدادا ئەنجام دراوە، هەر لە حکومەتی ئیبراهیم جەعفەری تا دەگات بە مستەفا کازمی، هەردوو لای کێشەکە یەکتر تۆمەتبار دەکەن بە جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکە. لە سەرەتادا حکومەتی فیدراڵ ڕازی بوو شایستەی کۆمپانیاکانی نەوت بدات. لە کۆنفرانسی هەولێر لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٢دا، دکتۆر ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی ئەوکاتی هەرێم  ڕایگەیاند کە یەکەم گوژمەی شایستەی کۆمپانیاکان بە بڕی ٥٤٠ ملیۆن دۆلار دراوە لەلایەن حکومەتی  فیدراڵەوە و چاوەڕێش دەکرێت تا کۆتایی ساڵ دووەم گوژمە بدرێت[٨].

بەغدا و هەولێر ناکۆکییەکانیان بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە و چەندین جار گەیشتوون بە ڕێککەوتن، بەڵام هیچ کات ڕێککەوتنەکان وەک خۆی جێبەجێ نەکراون. بەغدا دوو جووڵەی یاسایی کرد دژی هەرێم لە ڕێگەی  تۆمارکردنی دوو داوا لە دوو دادگای جیاواز.

جووڵەی یەکەم: بە ئاڕاستەی دادگای ئیتیحادی و لە ساڵی ٢٠١٢دا وەزیری نەوتی عێراق پێشکەشی دادگای ئیتیحادیی کرد کە هەرێم ئەو نەوتەی بەرهەمی دەهێنێت ڕادەستی حکومەتی فیدراڵی ناکات، هەروەها هەناردەی نەوت دەکات بەبێ ڕەزامەندیی عێراق. ئەم داوایە و داوایەکی تر کە لەلایەن علی شەداد فارس؛ ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای بەسرە، لە ساڵی ٢٠١٩دا پێشکەش

بە دادگاکە کرابوو بۆ هەمان مەبەست، دوای چەندین دواخستن، لە کۆتاییدا دوای ١٠ ساڵ لەلایەن دادگای فیدراڵەوە یەکلا کرایەوە، دادگا بڕیاری دا بە:

- نادەستووریبوونی یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧، تایبەت بە نەوت و گازی هەرێم.
- ڕادەستکردنی هەموو بەرهەمی نەوت بە وەزارەتی نەوت.
- داواکردن لە وەزارەتی نەوتی عێراق بەدواداچوون بکات بۆ نایاساییبوونی ئەو گرێبەستانەی کە هەرێم لەگەڵ لایەنە دەرەکییەکان کردوویەتی سەبارەت بە گەڕان و پشکنین، بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت[٩].

جووڵەی دووەم: بەئاراستەی دادگای نێوبژیوانیە لە ڕێگەی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ) لەبریی وەزارەتی نەوت، بە تۆمارکردنی داوایەکی یاسایی لە دادگای ژووری بازرگانیی نێودەوڵەتیی پاریس لە مانگی ئایاری ٢٠١٤دا، تیایدا حکومەتی تورکیا کە لەلایەن کۆمپانیای بۆریی نەوتی تورکیا (BOTAS) نوێنەرایەتی دەکرێت، تۆمەتبار دەکات بەوەی بەبێ ڕەزامەندیی حکومەتی عێراق ڕێگەی بە هەرێم داوە لە ڕێی بۆریی عێراق تورکیاوە نەوت هەناردە بکات و ئێستا لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢دا چاوەڕێ دەکرێت دادگا بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەو داوایە بدات. وەزیری نەوت زۆر گەشبینە کە داواکە لە بەرژەوەندیی عێراق کۆتایی پێ دێت[١٠]. تیایدا عێراق داوای قەرەبووی زیاتر لە ٣٠ ملیار دۆلار لە تورکیا دەکات.

بۆ ئەوەی بۆمان دەربکەوێت ئایا هۆکاری کێشەکان جۆری گرێبەستەکان و گەڕانەوەی داهاتە بۆ وڵاتی خانەخوێ یان نا، گرنگە کە ئاشنا ببین بە سیستمی دارایی نەوت و جۆری گرێبەستەکانی نەوت و بەراوردکردن لەنێوان ئەو جۆرە لە گرێبەست لە هەرێم و بەغدا پەیڕەو دەکرێت.

### ٣. سیستمی دارایی نەوت

کاتێک باسی سیستمی دارایی نەوت دەکرێت، مەبەست لێی گرێبەستە نەوتییەکانە. پڕۆسەکانی نەوت پڕۆسەگەلێکی دوورودرێژی چەندین ساڵەن، وەبەرهێنان و پەرەپێدان تیایاندا پێویستی بە سەرمایەی زەبەلاح و ژێرخان و تەکنەلۆجیای بەهێز هەیە. سیستمی دارایی هەر وڵاتێک، چوارچێوەی کارکردن و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان دیاری دەکات. هەندێک لە وڵاتان لە ڕێگەی یاساوە جۆری گرێبەستەکان دیاری دەکەن و هەندێکی تر لە ڕێگەی دانووستانەوە مەرجەکانی و شێوازی گرێبەستەکانی دادەڕێژن.

سیستمی دارایی پەترۆل پۆلێن دەکرێت بۆ دوو جۆر ، یەکەم سیستمی ئیمتیاز Concession-ary Systems و دووەمیش سیستمی تەعاقدی Contractual Systems[١١].

### ٣.١. سیستمی ئیمتیاز Concessionary Systems

مافی ئیمتیاز دەدات بە کۆمپانیا لە کێڵگەیەکی دیاریکراو و لە ماوەیەکی دیاریکراودا

به‌رهه‌مهێنان بکات و خاوه‌ندارێتیی نه‌وت یان گازه به‌رهه‌مهاتووه‌که له زۆربه‌ی کاتدا له سه‌ری بیره‌که‌وه واته له ده‌رهێنانیه‌وه بۆ کۆمپانیا ده‌گوازرێته‌وه، حکومه‌ت ته‌نها ”مۆڵکانه و باج و پاداشتی به‌رهه‌م“ وه‌رده‌گرێت. ئه‌م جۆره له گرێبه‌ست کۆنترین جۆریانه، له عێراق تا ساڵی ١٩٧٢ که نه‌وت خۆماڵی کرا؛ په‌یڕه‌و ده‌کرا . زۆر جار ئه‌م جۆره له گرێبه‌ست په‌یوه‌ست ده‌کرێت به سه‌رده‌می ئیستعمارییه‌وه.

### ٣.٢. سیستمی ته‌عاقدی CONTRACTUAL SYSTEMS

پێک دێت له دوو جۆر: ا. گرێبه‌ستی هاوبه‌شیکردن له به‌رهه‌م (له کوردستان په‌یڕه‌و ده‌کرێت) و ب. گرێبه‌ستی خزمه‌تگوزاری (له عێراق په‌یڕه‌و ده‌کرێت). ئه‌م دوو جۆره گرێبه‌سته خاڵی هاوبه‌ش و جیاوازیان هه‌یه. شێوازی خه‌رجییه‌کان و پشکی کۆمپانیا نه‌وتییه‌کان و پشکی کۆمپانیای نیشتمانی به پێی گرێبه‌سته‌که دیاری ده‌کرێت. جیۆلۆجیی بلۆکی نه‌وتی یان گازی، جیۆپۆله‌تیکی وڵاته‌که، ژێرخانی ئابووری و ژێرخانی نه‌وت و گازی وڵاته‌که کاریگه‌ره له‌سه‌ر ڕێککه‌وتنه‌که و پێگه‌ی به‌هێز یان لاوازی هه‌ر لایه‌کی گرێبه‌سته‌که دیاری ده‌کات له دانوستاندن بۆ هه‌ر ڕێککه‌وتنێک.

تا پێگه‌ی وڵاتی خانه‌خوێ به‌هێزتر بێت، گرێبه‌ستی باشتری لێ به‌رهه‌م دێت بۆ حکومه‌ت و له به‌رانبه‌ریشدا کۆمپانیاش ده‌یه‌وێت زۆرترین قازانج بۆ خۆی ببرێت له‌به‌رانبه‌ر وه‌گه‌ڕخستنی سه‌رمایه‌یه‌کی زۆر.

### ٤. گرێبه‌ستی به‌رهه‌مهێنانی هاوبه‌ش

به پێی ئه‌م جۆره له گرێبه‌ست، کۆمپانیای نه‌وت مه‌ترسیی گه‌ڕان و پشکنین و خه‌رجی له‌ئه‌ستۆ ده‌گرێت له‌به‌رانبه‌ر به‌شێک له‌و نه‌وته یان گازه‌ی که به‌رهه‌م دێت له ناوچه‌ی گرێبه‌سته‌که‌دا ئه‌گه‌ر نه‌وت یان گاز دۆزرایه‌وه و به‌رهه‌م هات. به‌ڵام گه‌ر نه‌دۆزرایه‌وه، ئه‌وا حکومه‌ت هیچ خه‌رجییه‌ک ناداته‌وه به کۆمپانیا، ماوه‌ی گه‌ڕان و پشکنین پێنج ساڵه و ده‌توانرێت بۆ ٢ ساڵ زیاتر درێژ بکرێته‌وه. کاتێک نه‌وت به‌رهه‌م دێت له کێڵگه‌یه‌کدا، ئه‌وکات ده‌چێته قۆناغی دووه‌مه‌وه که قۆناغی به‌رهه‌مهێنانه و ماوه‌که‌ی ٢٠ ساڵه و ده‌کرێت بۆ ٥ ساڵی تر درێژ بکرێته‌وه به پێی گرێبه‌سته‌کانی هه‌رێم[١٢].

له‌م جۆره له گرێبه‌ست، کۆنترۆڵی نه‌وت و گاز له ده‌ست حکومه‌تدا ده‌بێت و کۆمپانیای نیشتمانییش به‌شدار ده‌بێت له‌گه‌ڵ کۆمپانیا نێوده‌وڵه‌تییه‌کاندا[١٣].

له گرێبه‌سته‌کانی به‌رهه‌مهێنانی هاوبه‌شدا، وڵاتی خانه‌خوێ چه‌ند جۆر داهاتی ده‌ست ده‌که‌وێت. پاداشتێک هه‌یه کاتێک کۆمپانیا گرێبه‌ستی له‌گه‌ڵ ده‌کرێت بۆ کێڵگه‌یه‌کی نه‌وت یان گاز، ده‌یدات به وڵاتی خانه‌خوێ یان حکومه‌ت. ئه‌م پاداشته که له هه‌رێم به شیرینییه نه‌وتییه‌کان ناسراوه، چه‌ند جۆرێکی هه‌یه و له چه‌ند قۆناغێکی جیادا وه‌رده‌گیرێت، به‌م شێوه‌یه:

### ٤.١. پاداشت

ا. پاداشتی واژووکردن (signing bonus): لە کاتی واژووکردنی هەر گرێبەستێکدا، بۆ هەر کێڵگەیەکی نەوتی کۆمپانیا پاداشتی واژووکردنی گرێبەست دەدات بە حکومەت، لە گرێبەستەکەدا بڕەکەی دیاری دەکرێت و هەر ناوچەیەکی گرێبەستیش، گرێبەستی جیایە و دەکرێت ڕێژەکانیش جیا بن(١٤).

ب. پاداشتی بنیادنانی تواناکان: ئەم پاداشتە لە کاتی واژووکردنی گرێبەستەکەوە لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە لە گرێبەستەکەدا دەستنیشان کراوە، دەبێت بدرێت بە حکومەت.

ج. پاداشتی بەرهەمهێنان: کاتێک کێڵگەیەک دەگاتە بەرهەمهێنانی بازرگانی، کۆمپانیا بڕێکی تر پاداشت دەدات بە حکومەت، ئەم بڕەش بە پێی گرێبەستەکان دەگۆڕێت.

### ٤.٢. دابەشکردنی پشکەکان

**ا. موڵکانە**

بریتییە لە ڕێژەیەک لە کۆی داهات یان نەوتی بەرهەمهاتوو، لەلایەن وڵاتی خانەخوێوە وەردەگیرێت.

لە گرێبەستەکانی نەوتی هەرێم و یاسای نەوت و گازی ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧دا، ڕێژەکەی بە ١٠٪ دیاری کردووە(١٥).

**ب. خەرجیی کۆمپانیا نەوتییەکان**

لەدوای دەرکردنی موڵکانە، لەو نەوتەی دەمێنێتەوە ڕێژەیەک دەدرێتە ئەو کۆمپانیایانەی نەوتیان بەرهەم هێناوە وەکوو وەرگرتنەوەی خەرجی (Cost recovery)، لە گرێبەستێکەوە بۆ گرێبەستێکی تر جیاوازە، هەندێ وڵات تا ڕێژەی ٤٠٪ی دیاری کردووە بۆ وەرگرتنەوەی خەرجیی کۆمپانیاکان، واتە سەقفێک دیاری کراوە بۆ وەرگرتنەوەی خەرجییەکان. ئەوەی دەمێنێتەوە لە خەرجییەکان کە وەرنەگیراوەتەوە، دەگوازرێتەوە بۆ ساڵی دواتر و بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت تا هەموو خەرجییەکان وەردەگیرێتەوە یان گرێبەستەکە کۆتایی دێت. هەندێ وڵات ڕێژەی وەرگرتنەوەی خەرجییەکانی زیاترە لە وڵاتێکی تر، ئەو ڕێژەیە لە هەندێ شوێندا دەگاتە ئاستی ١٠٠٪ی بەرهەم. لە گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستاندا ئەم ڕێژەیە جیاوازە لە کێڵگەیەکەوە بۆ کێڵگەیەکی تر، لەنێوان ٤٠٪ بۆ ٤٥٪ دیاری کراوە.

**ج. نەوتی قازانج (Profit oil)**

ئەو نەوتەی لەدوای لێدەرکردنی مۆڵکانە و خەرجیی کۆمپانیاکان دەمێنێتەوە و پێی دەوترێت نەوتی قازانج، ئەم قازانجە لەنێوان کۆمپانیای نەوت و وڵاتی خانەخوێدا دابەش دەکرێت بە پێی ئەو بڕەی کە لە گرێبەستەکەدا لەسەری ڕێک کەوتوون.

لە گرێبەستەکانی هەرێمدا قازانجی نەوت دابەش دەکرێت بە پێی فاکتەری "R" کە بریتییە لە "داهاتی کەڵەکەبوو"، دابەشی "تێچووی کەڵەکەبوو"، لە باری نموونەییدا کاتێک فاکتەری "R"

دەگاتە ٢، قازانج بە لە سەددا ١٥/٨٥ لە بەرژەوەندیی حکومەتی هەرێم دابەش دەکرێت.

وە کاتێک "R" لە ١ کەمتر یان یەکسانە بە ١، قازانج بە لە سەددا ٣٠/٧٠ لە بەرژەوەندیی حکومەت دابەش دەکرێت. ئەم هاوکێشەیە لە زۆربەی گرێبەستەکاندا بەکار دەهێنرێت. بە پێی مادەی ٢٦، بڕگەکانی ٤ و ٥.

$R = X/Y$

X = داهاتی کەڵەکەبوو


Y = تێچووی کەڵەکەبوو

$R < \text{or} = 1 \quad 30\%$

$(R < \text{or} = 2 \quad 30 - (30 - 15) * (R - 1) / (2 - 1 > 1$

$15\% \qquad R > 2$

لە باری نموونەییدا بۆ حکومەت ڕێژەی ٨٥٪ی قازانجی بەر دەکەوێت و کۆمپانیاکانی نەوت ڕێژەی ١٥٪ی قازانج. بەڵام پشکی حکومەت لێرەدا تەواو نابێت، بەڵکوو حکومەت لە ڕێی کۆمپانیای کیپکۆوە بەشدارە لە قازانجی کۆمپانیا نەوتییەکان، بۆیە لە پشکی کۆمپانیا نەوتییەکان جارێکی تر حکومەت بە ناوی کۆمپانیای کێپکۆوە پشکی ٢٠٪ی هەیە.




**چارتی ژمارە (2)**

**چۆنیەتیی دابەشکردنی پشکەکان بە پێی گرێبەستەکانی هەرێم**

### ٥. گرێبەستی خزمەتگوزاری

لەم گرێبەستەدا حکومەت گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیایەکی نەوت دەکات بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و لە ناوچەیەکی دیاریکراودا کە کرداری گەڕان و پشکنین و بەرهەمهێنان یاخود پەرەپێدان و زیادکردنی بەرهەم لە کێڵگەیەکی دیاریکراودا ئەنجام بدات، لەبەرانبەر ئەو خزمەتگوزارییەدا کۆمپانیا بڕە پارەیەکی دیاریکراو یان گۆڕاو وەردەگرێت[١٦].

هەروەک گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش، لەم جۆرە گرێبەستەشدا بەڵێندەر دەبێت تەواوی مەترسییەکانی گەڕان لەئەستۆ بگرێت و هیچ قەرەبووکردنەوەیەک بۆ وەبەرهێنانەکانی وەرناگرێت ئەگەر لە دۆزینەوەی بازرگانیدا سەرکەوتوو نەبێت. ئەم گرێبەستە چەند جۆرێکی هەیە: تەنها خزمەتگوزاری، خزمەتگوزاریی مەترسیدار و خزمەتگوزاریی تەکنیکی.

### ٥.١. گرێبەستی خزمەتگوزاریی تەکنیکی

گرێبەستی خزمەتگوزاریی تەکنیکی لە بنەڕەتدا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمی نەوت یان نۆژەنکردنەوەی کێڵگەیەک بەکار دەهێنرێت. ئەم گرێبەستانە دەتوانن لە ڕێگەی گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەشەوە، یان لەژێر سیستمی ئیمتیازیشدا ئەنجام بدرێن. ئەم گرێبەستانە پەیوەستن بە کێڵگە هەبووەکان، یان کێڵگە جێهێڵراوەکانەوە. بەگشتی، مەرجە داراییەکانی توندن بە هۆی کەمیی مەترسییەوە. ئەم جۆرە لە کێڵگەی ڕومەیلە پەیڕەو دەکرێت.

حکومەتی عێراق لەگەڵ ئەوەی خاوەنی پێنجەمین گەورەترین یەدەگی نەوتە لە جیهاندا و لە ساڵی (١٩٧٢)ەوە نەوتی خۆماڵی کردووە و چەندین کۆمپانیای لە بوارە جیاکانی پرۆسەکانی نەوتدا هەیە، هەر لە گەڕان و پشکنین تا هەڵکەندنی بیر و گواستنەوە و بەبازاڕکردنی نەوت، بەڵام ئاستی بەرهەمی زۆر کەمتر بووە لەو یەدەگە زەبەلاحەی کە هەیەتی. هەندێک لە هۆکارەکان بۆ ئەو شەڕە یەکلەدواییەکانە دەگەڕێنەوە کە عێراق پیایدا تێپەڕیوە لە چوار دەیەی ڕابردوودا.

پێش ڕووخانی ڕژێم، لە ساڵی ٢٠٠٣دا ئاستی بەرهەمی نەوتی عێراق بەتێکڕا بریتی بوو لە ٢ ملیۆن و ٣٤٠ هەزار بەرمیل[١٧] و لە کاتی کاراکردنی گرێبەستەکانی خزمەتگوزاریی گەڕی یەکەم بەتێکڕا بەرهەمی ڕۆژانەی ناوچەی گرێبەستەکان ١ملیۆن و ٩٦٨ هەزار بووە[١٨]. بە ئامانجی پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی و زیادکردنی بەرهەم، وەزارەتی نەوتی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٨دا پەنای بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکاندا برد و لە ڕێی گەڕەکانی مۆڵەتپێدانەوە (جولات التراخيص) و جۆری ئەو گرێبەستەی عێراق پەنای بۆ برد؛ گرێبەستی خزمەتگوزارییە.

لە چوار خولی گرێبەستدا، ١٨ گرێبەستی خزمەتگوزاری واژوو کراوە، چوار گرێبەست لە خولی یەکەمی مۆڵەتدان، حەوت لە خولی دووەم، سێ لە سێیەم و چوار لە خولی چوارەم، جگە لە گرێبەستی کێڵگەی نەوتی ئەحداب و گرێبەستی کێڵگەی ڕۆژهەڵاتی بەغدا/بەشی باشوور[١٩]. هەروەها خولی پێنجەمی گرێبەستەکان بریتی بوو لە تەرخانکردنی شەش کێڵگە بۆ وەبەرهێنانی بیانی، کە چواریان کێڵگەی نەوت و دووانیان کێڵگەی گازن.

### ٦. خاڵە هاوبەشەکانی گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش و گرێبەستی خزمەتگوزاری

- گرێبەستی درێژخایەنن، ٢٠ بۆ ٢٥ ساڵ.
- حکومەت خاوەندارێتیی نەوت و گازی لەبەردەستە.
- پاداشتی واژووکردنی گرێبەست لە هەردوو گرێبەستەکەدا هەیە.
- کۆمپانیا خەرجییەکانی وەردەگرێتەوە ساڵانە بە ڕێژەیەک کە لە گرێبەستدا دیاری کراوە.
- کۆمپانیای نیشتمانی بە ڕێژەیەک بەشدار دەبێت لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی نێودەوڵەتیدا.
- وەرگرتنی باج لەو بڕە قازانجەی کۆمپانیا یان بەڵێندەر دەیکات.

### ٧. خاڵی جیاواز لە گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش و گرێبەستی خزمەتگوزاری

- لە گرێبەستی هاوبەشیکردن لە بەرهەم، حکومەت لە کۆی بەرهەمی کێڵگەکە ڕێژەیەک نەوت یان بەهای نەوت وەردەگرێت وەکوو موڵکانە کە لە گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان ١٠٪ی کۆی بەرهەمی ئەو کێڵگەیە، بەڵام لە گرێبەستی خزمەتگوزاریدا موڵکانە نییە.
- لە گرێبەستی هاوبەشیکردن لە بەرهەم، کۆمپانیای نێودەوڵەتی کاتێک دەگات بە نەوتی بازرگانی بەشدار دەبێت لە پشکێکی ئەو نەوتەی بەرهەم دێت، واتە خاوەندارێی بەشێک لەو نەوتە دەکات یان بەهای نەوتەکە، بەڵام لە گرێبەستی خزمەتگوزاریدا کۆمپانیا بڕێک پارە بۆ بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک وەردەگرێت، دەکرێت بە پێی گرێبەستەکە تەنها بڕە پارەیەکی دیاریکراو یان گۆڕاو بۆ هەر بەرمیلێک وەربگرێت یان لەبریی پارە؛ نەوت یان گاز وەربگرێت و خاوەندارێی ئەو بڕە دەکات وەک پشکی خۆی.

گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش زیاتر سەرنجی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان ڕادەکێشێت، بەتایبەت لە کێڵگە بچووک و مەترسیدارەکان، چ مەترسیی جیۆلۆجی یان سیاسی و ئەمنی کە بە شێوەیەکی گشتی کێڵگەی نوێن و لە قۆناغی گەڕان و پشکنینەوە دەست پێ دەکەن. کۆمپانیا لەبریی ئەو مەترسییانە، بڕێکی زیاتر قازانج دەکات لە کاتێکدا گرێبەستی خزمەتگوزاری زیاتر لە کێڵگەی زەبەلاح و ئامادە (پێشتر وەبەرهێنانی تیاکراوە)دەکرێت، وڵاتی خانەخوێ بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە توانای تەکنیکی و تەکنەلۆجی و زیادکردنی بەرهەم پەنای بۆ دەبات.

- لە گرێبەستەکانی هەرێمدا سەقفی وەرگرتنەوەی خەرجیی کۆمپانیا لەنێوان ٤٠٪ بۆ ٤٥٪دا دەبێت، بەڵام لە گرێبەستی خزمەتگوزاریی حکومەتی فیدراڵدا ئەم سەقفە بە ٥٠٪ی کۆی بەرهەمی ئەو کێڵگەیە[٢٠]. پاشان لەوەی دەمێنێتەوە کە پێی دەوترێت نەوتی قازانج لە گرێبەستەکانی هەرێم، بە پێی هاوکێشەیەکی ماتماتیکی لەنێوان ٧٠٪ بۆ ٨٥٪ بۆ حکومەت و ٣٠٪ بۆ ١٥٪ کۆمپانیا دەبێت، بەڵام لە گرێبەستی خزمەتگوزاری، حکومەتی فیدراڵ ڕێژەیەکی جێگیرە بۆ هەر بەرمیلێک کە لە بەرهەمی ئەو کێڵگەیە زیاد دەکرێت، ڕێژەکە لەنێوان ١.٢٥ بۆ ٦ دۆلارە، لە کێڵگەیەکەوە بۆ کێڵگەیەکی تر دەگۆڕێت[٢١].

- لە هەردوو جۆری گرێبەستەکەی حکومەتی هەرێم و فیدراڵدا، کۆمپانیای نیشتمانیی نەوت بە ڕێژەیەک بەشدارە لە گەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان کە لەنێوان ٢٠٪ بۆ ٢٥٪ بە پێی گرێبەستەکان دەگۆڕێت. لە هەرێم لە قازانج بەشدارن و لە حکومەتی فیدراڵ لە کرێی خزمەتگوزاری .

لەو بەراوردەی سەرەوەدا، دەردەکەوێت هەردوو جۆری گرێبەستەکان خاڵی هاوبەشیان زۆرە. لە ڕووی پێکهاتەوە جیاوازیی زۆریان نییە، هەریەکەیان خاڵی ئەرێنی و نەرێنیی خۆیان هەیە، بەتایبەت کاتێک نرخی نەوت نزمە، بە پێی بنەما سەرەکییەکانی گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش زیاتر لە بەرژەوەندیی حکومەتە و داهاتی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆی. بەڵام کاتێک نرخی نەوت بەرزە، کۆمپانیاکان لە گرێبەستی هاوبەشیکردندا قازانجیان زیاد دەکات، بەڵام لە خزمەتگوزاری و بەتایبەت ئەوەی حکومەتی فیدراڵ؛ کۆمپانیا ڕێژەکەی جێگیرە و داهاتی حکومەت لە کاتی بەرزیی نرخدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیاد دەکات.

خاڵێکی لاوازی گرێبەستی خزمەتگوزاریی حکومەتی فیدراڵ ئەوەیە کرێی خزمەتگوزارییەکە جێگیرە بۆ هەر بەرمیلێک نەوت کە بەرهەمی دەهێنن، لە کاتی نزمیی نرخی نەوتدا کرێی کۆمپانیا هەمان کرێیە کە نرخ بەرزە، ئەمەش دەبێتە هۆی گەڕانەوەی داهاتێکی کەم بۆ حکومەت و داهاتێکی زیاتر بۆ کۆمپانیا، لە ئەنجامدا لەبەر ئەوەی زۆر پشت بە داهاتی نەوت بەستراوە، کێشە بۆ بودجەی حکومەت دروست دەبێت. لە کاتی پەتای کۆرۆنادا و دابەزینی نرخی نەوتدا لە ساڵی ٢٠٢٠دا، ئەمە بەڕوونی دەرکەوت.

خاڵێکی تری هاوبەشی هەردوو گرێبەستەکە، خەرجیی کۆمپانیاکانە لە سەرەتای دەستبەکاربوونیانەوە تا کۆتایی ژیانی کێڵگەکە. حکومەت بەڕێوەبردنی کێڵگەکان دەکات بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیادا لە ڕێی لیژنەیەکی هاوبەشەوە لەنێوان کۆمپانیای نەوت و حکومەتدا و بڕیاری کۆتایی لای حکومەتە، بەڵام ئەگەر نوێنەری حکومەت لە ئەم لیژنەیەدادا بەتوانا و کارا نەبن، ئەوا دەبێت بە سەرچاوەی بەهەدەردان و گەندەڵی. ڕاستە پلانی پەرەپێدانی کێڵگەکە لەلایەن وەزارەتەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت و قبووڵ دەکرێت، بەڵام لە پراکتیزەکردندا ئەم پلان و بەرنامانە چەندین جار گۆڕانکاریی تێدا دەکرێت و پێویستی بە دەستەیەکی بەتوانا و کارا هەیە لە بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکاندا، ئەگەرنا دەرئەنجام خەرجی و تێچوو زیاد دەکات.

ئەم خاڵە زۆر بەڕوونی هەستی پێ دەکرێت لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستاندا پاش ئەوەی کە هەندێ کێڵگەی هەرێم زیاد لە ١٥ ساڵە نەوت بەرهەم دەهێنن، بەڵام هێشتا ئاستی خەرجییەکان زۆر بەرزە و بە پێی لێکدانەوەکان بۆ ڕاپۆرتەکانی حکومەت هێشتا پشکی حکومەت لە هاوکێشەی دابەشکردنی قازانجدا نەگەیشتووەتە باری نموونەیی.

### ٩. داهاتی گەڕاوە بۆ حکومەتی هەرێم بە پێی بەرز و نزمیی نرخی نەوت (PSA)

لە ساڵی ٢٠٢٠دا کاتێک نرخی فرۆشی نەوتی هەرێم بەتێکڕا ٢٨ دۆلار بوو، بڕی نزیکەی ١٦٦ملیۆن بەرمیل هەناردە کراوە و لە ناوخۆدا بەکار براوە، کۆی داهاتی نەوتی هەرێم بریتی بووە

لە نزیکەی ٣٤،٤ ملیار دۆلار، لەم برە ١.٧٦ ملیاری بۆ کۆمپانیاکانی نەوت ڕۆیشتووە و زیاتر لە ٩٥٠ ملیۆنیش بۆ گواستنەوە ڕۆیشتووە[٢٢] کە ڕێژەی کۆمپانیاکانی نەوت لە کۆی داهات، ٣٩.٦٪ بووە و ڕێژەی کرێی گواستنەوەش لەو ماوەیەدا ٢١.٤٪ بووە کە بەسەریەکەوە خەرجییەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە بریتی بووە لە نزیکەی ٦١٪ی کۆی داهات.

خشتەی ژمارە ١

| ٢٠٢٠ | داهات | کۆمپانیاکانی نەوت | ڕێژەی سەدی | تەنها کرێی گواستنەوە( هەرێم و تورکیا) | |
|---|---|---|---|---|---|
| چارەکی یەکەم | 1,342,260,646 | 427,498,393 | 31.8% | 315,826,268 | 23.5% |
| چارەکی دووەم | 590,349,504 | 500,561,442 | 84.8% | 154,932,853 | 26.2% |
| چارەکی سێیەم | 1,243,526,571 | 421,495,009 | 33.9% | 238,988,929 | 19.2% |
| چارەکی چوارەم | 1,272,698,547 | 411,134,481 | 32.3% | 240,348,852 | 18.9% |
| **٢٠٢٠** | **4,448,835,268** | **1,760,689,325** | **39.6%** | **950,096,903** | **21.4%** |

کاتێک نرخی نەوت لە ١٠٠ دۆلاردا بوو، لە چارەکی دووەمی ٢٠٢٢دا بڕی ٤٠ ملیۆن و ٣١٦ هەزار بەرهەم هاتووە و بەکار براوە، کۆی ٣ ملیار و ٧٨٩ ملیۆن داهاتی نەوتی ئەو ماوەیە بووە. لەم برە ١.٦٣٢ی بۆ کۆمپانیاکانی نەوت چووە کە دەکاتە ٤٣٪ی کۆی بەرهەم، بڕی ٢٥٩٠ ملیۆن بۆ کرێی گواستنەوە چووە کە دەکاتە ڕێژەی ٦.٦٪ی کۆی داهات و کە ئەم ڕێژەیە کەمترین ئاستە لە چەند ساڵی ڕابردوودا (کرێی بۆریی ناو هەرێم کەمترە لە ١٪ی کۆی بەرهەم، لە کاتێکدا لە ساڵانی ڕابردوودا لەنێوان ٦٪ بۆ ١٥.٥٪دا بووە[٢٣])، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەرێم بە گرێبەستی گواستنەوەی نەوتی نێوان کۆمپانیای "کار-گازپرۆم"دا چووەتەوە.

خشتەی ژمارە ٢

| ساڵی ٢٠٢٢ | داهات | کۆمپانیاکانی نەوت | ڕێژەی سەدی | تەنها کرێی گواستنەوە( هەرێم و تورکیا) | |
|---|---|---|---|---|---|
| چارەکی دووەم | 3,789,290,279 | -1,632,695,597 | -43.09% | -251,263,992 | -6.63% |

ئەم بەراوردە بەو دەرەنجامەمان دەگەیەنێت کە بە پێچەوانەی بنەما سەرەکییەکانی گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش، کاتێک نرخی نەوت نزم بووە؛ کۆمپانیاکان داهاتی زۆرتریان دەست کەوتووە لەو کاتانەی کە نرخی نەوت زۆر بەرز بووە، ئەمەش بۆ کێشە لە بەرێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکان و خەرجیی کۆمپانیاکان لە لایەک و لە لایەکی تر جێبەجێنەکردنی گرێبەستەکان وەکوو خۆی دەگەڕێتەوە، بەتایبەت کە سەیری ڕاپۆرتی دیلۆیتی چارەکی دووەمی ٢٠٢٠ دەکەین، کۆمپانیاکان ٨٤.٨٪ی هەموو داهاتی نەوتی ئەو ماوەیەیان وەرگرتووە کە ئەمە لەگەڵ دابەشکردنی پشکەکانی گرێبەستەکانی هەرێم یەک ناگرێتەوە[٢٤].

خشتەی ژمارە ٣

| ٢٠٢٠ | داهات | کۆمپانیاکانی نەوت | ڕێژەی سەدی | تەنها کرێی گواستنەوە( هەرێم و تورکیا) | |
|---|---|---|---|---|---|
| چارەکی دووەم | 590,349,504 | 500,561,442 | 84.8% | 154,932,853 | 26.2% |

**سەرچاوەی خشتەکان:** ژمارەکان لە ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت بۆ وردبینیی بەرهەمهێنان، هەناردەکردن، بەکاربردن و داهاتی نەوتی حکومەتی هەرێم وەرگیراوە.

........................................................................

**١٠. کێڵگە نەوتییەکانی ناوچەی گرێبەستی خزمەتگوزاری**

زیادکردنی داهات لەنێوان ساڵەکانی (٢٠١١ -٢٠١٥)دا، کۆی بەرهەمی زیادەی کێڵگەکانی خولەکانی مۆڵەتی ١و ٢ بریتی بووە لە ٢.٣ ملیار بەرمیل نەوت لە کۆی بەرهەمی ٤.٧ ملیار کە دەکاتە ڕێژەی نزیکەی ٥٠٪، دەرئەنجامی ئەم زیادەیە لە بەرهەم بڕی ١٧٥.٦ ملیار دۆلار لە کۆی داهاتی ٣٩٥.٥ ملیار دۆلار دەست حکومەت کەوتووە، کە دەکاتە نزیکەی ٤٤٪ی داهاتی ئەو کێڵگانە[٢٥].

تێچووی نەوت کە لەو ماوەیەدا دراوە بە کۆمپانیا نەوتییەکان، بریتی بووە لە نزیکەی ٤٥.١ ملیار دۆلار، وە قازانج یان کرێی کۆمپانیاکان ٢.٢ ملیار دۆلار بووە، لە هەمان کاتدا گەڕاوە بۆ حکومەتی فیدراڵ بریتی بووە لە نزیکەی ٣٤٨.٣ ملیار دۆلار بە پشکی کۆمپانیای هاوبەشی حکومی و باجەوە.

ڕێژەی دابەشکردنی داهاتە داراییەکان

ڕێژەی قازانجی کۆمپانیا بەڵێندەرەکان لە کۆی داهات: ٠.٥٧٪


ڕێژەی شایستەکان لە کۆی داهات: ١١.٩٪

ڕێژەی کۆی داهاتی گەڕاوە بۆ حکومەت: ٨٨.١٪

کۆی تێچوو (بەرهەمهێنان و کارکردن) بۆ هەر بەرمیلێك بریتییە لە ١٠.٥ دۆلار[٢٦].

ئاسان نییە ئاستی بەرهەم و زیادکردنی بەرهەمی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ بەراورد بکەین، چونکە کێڵگە نەوتییەکانی فیدراڵ هەندێکیان کێڵگەی نەوتی زەبەلاحن نەک لە عێراقدا بەڵکوو بە کێڵگەی زەبەلاحی جیهانی ئەژمار دەکرێن و لە هەمان کاتیشدا ئەو کێڵگانە لە کاتی بەرهەمهێناندا بوون و گرێبەستەکان بۆ زیادکردنی بەرهەم کراون، بەڵام کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم کێڵگەی زۆر بچووکترن، هەندێکیان چەند بیرێکی تێدا بوو جێ هێڵرابوون، وەکوو تاوکی، تەقتەق، ئەوانی تر لە قۆناغەکانی سەرەتای گەڕان و پشکنینەوە دەست پێ کراون، واتە لە سەرەتای پرۆسەکەوە، بۆیە مەترسیی دۆزینەوەی نەوت زیاترە بەراورد بە گرێبەستەکانی حکومەتی فیدراڵ کە بریتی بوون لە پەرەپێدان و زیادکردنی بەرهەمی کێڵگەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرێم بەخێرایی بەرەو قۆناغی پەرەپێدان چوو. بەرهەمهێنانی نەوت لە ٧٥,٠٠٠ بەرمیل لە شوباتی ٢٠١١دا بۆ ٢٠٠,٠٠٠ بەرمیل لە ٢٠١٢دا بەرز بوویەوە و ئامانجی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئەوە بوو تا ساڵی ٢٠١٥ بەرهەم بگەیەننە یەک ملیۆن بەرمیل و لە ساڵی ٢٠١٩دا بۆ ٢ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرز بکاتەوە[٢٧]، نەک ئەو ئامانجە نەهاتە دی، بەڵکوو ئێستاش دوای ١٠ ساڵ لەو ڕاگەیاندنەی حکومەت و کەوتنە بەرهەمی چەند کێڵگەیەک، لەگەڵ ئەوەی کێڵگەی

خورمەڵەش کە کێڵگەیەکی ئامادەی نەوت و گازی حکومەتی فیدراڵ بوو خرایە سەر کێڵگەکانی هەرێم و لەو کاتەدا و ئێشتاش بەرهەمی ڕۆژانەی مەزندە دەکرێت بە ١٤٠ هەزار بۆ ١٧٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە، بەڵام بە پێی لێکدانەوە بۆ دوایەمین ڕاپۆرتی دیلۆیت، لە چارەکی دووەمی ٢٠٢٢دا بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتی هەرێم بەتێکڕا بریتی بووە لە ٤٤٣ هەزار بەرمیل نەوت[٢٨] کە ئەگەر نەوتی خورمەڵەی لێ دەربکەین، لە باشترین گریمانەدا نزیکەی ١٠٠ هەزار بەرمیل ئاستی بەرهەم زیادی کردووە لە ماوەی ئەم دە ساڵەدا، واتە ٥٠٪ی ئەو ئامانجەی کە دانرابوو لە ساڵی ٢٠١٩دا پێی بگەن.




**چارتی ژمارە (3)**

**زیادکردنی بەرهەمی نەوتی هەرێم لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٨ تا ٢٠١٢**

سەبارەت بەو ئامانجانەی حکومەتی فیدراڵ دایناوبوو بۆ ئاستی بەرهەمی نەوت پێی بگات، بەم شێوەیە بوو:

حکومەتی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٩دا چەند گرێبەستێکی خزمەتگوزاریی واژوو کرد بە ئامانجی ئەوەی لە ماوەی ٦ ساڵدا ئاستی بەرهەم بۆ ١٢ ملیۆن بەرمیل بەرز بکاتەوە[٢٩]، پاشان ئامانجی بۆ ٩ ملیۆن بەرمیل دابەزاند، دوایەمین جاریش لە ساڵی ٢٠٢٢دا وەزارەتی نەوت ئامانجیەتی کە تا ساڵی ٢٠٢٧ ئاستی بەرهەمهێنانی بگەیەنێتە ٨ ملیۆن بەرمیل.

لەگەڵ ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٩ تا ٢٠٢٢ ئاستی بەرهەم لە ٢ ملیۆنەوە بۆ ٤،٥ ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانە بەرز بووەتەوە[٣٠] کە دەکاتە ڕێژەی ١٢٥٪، بەڵام هێشتا زۆری ماوە ئاستی بەرهەم بگەیەنرێتە ئەو ئاستەی کە ئامانجیانە، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە:

- ناسەقامگیریی بازاڕی نەوت و خستنەڕووی نەوتێکی زۆر کە دەبێتە هۆی دابەزینی نرخی زۆری نەوت لە بازاڕی جیهاندا، کە وڵاتانی ئەندامی ئۆپیکی ناچار کردووە لە ساڵی (٢٠١٦)ەوە ئاستی بەرهەمیان کەم بکەنەوە و سنوورداری بکەن لە پێناو گەڕانەوەی سەقامگیری بۆ بازاڕی نەوت (مەبەست لێی هێشتنەوەی نەوتە لە ئاستێکدا کە لێی ڕازی بن و ڕێگری بکەن لە دابەزینی زۆری). عێراقیش وەکوو دامەزرێنەری ڕێکخراوی ئۆپیک و دووەمین گەورەوەبەرهێنی ناو ڕێکخراوەکە، پابەند بووە بە دیاریکردنی ئاستی بەرهەمیەوە.
- بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩دا لە چین و بڵاوبوونەوەی بە جیهاندا کە بووە هۆی کەمبوونەوەی زۆر خێرای خواست لەسەر نەوت، تا ئێستاش جیهان لەژێر سێبەری کاریگەرییەکانی دەربازی نەبووە. لە ساڵی ٢٠٢٠دا وڵاتانی ناو ڕێکخراوی ئۆپیک و دەرەوەی ئۆپیک کە بە ئۆپیکپڵەس ناسراون، ڕۆژانە ١٠ ملیۆن بەرمیل نەوتیان لە بازاڕ گرتەوە. لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢دا، جارێکی تر دوای ئەوەی چاوەڕوان دەکرا ئەو بڕەی کە لە بازاڕ گیراوەتەوە؛ لە ساڵی ٢٠٢٣دا بەتەواوەتی بگەڕێنرێتەوە بۆ بازاڕ، بەڵام هاوپەیمانییەکە جارێکی تر ڕێک کەوتن بڕی یەک ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانە تا کۆتایی ٢٠٢٣ لە بازاڕ بگرنەوە.
- ناسەقامگیریی ئەمنی و سیاسییش هۆکارێکی ترە کە وەبەرهێنان کەمتر بکرێت.

پابەندبوونی ئەندامانی ڕێکخراوەکە یارمەتیدەر بووە کە نرخی نەوت لە ئاستێکی بەرزدا بمێنێتەوە کە ئەمەش لە بەرژەوەندیی وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوتە بە بڕێکی کەمتر داهاتێکی زیاتریان دەست دەکەوێت، لە هەمان کاتدا ڕێگرە لە زیادکردنی بەرهەمیان.

وڵاتە پیشەسازییەکان و بەتایبەت ڕۆژئاوا، بە شێوەیەکی خێرا ڕوو لە سەرچاوەی وزەی نوێبووەوە دەکەن، دەیانەوی خۆیان لە بەکارهێنانی نەوت کە سەرچاوەی وزەی پیسە؛ دوور بخەنەوە و ئەوەی ئەم هەوڵانە خێراتر دەکات جەنگی ئۆکرانیایە و ئەو کێشانەیە کە ڕووبەڕووی ئەورووپا بوونەتەوە و ئاسایشی وزەی بۆ دروست بووە. عێراقیش وەکوو ئەندامی ڕێککەوتننامەی پاریسی ساڵی ٢٠١٥، پەیوەستە بە ڕێککەوتنەکەوە. بە پێی ڕێککەوتنەکە، پێویستە بە زووترین کات دەردانی گازی ژەهراوی کەم بکرێتەوە، تا ناوەڕاستی سەدەی بیست و یەکەم بگاتە سفری پاك (zero emission). بۆ ئەوەی گەرمبوونی جیهان لە خوار (1.5) پلەی سەدی بمێنێتەوە، پێویستە تا ساڵی 2030 ڕێژەی دەردانی گازی ژەهراوی بە نزیکەی (٥٠٪) کەم بکرێتەوە[٣١].

بۆیە جێبەجێکردنی و گەیشتن بەو ئامانجە بەربەستی زۆری لە بەردەمدایە و جیهان بە ئاڕاستەی کەمکردنەوی بەکارهێنانی نەوت چ لە پیشەسازی یان بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل هەنگاو دەنێت، بۆیە لەبریی ئەوە گرنگە سیاسەتی وزەی حکومەتی فیدراڵ و لەگەڵیشیدا هەرێم بە ئاڕاستەی سیاسەتی جیهان بێت، هەنگاوی جددی بنرێت بۆ فرەکردنی سەرچاوەکانی وزە لە وزەی نوێبووەوە (با و خۆر).

**١١. بڕیاری دادگا و کاریگەرییە هەرێمایەتییەکان**

ئەم داوایە ڕاستە لە ٢٠١٢دا تۆمار کراوە و چەندین جار لە قۆناغە جیاجیاکاندا دوا خراوە و هۆکارەکەشی بۆ ڕێککەوتنە سیاسییەکان دەگەڕایەوە، بۆیە هەلومەرجی پێش دەرچوونی بڕیارەکە ناتوانرێت نادیدە بگیرێت.

لەدوای دروستبوونی عێراقی نوێوە، وڵاتە هەرێمایەتییەکان و لە ناویشیاندا ئێران و تورکیا بە شێوەیەکی بەهێز ئامادەییان هەیە لە عێراقدا و کاریگەرییان لەسەر بڕیاری سیاسی شتێکی شاراوە نییە، بەرژەوەندیی ئابووریی بەهێزیان هەیە، لە ناویشیاندا وزە.

هەلومەرجەکانی پێش دەرچوونی بڕیاری دادگا لەسەر کەیسی نەوتی هەرێم، عێراق لە قۆناغی دوای هەڵبژاردنی پێشوەختە بوو و پرۆسەی سیاسی بەرەو بنبەست دەچوو. لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن لە ململانێیەکی بەهێزدا بوون و بەتایبەت نێو ماڵی شیعە کە بەسەر دوو بەرەدا دابەش بووبوون، لە لایەک موقتەدا سەدر زۆرترین کورسیی هێنابوو، لە لاکەی تر مالیکی و هاوپەیمانەکانی بوو. کورد لەگەڵ ئەوەی داوای (چاوەڕێی) لێ دەکرا نەکەوێت بەلای ململانێکانی نێو ماڵی شیعەدا، بەڵام  کورد بەیەکگرتوویی نەچووە بەغداد. پارتی دیموکراتی کوردستان کە  خاوەنی زۆرترین کورسیی هەرێمە، لەگەڵ خاوەن زۆرترینی  کورسی شیعەکان کە فراکسیۆنی سەدر بوو کەوتە بەرەیەکەوە و لە بەرانبەردا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش بەلای چوارچێوەی هەماهەنگی (مالیکی و هاوپەیمانەکانی)دا کەوت کە ئەمەی دووەمیان ئێران پشتگیریی دەکات.

لەدوای دروستبوونی عێراقی نوێوە، ئێران یاریچییەکی سەرەکییە لە عێراق و کاریگەریی گەورەی هەیە لە ڕووی سیاسی و ئەمنی یان لە ڕووی ئابووری و وزەوە. عێراق بۆ ئێران هێڵی پێشەوەی ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ نەیارە تەقلیدییەکەیدا کە ئەمەریکایە. حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بەمەی ئێستاشەوە نابێت ڤیتۆی  ئێرانی لەسەر بێت بۆ پێکهێنان. تا سەدر ناچار بە کشانەوە و سوننە و پارتییش وەک خاوەن زۆرترین کورسییەکانی کورد بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەرەی چوارچێوەی هەماهەنگی نەکرا، ئاسۆی پێکهێنانی حکومەت ڕوون نەبوو.

لە ڕووی ئابوورییشەوە لەگەڵ ئەوەی عێراق بازاڕێکی گەورەی کاڵاکانی ئێرانە، لە هەمان کاتدا توانیویەتی بە هۆی پێداویستیی زۆری عێراق بە وزە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا ببێت بە هەناردەکەرێکی سەرەکیی گاز بۆ عێراق، سەرەڕای گەمارۆ ئابوورییەکان لەسەری و لەم بوارەدا چەند گرێبەستێکی واژوو کراوە بە نرخێکی زۆر زیاتر لە نرخی بازاڕ و بوویە سەرچاوەیەکی باشی داهات بۆی، ئەمەریکاش چاوپۆشیی لێ کردووە. لەگەڵ ئەوەی هەوڵی فرەسەرچاوەکردنی سەرچاوەی دابینکردنی کارەبا دەدرێت لەلایەن عێراقەوە، بەڵام ئێران ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدات تاوەکوو ماوەی پەیوەستبوونی عێراق پێوەی بۆ دابینکردنی وزە درێژ بکاتەوە. لە هەمان کاتدا عێراق بازاڕێکی گەورەی دەستخستنی دراوی قورسە بۆ ئێران بەتایبەت دۆلار و بووە بە دەروازەیەک لە ڕێیەوە دەتوانێت هەناسەیەک بدات.

ئێران بە هێڵێکی گاز بەستراوەتەوە بە تورکیاوە، بڕێکی زۆر بە نرخێکی تا ڕادەیەک گران گاز

هەناردەی تورکیا دەکات[٣٢] و ساڵی ٢٠٢٦ گرێبەستی نێوانیان کۆتایی دێت و مەترسیی ئەوەی لەسەر بوو کە گرێبەستەکە نوێ نەکرێتەوە ئەگەر تورکیا بژاردەی باشتری لە بەردەمدا بێت. هەروەها هیوای ئەوەی هەیە لە ڕێی تورکیاوە ببێت بە یاریچییەکی گەورەی گاز بۆ ئەورووپا و بۆشایی ڕووسیا پڕ بکاتەوە.

هەوڵی هەرێمی کوردستان بۆ وەبەرهێنانی زیاتر لە بواری گازدا، بەتایبەت دوای لێسەندنەوەی هەردوو کێڵگەی گازی بنەباوێ و میران لە کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی کە لە قۆناغی پەرەپێداندا بوو و ئێستا ئامادەکاری دەکرێت بۆ گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای گازی گەورەدا، هەروەها پلانی زیادکردنی بەرهەمی کێڵگەی گازی کۆرمۆر بە دوو قۆناغ لە یەکەمدا بەرهەم ٥٠٪ زیاد بکەن و بەرهەمی گاز بگەیەننە ٦٩٠ ملیۆن پێ سێجا لە ڕۆژێکدا و پاشتر یەک ملیار پێ سێجا تا ساڵی ٢٠٢٤[٣٣]. لێرەوە هەرێمی کوردستان دەچێتە قۆناغێکی نوێوە و بە مەترسی بۆ سەر ئەو بەرژەوەندییانەی ئێران ئەژمار دەکرێت کە لە سەرەوە باس کران، بەتایبەت کە باسی ئەوە دەکرا هەرێم تا ساڵی ٢٠٢٦ دەتوانێت پێداویستیی ناوخۆی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ پڕ بکاتەوە و گاز بۆ تورکیا هەناردە بکات[٣٤].

لێدوانەکانی بەرپرسانی هەرێم بەبەردەوام بەوەی هەرێم دەبێت بە هەناردەکەری گازی سروشتی بۆ تورکیا و پاشتر بۆ ئەورووپا، تەنانەت ئەوانەشی باسی دابینکردنی گازی سروشتی دەکەن بۆ حکومەتی فیدراڵ، مەترسی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئێران چ لە عێراق و چ لە تورکیا دروست دەکات ئەگەر لە ماوەی کورتیشدا نەبێت، لە ماوەی مامناوەند و دووردا.

لە لایەکی تر، حەزی بەسەنترالیزەکردنی سێکتەری نەوت و سیاسەتی نەوت لەلایەن سیاسییەکانی عێراقەوە و ئامادەکردنی زەمینە بۆی لە ڕێی لێدوانەکانی بەرپرسانەوە بەتایبەت وەزارەتی نەوت، تاوەکوو لە ئەنجامدا ڕایەکی گشتیی لەسەر دروست بکەن کە ناکرێت لە عێراقدا دوو سیاسەتی جیای نەوت هەبێت و هەرێم نەوت هەناردە بکات و بە هۆیەوە زیانی زۆر بە ئابووریی عێراق دەگەیەنێت بەوەی کە لە لایەک نەوت دەفرۆشێت و داهاتەکەی ناگەڕێنێتەوە، لە لایەکی ترەوە عێراق پابەندە بە ڕێککەوتنی ڕێکخراوی ئۆپیکەوە بۆ کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمی نەوت و نەوتی هەرێمیش هەر نەوتی عێراقە و بەمەش ناچارین بەرهەم کەم بکەینەوە.

ئەو هەلومەرجانە پێش دەرچوونی بڕیارەکەی دادگا بوون، بۆیە وا دەبینرێت بەو هەژموونە سیاسی و ئەمنی و ئابوورییەی ئێران هەیەتی لەناو عێراقدا بارگاوی بووبێت.

### ١١. دەرئەنجام

لەگەڵ ئەوەی کێشەکانی مەلەفی نەوتی نێوان بەغدا و هەولێر زیاد لە ١٠ ساڵە بەردەوامە، بەڵام هەمیشە لە ڕێی ڕێککەوتنی کاتیی سیاسییەوە چارەسەرەکان دوا خراوە. لەدوای ساڵی (٢٠٠٥)ەوە، ساڵ دوای ساڵ پێگەی کورد لە بەغدا لاوازتر دەبینرێت. لە کاتی بەهێزیی هەرێم و بوونی زۆرێک لە کەسە یەکەمەکانی حیزبە سیاسییەکان و سیاسییە خاوەن پەیوەندییە زۆرەکان، چ لەگەڵ ناوەندی نێودەوڵەتی بەتایبەت ئەمەریکی و بەریتانییەکان، چ لەگەڵ سیاسییەکانی بەغدا، بەڵام نەتوانرا لە ساڵی ٢٠٠٧دا یاسای

نەوت و گازی فیدراڵی تێپەڕێنرێت لە پەرلەمان، گۆڕانکاری بەسەر ئەو ڤێرژنەدا هات کە کورد لای پەسەند بوو، هەر ئەوکات زۆرێک لە شارەزایان و پسپۆڕانی عێراقیی بواری نەوت و یاسا کەوتنە دژایەتیکردنی ڕەشنووسی یاساکە و لە چەندین بۆنە و سیمینار و بابەتی شیکاری و تەنانەت بە نووسینی کتێبیش لەو بارەوە دژایەتیی خۆیان بۆ ڕەشنووسی یاساکە دەربڕی و بە دژ بە بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراقیان مەزەندە کرد.

دوای ئەوەی یاساکە پەک خرا، بەدوایدا داوا دژی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان تۆمار کرا و پاشتر نەتوانرا ڕێگری بکرێت لە دەرنەچوونی بڕیار دژی مامەڵەی هەرێم لەگەڵ سێکتەری نەوت، وەزارەتی نەوت هەر خێرا دەستی کرد بە فشارکردن لە هەرێم و داوای گرێبەستەکانی نەوتی دەکرد بۆ پێداچوونەوە و دروستکردنی کۆمپانیای نەوتی هەرێم کە فەرمان لە وەزارەتی نەوتەوە وەربگرێت بۆ بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکان و هەڕەشەکردن لە هەرێم لە ڕێی کۆمپانیا نەوتییەکان و هەناردەی نەوت و کڕیارانی نەوتی هەرێمەوە و تا ئێستاش فشار و هەڕەشەکان بەردەوامە.

بەشێکی لاوازیی کورد لە بەغدا بۆ پەرتەوازەیی و نەبوونی یەک گوتاری سیاسی و ڕەنگدانەوەی کێشەکانی ناوخۆی هەرێم لە بەغداد و نەبوونی سیاسەتێکی یەکگرتووی نەوت و گاز دەگەڕێتەوە.

**سیناریۆکان**

سیناریۆی یەکەم: فشارەکانی وەزارەتی نەوت بەردەوام دەبێت لەسەر حکومەت و کۆمپانیاکان و کڕیارانی نەوت و وڵاتی تورکیا بەوەی ڕێگری بکرێت لە هەناردەکردنی نەوت لەلایەن هەرێمەوە، تا وای لێ دێت هەرێم ناچار دەکەن بە ڕادەستکردنی هەموو مەلەفی نەوت بەرانبەر بە دابینکردنی بودجە. هەر چەند ئەگەر بڕیارەکەی دادگای فیدراڵ وەکوو خۆی جێبەجێ بکرێت بەو ئەنجامە دەگەین، بەڵام ئەگەرێکی زۆر لاوازە لەبەر تێکهەڵپژانی بەرژەوەندییەکان بەتایبەت کۆمپانیاکانی ڕۆژئاوا و تورکیا.

سیناریۆی دووەم: مانەوەی بارودۆخەکە وەکوو پێش ١٥ی شوباتی ٢٠٢٢، هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر بەرهەمهێنان و هەناردە و بەبازاڕکردنی نەوت بمێنێتەوە و فشار بکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی دادگا و دەرچوواندنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و تیایدا بەڕێوەبردنی نەوت و فرۆشتنی لە بەرژەوەندیی هەرێم جێگیر بکات. ئەم سیناریۆیە بە لەبەرچاوگرتنی لاوازیی گوتاری هەرێم و هەوڵدان بۆ دەستکەوتی حیزبی لە بەغداد و شەڕی پشکەکان و جیاوازیی ڕوون لە بۆچوونی لایەنە کوردییەکان لەسەر بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گاز، وای لێ دەکات ئەگەرێکی لاواز بێت. بەڵام ئەگەر وڵاتانی هەرێمی و ڕۆژئاوا لە بەرژەوەندیی هەرێم فشار بکەن لەسەر حکومەتی فیدراڵ، ئەوا ئەگەری ڕوودانی ئەم سیناریۆیە زیاد دەبێت لە ڕێگەی ڕێککەوتنی سیاسی بەبێ دەرچوواندنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی، بەڵام دیسان ڕێککەوتنێکی کۆنکرێتی و پتەو نابێت.

سیناریۆی سێیەم: مانەوەی بەڕێوەبردنی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکان و هەناردەکردنی لەژێر دەستی حکومەتی هەرێم و بەبازاڕکردن و فرۆشتنی بخرێتە ژێر دەسەڵاتی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق

(سۆمۆ) بە مەرجێک شایستەی دارایی کۆمپانیا نەوتییەکان و ئیلتیزاماتی هەرێم بەرانبەر کڕیارانی نەوت بگوازرێتەوە بۆ سمۆ و بە شێوەیەک لە یاسای نەوت و گازی فیدراڵیدا جێگیر بکرێت. لە بەرانبەردا حکومەتی فیدراڵ پابەند بکرێت بە ناردنی بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێم بەبەردەوامی. ئەم سیناریۆیە زیاتر لە واقیعەوە نزیکە.

**ڕاسپاردەکان**

**1. لە بەغداد چی بکرێت؟**

گرنگە هەرێم بە یەک گوتار لە بەغداد بێت، دوو دیدیی جیاوازی بۆ نەوت و گازی نەبێت و چارەسەری کێشەی نەوت و گاز مەرجی سەرەکیی بەشداریی بێت لە گفتوگۆی پێکهێنان و بەرنامەی حکومەتی نوێ.

دەبێت لە زووترین کاتدا هەرێم ڤێرژنی ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی ئامادە بکات، بڕگەکانی بە شێوەیەک دابڕێژرێت کە کەمترین بوار بدات بە لێکدانەوەی جیاواز.

پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی لە وەزارەتی نەوتدا لە پشکی کورد هەبووە، هەر لە جێگری وەزیری نەوت تا جێگری سەرۆکی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی عێراق و کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوت (سۆمۆ) بە مەرجی ئەوەی کەسی شارەزا و خاوەن دەسەڵات بن و دانەبڕێن لە هەرێم و بەتایبەت وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.

سەبارەت بە فرۆشی نەوتی هەرێم، ئامادەیی ئەوەی تێدا بێت نەرمی بنوێنێت لە ڕێی سۆمۆوە بیفرۆشێت، چونکە سۆمۆ هەر بەرمیلێک نەوت بە ٨ بۆ ٩ دۆلار زیاتر لە هەرێم دەفرۆشێت، بەمەش داهاتێکی زیاتر دابین دەکات. ئەم خاڵە چ لە هەرێم، چ لە شەقامی عێراقیش وەبەرهێنانی زۆری تێدا کراوە و پێگەی وتوێژی هەرێمی لاواز کردووە، ڕازی بوون بەوە بەو مەرجەی شایستەی خەڵکی کوردستان مسۆگەر بکرێت لەڕێی مسۆگەرکردنی پشکی هەرێم لە بوجەی فیدراڵ و هەموو شایستەداراییەکانی. دەتوانرێت ئەم خاڵە بەکاربهێنرێت بۆ کەمکردنەوەی فشار لەسەر حکومەت و لە ئەنجمدازەمینەی باشتر بۆ گفتوگۆ بڕەخسێت.

هاوتەریب لەگەڵ ئەو هەوڵانەدا، لە ڕێی پەیوەندییە هەرێمایەتییەکان و نێودەڵەتییەکانیەوە هەوڵی دروستکردنی فشار بدرێت لەسەر بەغداد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و کۆمپانیاکانی نەوت و گازیش لە ڕێی وڵاتەکانیانەوە کەرەستەیەکی باشن بۆ ئەم فشارانە.

**2. لە هەرێم چی بکرێت؟**

لەم لێکۆڵینەوەدا دەرکەوت کە بەڕێوەبردنی نەوتی هەرێم لە ڕابردوودا لە کێڵگە نەوتییەکان و جێبەجێکردنی گرێبەستەکانی نەوت کێشەیان تێدا بووە، بەوەی خەرجیی کۆمپانیاکانی نەوت و گواستنەوە زۆرن و هەندێ جار بە پێی داتا فەرمییەکان گرێبەستەکان وەکوو خۆی جێبەجێ نەکراوە. بۆیە پێویستە چاکسازیی ڕیشەیی لە بەڕێوەبردنی کۆی پرۆسەی نەوتدا بکرێت، هەر لە پێداچوونەوە بە گرێبەستەکانی نەوت تا بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکان و گرێبەستی گواستنەوە

و فرۆشتنی نەوت، قۆناغ بە قۆناغ چی کراوە و چەند کاریگەر بووە ڕابگەیەنرێت تاوەکوو بواری شیکردنەوەی نادروست کەم ببێتەوە.

هێزی کاری ناوخۆ یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خەرجیی نەوت، لەگەڵ ئەوەی هەلی کار دەڕەخسێنێت دەبێتە هۆی پشتبەستنی زیاتر بە توانای ناوخۆ لە بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت، دەبێت پشت بە توانا و لێوەشاییی ببەسترێت نەک شتی تر.

پێگەی ئەلکترۆنیی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کارا بکرێت و زانیارییەکان نوێ بکرێنەوە و ڕاپۆرتی ئاستی بەرهەم و داهات (هەناردە و بەکاربردن) بە شێوەیەکی مانگانە بڵاو بکرێنەوە.

کاتێک دەستگەیشتن بە زانیاری فەراهەم بکرێت، بواری گەندەڵی کەم دەبێتەوە و ئاستێک لە شەفافیەت دروست دەبێت لە بەرانبەردا بە ئەندازەی کەمبوونەوەی گەندەڵی متمانش دەگەڕێتەوە.

## سەرچاوەکان

1- KRG, MNR, Prese release, (09/03/2007), “KRG publishes draft Federal Oil and Gas Law of Iraq in English and Arabic” http://archive.gov.krd/mnr/mnr.krg.org/index.php/en/press-releases/110-krg-publishes-draft-federal-oil-and-gas-law-of-iraq-in-english-and-arabic.html. (accessed: 01/10/2022).

2- Webb, Simon, (18/04/2007) “Iraq oil law to go to parliament”, https://www.reuters.com/article/uk-iraq-oil-law-idUKL1816130120070418, (accessed: 01/10/2022).

3- Rosnef, Press release, (25/05/2018), “Rosneft and The Kurdistan Regional Government of Iraq signed Gas Business Development Agreement for Kurdish Region of Iraq” https://www.rosneft.com/press/releases/item/191055/, (accessed: 01/10/2022).

4- Roonbeen, (21/04/2020), “KRG Oil & Gas Contracts” https://www.roonbeen.org/krg-oil-gas-contracts/, (accessed: 05/10/2022).

5- ايلاف، (٢٠٠٧/٠٧/١٠)، ” نص قانون النفط و الغاز العراقي الجديد“ https://elaph.com/Web/Politics/2007/7/246807.html, (accessed: 05/10/2022).

6- KRG, MNR, Press release, (25/08/2013), “A New PSC” http://archive.gov.krd/mnr/mnr.krg.org/index.php/en/the-ministry/contracts/new-psc.html, (accessed: 08/10/2022).

7- Hawrami, Ashti, (19/06/2013), “KRG oil policies produce real benefits and opportunities for Iraq’s citizens” http://archive.gov.krd/mnr/mnr.krg.org/index.php/en/press-releases/159-minister-hawrami-s-speech-at-london-oil-conference-krg-oil-policies-produce-real-benefits-and-opportunities-for-iraq-s-citizens.html, (accessed: 10/10/2022).

8- KRG,MNR, Press release, (04/12/2012), “Oil and gas conference opens in Erbil, ‘exploration capital of the world” http://archive.gov.krd/mnr/mnr.krg.org/index.php/en/press-releases/147-oil-and-gas-conference-opens-in-erbil-exploration-capital-of-the-world.html, (accessed: 05/10/2022).

9- المحكمة الاتحادية العليا، ”تحكم بعدم دستورية قانون النفط والغاز لحكومة اقليم كردستان والغاءه“(٢٠٢٢/٠٢/١٥)، https://www.iraqfsc.iq/krarat/1/2012/59_fed_2012.pdf, (accessed: 10/10/2022).

10- يوتيوب،(٢٠٢٢/٠٩/٢٦)، ”النفط اليوم وغدا.. أسعار مرتفعة وملفات شائكة في العاشرة مع كريم حمادي“ https://www.youtube.com/watch?v=XI4R-dXkpG8“ (متاح على ٢٠٢٢/١٠/١٣).

11- “Mazeel, Muhammed Abed, (2010), “Petroleum Fiscal Systems and Contracts”, Hamburg, DEU: Diplomica Verlag, P8.

12- “Production Sharing Contract, Shaikan Block, between the Kurdistan regional of Iraq and Gulf

Keystone Petroleum International Limited and Texas Keystone Inc. and Kalegran Limited",(06/11/2007), Page 66,68.

13- Mezeel Mujammed Abed,Ibid, P18.

14- PSC – Hillwood, (06/11/2007), "Production Sharing Contract, Sarsang Block, Kurdistan Region, between the Kurdistan region of Iraq and HKN Energy LTD" page 67-68.

15- PSC – Hillwood,ibid, page 55

16- "Mazeel, Muhammed Abed,Ibid, P27.

17- OPEC, (2003), "Monthly Oil Market Report", https://www.opec.org/opec_web/en/publications/466.htm, (accessed: (11/10/2022).

18- عبد المهدي حميد العميدي، (٢٠٠٨) "نظرة عامة على العقود النفطية لجوالت التراخيص في العراق"، صفحة٣.

19- صباح الساعدي-عبد المهدي العميدي،(٢٠٢٠/٨/١) عقود التراخيص النفطية مالها وما عليها، iier.org/ar/عقود-التراخيص-النفطية-ما-لها-و-ما-عليها/، (متاح على: ٢٠٢٢/١٠/١٨).

20- "Technical Service Contract for Rumaila Oil Field" between South Oil Company of the Republic of Iraq and BP Iraq Limited and CNPC International (Iraq) limited and SOMO", Article 19.2, page 33, (27/7/2009), https://s3.amazonaws.com/rgi-documents/24cf4f39ead2536ca9d94f5ad520a81cdb15ad38.pdf, (accessed: (15/10/2022).

21- عبد المهدي حميد العميدي، مصدر السابق، صفحة ١.

22- Deloitte, (20/06/2021), "Kurdistan Regional Government of Iraq Oil production, export, consumption and revenue for the year ended 31 December 2020", https://gov.krd/english/information-and-services/open-data/deloitte-reports/deloitte-report-2020/ (accessed: 18/10/2022).

23- Deloitte, (07/09/2022), "Kurdistan Regional Government of Iraq Oil production, export, consumption and revenue for the period 1 April 2022 to 30 June 2022" https://gov.krd/english/information-and-services/open-data/deloitte-reports/deloitte-report-2022/, (accessed: 18/10/2022)/

24- یادگار سدیق گەلآلی، فریا کالّێ، (٢٠٢١)، "وردبوونەوە لە وردبینییەکەی دیلۆیت لێکۆڵینەوەی گرفتەکانی داهاتی نەوت لە ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت ٣ چارەکی ساڵی ٢٠٢٠"، هەولێر: کامبرج، ل٢٧.

25- بتروتيم-القاسم، (٢٠١٧)، النرويج،"تقيم عوقد الخدمة النفطية في العراق وتأثير أسعار النفط"، الصفحة ٢٧.

26- بتروتيم-القاسم، مصدر السابق، الصفحة ٢٨.

27- وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، (٢٠١٣/٨/٢٥)، http://archive.gov.krd/mnr/mnr.krg.org/index.php/ku/oil-ku/vision.html، (بەردەستە: ٢٠٢٢/١٠/١٩).

28- Deloitte, (07/09/2022), ibids, accessed: (20/10/2022).

29- ارتفاع انتاج العراق من النفط لأعلى مستوى منذ 33 عاما، (٢٠١٢/٣/٥)، https://www.bbc.com/arabic/business/2012/03/120305_iraq_oil، (متاح على: ٢٠٢٢/١٠/١٩).

30- OPEC, (2003), "Monthly Oil Market Report", https://www.opec.org/opec_web/en/publications/338.htm, (accessed: (11/10/2022).

31- United Nations, https://www.un.org/en/climatechange/paris-agreement, (accessed: 17/10/2022).

32- O'Byrne, David (22/5/2020), "FEATURE: Turkey eyes leverage as it drags feet on Iran gas pipeline repairs", https://www.spglobal.com/commodityinsights/en/market-insights/latest-news/oil/052220-feature-turkey-eyes-leverage-as-it-drags-feet-on-iran-gas-pipeline-repairs, (accessed: 16/10/2022).

33- Dana Gas, (24/04/2021)," Dana Gas and Crescent Petroleum Resume Khor Mor Expansion Project", https://www.danagas.com/media/press-releases/?cat=2021, (Access: (20/10/2022).

34- You tube, (12/1/2021) "Gas in Iraqi Kurdistan: Market Realities, Geopolitical Opportunities" (accessed: 19/10/2022).

# سیستمی هەڵبژاردن و هاوکێشەکانی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان

## شێواز و سیناریۆ ئایندەییەکانی



**هۆگر ئیبراهیم حەکیم**
ماستەر لە زانستە سیاسییەکاندا



**بەرایی**

لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق و ناچارکردنی عێراقییەکان بە هەڵبژاردن، هەرێمی کوردستانیش پێویست بوو بێتەوە سەر ڕێچکە ڕاستەکە. لەدوای ئەمەوە پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە. هەڵبژاردنە یەکلەدواییەکەکانی هەرێمی کوردستان، بوونە مایەی هاتنەپێشەوەی ئۆپۆزسیۆن کە تاکە شانازیی پرۆسەی هەڵبژاردنە لێرەدا. بە هۆی گۆڕانی هاوکێشەکانی هێز و سەنگی لایەنە سیاسییەکان، شێوازە کلاسیکییەکەی هەڵبژاردن ناچار بە گۆڕانکاری کرا، بەتایبەت لە ڕووی لیستی هەڵبژاردنەوە. کەواتە ئەوەی لەژێر پاڵەپەستۆی شەقام و گەشەسەندنی عەقڵیەتی یاسادانان و هۆشیاربوونەوەی هاوڵاتی گۆڕاوە، سیستمی هەڵبژاردنە. بەڵام ئەوەی لە گۆڕینی سیستمەکەدا گرنگترە، پرسیارێکی جەوهەرییە: ئایا سیستمەکانی هەڵبژاردن سەرەڕای گۆڕانیان توانیویانە هاوکێشەکانی دەسەڵات بگۆڕن لە هەرێمی کوردستان؟

هەڵبژاردن یەکێکە لە ڕێگا دیموکراسییەکان کە زۆربەی وڵاتانی جیهان پیادەی دەکەن، چونکە دوا بژاردەی دیموکراسییە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە سیاسییەکانی وڵات بەتایبەتی لە بواری فەرمانڕەواییدا. هەڵبژاردنیش چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتیی هەیە وەك لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان جەختی لەسەر کراوە، هەر بۆیەش زۆربەی هەڵبژاردنەکان کە وڵاتان پەنای بۆ دەبەن بۆ ڕەوایەتیدان بە هەڵبژاردنەکان و ئەنجامەکان، دەبێت لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بێت. بە شێوەیەکی ڕەها ناتوانرێت بگوترێت هەڵبژاردن پرۆسەیەکی بێ خەوش و بێ گەردە، بەڵکوو دەکرێت تێبینیی لەسەر هەبێت، لە لایەکی تریشەوە شێوازەکانی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن بنەمایەکی تری ناوخۆی وڵاتانی جیهانە کە ئایا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت وەك گەل ڕاستەوخۆ دەنگ بە سەرۆکی وڵات یان سیستمی سیاسیی وڵات بدات، یان بەناڕاستەوخۆ لە ڕێگای نوێنەرانەوە دەنگ بدات وەك هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمان، بۆ ئەم مەبەستە دەکرێت لە شێوازی بازنەیی داخراو یاخود کراوەیی بێت.

ئەگەر سەیری هەموو قۆناغەکانی ژیانی سیاسیی هەرێمی بکەین، هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تاوەکوو پرۆسەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەش، دەبینین بە شێوەیەک لە شێوەکان هەڵبژاردن بوونی هەبووە، تەنانەت لە سەردەمی دوو ئیدارەییشدا لە هەرێمی کوردستان ئەو پرۆسەیە بە شێوەیەك لە شێوەکان بوونی هەبووە. دواتر لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق و یەکگرتنەوەی ئیدارەی هەولێر و ئیدارەی سلێمانی، هەڵبژاردن بووە بەشێك لە سیستمە سیاسییەکان. بەڵام ئەوەی شوێنی تێڕامان بووە ئەوەیە هەموو هەڵبژاردنەکان جگە لە نمایشێکی سیاسی؛ هیچی تر نەبوون، بە هۆی ئەوەی هەڵبژاردنەکان پرۆسەیەکی شکڵی بوون و هیچ پەیوەندییەکیان بە دەسەڵاتەوە نەبووە. هەر کاتێکیش هەڵبژاردن پەیوەندیی بە دەسەڵات و هاوکێشەکانیەوە نەبێت، ماناکەی خۆی لەدەست دەدا. بۆیە دەبینین هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەک گۆڕانکارییان نەکردووە، بە جۆرێك لە سەرەتای دامەزراندنەوە تا ئێستا هاوکێشەی نەگۆڕ لە هەڵبژاردنەکان لایەنی دەسەڵات بووە. تەنانەت لەسەر ئاستی خۆجێ و ئاستی شارەوانییە بچووکەکانیش هەست بە بوونی پێگەی هەڵبژاردن نەکراوە، ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا هەڵبژاردنەکان ئەنجام دەدران.

ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە شیکارکردنێکی زانستی و ئەکادیمییە سەبارەت بە کاریگەریی ئەو سیستمە هەڵبژاردنەی کە لە هەرێمی کوردستان کاری پێ کراوە و ئەوەشی نیازی بۆ داڕێژراوە، لەسەر سەنگی هێزە سیاسییەکان لە لایەك، هەروەها هاوکێشەکانی دەسەڵات لە لایەکی دیکەوە. بۆیە ئامانجمانە تیشك بخەینە سەر سیستمی هەڵبژاردنی خولەکانی پەرلەمانی کوردستان لە ڕووی شێوازی بەڕێوەبردن و چۆنیەتیی کارکردن، دواتریش دەرخستنی چەند داتایەکی تایبەت بەو شێوازانە و لەگەڵ ئەوەشدا خستنەڕووی سەنگ و کورسیی پەرلەمانی لایەنە بەشدارەکان. ئەوەی ئەم لێرەدا مەبەستە، بریتییە لە شیکردنەوەی ئەگەرەکانی گۆڕانکاری لە هاوکێشەی دەسەڵات لە

هەرێمی کوردستان بە هۆی سیستمی هەڵبژاردنەوە.

کەواتە پرسیاری ئەوەمان بۆ دروست دەبێت: ئایا چۆن سیستمی هەڵبژاردنی کاریگەریی لەسەر سەنگی هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە و هاوکێشەکانی دەسەڵات دەگۆڕێت؟ لەپاڵ ئەم پرسیارە سەرەکییەدا، چەند پرسیارێکی لاوەکییش دێتە بەردەممان:

1. ئایا سیستمەکانی هەڵبژاردن لەسەر چ بنەمایەك بۆ هەر خولێکی پەرلەمانی دیاری دەکرێ؟
2. ئایا سیستمی پەیڕەوکراو لە هەڵبژاردنەکان، دەکرێ سەنگ و ژمارەی کورسیی لایەنەکان بگۆڕێت؟
3. تا ئێستا لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا چەند شێواز بەکار هاتووە؟
4. کاریگەریی هەریەکێك لەو شێوازانە چییە لەسەر ڕەوشی سیاسی و پێگەی لایەنە بەشداربووەکان؟

### هەڵبژاردن و هاوکێشەکانی دەسەڵات

سیستمە سیاسییەکان گەیشتوونەتە قۆناغێک کە چیتر هەڵبژاردن بەتەنیا ئامرازێک و میکانیزمێک نییە بۆ دەرخستنی سروشتی دیموکراسییەکەی، بەڵکوو هەڵبژاردن ئەو کاتە مانا وەردەگرێت ئەگەر ببەسترێتەوە بە ئەکتەرە نێوخۆییەکانی دەوڵەت، بەتایبەت ئەوانەی بەشداری لەو پرۆسەیەدا دەکەن. هەڵبژاردن لە هەمان کاتدا بووەتە ئامرازێک بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو ململانێیەی کە لەنێوان ئەکتەرە سیاسییەکاندا لەسەر خواستیان بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات دروست دەبێت. کاتێک کۆمەڵێک دەستە و تاقمی جیاواز هەبن و هەموویان بانگەشە بکەن بۆ ئەوەی شایستەترینن بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات، لەو کاتەدا دەسەڵات دەبێتە چەقی ململانێی ناوخۆیی دەوڵەت. بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو ململانێ ناتەندروستە، هەڵبژاردن باشترین ئامرازە. هەر کاتێک هەڵبژاردن نەیتوانی ئەم ئامانجەی خۆی بپێکێت، یەکێک لە سەرەکیترین پایەکانی خۆی لەدەست دەدات.

هەڵبژاردن وەک یەکێک لەو ئامرازانە ناسراوە کە هاوڵاتییان بە هۆیەوە بە پێی ئاستێکی دیاریکراو گۆڕانکاری لە دەسەڵاتەکانی کۆمەڵگەدا دەکەن. بە مانایەکی دیکە: هەڵبژاردن پرۆسەیەکە کە دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەپشت پەردە شاراوەکان دێنێتە پێش پەردە و خەڵک بە چاوی خۆی ئەو پرۆسەیە دەبینێت. بە پێی خواستی جەماوەر، هەر هێزێکی سیاسی چانسی بەشداربوونی دەبێت لە دەسەڵات بۆ ئەوەی بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەشداری لە کاروباری حوکمڕانیدا بکات. کەواتە هەڵبژاردن بە پلەی یەکەم بەستراوەتەوە بە دەسەڵاتەوە، چونکە ئامانجی سەرەتا و کۆتایی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن پەیوەستە بە خواستی هاوڵاتییان بۆ گۆڕانکاری لە دەسەڵات و ئەکتەرەکانی ناو دەستەی حوکمڕانی.

هەڵبژاردن وەک پرۆسەیەکی سیاسی، ڕێگە دەگرێ لەوەی حکومەتەکان بە شێوەیەکی ناسروشتی بگۆڕدرێن. بەو مانایەی هەڵبژاردن گرەنتییەکە بۆ ئەوەی توندوتیژی لەو پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵاتەدا ڕوو نەدات، هەروەها بەربەستێکیشە لەبەردەم کودەتای سەربازی و شۆڕشی چەکداریی توندوتیژ، چونکە شۆڕش و کودەتای سەربازی لە دۆخێکدا دروست دەبێت کە یان هەڵبژاردن نییە، یانیش هەڵبژاردنەکان ڕاستەقینە نین و ئامانجی تەواوی خۆیان ناپێکن. بە شێوەیەکی گشتی پرۆسەی هەڵبژاردن لە چوارچێوەی سیستمە هاوچەرخەکاندا لە چەند ڕەگەزێک پێک هاتووە، لەوانە[١]:

1. ڕەگەزی یەکەم، دەنگدەر: ئەو کەسەیە کە مافی بەشداریکردنی هەیە لەو پرۆسەیەدا، ئەمەش چەند مەرج و تایبەتمەندییەکی هەیە کە بە پێی جیاوازیی وڵاتان ئەو مەرجانە دەگۆڕێت. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەنگدەر دەبێ لە ڕووی عەقڵییەوە توانای هەڵبژاردنی نوێنەری خۆی هەبێت.

2. ڕەگەزی دووەم، پاڵێوراو: ئەو کەسەی خۆی بە شایستە دەزانێت کە بەشدار بێت لە کاروباری حوکمڕانی و ببێتە نوێنەری خەڵک بۆ ڕاپەراندنی کارە گشتییەکانی کۆمەڵگە. چەقی ململانێی ناوخۆیی، لەو خواستەی ئەم ڕەگەزەوە دەست پێ دەکات.

3. ڕەگەزی سێیەم، دەنگدان: ئەمەشیان پرۆسەی دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەیە کە خەڵک متمانەیان پێ دەکات، بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەرکە گشتییەکان لەئەستۆ بگرن. لێرەدا ئیرادەی هاوڵاتی کۆتایی دێت و ئەرکی ڕەگەزی تەواو دەبێت. لە چوارچێوەی ئەم ڕەگەزەدا، خواستی کۆمەڵگە بۆ چۆنێتیی یەکلاییکردنەوەی ململانێی دەسەڵات ڕوون دەبێتەوە.

4. ڕەگەزی چوارەم، دەستاودەستکردنی دەسەڵات: بەبێ ئەم ڕەگەزە؛ هەڵبژاردن نابێتە پرۆسەیەکی سیاسیی تەندروست، چونکە ئەگەر پرۆسەی هەڵبژاردن نەگاتە ئەم قۆناغە، لەبریی ئەوەی ململانێی دەسەڵات چارەسەر بکات، کێشە و ناکۆکییەکان قووڵتر دەکاتەوە.

### ڕێکارە سەرەتاییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن

ڕێوشوێنە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردن بە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی سەرکەوتن و پاکی و بێگەردیی هەر هەڵبژاردنێك دەژمێردرێت، بۆیە لەم خاڵانەدا چەند لایەنێکی گرنگی ئەو ڕێوشوێنانە دەخەینە ڕوو[٢]:

یەکەم؛ لایەنی بەرپرس لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردن: پرۆسەی هەڵبژاردن پێویستی بە دەزگا یان لێژنەیەك هەیە کە ئامادەکردن، بەڕێوەبردن، سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی پرۆسەکە لەئەستۆ بگرێت، چونکە یاسای هەڵبژاردن هەر چەند نموونەیی و دادوەرانە بێت، بەتەنیا و هەر لەخۆوە ناتوانێت گەرەنتیی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی چاك و بێگەرد بکات، بۆیە دیاریکردنی لایەنی بەرپرس لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردن ڕێکارێکی سەرەکییە.

دووەم؛ ئامادەکردنی تۆماری ناوی دەنگدەران: بریتییە لەو لیستانەی کە ناوی سەرجەم ئەو هاوڵاتییانەی تێدا تۆمار کراوە کە مەرجەکانی دەنگدەریان تێدایە و مافی دەنگدانیان هەیە، یاسای هەڵبژاردن بڕیار لەسەر بوونی ئەو تۆمارانە دەدات و بۆ هیچ هاوڵاتییەك نییە بەشداریی دەنگدان بکات ئەگەر ناوی لەو لیستانەدا تۆمار نەکرابێت.

سێیەم؛ دیاریکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن: لەم پڕۆسەیەدا سنووری بازنەکانی هەڵبژاردن دیاری دەکرێت، بە مانای ئەوەی دەوڵەت دابەش دەکرێت بەسەر چەند یەکەیەکی جوگرافیی دیاریکراودا بە ڕەچاوکردنی ڕێژەی دانیشتووانی هەر ناوچەیەك. بەڵام گەورەیی و بچووکیی بازنەکان بە پێی سیستم و شێوازی هەڵبژاردنی پەیڕەوکراو لەو وڵاتەدا دەگۆڕدرێت. بۆ نموونە؛ لە پەیڕەوکردنی شێوازی هەڵبژاردنی دەنگدان بە تاکدا بازنەکان بچووك دەبن، بەڵام لە پەیڕەوکردنی شێوازی هەڵبژاردنی دەنگدان بە لیستدا بازنەکان گەورە دەبن.

چوارەم؛ ڕۆشنبیرکردنی دەنگدەران: بریتییە لە هەر چالاکییەك کە لە ماوەی هەڵبژاردندا لایەنی بەڕێوەبەری هەڵبژاردن پێی هەڵدەستێت بە مەبەستی هاندانی دەنگدەران بۆ بەشداریکردنیان لە پڕۆسەکە بە مەبەستی پتەوکردنی دیموکراتیەت، بۆیە ڕۆشنبیرکردنی دەنگدەران لە بارەی هەڵبژاردن تەنها ئەو کاتە نابێت کە هەڵبژاردن دێتە پێش، بەڵکوو یەکێکە لە ئەرکە بەردەوامەکانی لایەنی بەڕێوەبەری هەڵبژاردن[٣].

### سیستمەکانی هەڵبژاردن

ئاشکرایە لە پڕۆسەی هەڵبژاردندا دەنگدەران دەنگ دەدەن بە پاڵێوراوان، جا لە ڕێگای دەنگدان بە تاکەکەسی (دەنگدان بە تاك) بێت یان دەنگدان بە چەند کەسێك لە یەك کاتدا (دەنگدان بە لیست) بێت، بەڵام چۆن پاڵێوراوی سەرکەوتوو دیاری دەکرێت و چۆن کورسییەکانی نوێنەرایەتی لەنێوان سەرکەوتووەکاندا دابەش دەکرێت؟ ئەو ئەرکە گرنگە دەکەوێتە ئەستۆی سیستمی هەڵبژاردن، واتە سیستمی هەڵبژاردن هەڵدەستێت بە دیاریکردنی ئەو پاڵێوراوانەی سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، بۆ ئەم مەبەستەش سێ سیستمی سەرەکی هەیە کە بریتین لە (سیستمی زۆرینە، سیستمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی، سیستمە تێکەڵاوەکان) کە بەم شێوەی خوارەوە باسیان دەکەین[٤]:

### یەکەم: سیستمی زۆرینە

بە پێی سیستمی زۆرینە لە ناوچەیەکی دیاریکراوی هەڵبژاردندا ئەگەر پاڵێوراوێك یان لیستێك لە پاڵێوراوەکانی دیکە زیاتر دەنگیان بەدەست هێنا، ئەوا ئەو پاڵێوراوە یان ئەو لیستە بە سەرکەوتوو دەژمێردرێت و کورسی یان کورسییەکانی نوێنەرایەتیی تەرخانکراو بۆ ئەو ناوچەیە وەدەست دەهێنێت. ئەم سیستمە دەکرێت بە شێوازی "سیستمی زۆرینەی سادە" و "سیستمی زۆرینەی ڕەها" جێبەجێ بکرێت بەم شێوەی خوارەوە[٥]:

سیستمی زۆرینەی سادە؛ مەبەست ئەوەیە ئەو پاڵێوراو یان پاڵێوراوانەی زۆرینەی دەنگەکان وەدەست دێنن؛ ململانێی هەڵبژاردنەکە دەبەنەوە و بە یەك قۆناغ بەڕێوە دەچێت. شایانی باسە ئەم سیستمە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەریتانیا و کۆنگرێسی ئەمەریکا کاری پێ دەکرێت[٦].

سیستمی زۆرینەی ڕەها؛ لە شێوازی زۆرینەی ڕەها بۆ سەرکەوتنی هەر پاڵێوراوێك یان پاڵێوراوان لە ململانێی هەڵبژاردنەکان پێویستە زیاتر لە نیوەی دەنگەکان وەدەست بهێنێت یان زیاتر لە (50%)ی دەنگەکانی پێ بڕێت، واتە (50 + 1)ی دەنگەکان. لە کاتێکدا هیچ کام لە پاڵێوراوان نەیانتوانی ئەم ڕێژەیە لە دەنگەکان بەدەست بهێنن، هەڵبژاردن دووبارە دەکرێتەوە و ئەو پاڵێوراوە سەرکەوتوو دەبێت کە زۆرینەی دەنگەکان وەدەست بهێنێت.

**دووەم؛ سیستمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی**

سیستمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی بەوە پێناسە دەکرێت کە هەر پارت و لایەنێك هێندەی ڕێژەی دەنگەکانی کە وەدەستی هێناوە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا کورسیی نوێنەرایەتی وەردەگرێت، واتە هێندەی هێزی خۆی نوێنەرایەتیی دەبێت لە پەرلەماندا[٧].

بۆیە سیفاتە جیاکەرەوەکانی سیستمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی بریتین لەوەی کە لە بازنەی فرەکورسیدا پیادە دەکرێن. واتە نابێت بازنەی هەڵبژاردنەکە لە یەك کورسی پێك هاتبێت و زیاتر پشت بە لیستی فرەپاڵێوراو دەبەستێت و حاڵەتی باو ئەوەیە کە نابێت کۆی ژمارەی پاڵێوراوەکانی ناو هەر لیستێك لە کۆی کورسییەکانی هەڵبژاردنەکە زیاتر بێت. هەروەها دەنگدان تیایدا بە یەك خول تەواو دەبێت و خولی دووەمی نییە و هەر پارتێك بە شێوەیەکی نزیکەیی بە ئەندازەی ڕێژەی دەنگەکانی؛ کورسیی بەر دەکەوێت[٨].

سیستمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی تەنها لەگەڵ شێوازی هەڵبژاردنی لیستدا دەگونجێت و بۆ هەڵبژاردنی شێوازی تاکەکەس نابێت، چونکە بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیستمە "ڕێژەیی"ە پێویستە چەند کورسییەکی نوێنەرایەتی تەرخان کرابێت لەو ناوچەی هەڵبژاردنەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، ئەوانیش کورسییەکانی بە پێی ڕێژەی دەنگە وەدەستهاتووی هەر لیستێك دابەش دەکرێن بەسەر لیستە ڕکابەرەکاندا، بەڵام لە شێوازی هەڵبژاردنی تاکەکەسیدا تەنها یەك کورسی بۆ ناوچەی هەڵبژاردنەکە تەرخان دەکرێت و ناکرێت ئەو کورسییەش لەنێوان ڕکابەرەکاندا دابەش بکرێت، بۆیە ئەم شێوازە لەگەڵ سیستمی زۆرینەدا ناگونجێت.

سیستمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی بە شێوەی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی تەواو "ڕەها" یان ڕێژەیی نیمچەیی (نزیکەیی) جێبەجێ دەکرێت، بەم شێوەی خوارەوە[٩]:

یەکەم: سیستمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی تەواو (ڕەها)

دووەم: سیستمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی نیمچەیی (نزیکەیی)

### سێیەم؛ سیستمە تێکەڵەکان

سیستمە تێکەڵەکان جۆرێکی تایبەتی سیستمی هەڵبژاردن نین کە خەسڵەتیان لە سیستمەکانی پێشوو جیاواز بێت، بەڵکوو ئەو سیستمانە تێکەڵەیەك لە خەسڵەتی هەردوو سیستمی "ڕێژەیی و زۆرینە" پێك دێنن، هەندێك دەوڵەت بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە لایەنە ئەرێنییەکانی هەردوو سیستمی "ڕێژەیی و زۆرینە" و بە مەبەستی بەدوورگرتن لە لایەنە نەرێنییەکان؛ هەوڵیان داوە ئەم سیستمە نوێیە پێك بهێنن[١٠].

لە چوارچێوەی ئەو سیستمەدا، دەوڵەت بۆ چەندین بازنەی هەڵبژاردن دابەش دەکرێت، لە هەڵبژاردنی بەشێك لە نوێنەران پشت بە سیستمی نوێنەرانی ڕێژەیی و هەڵبژاردنی بەشێکی تریش پشت بە هەڵبژاردنی زۆرینە دەبەسترێت. سیستمی هەڵبژاردنی تێکەڵاو دوو فۆرمی جیاواز لە یەکتریان هەیە کە ئەوانیش بریتین لە "سیستمی هاوتەریب" و "سیستمی هاوڕێژەیی ئەندامێتیی تێکەڵاو"[١١]:

سیستمی هاوتەریب؛ لەم سیستمەدا هەردوو سیستمی زۆرینە و سیستمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی بە شێوەیەکی جیا لە یەکتر بەکار دەهێنرێت بەبێ ئەوەی کاریگەرییان لەسەر ئەنجامەکانی یەکتر هەبێت. لە سیستمی هاوتەریبدا کورسییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی بەسەر دوو بەشدا دابەش دەکرێن؛ لە بەشێکیاندا وڵات دەکرێت بە چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن، تاك نوێنەرایەتیی یەك کورسی یان چەند کورسییەکی هەڵبژاردن دەکات، لەم بازنەیەدا تەنها سیستمەکانی زۆرینە پەیڕەو دەکرێت، بەشەکەی تر، کورسییەکانی لە ڕێگای یەك بازنەی هەڵبژاردنەوە یان چەند بازنەیەکەوە بە سیستمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی هەڵدەبژێردرێت.

سیستمی هاوڕێژەیی ئەندامێتیی تێکەڵاو؛ بە سیستمی هاوڕێژەیی ئەندامێتیی تێکەڵاو ناسراوە، لێرەدا سیستمی نوێنەرایەتیی ڕێژەیی قەرەبووی ئەو دەنگانە دەکاتەوە کە لە ڕێگای یەکێك لە سیستمەکانی فرەیی یان زۆرینەیی کە زۆر جار سیستمی براوەی یەکەمە نەیتوانیوە لە بازنەکانی هەڵبژاردندا کورسی بەدەست بهێنێت.

### هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشەی گۆڕانکارییەکاندا

هەرێمی کوردستان تەمەنی فەرمیبوونی پێی ناوەتە دەیەی چوارەم؛ هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لەنێو بەرەی کوردستانی ئیرادەیەکی سیاسی هەبوو بۆ ئەوەی هەڵبژاردن بکرێتە دەستپێکی پرۆسەی سیاسی. هەر چەندە بەشێك لە هێزە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ ئەوەدا بوون کوردەکان پەلە نەکەن لە پەنابردن بۆ هەڵبژاردن، چونکە هەڵبژاردن گەر نەبێتە مایەی سەقامگیریی سیاسی و کۆتاییهێنان بە کێشەکان، بەدڵنیاییەوە دەبێتە سەرەتا و بناغەیەکی ناتەندروست بۆ سیستمێکی سیاسی کە پرۆسەیەکی سیاسیی ناسەقامگیری دەبێت. دوای تێپەڕینی سی ساڵ، ئاماژەکانی دروستی ئەو ئەرگومێنتە بەڕوونی دەبینرێت. سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان،

سەرکردایەتیی کوردی ویستی ئەنجامدانی هەڵبژاردنیان نیشان دا، نەخشەڕێگەی یەکەم هەڵبژاردن داڕێژرا[١٢]. پاڵنەری شاراوەی هەڵبژاردن لەم قۆناغەدا داڕشتنی هاوکێشەی دەسەڵات بوو لەنێوان پارتە سیاسییەکانی نێو بەرەی کوردستانی، چونکە هیچ یەکێك لەم پارتە سیاسییانە پێگە جەماوەرییە ڕاستەقینەکەی خۆی نەدەزانی. ئەم ئامانجە شاراوەیە، سەرنجی لەسەر شێوازی هەڵبژاردن و سیستەمی هەڵبژاردن لا دا. نەبوونی وردی لە داڕشتنی سیستەمی هەڵبژاردندا، دەشێ دەرگای پشێوی بەسەر پرۆسەی سیاسیدا بکاتەوە، بۆیە یەکەمین هەڵبژاردن بووە بەردی بناغەی گەورەترین شەڕی ناوخۆیی لەنێوان دوو پارتی باڵادەستەوە. لێکەوتەکانی ئەم شەڕە بەسەر کۆی وێستگە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا بەڕوونی هەستی پێ دەکرێت.

وێستگەی یەکەم؛ ترس لە هەڵبژاردن و ئاکامەکانی، تەمەنی خولی یەکەمی بە شێوەیەکی ناتەندروست درێژ کردەوە. ماوەی دوازدەساڵی تەمەنی خولی یەکەم؛ گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەسەر پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا هێنا، هاوکێشەی هێزی بە چەندین شێوە گۆڕی. ڕێککەوتنی واشنتۆنی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، جگە لەوەی لە بۆشایی نەبوونی هەڵبژاردندا دروست بوو، لە هەمان کاتدا بووە مۆتەکەیەك بۆ سەر سیستەمی هەڵبژاردن و پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان. دواتر لە ڕۆژی ‎-30ی کانوونی دووەمی ساڵی 2005، خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام درا کە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان. ئەمەش یەکەمین هەڵبژاردنی گشتی بوو کە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام لە کوردستان و عێراق ئەنجام درا[١٣]. هاوڵاتیی هەرێمی کوردستان لە یەك کاتدا دەنگی بە سێ ئەنجوومەن دەدا (ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، پەرلەمانی کوردستان، ئەنجوومەنی پارێزگاکان)، ڕاستە ئەمە بازدانێکی نەوعی بوو لە مێژووی پرۆسەی هەڵبژاردن لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوڵاتی خرایە بەردەم سێ سیستەمی جیاوازی هەڵبژاردنەوە، ئەمەش ڕۆشنبیرییەکی ناتەندروستی بۆ سیستەمی هەڵبژاردن دروست کرد.

وێستگەی دووەم؛ لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا، 13 لیستی جیاواز بەشدارییان لە ململانێکاندا کرد کە بە سیستەمی "نوێنەرایەتیی ڕێژەیی" بەڕێوە چوو، تیایدا 1753919 کەس لە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە کورد، تورکمان، کلدان، ئاشووری، موسوڵمان، مەسیحی و ئێزیدی بەشدارییان تێدا کرد. هەروەها گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لەم هەڵبژاردنەدا زیادکردنی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان بوو لە 105 کورسییەوە بۆ 111 کورسی. لێرەوە سەرەتایەکی نوێ لە هاوکێشەی هێز لە هەرێمی کوردستان دەستی پێ کرد، بە شێوەیەك پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە یەك لیست بەشدار بوون (لیستی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان) کە زۆرینەی ڕەهای پەرلەمانی کوردستانیان گرتە دەست (89%ی دەنگەکانیان بەدەست هێنا) کە 104 کورسیی پەرلەمانیان لەدەست بوو.

وێستگەی سێیەم؛ ناكۆكییە سیاسییەكان و گۆڕانی هاوكێشەی هێز هاتنە ئاراوە، لە ناوخۆی پارتە سیاسییەكان كێشەی سیاسی دروست بوو، ئەم ناكۆكییە گوازرایەوە بۆ ناكۆكی لەنێوان پارتە سیاسییەكان. دواتر هەموو ناكۆكییەكان لە پرسی سەرۆكایەتیی هەرێمدا چڕ كرانەوە، كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە عێراق ئامادەیی خۆی نیشان دا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە هەرێمی كوردستان. لە 25/7/2009 دا، دووبارە هاوڵاتییان چوونەوە سەر سندووقی دەنگدان، لە یەك كاتدا دەنگیان بۆ پەرلەمانی كوردستان و سەرۆكی هەرێم دەدا كە بۆ یەكەم جار بوو سەرۆكی هەرێم بخرێتە دەنگدانی گشتییەوە. لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی كوردستاندا، 24 لیست بەشداریی هەڵبژاردنیان كرد، بۆ كێبركێ لەسەر 111 كورسی و تیایدا 11 لیست توانییان ڕێژەی یاسایی بەدەست بێنن و بێنە ناو پەرلەمان. ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە لەوانی تر جیا دەكاتەوە؛ گۆڕانكارییەكی ڕیشەیی بوو لە هاوكێشەی هێز، بۆ یەكەمین جار یەك لەسەر چواری پەرلەمانی كوردستان بووە ئۆپۆزسیۆن، ئەمە بەشێكی نوێ بوو لە پێكهاتەی سیستمی سیاسیی هەرێمی كوردستان. لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی كوردستاندا 24 لیست بەشداریی هەڵبژاردنیان كرد، بۆ كێبركێ لەسەر 111 كورسی و تیایدا 11 لیست توانییان ڕێژەی یاسایی بەدەست بێنن و بێنە ناو پەرلەمان[١٤]. لەم قۆناغەشدا جگە لە گۆڕانی ڕوخساری ئۆپۆزسیۆن، گۆڕینی سیستمی لیستی داخراو بۆ سیستمی لیستی كراوە، دیارترین گۆڕانكاری بوو لە سیستمی هەڵبژاردن لە هەرێمی كوردستاندا. ئەم گۆڕانكارییە لە هاوكێشەی هێز، پرۆسەی سیاسیی لە هەرێمی كوردستان خستە قۆناغی چارەنووسسازەوە، زۆرترین ناكۆكی و ناسەقامگیرییەكانی لەم قۆناغە هێنایە پێشەوە. بوونی ئۆپۆزسیۆن بەو قەبارەیە، بەتایبەتییش كە لە هەناوی پارتێكی حوكمڕانەوە هاتبووە دەرێ، هاوكێشە سیاسییەكانی بەیەكجاری گۆڕی.

گۆڕینی سیستمی هەڵبژاردن لە لیستی داخراوەوە بۆ لیستی كراوە، لەگەڵیدا گۆڕانكاری لە شێوازی هەژماركردنی دەنگەكان هاتە ئاراوە، بەڵام شۆكی ئۆپۆزسیۆنی نوێ ئەمەی نەخستە سەر فەزای گشتییەوە. لێكەوتەكانی ئەم گۆڕینە دواتر لەسەر پێكهاتەی كاری حیزبیی پارتەكان بەڕوونی دەركەوت، بە شێوەیەك لە پێناو بەدەستهێنانی دەنگی زیاتر؛ پارتە سیاسییەكان پەبلیكفیگەرەكانیان هێنایە نێو لیستەكانیان بۆ ئەوەی زۆرترین دەنگ كۆ بكەنەوە. لەوێوە قۆناغێكی نوێ لە ژیانی سیاسیی پارتە سیاسییەكان دەست پێ دەكات بە ئاڕاستەی دروستكردنی كەسایەتیی سیاسیی پۆپۆلیست. كەواتە سیستمی هەڵبژاردن تەنها هاوكێشەی دەسەڵات و سەنگی هێزەكانی نەگۆڕی، بەڵكوو دەستكاریی هاوكێشە نێوخۆییەكانی نێو پارتە سیاسییەكانیشی كرد.

وێستگەی چوارەم؛ دواتر ڕۆژی 21/9/2013، پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان بە سیستمی نیمچەكراوە بەڕێوە چوو، تیایدا (31) لیست بەشداریی پرۆسەكەیان كرد و سەرەنجام (17) لیست توانییان سەركەوتن بەدەست بێنن. دووبارە سیستمی هەڵبژاردن لە لیستی كراوەوە دەستكاری كرا بۆ لیستی نیمچەكراوە، ئەوەش دوای ئەوەی پارتە سیاسییەكان گەیشتنە ئەو

بڕوایەی کە پێویستە لەپاڵ کورسیی پەرلەمانی، پێویستە سەنگی هێزە سیاسییەکانیش دەربکەوێت. لەم گۆڕانکارییەدا، سەنگی هێزە سیاسییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکاریی بەسەردا هات، بەتایبەت کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕووی ژمارەی کورسییەوە بووە هێزی سێیەم. بەڵام ئەوەی ڕێگر بوو لەوەی هەڵبژاردن ببێتە فاکتەری سەرەکی لە گۆڕینی هاوکێشەی دەسەڵات، پێکهێنانی حکومەتی بنکەفراوان بوو، هیچ هێزێك ئامادە نەبوو ببێتە ئۆپۆزسیۆن، ئەمە نەخشەی سیاسیی هەرێمی کوردستانی بردە قۆناغێکی ناجێگیرەوە، بە شێوەیەك کە وا بۆشاییەکی گەورەی لە سیستمی سیاسیدا دروست کرد. هەر چەندە لایەنگرانی لە سەرەتادا زۆر پشتگیریی ستراتیژیەتی حکومەتی بنکەفراوانیان دەکرد، بەڵام کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێم کە بە "کابینەی بنکەفراوان" ناسراوە، لەبەر ئەوەی هەر پێنج حیزبە سەرەکییەکەی کوردستان تیایدا بەشدار بوون، ئەم ماوەیە ڕووبەڕووی گەورەترین قەیرانی حوکمڕانی بووەتەوە کە ئەمەش نەمانی متمانەیە لەنێو پێکهێنەرەکاندا.

ئامانج لە حکومەتی بنکەفراوان؛ چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسییە چەقبەستووەکانی هەرێم بوو، بۆیە ئەنجوومەنی وەزیران لە ناساندنی کابینە حکومییەکە ناوی ئەم کابینەی کردە "حکومەتی کۆدەنگیی نیشتمانی". هەروەها لە ناساندنی خۆیاندا هاتووە، کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی یەکبوونی نیشتمانییە. هەموو حیزبە سیاسییە سەرەکییەکان هاوپەیمانیەتییەکی بنکەفراوانیان پێک هێناوە، کە ڕەنگدانەوەی فرەیی سیاسیی هەرێمی کوردستانە بۆ مەبەستی نوێنەرایەتیکردن و خزمەتکردنی هاوڵاتییان[١٥].

ئەم هاوکێشە نوێیەی دەسەڵات نەیتوانی ماوەیەکی زۆر خۆی بگرێت و ڕووبەڕووی قەیرانی جەوهەری بوویەوە، بەتایبەت لەنێوان سێ هێزی یەکەمی بەشدار لە دەسەڵات. گرنگترین لێکەوتەکانی، پەکخستنی پەرلەمان و خولقاندنی قەیرانێکی سیاسیی ئاڵۆز بوو. بەڵام بۆ ئەوەی ئامادەکاری بکرێت بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە و ئامادەسازی بکرێت بۆ هەڵبژاردن، دووبارە پەرلەمان کارا کرایەوە و لە ڕێگەی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن سیستمێکی نوێ بۆ هەڵبژاردن دانرا[١٦].

وێستگەی پێنجەم: لە سێپتەمبەری 2018، هەڵبژاردن بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کرا، بە هەمان سیستمی پێشوو، لەگەڵ دەستکاریی شێوازی هەژمارکردنی دەنگەکان و گۆڕینیان بۆ ژمارەی کورسی. بە پێی ڕاگەنراوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان، 3085461 هاوڵاتی مافی دەنگدانیان هەبوو، لەو ژمارەیە 1845979 هاوڵاتی بەشداریی پرۆسەی دەنگدانیان کردووە کە ڕێژەی بەشداریی هاوڵاتییان دەکاتە ٪59. لەو هەڵبژاردنە 29 لیست بەشداریی هەڵبژاردنیان کرد و لە ئەنجامدا، 16 لیست توانییان کورسیی پەرلەمان بەدەست بهێنن. ئەم هەڵبژاردنە بە پێی یاسایەك ئەنجام درا کە لە ساڵی 2013 دا هەموار کراوەتەوە (یاسای ژمارە 15ی ساڵی 2013)[١٧] کە ئەمە حەوتەم هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن بوو. بە پێی یاساکە، هەڵبژاردن بە پێی سیستمی لیستی کراوەی سنووردار بەڕێوە چوو[١٨].

دەرەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە سەنگی هێزە سیاسییەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕی، بە جۆرێك کە نزیك بوو لە دروستبوونی لاسەنگی پەرلەمانی. هێزی دووەم و سێیەم بەراورد بە هێزی یەکەم، جیاوازییەکی زۆریان هەبوو. لەپاڵ ئەمەشدا، هێزی سیاسیی دیکە هاتنە نێو پڕۆسەی سیاسییەوە. ئەم گۆڕانی سەنگی هێزە، بیانوویەکی باشی دایە دەست هێزی یەکەم بۆ ئەوەی کۆتایی بە شێوازی حکومەتی بنکەفراوان بهێنێت. بۆیە دەبینین لەم کابینەیەدا دەرگا بە ڕووی هەمووانددا والا نەکرا، بەڵکوو سێ هێز بێ گەڕانەوە بۆ براوەکانی دیکەی هەڵبژاردن نەخشەی هاوکێشەی دەسەڵاتیان کێشا. ئەمە سەرەتایەکە بۆ دروستبوونی دوو بەرە، کە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ پڕۆسەی دیموکراسی ئەگەر لەسەر بنەمایەکی تەندروست بنیات بنرێ.

بەر لەوەی بێینە سەر ناکۆکییەکان لە وێستگەی ئێستادا، پرسیارێکی جەوهەری دێتە بەردەممان: ئایا سیستمەکانی هەڵبژاردن لەم وێستگانەی سەرەوە باسمان کرد، توانیویانە هاوکێشەی هێز و دەسەڵات دیاری بکەن؟ یان پێچەوانەکەی ڕاستە کە وا هاوکێشەی هێز و دەسەڵات ڕەنگڕێژی سیستمی هەڵبژاردنی کردووە؟

گەر بەوردی لە هەموو قۆناغەکان بڕوانین، دەبینین هەمیشە هەڵبژاردنەکان دوای ناکۆکییەکان هاتوونەتە پێشەوە، بە شێوەیەك کە وا پرسە سیاسییە هەڵواسراوەکان بەر لە پڕۆسەی هەڵبژاردن چارەسەر کراون و ڕێگە بۆ هەڵبژاردن خۆش کراوە. ئینجا لەسەر بنەمای ئەم ڕێککەوتنە، سیستمی هەڵبژاردن داڕێژراوەتەوە. بە مانایەکی دیکە: دەتوانین بڵێین سیستمەکانی هەڵبژاردن لە وێستگە جیاوازەکانی هەڵبژاردن، بۆ شەرعیەتدانە بەو گۆڕانکارییانەی لە هاوکێشەی هێز و دەسەڵات هاتوونەتە ئاراوە. لە هەموو گۆڕانکارییەکانی سیستمی هەڵبژاردن، ئەم ڕاستییە بەدی کراوە. بۆ نموونە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە، هاوکێشەی دەسەڵات بە یەك لادا چووبوو. بۆ شەرعیەتدان بەم هاوکێشەیە، سیستمی هەڵبژاردن لەخزمەت هێزی گەورە داڕێژرا، بۆیە بینیمان لیستی هاوبەشی پارتی و یەکێتی زۆرینەی ڕەهای دەنگەکانیان هێنا. هەروەها دواتر کە هێز و گرووپی دیکە بوونە واقعێکی نوێ لە پڕۆسەی سیاسی، سیستمی هەڵبژاردن بە شێوەیەك دەستکاری کرا کە شوێن بکاتەوە بۆ دەرکەوتنی ئەو هێزە نوێیانە. دواجاریش کاتێك فرەحیزبییەکی ناتەندروست هاتە پێشەوە، سیستمی هەڵبژاردن بۆ ڕێکخستنی ئەم پەرشوبڵاوییە و دروستنەبوونی بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆنی گەورە بە شێوەیەك داڕێژرا کە هێز و گرووپە تازەکان دەنگەکانی دەرەوەی هاوکێشەی دەسەڵات لەنێوان خۆیاندا دابەش بکەن. دواجاریش دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە هۆی سەقامگیریی ناوخۆی حزبییەوە توانیبووی کۆنترۆڵی جومگەکانی حوکمڕانی بکات، هەروەها یەکێتی بۆ خستنی کێبرکێکارە لۆکاڵییەکەی (بزووتنەوەی گۆڕان)، پێویستیی گۆڕانی سیستمی هەڵبژاردنی هێنایە پێشەوە، لە ئاکامدا شەرعیەتێکی یاسایی بۆ ئەو واقیعە نوێیە دروست بوو. بەڵام دوای ماوەیەك ئەم واقیعە، ئەگەرە نوێیەکانی بەلارێدابردنی هاوکێشەی دەسەڵاتی خستە دۆخێکی گومانەوە.

### تێڕوانینەکان بۆ وێستگەی نوێی سیستمی هەڵبژاردن

ئەزموونی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دواخستنی هەڵبژاردن؛ ئەزموونێکی دەوڵەمەندە، بە شێوەیەك تاوەکوو ئێستا لە ڕێگەی شەش یاسای پەرلەمانی و دوو بڕیاری پەرلەمانەوە هەڵبژاردن دوا خراوە و پەرلەمانی کوردستان تەمەنی خۆی درێژ کردووەتەوە. بە مانایەکی دیکە: پەرلەمانی کوردستان بەم درێژکردنەوەی خولی پێنجەم، 4585 ڕۆژ تەمەنی خۆی درێژ کردووەتەوە کە دەکاتە زیاتر لە 12 ساڵ، زۆرترین درێژکردنەوەش لە خولی یەکەمدا بووە.

درێژکردنەوەی ئەم جارە بە پلەی یەکەم پەیوەندیدارە بە ناکۆکیی نێوان سەرجەم لایەنە سیاسییەکان لەسەر سیستمی هەڵبژاردن. هەموو هێزەکان ترسیان لە سیستمی هەڵبژاردن هەیە، بۆیە دەیانەوێ لە ڕێگەی سیستمی هەڵبژاردنەوە دۆخی خوازراوی خۆیان بکەنە واقعێکی نوێ. بەڵام ئەوەی پرۆسەکەی ئاڵۆز کردووە، ئەوەیە دۆخی خوازراوی پارتی دیموکراتی کوردستان تەواو جیاوازە لەگەڵ دۆخی خوازراوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. تاوەکوو ئەم دوو هێزە نەگەنە ڕێککەوتن، ئاماژەکانی سیستمی نوێی هەڵبژاردن بەناڕوونی دەمێننەوە. بۆ شیکردنەوەی ئەم وێستگە نوێیە، لە دوو ڕوانگەوە سەیری گفتوگۆکانی تایبەت بە سیستمی نوێی هەڵبژاردن دەکەین:

### یەکەم: لە ڕوانگەی چەقی ناکۆکییەکان

ناکۆکیی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان لەسەر هەڵبژاردنی نوێ بەگشتی، سیستمی هەڵبژاردن بەتایبەتی، لە چەند خاڵێکدا کۆ کراوەتەوە:

**1. بازنەکانی هەڵبژاردن**

دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، کە تێیدا کار بە سیستمی فرەبازنەیی کرا، هەروەها لە هەژمارکردنی دەنگدا پشت بە تاك دەنگ بەسترا، هێزە سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەت سوودمەندانی ئەم شێوازە، بانگەشە بۆ ئەم سیستمە دەکەن. لەم چوارچێوەیەدا هێزەکان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوون:

أ- لایەنگرانی یەك بازنەیی، کە پێیان وایە بۆ دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان کە فرەحیزب و فرەپێکهاتەیە، باشترین سیستم یەك بازنەییە، چونکە بەم شێوەیە هەم پێکهاتەکان زامنی کورسی دەکەن و هەمیش پارتە سیاسییە بچووکەکان. ئەرگومێنتی ئەم لایەنە بەهێز کراوە بەوەی کە کاتێك لە عێراق سیستمی یەك بازنەیی هەبوو، کورد زیاتر لە 70 کورسیی پەرلەمانی هەبوو[١٩]. پارتی دیموکراتی کوردستان ڕابەرایەتیی ئەم ڕەوتە دەکات.

ب- لایەنگرانی فرەبازنەیی، پێیان وایە کە بۆ پاراستنی دادپەروەریی هەڵبژاردن، هەرێمی کوردستان دابەشی چەند بازنەیەك بکرێت و ڕێگە بگیرێت لە دروستبوونی پارتی سیاسیی بێ کاریگەر لەناو پەرلەمانی کوردستان. ئەرگومێنتی ئەم لایەنە بەهێز کراوە بەوەی سیستمی فرەبازنەیی ڕێگە

دەگرێت لە دروستبوونی تاك لایەنی لە هاوكێشەی دەسەڵات. یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لەسەر بنەمای ئەنجامەكانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕابەرایەتیی ئەم ڕەوتە دەكات.

لەسەرووی هەموویانەوە ئەوەی ناڕوونە لە هەردوو داواكارییەكەدا؛ شێوازی دابەشكردنی بازنەكانی هەڵبژاردنە، بەو واتایەی ڕوون نییە كە چ پێوەرێك بكرێتە بنەما بۆ ئەو دابەشكردنەی بازنەكانی هەڵبژاردن. بوونی پارتی و یەكێتی لە دوو بەرەی جیاوازی ئەم ناكۆكییەدا، ئایندەی یەكلاییكردنەوەی ئاڵۆز كردووە.

**2. تۆماری دەنگدەران**

ئەمە گەورەترین كێشەی بەردەم هەموو هەڵبژاردنەكانی هەرێمی كوردستان بووە، هەروەك چۆن دەروازەیەكیش بووە بۆ ساختەكاری. بەو مانایەی ئەو لایەنەی كۆنترۆڵی دامەزراوەی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی كردووە، تۆماری دەنگدەران لەسەر بنەمای خواست و بەرژەوەندییەكانی ئەو لایەنە نەخشێنراوە. بەشێكی هێزە سیاسییەكان، شكست و لەدەستدانی دەنگەكانیان خستە ئەستۆی تۆماری دەنگدەران. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، هەموو هێزەكان لە ڕواڵەتدا داوای پاككردنەوەی ئەو تۆمارە دەكەن و كەسیش دژایەتیی خۆی بۆ ئەم خواستە ڕانەگەیاندووە، بەڵام هیچ ڕوون نییە كە ئەم پاككردنەوەی تۆماری دەنگدەرانە بە كێ دەسپێردرێت. گەر كارەكە بە كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی عێراق بسپێردرێت، ئەوا دوو هێزە دەسەڵاتدارەكەی هەرێم براوەی یەكەم بوون بەم تۆمارەی لەلایەن ئەو دەزگایەوە ئامادە كرابوو. بۆیە پێشبینی ناكرێت ئاسان ڕێككەوتن بكرێت لەسەر شێوازی پاككردنەوەی تۆماری دەنگدەران.

**3. شێوازی هەژماركردنی دەنگەكان**

لە بنەڕەتدا ئەمە پەیوەستە بە بازنەی هەڵبژاردنەوە، بەڵام تەكنیككارانی پارتە سیاسییەكان ئەمەشیان كردووەتە خاڵی ناكۆكی. سەرچاوەی ئەم ناكۆكییەش هەر بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەگەڕێتەوە، بەوەی لە هەژماركردنی كورسیدا، دەنگی هیچ كاندیدێك بۆ پارتەكەی ناچێت و یەك دەنگ یان كاندید پەیڕەو دەكرێت. ئەم سیستمە لە بەرژەوەندیی پارتە سیاسییە فراوانەكانە، كە ڕێكخستنی حزبییان دەرفەتی ئەوەیان پێ دەدات كە دەنگدەرانیان ئاڕاستە بكەن. بۆ نموونە؛ پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان كەمترین دەنگی بەفیڕۆیان هەبوو. سەرەڕای بوونی ناكۆكی لەنێوان لایەنەكان لەسەر ئەمە، لەگەڵ ئەوەشدا دیدگایەكی ڕوون نییە بۆ دەرخستنی ئیرادەی دەستكاریكردن.

**4. كورسیی كۆتاكان**

ئەمە گەورەترین خاڵی ناكۆكییە لەنێوان هێزە سیاسییەكاندا. ناكۆكییەكان سەبارەت بە كورسیی كۆتاكان، پارت و لایەنەكانی دابەشی سەر دوو بەرە كردووە:

أ- ئەوانەی بەتەواوی دژی ئەوەن کە کۆتاکان بە چەند سەد دەنگێك بگەنە پەرلەمان و هاوکێشەکانی پەرلەمان دەستکاری بکەن، چونکە پێیان وایە ئەم کۆتایانە بە شێوەیەکی ناتەندروست لە ململانێ سیاسییەکاندا بەکار هێنراون، بۆیە داواکارن گەر نەشتوانرا ئەم کورسییانە ڕەت بکرێنەوە، بە لایەنی کەمەوە میکانیزمێکی دیکە دیاری بکرێت بۆ کورسیی کۆتاکان.

ب- ئەوانەی پێداگرن لەسەر مانەوەی کورسیی کۆتاکان بەم شێوەیەی ئێستا. لایەنگرانی ئەو بۆچوونە پێیان وایە بۆ پاراستنی ڕوخساری پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان، پێویستە مافی ئەو پێکهاتانە پارێزراو بێت. ئەرگومێنتی ئەو لایەنە لەسەر ئەوە بنیات نراوە کە وا پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان زامنی پێکەوەژیانن و پێویستە پارێزگاری لەم بەهایە بکرێت.

### 5. لایەنی بەڕێوەبەری هەڵبژاردن

جۆرێك لە ناکۆکی هەیە لەسەر ئەوەی کێ هەڵبژاردنەکە بەڕێوە ببات و بە چ شێوەیەکیش بەڕێوەی ببات، چونکە بەشێك لە لایەنەکان پێیان وایە پێکهاتەی ئێستای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی گونجاو نییە بۆ ئەو قۆناغە و پێویستە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت. بەڵام لەبەر ئەوەی پارتی دیموکرات و یەکێتیی نیشتمانی و بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی دادگەری ئەندامیان هەیە لە دەستەی کۆمسیاران، بۆیە تا ئێستا پاڵەپەستۆیەکی جددی لەم بوارەدا دروست نەبووە.

### دووەم: ئاستەنگەکانی هەمواركردنی سیستم و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن

لەسەر بنەمانی خاڵە ناکۆکییە جەوهەرییەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان، دەتوانین بڵێین هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن و بەرقەرارکردنی سیستمێکی نوێ بووەتە پێویستییەکی حەتمی. کەواتە دەبێ پرسیار لە ئاستەنگە سیاسی و تەکنیکییەکانی ئەم هەموارکردنەوە بکەین. دەتوانین ئاستەنگەکان لە چەند خاڵدا کورت بکەینەوە:

1. بوونی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دوو بەرەی جیاوازی ناکۆکییەکان، بەتایبەت کە هەردوو هێز زۆنی تایبەتی خۆیان هەیە و پۆستە هەستیارەکانی پەرلەمان و حکومەتیان بەدەستەوەیە، بۆیە درێژەپێدانی ئەم دۆخە بە ئاسایی دەبینن، پێیان وایە هیچ مەترسییەکیان لەسەر نییە. کەواتە ئەم دوو هێزە تا قەناعەتی تەواویان بۆ دروست نەبێ کە گۆڕانکارییەکان لە بەرژەوەندیی خۆیانە، هیچ پەلەیەکیان نییە. بەڵام مەترسییەکانی ئەم بێباکییە درزی گەورە لەنێوان شەقام و هێزە دەسەڵاتدارەکاندا دروست دەکات، کە دواتر دەرچوون لێی ئاسان نابێت.

2. لە پاکێجی ناکۆکی و گۆڕانکارییەکان، پرسی پێکهاتەکان و کورسییە کۆتاکان هەیە کە ئەمە ڕەهەندێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیی هەیە، بەئاسانی ئەم گۆڕانکارییە تێناپەڕێت. جیاکردنەوەی ئەم پرسەش لە پاکێجەکانی دیکە؛ نیشانەی ئەگەری ڕێککەوتنە، بەڵام ئەمە پێویستی بە فشاری هێزە هەرێمایەتییەکان هەیە.

3. بایكۆت و دەستلەكاركێشانەوەی بەشێك لە فراكسیۆن و پەرلەمانتاران (بەیاننامەی فراكسیۆنەكان)، ئەمە كێشەیەكی تەكنیكیی بۆ پەرلەمانی كوردستان دروست كردووە، بۆیە سەرۆكایەتیی پەرلەمان لە دوایەمین دانیشتندا دانی نەنا بە بایكۆتی فراكسیۆنەكاندا. ئەندامی ئەم فراكسیۆنانە لە لیژنە پەیوەندیدارەكاندا ئەندامن، هەروەها لە ئەگەری ڕێككەوتن، تێپەڕاندنی ئەم یاسایە بێ ئەم فراكسیۆنانە؛ دەرگا لەسەر ناكۆكییەكی دیكە دەكاتەوە. بۆیە ڕەنگە سێ لایەنی پاڵپشت لە درێژكردنەوەی خولی پەرلەمان، پێویستیان بە كورسیی كۆتاكان بێت بۆ ئەم كارە، لەم ئەگەرەشدا ئەرگومێنتی دووان لەم هێزانە شكست دەهێنێ بۆ گۆڕینی كورسیی كۆتاكان.

## سیناریۆكانی ئایندەی پرسی سیستمی هەڵبژاردن

هەموو كێشە و ئاریشە سیاسییەكانی هەرێمی كوردستان بە هۆی نەبوونی سەقامگیریی سیاسی لە پەیوەندیی نێوان پارتە سیاسییەكاندا، بەلاڕێدا دەبرێن، بە شێوەیەك كە وا كێشەی بچووك تێكەڵ بە پرسی ئیرادەی سیاسی دەكرێت و ڕۆژ دوای ڕۆژ قووڵتر دەبنەوە. ئەمە بۆ پرسێكی سادە، بەڵام بۆ پرسێكی چارەنووسسازی وەكوو سیستمی هەڵبژاردن، كە فاكتەری سەرەكیی نەخشاندنی هاوكێشەی دەسەڵات و سەنگی هێزە سیاسییەكانە، ناكۆكییەكان قووڵتر دەبنەوە. بەرمەبنای ئەو ناكۆكییانەی لە سەرەوە تیشكمان خستە سەری، ئەم پرسە لەبەردەم چەند سیناریۆیەكدایە كە هەریەكێ لەم سیناریۆیانە چەندین ئەگەر لەخۆی دەگرێت.

### سیناریۆی یەكەم: نزیكمەودا

بە هۆی ئەوەی لە سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانەكەدایین، بۆیە ئەم سیناریۆیە زۆر ڕوونە، بەوەی هێزە سیاسییەكان بۆ پێداگری لە تێڕوانینی خۆیان؛ بە هەموو شێوەیەك ئامادە نین دەستبەرداری دیدگای خۆیان بن، ئەمەش لێكەوتەی سیاسی و كارگێڕی و یاسایی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. لێكەوتەكان دەكرێت لە چەند خاڵێكدا كورت بكەینەوە:

1- لێكترازانی نیشتمانی: بینیمان ئێستا هیچ دوو پارتێكی سیاسی نییە لەسەر خاڵێكی هاوبەش كۆك بن و بیكەنە ئەجێندای سیاسیی خۆیان، ئەمە قووڵایی ململانێ لەنێوان پارتە سیاسییەكاندا دروست دەكات.

2- بۆشایی یاسایی: وەك دەركەوت كە بەشێك لە فراكسیۆنەكانی پەرلەمان كشانەوە یانیش بایكۆتیان ڕاگەیاند، ئەمە بۆشاییەكی یاسایی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

3- لێكەوتەی كارگێڕی: بەتایبەت كاتێك دوو حیزبی سەرەكیی حوكمڕان لە هەرێمی كوردستاندا لە ناكۆكیدا بن، ڕۆژانە دەبینین كە لێدوانی بەرپرسەكانیان بە ئاراستەی پەككەستنی دامەزراوە حكومییەكانە. بایكۆتكردنی حكومی بە قەبارەیەكی گەورە، قەیرانی كارگێڕیی گەورەی بەدوادا دێت.

### سیناریۆی دووەم: ماوە مامناوەند

ئەزموونی قەیرانە سیاسییەكانی هەرێم هاوكێشەیەكی نەگۆڕی دروست كردووە، ئەویش دوای

بەسەرچوونی ماوەیەك بەسەر قەیرانەكەدا، بەرەی دووقۆڵی و سێقۆڵی دروست دەبێت، ئەمیش دوای ئەوەی پەیوەندییە سیاسییەكان دەخرێنە قاڵبی ترس و بەرژەوەندییەوە. ئەم بەرە دووقۆڵییانە لە لایەك كێشەكە قووڵ دەكاتەوە، لە لایەك ئاسۆیەكیشە بۆ چارەسەری، بەتایبەت ئەگەر بە هۆی ڕێككەوتنی سیاسییەوە پارتە چەكدارەكان بكەونە یەك بەرەوە. بەڵام ئەوەی لەم سیناریۆیەدا شوێنی هەڵوەستەلەسەركردنە، پێگەی بزووتنەوەی گۆڕانە. هەر چەندە وا دەردەكەوت كە دۆڕاوی یەكەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی بوو، بەڵام لەم پرسەی ئێستادا كارتی یەكلاكەرەوەیە، بەتایبەت ئەگەر پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان ناكۆكییەكان بگەیەننە دوا ئاست. بزووتنەوەی گۆڕان لەبەردەم سێڕیانێكی مەترسیداردا دەبێت، ئەگەر بەرەی پارتی دیموكراتی بگرێت ئەوا پێگە جەماوەرییەكەی لە مەترسیی ئاسایشیدا دەبێت لە سلێمانی. ئەگەریش بەرەی یەكێتیی نیشتمانی بگرێت، ئەوە پێگە سیاسی و حكومییەكەی لە مەترسیدا دەبێت لە كابینەكەی پارتیدا. ئەگەری سێیەمیش ئەوەیە خۆی سەرپەرشتیی بەرەی دەرەوەی پارتی و یەكێتی بكات و سەرجەم پارتەكانی دیكە كۆ بكاتەوە، بەڵام ئەمە بۆ گۆڕان ئاسان نییە، بە هۆی ئەوەی متمانەی ئۆپۆزسیۆنبوونی لەدەست داوە.

### سیناریۆی سێیەم: دوورمەودا

كاتێك لە قۆناغی دووەمدا نەتوانرا پرسەكان چارەسەر بكرێن، لە هەمان كاتیشدا ماوەی درێژكراوەی پەرلەمانیش كۆتایی بێت، ئەوا پارتە سیاسییەكان دەكەونە بەردەم حەتمیەتی بڕیاردان[٢٠]. بەڵام ئەمە بۆ پارتە سیاسییە باڵادەستەكان زۆر ئەستەمە و چەندین ئەگەری لێ دەبێتەوە:

1. ئەگەری یەكەم: دوو ئیدارەیی و نزیككردنەوەی ئەزموونی هەرێمی كوردستان لە كۆتایی، بەتایبەت ئەگەر پەیوەندییە سیاسییەكانی نێوان دوو پارتی باڵادەست بكەوێتە قۆناغی چەقبەستوویی. لە ئێستادا هەست بە جۆرێك لە ئامادەكاری دەكرێت لە هەردوو زۆندا بۆ ئەم ئەگەرە.
2. ئەگەری دووەم: بە فشاری شەقام و فشاری هێزە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەكان، حیزبە حوكمڕانەكان بگەنە ئەنجامێكی مامناوەند و هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەمەش دووبارە پێویستی بە درێژكردنەوەی ماوەی پەرلەمانی كوردستان دەبێت.
3. ڕێككەوتن لەسەر هەمواركردنەوەی یاسای هەڵبژاردن و ئیرادەی سەرجەم لایەنەكانی تێدا جێبەجێ بكرێت. ئەمە كەمێك ئەستەمە، بەڵام كارێكی نەكردە نییە (مستحیل).

### ئاسۆی چارەسەری

چارەسەركردنی ئەم كێشەیە پێویستی بە تێگەیشتنی هاوبەش هەیە لەنێوان هێزە ناكۆكەكان، دروستبوونی ئەم تێگەیشتنە هاوبەشە گەورەترین ئاستەنگی پرۆسەی سیاسییە لە هەرێمی كوردستاندا. ماوەی چوار ساڵە كەم جار هەبووە ئەم تێگەیشتنە هاوبەشە دروست بووە، بەتایبەتییش كە ئێستا جۆرێك لە بیركردنەوەی هەیە سەبارەت بە زیندووكردنەوەی دوو ئیدارەیی، تا لێكدانەوەی ئەگەرەكانی دوو ئیدارەیی لەسەر مێزی

ڕاوێژ و گفتوگۆ بێت، دۆزینەوەی میکانیزمێك بۆ هەموارکردنەوەی سیستمی هەڵبژاردن ئەستەمتر دەبێت. بەڵام ئەوەی لەو چوارچێوەیەدا ونە، ئەجێندای پارتە سیاسییەکانی جگە لە پارتی و یەکێتییە سەبارەت بە پرسی دوو ئیدارەیی. بەو مانایەی دیدگایان ڕوون نییە بۆ ئەم پرسە، هەر چەندە هەندێ ئاماژە هەیە کە سیستمی حیزبی لە هەردوو زۆنەکە چۆن دەبێت. کەواتە خاڵی دەستپێکی دەرچوون لەم چەقبەستوویە؛ بوونی ڕێککەوتنی نوێیە لەنێوان پارتە سیاسییەکان، بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستانی دوای کۆنگرە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی نوێ.

بە تێڕامان لە خاڵە ناکۆکییەکان، دەکرێ بیر لە چارەسەرییەکان بکرێتەوە، بە شێوەیەك هەموو هێزەکان بە یەك ئاست هەنگاو بەرەو یەکتر بهاوێژن. بۆیە دەکرێ بیر لەم چارەسەرییانە بکرێتەوە:

1. سەبارەت بە بازنەکانی هەڵبژاردن، دەشێ هەموو داواکارییەکان لە یەك سیستمدا جێ بکرێتەوە، بە شێوەیەك کار بە هەردوو شێوازی یەك بازنەیی و فرەبازنەیی بکرێت لە یەك کاتدا. بە مانایەکی دیکە: دەکرێ کورسییەکانی پەرلەمان (جگە لە کورسیی کۆتاکان) دابەشی سەر هەردوو شێواز بکرێت، بەم شێوەیە:

أ- 60 کورسی لە ڕێگەی فرەبازنەییەوە پڕ بکرێنەوە، بە شێوەی سیستمی لیستی کراوەی تاك کاندید، کە دەنگی کاندیدەکە تەنها بۆ خۆی بێت. لە شێوازی هەژمارکردنی دەنگەکانیش، دەشێت هەمان سیستمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەکار بهێنرێت.

ب- 40 کورسیی پەرلەمانی تایبەت بکرێت بە پارتە سیاسییەکان، کە بە شێوازی لیستی داخراو بەڕێوە بچێت و دەنگەکە بۆ پارتە سیاسییەکە بێت. شێوازی هەژمارکردنی دەنگەکانیش پشت ببەستێ بە تێکڕای دەنگی بەدەستهاتووی لیستێك، دابەشی سەر کۆی دەنگە بەدەستهاتووەکانی بازنەی نیشتمانی بکرێت.

لەم شێوازەدا دەنگدەر لەسەر هەمان فۆرمی هەڵبژاردن، هەم دەنگ بە پارتی سیاسی دەدات و هەمیش دەنگ بە کاندید دەدات، هەردوو دەنگەکەشی بەجیا بۆ هەژمار دەکرێت. لێرەدا هەم دەرفەت بۆ کاندید دروست دەبێت، هەمیش دەرفەت بۆ پارتە سیاسییەکان دروست دەبێت، لە هەمان کاتیشدا کەسانی شیاو و پسپۆڕ بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەگەنە پەرلەمان و کوالێتیی کاری پەرلەمان بەرز دەبێتەوە.

2. سەبارەت بە تۆماری دەنگدەران، لیژنەیەکی باڵا لە تەکنیککارانی سەرجەم پارت و لایەنە سیاسییەکان دروست بکرێت، کاری سەرەکیی ئەم لیژنەیە بەراوردکردنی ئەو تۆماری دەنگدەرانەیە کە کۆمسیۆنی باڵای هەرێم ئامادەی کردووە، لەگەڵ ئەو تۆمارەی لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی عێراقەوە ئامادە کراوە، بۆ ئەوەی میکانیزمێکی گونجاو بدۆزرێتەوە بۆ پاککردنەوەی تۆمارەکە. دەکرێ زانکۆکان ڕابسپێردرێن کە سیمینار و کۆنفرانسی تایبەت لەم ڕوانگەیە ڕێك بخەن بە ئامادەبوونی نوێنەری پارتە سیاسییەکان، بۆ ئەوەی ڕۆشنبیریی تەکنیکی ئەم کارەیان بەرز بکرێتەوە.

3. سەبارەت بە لایەنی بەڕێوەبەر، پێویستە لایەنە سیاسییەکان لەسەر ستراکچەرێکی نوێ بۆ دەستەی کۆمسیاران ڕێك بکەون، لەپاڵ ئەمەشدا کۆمپانیا جیهانییەکان ڕابسپێردرێن لەژێر چاودێریی لایەنە نێودەوڵەتییەکاندا نەخشەڕێگەی تەکنیکی پرۆسەکە دابڕێژن.

4. هەر چی پەیوەندیدارە بە کورسیی کۆتاکان، هەموو ئەگەرەکان دەچنەوە سەر ئەو بژاردەی کە دەستکاری نەکرێن، بەڵام بۆ ڕەواندنەوەی گومانی هەندێ لە هێزەکان، دەکرێ لە ڕێگەی هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەوە ئەم کورسییە کۆتایانە بخرێنە دەرەوەی بازنەی هاوکێشە سیاسییەکانەوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

1. JØRGEN ELKLIT and ANDREW REYNOLDS (2005), A Framework for the Systematic Study of Election Quality, Democratization, Vol.12, No.2, April 2005, pp.147–162

2. چواس حەسەن (2007)، سیستمەکانی هەڵبژاردن و پێوەرەکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و بێگەرد، چاپخانەی موکریانی، چاپی یەکەم، ل23-16.

3. عبدو سعد و اخرون (2015)، النظم الانتخابية، منشورات العلى الحوقية، بيروت، ص220.

4. منذر الشاوي (2001)، الاقتراع السياسي، منشورات العدالة، بغداد 2001، ص ص67-66.

5. محەمەد خورشید تۆفیق، سەرەتایەك بۆ تێگەیشتنی هەڵبژاردن، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، چاپی یەکەم، ل33.

6. محمود عاطف البنا (2001)، الوسيط في النظم السياسية، دار النشر للجامعات، القاهرة، ص ص401-400.

7. چواس حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل39.

8. سەفین جەلال فەتحوڵا (2017)، جوگرافیای هەڵبژاردن، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، هەولێر، ل58.

9. چواس حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل41-40.

10. سرهنك حميد البرزنجي (2002)، انتخابات اقليم كوردستان العراق، مؤسسة موكرياني للطبع و النشر، اربيل، ص178.

11. سەفین جەلال فەتحوڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل67-66.

12. مەسعوود مستەفا بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی پێنجەم، 2022.

13. پەرلەمانی کوردستان (2022)، "خولەکانی پەرلەمانی کوردستان"، https://www.parliament.krd/about-parliament/parliament-terms

14. پەرلەمانی کوردستان (2022)، "خولەکانی پەرلەمانی کوردستان" ، https://www.parliament.krd/about-parliament/parliament-terms

15. حکومەتی هەرێمی کوردستان (2022)، " پێکهاتەی حکومەت"، http://previous.cabinet.gov.krd/p/page.aspx?l=13&s=030000&r=477&p=503&t=0&h=1

16. ئەنیستیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان (2019)، سندووقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی، هەڵسەنگاندنێك بۆ کارەکانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی سێزدەم، هەولێر، ل51.

17. تا ئێستا حەوت جار ئەم یاسایە هەموار کراوەتەوە، هەمواری یەکەم لە ساڵی 1994دا بوو کە هاوتایە لەگەڵ شەڕی ناوخۆ. هەمواری دووەم لە ساڵی 1998دا کرا دوای واژووکردنی ڕێککەوتنامەی واشنتۆن. هەمواری سێیەم لە ساڵی 2004دا کرا، دوای ئەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی یەکیان گرتەوە. هەمواری چوارەم لە ساڵی 2009دا کرا، کە سەرەتای بوونی ناکۆکی بوو لەسەر پرسی سەرۆکایەتیی هەرێم. هەمواری پێنجەم لە هەمان ساڵدا ئەنجام درا، دوای ئەوەی هەردوو پارتە حوکمڕانەکە ناکۆکییەکانیان گەیشتبووە لوتکە. هەمواری لە هەمان ساڵدا کرا، ئەمەش نیشانەی قووڵبوونەوەی کێشەکانە لەم ساڵەدا کە گۆڕانێکی نەوعی لە سیستمی سیاسیدا ڕووی دا. هەموارکردنەوەی حەوتەمیش لە ساڵی 2013دا کرا، دوای ئەوەی ئۆپۆزسیۆن پاڵەپەستۆیەکی زۆری کرد بۆ گۆڕینی یاسایەکە.

18. مادەی سێیەم، یاسای ژمارە 15ی ساڵی 2013، هەمواری حەوتەمی یاسای ژمارە 1ی ساڵی 1992.

19. یاسین مەحموود چۆمانی (2/1/2022)، "ئایا هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پێویستە؟"، https://www.basnews.com/so/babat/732107.

20. بینیمان لە سەروبەندی قەیرانی سەرۆکایەتیی هەرێمدا، پارتە سیاسییەکان کەوتنە دۆخێکی لەم شێوەیە، ئەنجامەکەی لێکترازانی سیاسیی گەورە و پەکخستنی پەرلەمان و لەشکرکێشیی نێوخۆیی بوو، تەنانەت هێزە نێودەوڵەتییەکانیش نەیانتوانی چارەسەری پرسەکە بکەن.

# ئایندەی سیستمی نێودەوڵەتی و هەرێمی کوردستان



**زانا کەریم نەجم**
ماستەر لە زانستە سیاسییەکاندا



**بەرایی**

لەبەریەکهەڵوەشانی یەکێتیی سۆڤیەت و کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، کۆتاییهاتنیش بوو بە سیستمێکی نێودەوڵەتی کە بە سیستمی دووجەمسەری (Bipolarity) ناوی دەبرا. لەو کاتەوە سیستمی نێودەوڵەتی و سیناریۆ ئایندەییەکانی، بابەتێکی گەرمی ناو کایەی سیاسەتی نێودەوڵەتی یاخود پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە و پرسی ئەوەی کە ئایا سیستمی نێودەوڵەتی چ جۆرە سیستمێکە و بە چ ئاقارێکدا دەڕوات، مژارێکی تەوەرەیی نێوان بیریاران و توێژەرانی کایەکەیە و جێگەی ڕاجیایی و مشتومڕێکی نەبڕاوەیە. جەنگی ڕووسیا-ئۆکرانیا و لێکەوتەکانی ئەم جەنگە، پەیوەست بە پەیکەری سیستمی نێودەوڵەتی، وامان لێ دەکات جارێکی تر قسەکردن لە بارەی سیستمەکەوە بورووژێنین و نیشانەی پرسیار لەسەر ئایندەی سیستمەکە دابنێین، چونکە مێژووی سیاسەتی نێودەوڵەتی پێمان دەڵێت جەنگەکان یەکێک لەو ڕووداوانەن کە دەبنە دەستپێکی گۆڕانی پەیکەری سیستمی نێودەوڵەتی، بۆ نموونە جەنگی دووەمی جیهانی پەیکەری سیستمی نێودەوڵەتیی گواستەوە لە فرەجەمسەرییەوە بۆ دووجەمسەری. ئەم هۆکارانە پاڵنەری سەرەکیمانن بۆ چوونە پای وەها توێژینەوەیەک، لە سۆنگەی ئەو گریمانەیەوە کە وا ئایندەی پەیکەربەندی و دابەشبوونی هێز لە سیستمی نێودەوڵەتیدا کاریگەریی بەرچاوی دەبێت لەسەر کورد بەگشتی و ئێمەی کورد لەم بەشەی کوردستان (باشووری کوردستان)دا بەتایبەتی و قەوارەی هەرێمی کوردستان. لێرەوە کنەکردن و بەدواداچوونی ئایندەی گۆڕانکارییەکانی سیستمی نێودەوڵەتی و کاریگەرییان لەسەر ئەم بەشەی کوردستان، ڕەوایەتی وەردەگرێت و دەبێتە غەمی ئەم توێژینەوەیە، بۆیە هەوڵ دەدەین تا ڕادەیەک ڕەهەندەکانی ئەم گۆڕانکارییانە یەکالا بکەینەوە و لێکەوتەکانی شرۆڤە بکەین.

وەک لە ناونیشانی توێژینەوەکەوە دەردەکەوێت، باس لە ئایندەی پەیکەری سیستمی نێودەوڵەتی و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان دەکەین، کەواتە سەرەتا و لە دەستپێکدا پێویستە ئەوە بڵێین کە توێژینەوەکە ئایندەییە و ئەو مەودا ئایندەییەش کە سێرەی لەسەر دەگرێت؛ تا ناوەڕاستی ئەم سەدەیە دەڕوات. لە لایەکی ترەوە دەبێت ئاگامان لەو ڕاستییەش بێت کە وا ئایندە کراوەیە بەسەر چەندین ئەگەر و شیمانەی جیاوازدا و پێشبینیکردنیان کارێکی نزیک لە ئەستەمە، بەڵام پشتبەست بە ڕاستییە مێژووییەکان و ڕەوشی ئێستا و توانای پێشبینیکردن، دەکرێت هەوڵی سەرەتایی و خاکی لەو بارەیەوە بدەین و ئەنجامگیری بکەین. هەروەها کاتێک باس لە سیستمی نێودەوڵەتی دەکەین، سەرەتا پێویستە بزانین مەبەست لە سیستمی نێودەوڵەتی چییە و ئەو سیناریۆ ئایندەییانە چین کە دەکرێت بۆ پاشەڕۆژی سیستمەکەی پێشنیاز بکرێن. لە هەمان کاتدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین سیستمی نێودەوڵەتی لە چەند توخمێک پێک دێت و سێرەگرتنی ئێمە لەم وتارەدا تەنها لەسەر یەکێک لە توخمەکانی سیستمی نێودەوڵەتییە، ئەویش پەیکەری سیستمەکەیە (System Structure)، واتە شێوازی دابەشبوونی هێز و جەمسەربەندی لە سیستمی نێودەوڵەتیدا.

کەواتە سیستمی نێودەوڵەتی دەبێتە مژاری تەوەری یەکەمی توێژینەوەکەمان. تەوەری دووەم و کۆتاییش تەرخان دەکەین بۆ کاریگەرییەکانی سیستمی نێودەوڵەتی و گۆڕانکارییە ئایندەییەکان لە پەیکەری سیستمەکەدا لەسەر هەرێمی کوردستان. لە کۆتاییشدا پوختەی پێشنیازەکانمان و ئەو دەرەنجامانەی بەدەستی دەهێنین، لە ئەنجامگیرییەکدا دەیخەینە ڕوو.

### 1. سیستمی نێودەوڵەتی و سیناریۆ ئایندەییەکانی

کاتێک لە بارەی بابەتێکەوە ئەنجامگیری (Reasoning) دەکەین و گریمانەکانمان تاقی دەکەینەوە، خاڵی یەکەم ناساندن و پێناسەکردنی ئەو چەمکانەیە کە ئەنجامگیری و گریمانەی لە بارەوە دەکەین، تاکوو لەنێو ئەو بۆچوون و پێناسە جیاوازانەدا کە بۆ سیستمی نێودەوڵەتی دەکرێن، تووشی سەردەرگومی نەبین و بیری خوێنەران پەرتەوازە نەبێت. کەواتە لە سەرەتاوە پێویستە بزانین سیستمی نێودەوڵەتی چییە؟

### 1-1. چەمکی سیستمی نێودەوڵەتی

گرفتێک کە لە ڕووی زمانەوانییەوە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، دۆزینەوەی واتا و وەرگێڕانێکی کوردیی گونجاوە بۆ زاراوەی سیستم (System) و جیاکردنەوەیەتی لە زاراوەی نەزم (Order). لە فەرهەنگە کوردییەکاندا واتا و وەرگێڕانی جیاواز لەهەمبەر هەریەکە لە زاراوەکانی ”System“ و ”Order“دا دانراوە، بۆ نموونە بەرانبەر زاراوەی ”Order“ ئەم واتایانە هاتوون: (یەک لەدوای یەک، ڕێکخستن، سیستم، فەرمان، داوا، ڕیز، پلە، ڕێک، پایە، شێواز، پەرگەل، سەروبەری، ڕێکی، دەستوور، نەریت، پەیڕەو، پلە (گرۆ یان پلەیەکی پۆلاندنە، کە لەخوار پلەی جۆر و ژوورترە لە پلەی خێزان)، ئاسایش، ئاسوودەیی، نەخشە، شێوەی ڕێکخستن، ڕێکوپێکی، دۆخ، بار، ڕێباز، ڕێگە، شێوەی کردنی شتێک). زاراوەی ”System“یش بەم شێوەیە واتا کراوە: (ڕژێم، ڕەوت، سیستم، ڕێگا، شێواز، لاشە، لەش، کەلەخ، کۆمەڵە، دەستە، پەرگال، سازی، ڕست، ڕێزک، پێڕۆ، ڕەوشت، شێوە، نەریت، دەستگا، ڕشتە، تەن (لەشی گیانلەبەر بە شێوەیەکی گشتی)، کۆئەندام (چەند یان کۆمەڵە ئەندامێک کە پێکەوە فەرمانێک پێک دەهێنن)، جیهان، کۆمەڵە بیروڕایەکی یەکخراو، ڕێباز، پەیڕەو، دەستووری کار، نەخشە، ڕێگە، شێوە[1]).

بە ڕای ئێمە زاراوەی ”کۆئەندام“ ئەو واتایە دەگەیەنێت کە زاراوەی سیستم لە کایەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەیگەیەنێت، بەتایبەتی ئەگەر زانیمان ئەو واتایە لە فەرهەنگە پزیشکییەکاندا هاتووە و زاراوەی سیستمیش لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی ناو زانستە سروشتییەکانە. زاراوەی ”پەیڕەو“یش نزیکە لە واتای ئۆردەرەوە. بەڵام تا ئەو کاتەی ئەم دوو واتایە جێگەی خۆیان قایم دەکەن، یان وەرگێڕانێکی گونجاو و زاراوەیەکی پڕاوپڕتر بە واتای هەریەکەیان دێتە ئاراوە، ئێمە پێمان باشە زاراوەی نەزم بۆ ”Order“ و سیستمیش بۆ ”System“ بەکار بهێنرێت.

گرفتێکی تر لەم ڕووەوە ئەوەیە کە وا زۆرێک لە نووسەران هەم لە ڕووی زمانەوانییەوە و هەم لە ڕووی چەمکناسییشەوە جیاکاری لەنێوان زاراوەی سیستم (System) و زاراوەی نەزم (Order)دا ناکەن، لێرەشەوە بەبێ ڕوونکردنەوەی واتای چەمکەکان و ئاماژەدان بە گیروگازە زمانەوانییەکان، زاراوەی سیستمی نێودەوڵەتی (International System) و نەزمی نێودەوڵەتی (International Order) بەکار دەهێنن و لێکیان جیا ناکەنەوە، ئەمەش وامان لێ دەکات هەر لە سەرەتاوە جیاوازیی نێوان "سیستمی نێودەوڵەتی" و "نەزمی نێودەوڵەتی" ڕوون بکەینەوە. مەبەست لە سیستمی نێودەوڵەتی ئەو بەستێنە جیهانییە (Global) گشتگیر و فراوانەیە کە بکەرە نێودەوڵەتییەکان (دەوڵەت و نادەوڵەت) چالاکیی تێدا ئەنجام دەدەن. سیستمی نێودەوڵەتی ڕەنگدانەوەی هەموو لایەنە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ژینگەییەکان و شێوازەکانی تری کارلێککردنە، کە لەنێوان بکەرە نێودەوڵەتییەکاندا ڕوو دەدات. بەڵام نەزمی نێودەوڵەتی بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێسا و پێودانگ (Norms) و دامەزراوە کە پەیوەندیی نێوان بکەرە کلیلییەکان لە ژینگەی نێودەوڵەتیدا بەڕێوە دەبات[٢]. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سیستمی نێودەوڵەتی، بە تێڕوانینی ڕیاڵگەراکان (Realists) پاشاگەردانییە (Anarchy)، بەڵام نەزمی نێودەوڵەتی بەپێچەوانەوە، خاوەنی جۆرێک لە سەقامگیری و پەیکەربەندییە (Structured). سیستمی نێودەوڵەتی گشتگیر و فراوانترە لە نەزمی نێودەوڵەتی و نەزمی نێودەوڵەتی ئاماژەیە بە شێوە ڕێکخراوەکان (Organized Configurations) لەناو سیستمی نێودەوڵەتیدا[٣].

خاڵێکی تر کە شایانی ئاماژەپێدانە ئەوەیە بە گوێرەی جیاوازیی ڕوانگەی توێژەر و قوتابخانە فیکرییەکان، بەکارهێنانی چەمکەکانیش دەگۆڕێن و زۆر جار لەجیاتیی چەمکی سیستمی نێودەوڵەتی (International System)؛ سیستمی جیهانی (World System) بەکار دەهێنرێت. بەشێکی زۆری توێژەران جیاکاری لەنێوان ئەم دوو چەمکەشدا ناکەن و تێکەڵاویان دەکەن، بۆیە جێی خۆیەتی بەکورتی ئاماژەیەک بەم گیروگازەش بدەین. ئەوانەی سەر بە قوتابخانەی ڕیاڵگەرایین، دیدێکی دەوڵەت تەوەرەییان هەیە و پێیان وایە دەوڵەت تاقانە بکەر یاخود بکەری سەرەکیی ناو سیستمکەیە و بکەرە نادەوڵەتەکان ڕۆڵێکی لاوەکی دەگێڕن، بۆیە سیستمی نێودەوڵەتی بەرەنجامی کارلێک و بەریەککەوتنی نێوان دەوڵەتانە و لێرەشەوە سیستمەکە سیستمێکی نێودەوڵەتییە. هەر چی لیبراڵگەراکانە، پێیان وایە سیستمەکە بەرەنجامی کارلێکی بکەرگەلێکە لە دەوڵەت و نادەوڵەت، بە جۆرێک زۆرێک لە بکەرە نادەوڵەتەکان ڕۆڵیان لە ڕۆڵی هەندێک دەوڵەت گەورەترە و خاوەنی کاریگەریی زیاترن، کەواتە سیستمەکە تەنها سیستمی نێوان دەوڵەتان نییە، بەڵکوو سیستمی هەموو بکەرە جیهانییەکانە و دەوڵەتیش تەنها بکەرێکە لە بکەرەکان.

دوای ڕوونکردنەوە و ئاماژەدان بەو گیروگازە زمانەوانی و چەمکییانە، ئێستا کاتی ئەوەیە سیستمی نێودەوڵەتی بناسێنین، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە وا چەمکی سیستمی نێودەوڵەتی (International System)، وەک هەر چەمکێکی تری کایەی سیاسەتی نێودەوڵەتی، چەمکێکی

مشتومڕهەڵگرە و واتایەکی بڕاوە و بیانووبڕی نییە، هەر توێژەرە لە ڕوانگەیەکەوە و پاڵپشت بە زەمینەهزریی خۆی لە بابەتەکە دەڕوانێت و پێناسەی دەکات، بۆیە پێناسە و بۆچوونی جیاواز لە بارەیەوە لەئارادان.

سەبارەت بە پێناسەی سیستمی نێودەوڵەتی، دەکرێت بڵێین[٤]: مەبەست لە "سیستمی نێودەوڵەتی" ئاماژەکردنە بۆ کۆی کارلێک یان تۆڕی پەیوەندیی نێوان هێزەکان -جا ئەو کارلێک و پەیوەندییانە چ هاریکاریئامێز بن یان ململانێئامێز-، ئەم کارلێک و پەیوەندییانە لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا، لەسەر ئاستی جیهانی و هەرێمی، بە گوێرەی کۆپێکهاتێکی (منظومة) دیاریکراوی بەهاکان ڕوو دەدات[٥]. کەواتە سیستمی نێودەوڵەتی بریتییە لە دەرەنجامی کارلێک و بەریەککەوتنی ئەندامانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، جا ئەو بەریەککەوتنانە ئاشتییانە بن یان ململانێئامێز، ئەو ئەندامانەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییش دەوڵەت بن یان نادەوڵەت (Non-state). هەروەها ئەو کارلێک و بەریەککەوتنانە لەسەر ئاستی جیهانی یان لەسەر ئاستی هەرێمی و بە گوێرەی کۆمەڵێک ڕێسا و بەهای دیاریکراو ڕوو دەدەن، ئەمەش گرنگیی ئەو بەهایانە دەردەخات کە هەر سیستمێکی نێودەوڵەتی لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت.

لە پێناسەکەی سەرەوە ئەوە هەڵدەهێنجرێت کە وا هەر سیستمێکی نێودەوڵەتی لە ڕووی چەمکەوە لە چەند توخمێکی سەرەکی پێک دێت کە گرنگترینیان ئەمانەن[٦]:

1. لە چوارچێوەی هەر سیستمێکی نێودەوڵەتیدا، هێزێک یان چەند هێزێکی دیاریکراو هەن کە جڵەوی کاروبارەکانیان بەدەستە و لە ئاڕاستەکردنی ڕێڕەوی ڕووداوەکانی نێوان لایەنەکانی سیستمەکەدا خاوەن قسەی یەکلاکەرەوەن.

2. لە هەر سیستمێکی نێودەوڵەتیدا، پێویستە ڕێگایەک یان چەند ڕێگایەکی دیاریکراو بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکان یان پەیوەندیی نێوان لایەنەکانی سیستمەکە باڵادەست بێت، بە جۆرێک بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەوڵەتە هەژموونداڕەکان بەدی بهێنێت، یان لانی کەم دژی ئەو بەرژەوەندییانە نەبێت.

3. هەر سیستمێکی نێودەوڵەتی چەند نیشانە و ڕواڵەتێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە سیستمە نێودەوڵەتییەکەی پێش خۆی.

4. هەر سیستمێکی نێودەوڵەتی لە چەند کۆلکەسیستمێکی (Sub-systems) تری نێودەوڵەتی پێک دێت و ئەم کۆلکەسیستمانە دەکرێت هەریەکێکیان کاریگەرییەکی جیاواز لەسەر کۆی ئەو کارلێکانە دابنێت کە لەسەر ئاستی سیستمی نێودەوڵەتیی جیهانی یان گەردوونی ڕوو دەدەن.

لە ڕووی مێژووییەوە، سەرەتای ڕەنگرێژبوونی بیرۆکەی سیستمی نێودەوڵەتیی هاوچەرخ دەگەڕێتەوە بۆ پەیماننامەی وێستیڤالیا ساڵی 1648، ئەم پەیماننامەیە سەری کێشا بۆ دروستبوونی سیستمێکی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای دەوڵەتی نەتەوەیی و شێوازی دابەشبوونی هێز لەنێوان ئەم دەوڵەتە نەتەوەییانەدا. شێوازی دابەشبوونی هێزیش لەنێوان دەوڵەتاندا یان ئاسۆییە یان ستوونی:

مەبەست لە دابەشبوونی ستوونییانەی هێزی نێودەوڵەتی، کە سیستمی تاکجەمسەرییشی پێ دەوترێت، ئەوەیە کە یەک دەوڵەت هەژموونی خۆی بەسەر سیستمی نێودەوڵەتیدا دەسەپێنێت و بەتەواوەتی یان تا ڕادەیەکی نزیک لە تەواوەتی، توانا و کاریگەریی نێودەوڵەتییانە قۆرغ دەکات، نموونەی ئەمەش هەژموونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت. هەر چی دابەشبوونی ئاسۆییانەی هێزە، ئەوا دوو جۆری هەیە: یان لەنێوان دوو دەوڵەتدا دەبێت و پێی دەوترێت سیستمی دووجەمسەری، بۆ نموونە سیستمی نێودەوڵەتی لە ماوەی جەنگی سارددا (1991-1947)، کە یەکێتیی سۆڤیەت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا توانا و کاریگەریی نێودەوڵەتییان قۆرغ کردبوو، یان لەنێوان چەند دەوڵەتێکدا دەبێت و پێی دەوترێت سیستمی فرەجەمسەری، واتا توانا و کاریگەریی نێودەوڵەتی لەلایەن چەند دەوڵەتێکەوە قۆرغ دەکرێت، نموونەی ئەمەش ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەمە کە وڵاتە سەرکەوتووەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم قۆرغی توانا و کاریگەریی نێودەوڵەتییان کردبوو[٧].

### 2-1. ڕەوشی هەنووکەی سیستمی نێودەوڵەتی و سیناریۆ ئایندەییەکانی

وەک ئاماژەمان پێ دا، ئەوەی لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی ساردەوە بیریاران لە بارەیەوە کۆکن کۆتاییهاتنی سیستمی دووجەمسەرییە، بەڵام سەبارەت بە ڕەوشی هەنووکەی پەیکەرییەندیی سیستمی نێودەوڵەتی و ئایندەی پەیکەربەندیی سیستمەکە، ئەوا ڕای جیاواز و وەسفی جۆراوجۆر لەئارادان: بۆچوونێک پێی وایە سیستمی نێودەوڵەتی تاکجەمسەرییە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە لوتکەی هەرەمی دابەشبوونی هێزی جیهانیدا وەستاوە[٨]، بۆچوونێکی تر بەپێچەوانەوە، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە وا سیستمی نێودەوڵەتی هەنووکە سیستمێکی ناجەمسەرییە (Non-polarity)[٩]، هەندێکی تریش پێیان وایە سیستمی نێودەوڵەتی لە قۆناغی ڕاگوزەریدایە و لە ڕووی پەیکەرەوە هێشتا دەڵەمەیە[١٠]. ئەوەی بەلای ئەو بیریارانەوە جێگەی مشتومڕ نییە؛ گۆڕانکارییە لە سیستمی نێودەوڵەتیدا، واتە سیستمی نێودەوڵەتی دەگۆڕێت، بەڵام کەی و چۆن؟ ئەوە ڕای جیاواز لە بارەیەوە هەیە. دوو خاڵ لێرەدا بۆ ئێمە جێگەی بایەخ و گرنگیپێدانن، ئەوانیش: ئایندەی گۆڕانکارییە لە سیستمی نێودەوڵەتیدا و کاریگەریی ئەو گۆڕانکارییانەیە لەسەر هەرێمی کوردستان. سەبارەت بە کاریگەرییە ئایندەییەکانی سیستمی نێودەوڵەتی لەسەر هەرێمی کوردستان، ئەوا تەوەری دووەمی ئەم وتارەی بۆ تەرخان دەکەین. بۆیە ئەو بابەتەی لێرەدا دەبێتە شوێنی گفتوگۆ، سیناریۆ ئایندەییەکانی گۆڕانکارییە لە پەیکەری سیستمی نێودەوڵەتیدا.

ئەوانەی چاودێریی ئاڕاستەی گۆڕانکاری لە پەیکەری سیستمی نێودەوڵەتیدا دەکەن، لە ڕووی پەیکەرەوە پێشبینیی چەند سیناریۆیەک دەکەن بۆ ئایندەی سیستمەکە. لە خوارەوە بەکورتی ئاماژە بەو سیناریۆیانە دەکەین:

### 1-2-1. سیناریۆی ناجەمسەری (Non-polarity)

هەندێک لە توێژەران پێشبینیی ئەوە دەکەن کە وا سیستمی نێودەوڵەتی سیستمێکی ناجەمسەری دەبێت و چەندین بکەری نێودەوڵەتیی جیاواز کاریگەری و هێزی نێودەوڵەتی قۆرغ دەکەن و هەژموونی خۆیان بەسەر جیهاندا دەسەپێنن. لە وتارێکیدا بە ناوی "سەردەمی ناجەمسەری"، "ڕیچارد هاس" بیریاری ئەمەریکایی، پێی وایە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەدەی بیست و یەکدا دەگۆڕێت بۆ پەیوەندییەکی ناجەمسەری: مەبەست لە ناجەمسەرییش ئەوەیە کە لەجیاتیی ئەوەی دەوڵەتێک یان دوو دەوڵەت یان تەنانەت چەند دەوڵەتێکیش هەژموونی خۆیان بەسەر جیهاندا بسەپێنن، دەیان بکەری نێودەوڵەتی دەبنە خاوەنی جۆری جیاوازی هێز و پیادەی دەکەن، ئەمەش وەرچەرخانێکی بونیادی (Tectonic)ە لەوەی کە لە ڕابردوودا هەبووە[١١]. هەروەها "پرۆفیسۆر مازن ئەلرەمەزانی" لەگەڵ "ڕیچارد هاس"دا هاوڕایە و پێی وایە ناجەمسەری ئاماژەیە بۆ لەبەرڕۆیشتنی جەمسەربەندی (السیولة القطبیة) و بەوە جیا دەکرێتەوە کە هەموو جۆرە جیاوازەکانی جەمسەربەندیی نێودەوڵەتی کە لە مێژوودا هەبوون لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە، بەڵام ئەلرەمەزانی لەو باوەڕەدایە کە ئەم ناجەمسەربەندییە زۆر درێژە ناکێشێت و بەردەوام نابێت، بارودۆخ و ڕەوشی هەنووکەیی نێودەوڵەتی ئاماژەن بۆ ئەوەی کە سیستمێکی نێودەوڵەتی بە پەیکەرێکی نوێوە، جیاواز لەو سیستم و پەیکەرەی کە دوای لەبەریەکهەڵوەشانی یەکێتیی سۆڤیەت هاتە ئارا، دەستی کردووە بە خەمڵین[١٢].

### 1-2-2. سیناریۆی تاکجەمسەری (Uni-polarity)

مەبەست لە سیستمی تاکجەمسەری ئەوەیە کە پەیکەری سیستمی نێودەوڵەتی شێوەیەکی قووچەکی وەردەگرێت و تاقانە هێزێک لە سەری سەرەوەی قووچەکەکەدا ئاکنجی دەبێت، توخمەکانی هێز و کاریگەری بۆ خۆی قۆرغ دەکات و ئاڕاستەی سیستمەکە دەکات و جڵەوی دەستپێشخەری بەدەستەوە دەگرێت. دوای لەبەریەکهەڵوەشانی یەکێتیی سۆڤیەت و کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووە تاقانە جەمسەر و قۆرغکەری توانا و کاریگەریی جیهانی و سیستمی نێودەوڵەتی بووە سیستمێکی تاکجەمسەری. هەر چەندە بیریاران بیروبۆچوونی جیاوازیان لە بارەی ماوە و مەودای ئەم تاکجەمسەرییەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە هەیە، بەڵام ئەوانەی کە بەرگری لە تاکجەمسەریی ئەمەریکا دەکەن، پێشبینیی ئەوە دەکەن لانی کەم مەودای ئەم هەژموونەی ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تا ناوەڕاستی سەدەی بیست و یەک درێژ دەبێتەوە. واتە ئایندەی سیستمی نێودەوڵەتی تا ناوەڕاستی سەدەی بیست و یەک، وەک سیستمێکی تاکجەمسەری دەمێنێتەوە[١٣]. بیریاری ئەمەریکایی "جۆزێف نای" لە

کتێبێکیدا بە ناوی "ئایا سەردەمی ئەمەریکایی کۆتایی هاتووە؟"، پوختەی بۆچوونەکانی لە بارەی سەردەمی ئەمەریکاییەوە دەخاتە ڕوو، هەروەها بەرگری لە تێزی سەردەمی ئەمەریکایی دەکات و پێی وایە بەردەوام دەبێت و لە ئایندەیەکی نزیکدا پێشبینیی ئاوابوونی ناکرێت[١٤].

### 1-2-3. سیناریۆی دووجەمسەری (Bi-polarity)

مەبەست لە سیستمی دووجەمسەری، قۆرغکردنی هێز و کاریگەریی جیهانییە لەلایەن دوو هێز یاخود دوو دەوڵەتی سەرەکییەوە. هەندێک لە بیریاران پێشبینیی ئەوە دەکەن کە وا سیستمی نێودەوڵەتی بەرەو دووجەمسەری هەنگاو دەنێت و ئەو دەوڵەتەش کە پاڵێوراوە ڕۆڵی نەیار و کێبەرکێکاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وازی بکات، دەوڵەتی چینە. بەلای زۆرێک لە شرۆڤەکارانەوە، چین زۆرترین ئەگەری هەیە ڕکابەری هاوسەنگیی هێزی ئەمەریکایی بێت، هێزی ئەمەریکا تێپەڕێنێت و سەدەی ئەمەریکایی کۆتایی پێ بێت. هێزی چین پشت بە گەشەی خێرای تێکڕایی کۆی داهاتی خۆجێیی (GDP) دەبەستێت، لە هەمان کاتدا چین خاوەنی سەرچاوە گرنگەکانی تری هێزیشە. ڕووبەری جوگرافیی چین هێندەی ڕووبەری جوگرافیی ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە و ژمارەی دانیشتووانیشی چوار هێندەی ژمارەی دانیشتووانی ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە. چین خاوەنی گەورەترین سوپایە لە جیهاندا، زیاتر لە 250 چەکی ناوکیی هەیە و خاوەنی توانایەکی نوێباوە لە بۆشایی ئاسمان و فەزای ئەلکترۆنیدا (لە نێویدا زۆرترین ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە جیهاندا)[١٥].

بە گوێرەی ئەم سیناریۆیە، هێزی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەر لە لوتکەدا دەمێنێتەوە، بەڵام هاوبەش و کێبەرکێکارێکی بۆ پەیدا دەبێت ئەویش دەوڵەتی چینە. بۆیە بە ڕای ئەم شرۆڤەکارانە ئەم دوو جەمسەرەی سیستمی نێودەوڵەتی، هەریەکەیان لە ناوچەیەکی جوگرافیدا توانا و کاریگەرییان قەتیس دەمێنێت و لەسەر ئاستی جیهانییش کێبەرکێ دەکەن.

### 1-2-4. سیناریۆی فرەجەمسەری (Multi-polarity)

کۆمەڵەیەکی تری شرۆڤەکاران پێشبینیی شێوازی فرەجەمسەری بۆ سیستمی نێودەوڵەتی دەکەن، ئەو دەوڵەتانەش کە ئەگەر و شیاویی ئەوەیان تێدا هەیە ببنە زلهێزی جیهانی و ململانێ و نەیاریی یەکتری بکەن، بریتین لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، چین، ئەورووپا، ڕووسیا، هیندستان و بەڕازیل. بەلای ئەم توێژەرانەوە ئەم وڵاتانە بە وڵاتانی ئاڵەنگار(challengers) ناو دەبرێن، واتە ئەو وڵاتانەی کە ئەگەری ئەوەیان هەیە ببنە هێز و جەمسەری جیهانی و ئاڵەنگاریی توانا و کاریگەریی هێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی

ئەمەریکا بکەن، جا ئەم وڵاتانە بەتەنها لە ڕێگەی هێزی خۆیانەوە بێت یان لە ڕێگەی ئەنجامدانی هاوپەیمانییەوە بێت لەناو خۆیاندا.

**2. لێکەوتە ئایندەییەکانی گۆڕانی سیستمی نێودەوڵەتی و کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستان**

یەکێک لەو هۆکارانەی کە وا کاریگەریی دەبێت لەسەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان و ئایندەی هەرێم، ڕەوشی سیستمی نێودەوڵەتی و بارگۆڕانەکانیەتی. وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا، ئەگەری گۆڕانکاری لە سیستمی نێودەوڵەتیدا ئەگەرێکی ئامادەیە و بیریارانیش لە بارەیەوە کۆکن، بەڵام ئەوەی ڕاجیایی و مشتومڕی لە بارەوە دەکرێ، مەودای ڕوودانی گۆڕانکارییەکان و چۆنێتیی شکڵگرتنی سیستمی نێودەوڵەتییە لە ئایندەدا. لەم بەشەی وتارەکەماندا لێکەوتەکانی هەر یەکێک لەو سیناریۆیانەی کە بۆ ئایندەی سیستمی نێودەوڵەتی پێشنیاز دەکرێن، لەسەر هەرێمی کوردستان شەنوکەو دەکەین. ئەوەی لەم ڕووەشەوە کۆمەکمان دەکات و دەکرێت بیکەین بە بناغەی بۆچوونەکامنان، مێژووی وەرچەرخانەکانی سیستمی نێودەوڵەتییە لە ڕابردوودا، مێژووی سەروەختی گۆڕانکارییەکانی سیستمی نێودەوڵەتی پێمان دەڵێت: لەگەڵ هەموو گۆڕانکارییەکدا دەرفەت و ئاڵەنگاریی نوێ دێنە ئارا و شێوازی دابەشبوونی هێز و جەمسەربەندییەکان کاریگەری دادەنێن لەسەر ڕەوش و بارودۆخی کورد. بۆ نموونە؛ لە سەروەختی جەنگی یەکەمی جیهانی و گۆڕانی سیستمی نێودەوڵەتیدا، هەروەها لە سەروەختی جەنگی دووەمی جیهانی و گۆڕانی سیستمی نێودەوڵەتیدا، دەرفەت بۆ دەرکەوتنی پرسی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەڵکەوتووە، بەڵام دابەشبوونی هێز و شکڵگرتنی جەمسەربەندییەکانی دوای گۆڕانکارییەکان بە جۆرێک بووە لە بەرژەوەندیی پرسی کورد نەبووە و لێکەوتەی نەرێنیی بۆ کورد هەبووە. سەبارەت بە دروستبوون و لەسەرپێ وەستانی هەرێمی کوردستانیش، ناکرێت ڕۆڵی گۆڕانکارییەکانی سیستمی نێودەوڵەتی نادیدە بگرین. هەر بۆخۆی دروستبوونی قەوارەی هەرێم، هاوکات لەگەڵ وەرچەرخانی سیستمی نێودەوڵەتیدا لە دووجەمسەرییەوە بۆ تاکجەمسەری، ئاماژەیەکی ڕوونە لەم بارەیەوە.

دوو هۆکاری سەرەکی هەیە وا دەکات لە ئەگەری گۆڕانی سیستمی نێودەوڵەتیدا لە بارەی ئایندەی هەرێمی کوردستانەوە، ترس و نیگەرانیمان هەبێت: یەکەمیان هەژموونی ئەو دەوڵەتانەیە کە ئەگەری بوون بە جەمسەری جیهانییان هەیە و جڵەوی دەستپێشخەریی جیهانی بەدەستەوە دەگرن. دووەمیشیان دەرهاویشتەی هۆکاری یەکەمە، ئەویش گۆڕانی بەهاکانی سیستمی نێودەوڵەتییە، چونکە لەگەڵ گۆڕانی پەیکەری سیستمەکەدا بەها جیهانییەکانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت. لە خوارەوە تاووتوێی ئەو ئەگەرە ئایندەییانە دەکەین کە کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان دادەنێن.

### 2-1. سیناریۆی ناجەمسەری

ئەگەرچی تێڕوانینی "ڕیچارد هاس" بۆ ناجەمسەری لە سیستمی نێودەوڵەتیدا جۆرێک لە زیادەڕەوی و گەشبینیی تێدایە، بەڵام ئەگەر لە دیدی "هاس"ەوە لە پرسەکە بڕوانین، ئەوا دەکرێت ئەو بەرەنجامە وەدەست بخەین کە وا ئەم سیناریۆیە مەترسییەکی ئەوتۆی بۆ سەر پێگە و قەوارەی هەرێمی کوردستان نابێت و پەراوێزێکی فراوان لەبەردەم جموجووڵ و چالاکییەکانیدا دەکاتەوە. بە تێڕوانینی هاس، لە سیستمی ناجەمسەریدا هێز پەرتەوازە دەبێت و لەنێوان ژمارەیەکی زۆرتری بکەری نێودەوڵەتیدا دابەش دەبێت. هەروەها دەوڵەتی نەتەوەیی تووشی ئاڵەنگاری دەبێتەوە، هەم لە ناوەوە و هەم لە دەرەوەش، چەندین کۆمپانیا و بزووتنەوە و باند و ڕێکخراو دەبنە لەمپەر لەبەردەم پیادەبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتی نەتەوەییدا و دەبنە هاوبەش و شەریکەبەشی. کەواتە لە ئەگەری سیستمی ناجەمسەریدا دەسەڵاتەکانی دەوڵەت تووشی داخوران دەبن و هێز لەنێوان ژمارەیەکی زۆری بکەری نێودەوڵەتیدا دابەش دەبێت، ئەمەش بە قازانجی ئەو بکەرانەیە کە نادەوڵەتن (وەک هەرێمی کوردستان کە بکەرێکی نادەوڵەتە)، چونکە پەیوەندیی نێوان هێزی دەوڵەت و نادەوڵەت پەیوەندییەکی پێچەوانەیە، واتە هەموو لاوازبوونێکی دەوڵەت بەهێزبوونی نادەوڵەتی لێ دەکەوێتەوە.

### 2-2. سیناریۆی تاکجەمسەری

دەکرێت بە سەرنجدان لە مێژووی دروستبوونی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، ئەو بەرەنجامە هەڵێنجین کە وا لە سای سیستمی تاکجەمسەریی ئەمەریکاییدا، قەوارەی هەرێم تا ڕادەیەک لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەستەبەرییەکی زیاتری هەیە و بوارێکی فراوانتری بۆ جموجووڵ و چالاکی هەیە. هەروەها لە بارودۆخی بەردەوامبوونی سیستمی تاکجەمسەریدا، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جەمسەری تاقانەیە، بەها لیبراڵەکان هەژموون پەیدا دەکەن و ماف و فرەیی و دیموکراسی لە برەودا دەبن، ئەمەش لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانە، بەتایبەتی ئەگەر زانیمان کە وا سەرپێکەوتنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، سەرباری هۆکارگەلێکی تر، هاوکاتە لەگەڵ سەرەتاکانی ڕەنگڕێژبوونی سیستمی تاکجەمسەری و هەژموونی جیهانییانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەها لیبراڵەکاندا. هەروەها تەبابوونی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەم بەهایانەدا، کارێکی کردووە هەرێم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی قبووڵکراو بێت و پەراوێزێکی لڤین و جموجووڵی هەبێت.

خاڵێکی تر کە لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بدەین پەیوەستە بە بەها و پێودانگە لیبراڵییەکان، ئەوەیە کە ئەم بەها و پێودانگانە بەها و پێودانگی شارستانێتیی خۆرئاوان، لەگەڵ هەڵکشانی هێز

و هەژموونی وڵاتە خۆرئاواییەکاندا برەو پەیدا دەکەن و لەگەڵ داکشانی هێز و هەژموونیشیاندا لە برەو دەکەون. بۆیە لە ڕەوشی فرەجەمسەرییشدا پێگە و قورسایی ئەو بەها و پێودانگانە هەر دەمێنێت، بەڵام قورساییان هێندەی پێگە و قورسایی ئەو هێزانەیە کە بەرگری لە وەها بەهاگەلێک دەکەن و دەیپارێزن. لە لایەکی ترەوە ئەم بەهایانە نەیاریان بۆ پەیدا دەبێت و سیستمی نوێ بەها و پێودانگی نوێ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و بەرکاریان دەکات.

کەواتە سیناریۆی تاکجەمسەری و درێژەکێشانی هەژموونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، پێشبینیی ئەوەی لێ دەکرێت کاریگەریی ئەرێنیی هەبێت لەسەر مانەوە و بەردەوامیی قەوارەی هەرێمی کوردستان و بەرەوپێشچوونی.

**3-2. سیناریۆی دووجەمسەری و فرەجەمسەریی**

لە سیستمی دووجەمسەری و فرەجەمسەریدا، بە هۆی دابەشبوون و جەمسەربەندیی بکەرە نێودەوڵەتییەکانەوە، پەراوێزی جموجووڵ بۆ بکەرە نادەوڵەتەکان بەرتەسک دەبێتەوە و جەمسەرەکانی ململانێش چاوپۆشی لە ڕەوشی ناوخۆیی وڵاتان دەکەن و لە پێناو پاراستنی ناوچەی نفووز و چڕنەکردنەوەی ململانێکاندا؛ خۆیان لە مامەڵەی ڕاستەوخۆ دەبوێرن، هەروەها ململانێ بەهای هێز پەرە پێ دەدات و بەرژەوەندیی جێگە بە ماف لێژ دەکات. لە لایەکی ترەوە، توندبوونەوەی ململانێ و چڕبوونەوەی جەمسەربەندیی نێوان هێزە نێودەوڵەتییەکان، بەهای دەوڵەت و دیدی دەوڵەتسالاری زاڵ دەکات. پەیماننامەی ویستڤالیا (1648) کە سیستمی نێودەوڵەتیی هاوچەرخی لەسەر بناغەی دەوڵەتی خاوەن سەروەری دارشت، ئەم ڕاستییەمان زیاتر بۆ ڕوون دەکاتەوە. ئەم هۆکارانە وا دەکەن ترسمان لە ئایندەی هەرێمی کوردستان هەبێت لە حاڵەتی سیستمی دووجەمسەری یاخود فرەجەمسەریدا، چونکە هەرێمی کوردستان خاوەنی قەوارەیەکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری نییە و هەرێمێکە لەناو دەوڵەتێکی فیدراڵدا.

ئەگەر سەرنجێکی خێرا لە بارودۆخی باشووری کوردستان بدەین لە سەدەی ڕابردوودا، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەکەدا سیستمی نێودەوڵەتی فرەجەمسەری بوو، لە نیوەی دووەمیشیدا تاکوو نەوەدەکان تاکجەمسەری بوو، بەڕوونی بەدیار دەکەوێت کە ململانێ لە پێناو هێز و فراوانکردنی ناوچەی نفووزدا کارێکی کردووە چاوپۆشی لە ڕەوشی کورد بکرێت و وەک پرسێکی ناوخۆیی دەوڵەتی عێراق تەماشا بکرێت. دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، دەرفەتی دەرکەوتنی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هاتە ئارا و ئەگەری دروستبوونی قەوارەیەکی کوردیش لەم بەشەی کوردستاندا لە ڕسکاندا بوو، بەڵام ململانێ و جەمسەربەندیی سیستمی نێودەوڵەتی، کە وەک سیستمێکی فرەجەمسەری مایەوە، یەکێک بوو لە هۆکارەکان بۆ لەبارچوونی دەرفەتەکە. دوای جەنگی دووەمی جیهانییش، سیستمی نێودەوڵەتی گۆڕا بۆ سیستمێکی دووجەمسەری، بەڵام توندیی ململانێ و جەمسەربەندییەکان، سەرەڕای هۆکارە ناوخۆیی و هەرێمییەکان،

ڕێگەی دروستبوونی هەموو دەرفەتێکی بە ڕووی کوردی ئەم بەشەی کوردستاندا کلۆم کرد و لە چوارچێوەی عێراقدا قەتیسی کرد.

خاڵێکی تر کە لە ئەگەری سیناریۆی دووجەمسەری و فرەجەمسەریدا مایەی نیگەرانییە، ئەوەیە کە ئەو هێزانەی پاڵێوراون بۆ ئەوەی ببنە هێزی کێبەرکێکار و وەک جەمسەری جیهانی دەربکەون؛ هێزی دەوڵەتگەران، واتە بڕوایان بە ناوەندێتیی دەوڵەتی خاوەن سەروەری هەیە و هێزگەلێکن کە مامەڵە و بەرخوردیان لەگەڵ دەوڵەتدایە، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستانیش بکەرێکی نادەوڵەتە، ئەم وەرچەرخانە بە زیانی هەرێم تەواو دەبێت و پەراوێز دەخرێت و وەک کارتێکی فشار مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. هەروەها ئەو بەها نێودەوڵەتییانەی کە هەرێمی کوردستان لە سایەیدا نەشونمای کردووە (وەک مافی مرۆڤ و فرەیی و دیموکراسی و... هتد)، هیچیان لەلایەن ئەم دەوڵەتانەوە هەڵنەگیراونەتەوە و بگرە دژایەتییشی دەکەن.

## دەرئەنجام

- هەموو گۆڕانکارییەک لە سیستمی نێودەوڵەتیدا، گۆڕانکارییش لە ڕەفتاری بکەرە نێودەوڵەتییەکان و بەها نێودەوڵەتییەکانیشدا دروست دەکات، ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕەوش و بارودۆخی هەرێمی کوردستان دادەنێت.
- لە ئەگەری سیستمی نێودەوڵەتیی تاکجەمسەری و ناجەمسەریدا، کاریگەرییەکە ئەرێنییە و پێگەی هەرێم ڕوو لە هەڵکشان دەبێت.
- لە ئەگەری سیستمێکی دووجەمسەری یان فرەجەمسەریدا، کاریگەرییەکان نەرێنی دەبن و مەترسی لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان دروست دەکات، بەتایبەتی ئەگەر زانیمان قەوارەی بکەرە نادەوڵەتەکان بەراورد بە قەوارەی دەوڵەت مەترسیی زیاتری لەسەرە.
- پێویستە لەسەر بڕیاردروستکەرانی هەرێمی کوردستان، واقیعیانە و دووربینانە مامەڵە لەگەڵ پێشهات و گۆڕانکارییەکاندا بکەن و خۆیان بۆ هەر ئەگەرێکی گۆڕانکاری ئامادە بکەن.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

1. لەم بارەیەوە بڕوانە:
- سەلام ناوخۆش، فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، ئینگلیزی-کوردی (سلێمانی: کتێبخانەی زانیار، 2013)، لا 236؛ لا348.
- جەمال عەبدول، فەرهەنگی زیوار، ئینگلیزی-عەرەبی-کوردی (هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، 1995)، لا172؛ لا239.
- سەلاح سەعدوڵا، قاموسا سەلاحەدین، ئینگلیزی- کوردی (بەغداد: دار الحرية للطباعة والنشر، 1998)، لا 590؛ لا971.
- د. ئەوڕەحمان عەبدوڵا، فەرهەنگی پزیشکی، ئینگلیزی-عەرەبی-کوردی (هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، 2010)، لا357.
- فوئاد ڕەشید بەکر، فەرهەنگی فوئاد، ئینگلیزی-کوردی (سلێمانی: بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە،

2005)، لا340؛ لا486.

- د. جەمال ڕەشید فەرەج، فەرهەنگی پزیشکیی دەوەن، ئینگلیزی-عەرەبی-کوردی (هەولێر: ئەکادیمیای کوردی، 2010)، بەشی دووەم، لا380؛ هەروەها بەشی سێیەم، لا411.

- د. حەمەڕەشید قەرەداغی، فەرهەنگی ئازادی، ئینگلیزی-کوردی (چاپی سێیەم، نەشری ئیحسان، 2012)، لا649؛ لا1037.

2 . Michael J. Mazarr, Miranda Priebe, Andrew Radin and Astrid Stuth Cevallos, Understanding the Current International Order (RAND's project to explore US strategy in a changing world: 2016), pp. 7-8

3. بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی نەزمی نێودەوڵەتی و جیاوازییەکانی لەگەڵ سیستمی نێودەوڵەتیدا، سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە:

Michael J. Mazarr, Miranda Priebe, Andrew Radin and Astrid Stuth Cevallos, Op. Cit., pp. 7-12.

4. بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ڕیشەی سیستم و واتا و پێناسە جیاوازەکانی چەمکی سیستمی نێودەوڵەتی، سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

- عومەر نوورەدینی، سیستمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد (هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم، 2004)، لا84-19.

- د. ممدوح محمود مصطفى منصور، سياسات التحالف الدولي (الإسكندرية: مكتبة مدبولي، 1997)، ص ص 52-83.

5. د. علي الدين هلال، النظام الدولي الجديد: الواقع الراهن وإحتمالات المستقبل، مجلة عالم الفكر، المجلد الثالث والعشرون، العددان الثالث والرابع (الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، يناير/مارس- ابريل/يونيو 1995)، ص10.

6. المصدر نفسه، ص ص11-10.

7. أ. د. مازن الرمضاني، النظام الدولي قيد التشكيل ومشهد ديمومة التردي وبداية التغيير العربي في عام 2040، مجلة التجديد العربي، العدد 2 (المعهد العالمي للتجديد العربي، يوليو 2021)، ص ص329-328.

8. بۆ نموونە جۆزێف نای

9. بۆ نموونە ڕیچارد هاس

10. بۆ نموونە مازن ئەلڕەمەزانی

111. Richard N. Hass, "The Age of Non-polarity: What Will Follow U. S. Dominance", Foreign Affairs, Vol. 87, No. 3, (May- Jun 2008), pp. 44-56.

12. أ. د. مازن الرمضاني، المصدر سبق ذكره، ص330.

13. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

جمال سند السويدي، آفاق العصر الأمريكي: السيادة والنفوذ في النظام العالمي الجديد (أبوظبي: 2014).

14. ڕانانێکی دوورودرێژ و پوختە وەرگێڕانێکمان بۆ ئەم کتێبەی جۆزێف نای کردووە و لە دوو ژمارەی گۆڤاری ئایندەناسیدا (ژمارە (5)ی کانوونی یەکەمی 2021 و ژمارە (6) ئازاری 2021) بڵاو کراوەتەوە و خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆیان.

15. Joseph S. Nye, Jr., Is The American Century Over? (Malden: Polity Press, 2017), pp. 46-47.

# مەترسییەکانی سۆشیالمیدیا لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان



**د. کارزان محەمەد**
مامۆستا لە زانکۆی پۆلیتەکنیک



**بەرایی**

"ئاسایشی نەتەوەیی" لە زۆرینەی وڵاتانی جیهان بە شێوەیەکی بەردەوام ڕووبەڕووی چەندین تەوژمی مەترسیدار دەبێتەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر بوارە گرنگەکانی ژیان لەو وڵاتانەدا دادەنێت.

گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای پەیوەندی لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا پرۆسەی ئاڵوگۆڕی داتای لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی خێراتر کرد. وێرای لایەنە ئەرێنییەکانی کە بووەتە مایەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئەلکترۆنی و پەرەپێدانی هۆشیاریی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگەکاندا، کۆمەڵێك لێکەوتە و لایەنی نەرێنییشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە کە پێویستی بە شرۆڤە هەیە، بەئامانجی دەستنیشانکردنی مەترسییەکان و هەنگاونان بۆ شێوازی خۆپارێزی لە مەترسییەکانی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە.

هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لەو وڵاتانەی لەژێر سایەی شەپۆلی تەکنەلۆژیای مۆدێرندا، بە شێوەیەکی بەرفراوان و لە ماوەیەکی کورتدا، چەندین کۆمپانیای پەیوەندی و ئینتەرنێتی تیادا دامەزرا، فاکتەرێکی دەرەکیی گرنگ بوو بۆ سوودبینینی فراوان لەو خزمەتگوزارییانە.

دیارترین ئەو فاکتەرە ناوخۆییانەی لەم هەرێمەدا دەرفەتی ڕەخساند بۆ ئەوەی ڕێژەیەکی زۆری دانیشتووان و تەنانەت دامەزراوە جۆراوجۆرە فەرمی و نافەرمییەکان هەوڵ بدەن ئەم تەکنەلۆژیا

مۆدێرنە بەکار بهێنن، بریتی بوون لە: ئازادیی ڕادەربڕین و نەبوونی سانسۆر، ئاسانی لە دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت و هەرزانی لە نرخەکەیدا. واتە سەرجەمیان ڕۆڵی گرنگیان لە هەڵکشانی ڕێژەی بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێتدا هەبووە.

لە ماوەی زیاتر لە یەك دەیەی ڕابردوودا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش وەك بەرهەمێکی نوێی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی سەند. واتە لە قۆناغێکی هەستیاردا کە چەندین هەڕەشەی دەرەکی (تیرۆریزم) و هەڕەشەی ناوخۆیی (ناکۆکی و دووبەرەکی) ببوونە مەترسی بۆ سەر دانیشتووان و سیستمی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستاندا. لێکەوتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش لەسەر هەلومەرجی یەك دەیەی ڕابردوو پێویستی بە شرۆڤەیەکی زانستی هەیە تا بتوانین بۆ دۆخی ئێستا و قۆناغی ئایندەش مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ئەم تەکنەلۆژیا نوێیەدا بکەین. ئەمەش ئامانجی ئەم توێژینەوەیەیە.

## یەکەم: چەمکی ئاسایش و ئاسایشی نەتەوەیی و ڕەهەندەکانی

تا ئێستا پێناسەی جۆراوجۆر بۆ چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی کراوە، فرەچەشنی لە تێڕوانینی پسپۆڕانی بوارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەهەندەکانی ئەم چەمکە کە زۆر بواری تری ژیانی مرۆیی لەخۆ دەگرێت.

مەبەست لە ئاسایش (Security)، دۆخێکە تیایدا مرۆڤ هەست بە ئارامیی ژیان بکات. لە ڕوانگەی پۆلێنی پسپۆڕانیشەوە لەسەر ئاستی ئاسایشی تاکەکەسی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی نێودەوڵەتی شرۆڤە دەکرێت.

گەشەسەندنی چەمکی ئاسایش پەیوەندیی بە چارەنووسی کۆمەڵگا و پێگە و چارەنووسی دەوڵەتانەوە هەیە، ئەمەش بووەتە مایەی هاتنەئارای زاراوەی "ئاسایشی نەتەوەیی" کە بە کۆڵەکەیەکی سەرەکیی پاراستنی سەروەریی خاك و حکومڕانی دادەنرێت.

گەشەسەندنی پرۆسەی جیهانگیری و کاریگەرییەکانی لەسەر کاڵبوونەوەی سنووری نێوان وڵاتان بە قۆناغێکی مۆدێرن بۆ دەوڵەتان دادەنرێت، چونکە وێڕای دووریی سنوورەکانیان لە یەکتر، دەتوانن ببنە هاوپەیمان یاخود ململانێ و کاریگەری لەسەر بەرژەوەندی و پێگەی بەرامبەرەکانیان دروست بکەن.

لەم ڕوانگەیەوە، مەبەست لە ئاسایشی نەتەوەیی: توانستی کۆمەڵگایەکە بۆ پارێزگاری و برەودان بە کولتوور و بەهاکانی خۆی[١]. بە پێی پێناسەیەکی تر، ئاسایشی نەتەوەیی بەشێکی دانەبڕاو لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی هەر وڵاتێك پێك دەهێنێت، لەم دیدگایەوە بەرژەوەندیی نەتەوەیی بە مانای بەدیهێنانی باشترین دۆخە بۆ میللەت بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتانی تردا[٢].

ڕۆبەرت ماندل؛ پسپۆڕی بواری ئاسایشی نەتەوەیی، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە بایەخی ئەم چەمکە و گەشەسەندنی بۆ دەستەواژەیەکی گرنگی نێودەوڵەتی، لە سەدەی بیستەم و بەتایبەتی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بووەتە باو. ناوبراو لەو باوەڕەدایە: ئاسایشی نەتەوەیی هێنانەدیی

پێداویستییە سایکۆلۆژی و مادییەکانی ئاسایش و ئارامییە، لە بنەڕەتیشدا بەشێکە لە بەرپرسیارێتیی حکومەت بۆ خۆپارێزی لە هەڕەشە ڕاستەوخۆ دەرەکییەکان و پاراستنی سیستمی هاوڵاتێتی و شێوازی ژیانی هاوڵاتییانی خۆی[٣].

بە پێی بۆچوونێکی تر، مەبەست لە دەستەواژەی ئاسایشی نەتەوەیی ڕەخساندنی هەلومەرجێکی ئارامە بۆ ژیانی هاوڵاتییان و ئاشتی لە وڵاتێکدا، واتە پاراستنی ئاسایشی تاکەکەس و خێزان و گرووپ و دامەزراوەکانی ناو کۆمەڵگا و نەتەوە و دەوڵەتێك کە سەرجەمیان لە چوارچێوەیەکدا کۆ بوونەتەوە[٤].

دیارترین ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، بە پشتبەستن بە بۆچوونەکانی پسپۆڕانی بوارەکە، بریتین لە:

### 1. ئاسایشی تاکەکەس (Individual Security)

ئاماژەیە بۆ گرەنتیی گیان و جەستەی هاوڵاتییان لەهەمبەر ئەو مەترسی و زیانە تەندروستییانەی لەمپەرن لەبەردەم ژیانیاندا. بە مانایەکی تر: هەر جۆرە هەڕەشەیەك بۆ سەر گیان یاخود تەندروستیی مرۆڤ هەبێت، ئەوا ئاسایشی ژیانیان لەناو دەچێت[٥].

### 2. ئاسایشی ئیتیك (Ehtic Security)

چەمك و دەستەواژەی "ئیتیك" لە زاراوەی "Ethikos"ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، بە مانای دابونەریت و خوو و ڕەوتاری زاڵ لەناو کەسێتی یاخود کولتوورێکدا دەوترێ. لە هەمان کاتدا پرەنسیپەکانی ئاکار و مامەڵەش دەربارەی چۆنیەتیی بوونیەتی تاکەکەس و شێوازی مامەڵەکەی دەوترێت، کە لە چوارچێوەی دامەزراوەیەك یان شوێنی ژیانیدا دەینوێنێت.

### 3. ئاسایشی کۆمەڵایەتی (Social Security)

باری بوزان (Barry Buzan) بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1991دا چەمکی "ئاسایشی کۆمەڵایەتی" لە پەرتووکە بەناوبانگەکەی خۆیدا بە ناوی "جەماوەر، دەوڵەتان و ترس " بەکار هێناوە[٦]، ئەم چەمکەش لە ڕوانگەی "بوزان"ەوە واتە "ڕزگاربوون لە هەر جۆرە هەڕەشەیەك، لە هەمان کاتدا توانای دەوڵەتان و کۆمەڵگاکان بۆ پاراستنی ناسنامەی سەربەخۆیی و یەکپارچەیی لە بواری مەیدانیدا"[٧].

### 4. ئاسایشی سیاسی (Political Security)

دابینکردنی ئارامی و دڵنیاییە لەلایەن فەرمانڕەوای وڵاتەوە بۆ هاوڵاتییانی هەرێمەکەی، لە ڕێگەی بەگژداچوونەوەی هەڕەشە جۆراوجۆرە دەرەکییەکان¬ و دابینکردنی مافە سیاسییەکانیان لە پرۆسەی بەشداری لە بەڕێوەبردنی وڵات، بە ئامانجی دەستنیشانکردنی چارەنووسی خۆیان و

کۆمەڵگا. پێویستە ئاسایش و ئامادەگیی ئازادانە و یەکسان بۆ هاوڵاتییانیش فەراهەم بکرێت، واتە هیچ کەسێك بەزۆرەملێ بیروباوەڕی بەسەردا نەسەپێنرێ یان دەستگیر نەکرێت[٨].

**5. ئاسایشی ئابووری و دارایی (Fanance and Economic Security)**

بنەما سەرەکییەکانی ئەم جۆرە ئاسایشە لە پێناو ڕەخساندنی سیستمێکە بۆ سەرجەم پێکهاتە و بەشە جۆراوجۆرەکانی ئابووریی کۆمەڵگا، تا هاوڵاتییان هەست بە مەترسی لەهەمبەر کەمبوون یا نەبوونی پێداویستییە بنچینەییەکانی ژیانی خۆیان نەکەن. نموونەیەکی بەرجەستەش، بارودۆخی بازاڕ و بانکەکانە کە لەسەر بنەمای دراو و مامەڵەیە. هەر بۆیە دابینکردنی ئاسایشی ئابوورییش پەیوەستە بە کۆمەڵێك بنەمای گرنگی وەك: سەرمایەگوزاری، دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان، سوودوەرگرتن لە دەرفەت و ئیمتیازاتەکان بە شێوەیەکی یەکسان، بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی ئابووری و دارایی، بنەبڕکردنی دیاردەی دزی و بەرتیل و هاوشێوەکانی کە دەبنە مایەی سەقامگیریی ئاسایشی ئابووریی کۆمەڵگە[٩].

**6. ئاسایشی ژینگە (Enveromintal Security)**

دڵنیابوونی جەماوەر لەهەمبەر ئاسایش و ئارامیی ئەو ژینگە و کەشوهەوایەی تیایدا دەژی، بنەمایەکی گرنگی ئاسایشی کۆمەڵگا پێك دێنێت. لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، هاوکاتی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا، پاکوخاوێنیی ژینگەش کەوتووەتە بەردەم مەترسییەوە، بە مانایەکی تر: ژینگە وەك بنەمایەکی ئاسایشی نەتەوەیی بووەتە مەسەلەیەکی هەستیاری وڵاتان، کۆمەڵێك بابەتی وەك: پیسبوونی کەشوهەوا، کونبوونی بەرگی ئۆزۆن، دابارینی ئەسیدەکان، داخورانی خاك و بەبیابانبوون، لەناوچوونی جەنگەڵەکان تا پیسبوونی سەرچاوە ئاوییەکانی سەرزەوی و ژێرزەوی...؛ بە بنەما گرنگەکانی ژینگە دادەنرێت[١٠].

**7. ئاسایشی کولتووری (Cultural Security)**

ڕەهەندێکی گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی پەیوەندیدارە بە ئاسایشی کولتووری و بنەما هزرییەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە: (عەقڵانیەت، واقیعبینی، دادخوازی، دینامیکی)، بە مەرجێك بە پێی پێوەرە زانستییەکان بێت. لە لایەکی تریشەوە بواری ڕووناکبیری و بەرهەمە کولتوورییەکانی کۆمەڵگاش لەخۆ دەگرێت، کە پێویستە بپارێزرێن و لە گەشەی بەردەوامیشدا بن[١١].

**8. ئاسایشی سەربازی (M ilitary Security)**

توانستی دەوڵەتان لە بواری سوپا، تەکنەلۆژیای جەنگی و ئامادەباشی بۆ کۆنترۆڵی بارودۆخی ناوخۆی وڵات و ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی، بە بنەماکانی ئاسایشی سەربازی دادەنرێت.

بەگشتی لەسەر ئاستی جیهان سەرجەم وڵاتان بایەخ بەو جۆرانەی ئاسایشی نەتەوەیی دەدەن، پلەبەندییەکەشی بە پێی هەڵکەوتەی جیۆگرافی و سیستمی حکومڕانی گۆڕانی بەسەردا دێت. واتە وڵاتێك لە دۆخی جەنگدا بێت، بەدڵنیاییەوە ئاسایشی سەربازی بە پلەی یەکەم دێت، یاخود وڵاتێك دووچاری قەیرانێکی دارایی بووبێتەوە، ئەوا ئاسایشی ئابووری لە ئەولەویەتدایە، کەواتە پلەبەندییەکە لەژێر کاریگەریی فاکتەرەکانی کات و شوێن و هەلومەرجدایە.

**دووەم: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تایبەتمەندییەکانی**

پڕۆژە و هەنگاوە زانستییەکانی دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، بەتایبەتی لە ململانێی جەنگی ساردی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و سۆڤیەت، کاریگەریی لەسەر زانستی تەکنەلۆژیای پەیوەندی هەبوو کە دیارترینیان داهێنانی تۆڕی ئینتەرنێتە. لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردووشدا، لە سایەی گەشەسەندنی ئینتەرنێتدا مۆدێلێکی نوێی میدیای ئەلکترۆنی هاتە ئارا کە بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناو دەبرێت.

سەرەتای ئەم داهێنانە لە زانکۆی هارڤاردەوە دەستی پێ کرد. مارك زوکەر بێرگ لە قۆناغی خوێندنیدا لەو زانکۆیە، لە 4ی شوباتی 2004دا ماڵپەڕی "فەیسبوك"ی بۆ خوێندکارانی زانکۆ دروست کرد. دوای پێشوازییەکی گەرمی خوێندکاران، دەستین مۆسکۆڤیتز (Dustin Moskovitz) ماڵپەرێکی هاوشێوەی بۆ زانکۆکانی (ستانفۆرد، کۆڵۆمبیا، یێل) و چەند زانکۆیەکی تر بەرهەم هێنا، ئەمەش بە سەرەتاکانی هاتنەئارای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت[١٢].

سەبارەت بە پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش، دەتوانین بڵێین: میدیای کۆمەڵایەتی یاخود سۆشیالمیدیا (Social Media) جۆرێکی نوێی ڕاگەیاندنە کە دەرفەتی مامەڵە لەنێوان خاوەن پەیام و وەرگردا دەڕەخسێنێت، بەو مانایەی کە لەم جۆرە میدیایەدا "وەرگر" هەر تەنها کارتێکراو نییە، بەڵکوو بە مامەڵەیەکی چالاکانە لەگەڵ پەیام و نێرەردا پڕۆسەی ئاڵوگۆڕی پەیام دروست دەکات و توانای دەستکاری و سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەشی هەیە، واتە پەیامەکە لەگەڵ هزر و بیروبۆچوونی خۆیدا ئاوێتە دەکات و دەینێرێتەوە بۆ کەسانی تر[١٣].

بە پێی پێناسەیەکی تر: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە مۆدێلێکی نوێی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دادەنرێن کە تیایدا پەیوەندیی نێوان بەکارهێنەران لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە فەراهەم دەبێت[١٤].

ئەرکی سەرەکیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە دروستکردنی پڕۆسەی پەیوەندی و ئاسانکاری لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە بۆ هاوڵاتییان و گرووپەکان، بە ئامانجی ئاڵوگۆڕی زانیاری[١٥].

کۆمەڵێك تایبەتمەندیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆڵی گرنگی هەبووە تا ببێتە بەربڵاوترین تۆڕی پەیوەندی لەنێو کۆمەڵگەدا:

1. ئاسانیی گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی زانیاری لەگەڵ بەرانبەردا بە هۆی "چات"ەوە.

2. خێرایی لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی زانیاری، بودجەیەکی کەمیشی پێویستە. هەندێك جاریش بەکاربەران نەناسراون.

3. توانستی بەرفراوانی ئینتەرنێت بۆ خستنەڕووی زانیاری بۆ کۆمەڵگە، وەك: دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، وەرگرتن و ناردنی نامەی ئەلکترۆنی، کڕینی پێداویستی بە شێوەی ئەلکترۆنی کە ڕێگە لە بەهەدەردانی کات دەگرێت[١٦].

لە هەرێمی کوردستاندا دامەزراندنی سەنتەرەکانی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سەرەتای ساڵی (2000)ەوە دەستی پێ کرد، هاوکاتی گەشەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاستی جیهان. بە هۆی ئاسانی لە دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت و نەبوونی سانسۆر یاخود فلتەریش لە بەکارهێنانیدا، بە شێوەیەکی خێرا بایەخدان و بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووە بابەتێکی سەرەکی لەناو دانیشتووانی هەرێمی کوردستاندا.

ئەم مۆدێلە نوێیە کە بە میدیای جەماوەرییش ناو دەبرێت، وێڕای ئەو تایبەتمەندییانەی لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێ کرد کە دیارترینیان ئاسانکارییە بۆ وەرگرتن و ئاڵوگۆڕی داتا و بۆچوون و خزمەتگوزارییەکانی تر، کۆمەڵێك لایەنی نەرێنی و مەترسیی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا هێناوەتە ئارا.

لە تەوەرەی سێیەمدا، بە شێوەیەکی زانستییانە ئاماژە بە دیارترین مەترسییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی گەلی کورد دەدەین، لە پێناو دەستنیشانکردنی جۆری مەترسییەکان و خستنەڕووی ڕێکارێکی شیاو بۆ ڕێکخستنەوە و ئۆرگانیزەکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

**سێیەم: مەترسییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی**

پۆلێنی کاریگەرییە نەرێنی و مەترسییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی هەلومەرج و سیستمی ژیان و حکومڕانیی دەوڵەتان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. لێرەدا ئاماژە بە دیارترین مەترسییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا دەدەین، بە جۆرێك ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاسایشی تاکەکەس و کۆمەڵگا و بوارەکانی تری ژیاندا دەبینرێت.

**یەکەم: سایبەرتیرۆریزم**

تیرۆر لە ڕووی زانستی زمانناسییەوە (Philology) لە بنەڕەتدا لە وشەی "Terrorisme"ی فەرەنسییەوە هاتووە، بە مانای ترسێکی زۆر، تۆقاندن، دڕندەیی و تێکدانی باری دەروونی دێت[١٧].

بە بڕوای دورۆتی دەنینگ، تیرۆریزمی ئەلکترۆنی واتە: بەکارهێنانی ژینگەی میدیا و بواری ئەلیکترۆنی بە ئامانجی تیرۆر، یاخود پەلاماردان و هەڕەشەی نایاسایی لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی زانیاری و بڵاوکردنەوە، ئەویش بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ یان ناچارکردنی دەوڵەت یان جەماوەر لە پێناو بەدیهێنانی کۆمەڵێك ئامانجی تایبەت.

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە تیرۆریزمە بریتییە لە:

1. بێسنووری: تیرۆر لە ڕێگای میدیاکانەوە ڕووبەڕووی سنووردارێتییەکی ئەوتۆ نابێتەوە.

2. کەمیی بودجەی تێچوو: بە بودجەیەکی کەم دەتوانرێ زۆرترین کردەی تیرۆر ئەنجام بدرێت.

3. زیانگەیاندنی دارایی بەبێ زیانی جەستەیی: ڕێوشوێنێکی گرنگی تیرۆری میدیایی لەوەدایە کە دەتوانێ زۆرترین زیانی دارایی و سایکۆلۆژی بگەیەنێ بێ ئەوەی خۆی زیانی جەستەیی هەبێت.

4. ئاسانکاری لە ئەنجامدانی کردەی تیرۆریستی.

5. هەماهەنگی لە کردەی تیرۆردا: فاکتەری خێرایی لە پڕۆسەی پەیوەندی و هاریکاری لە ڕێگەی میدیاوە، کاری تیرۆریستانی ئاسان کردووە.

6. ئاڵوگۆڕی دراو و بانك: سوودوەرگرتنی نێکەتیڤانەی تیرۆریزم لە پڕۆسەی پەیوەندی بۆ ئاڵوگۆڕی دراو، فاکتەرێکی تری پەنابردنی گرووپە تیرۆریستییەکانە بۆ میدیای ئەلکترۆنی.

لە هەمان کاتدا خەسڵەتەکانی تیرۆریزمی میدیایی بریتین لە:

1. خێرایی لە پڕۆسەی تاواندا: فاکتەرەکانی کات و شوێن لە سایبەر تیرۆریزم گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە دنیای ئەلکترۆنیدا بە هۆی نزیکایەتی (تاوانبار، ئامانج و شوێنی تاوان) ئەنجامدانی تاوانی ئاسان کردووە.

2. نادیاریی ناسنامەی تیرۆریست.

3. قەوارەی تاوان: لە سایبەرتیرۆریزمدا قەوارەی تاوان و ئاستی کاریگەرییەکانی ناڕوونە.

4. کەمیی بودجە: ئەنجامدانی تاوان لە دنیای ئەلکترۆنیدا تەنها پێویستی بە کۆمپیوتەر و هێڵێکی ئینتەرنێت هەیە، واتە بڕی تێچووی کەمە.

5. نائامادەگی لە شوێنی تاوان: لە تاوانی ئاساییدا بەبێ ئامادەبوونی تاوانبار ئاستەمە تاوان ئەنجام بدرێت، بەڵام کردەی تاوان لە دنیای ئەلکترۆنیدا بەبێ ئامادەگی لە شوێنەکەدا ئەنجام دەدرێت، ئەمەش دەبێتە مایەی ونبوونی سەرەداوەکان.

6. نێودەوڵەتیبوونی تاوان: لە تیرۆریزمی میدیای ئەلکترۆنیدا سنوورەکان تێدەپەڕێنرێت و دەشێ تیرۆریست لە وڵاتێك بێت و تاوان لە وڵاتێکی تردا ئەنجام بدات.

7. هەڵکشانی ژمارەی ڕەش: واتە ئاستی زیانەکانی تاوان بەتەواوەتی نادرکێنرێت.

8. ئۆتۆماتیکبوونی تاوان[١٨].

لە پڕۆسەی جەنگی دژ بە تیرۆریزمدا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سەرجەم میدیاکانیش وەك پرەنسیپێکی نیشتمانی ئەرکی سەرشانیانە بەشداری لە بەگژداچوونەوەی سایبەرتیرۆریزمدا بکەن.

بە بڕوای پسپۆڕان، پێویستە ستراتیژی بەگژداچوونەوەی سایبەرتیرۆریزم لە سێ ڕەهەندەوە بێت:

1. سیستمی بەرگری و خۆپاراستن: یەکەمین هەنگاوە بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵاتان.

2. ناسین: هەوڵدان بۆ ئاشکراکردنی ئەو کەس و لایەنانەی ئامانجی هێرشن و ناسینی کەس و لایەنی هێرشبەریش هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەگژداچوونەوەی سایبەرتیرۆریزم.

3. پووچەڵکردنەوە: لەم قۆناغەدا پەلاماردانی ئەلکترۆنی لە هەر سەرچاوە و هەلومەرجێکدا بێت پێویستە پووچەڵ بکرێتەوە[١٩].

**دووەم: تەزویری ئەلکترۆنی**

دەستەواژەی تەزویر لە ڕوانگەی یاساییەوە پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بە پێی بۆچوونێکی گرنگی یاسایی ئەم تاوانە لە پوختەترین پێناسەدا واتە: گۆڕینی ڕاستییەکە لە نووسینێکدا بە ئامانجی فێڵکردن و بە شێوازێك کە یاسا بە تاوانی داناوە، دەبێتە مایەی زیانبەخشین (دەشێ زیانەکە ماددی یاخود مەعنەوی یان هەردووکیان بێت)[٢٠].

گەشەکردنی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەرییش، وێڕای خەسڵەتە گرنگەکانی لە پەرەپێدانی پرۆگرام و سێرڤسی جۆراوجۆر، بە هۆی پرۆسەی ئاسانکاری لە دەستکاری و ئاڵوگۆڕی داتا و وێنەدا، دەرفەتی بۆ کەسانی خراپیش ڕەخساندووە تا بۆ ئامانجی نادروست و نایاسایی بەکاری بهێنن، بەتایبەت بۆ تاوانی ئەلکترۆنی.

لەم ڕوانگەیەوە پسپۆڕێك پێی وایە: بەکارهێنانی سیستمی کۆمپیوتەر و پرۆگرامەکانیەتی بۆ ئەنجامدانی تاوان[٢١].

تەزویری ئەلکترۆنی؛ بەکارهێنانی پرۆگرامی جۆراوجۆر بۆ دەستکاریی (داتا، وێنە، مۆر و ڤیزا...) بەکار دەهێنرێت، لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە خەڵك دەفرۆشرێن. بۆ نموونە؛ دێکۆمێنتێکی فەرمی (بڕوانامە، ناسنامە و پاسپۆرت...) بە ناوی کەسێکەوەیە، وێنە یاخود داتایەکی دەستکاری دەکەن بۆ مامەڵەیەکی تەزویر.

هەروەها ئەم تاوانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ چەند جۆرێك پۆلێن دەکرێت:

- دروستکردنی ئەکاونت و پەیجی تەزویر.
- بەکارهێنانی پرۆگرامی پێشکەوتوو بە مەبەستی تەزویرکردنی دەنگ و ڕەنگ و وێنە و ڤیدیۆ یاخود دەستکاریکردنیان.

**سێیەم: ژیانی تایبەت**

سەرهەڵدان و ڕێزگرتن لە سنوورەکانی چەمکی ژیانی تایبەت؛ مێژوویەکی دێرینی هەیە و لە زۆربەی ئایینە ئاسمانییەکانیشدا جەخت لەسەر پاراستنی کراوەتەوە، بەڵام هاتنەئارای وەك چەمکێکی سەربەخۆ؛ دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە، کاتێك هەردوو یاساناسی ئەمەریکی ساموئیل وارین و لویس برانديس لە ئەنجامی دەرکەوتنی ڕۆژنامەی ڕووزەرد کە بێــپەروا کەوتبووە گیانی پێشێلــکردنی ژیانی تایبەتی کەسەکانەوە، توێژینەوەیەکیان لە ساڵی 1890 بە ناوی مافی ژیانی تایبەت بڵاو کردەوە[٢٢]، تیایدا داوای پاراستنی مافی ژیانی تایبەتیان لە یاساکانی ئەو سەردەمەدا کردبوو، ئەمەش بە سەرەتای پشتیوانیی یاسا لەو مافە ئیتیکییەی مرۆڤ لەناو کایەی میدیادا دادەنرێت.

هەروەها پسپۆڕێکی تری بواری یاسا و ئیتیك لەو باوەڕەدایە کە ڕێزگرتنە لە ژیانی تایبەت و سەربەخۆیی، واتە مرۆڤ لە ڕەفتارەکانیدا سەربەست بێ و لە خەڵك بەدوور بێ، ئەویش لە چوارچێوەی یاسادا[٢٣].

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر ژیانی تایبەت کە بە ئاسایشی تاکەکەس دادەنرێت. پێشێلکردنی ئەم مافە تایبەتییە، گیروگرفتی زۆری بۆ کەسێتی و ئاشتەوایی خێزان

دروست کردووە، بە جۆرێك لەدوای هاتنەئارای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئاژاوە و ناتەبایی کۆمەڵایەتی بووەتە مایەی ئەنجامدانی چەندین تاوانی جۆراوجۆر و هەڵوەشانەوەی خێزانیش.

**چوارەم: پێکدادانی کولتوورەکان و ناتەبایی کۆمەڵایەتی**

لە هەرێمی کوردستاندا ئایین و ئایینزای جۆراوجۆر (ئیسلام، مەسیحی، ئێزیدی...) و ئایینزا و ڕێچکەی ئایینی (کاکەیی، هەقە، نەقشبەندی، قادری) و ئایدۆلۆژیای جیاوازی (ئیسلامی، عەلمانی...) و حیزب و عەشیرەتی جۆراوجۆری تێدایە، زۆر جاریش خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بووەتە مایەی پێکدادانی کولتووری و ئایینی کە سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ ناتەبایی کۆمەڵایەتی.

**پێنجەم: مامەڵەی ئەلکترۆنی بۆ کاڵای نایاسایی**

گەرموگوڕیی بازاڕی ئۆنلاین فاکتەرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان توانیویەتی سنووری دەوڵەتان ببەزێنێت، واتە هەر هاوڵاتییەك دەرفەتی کڕینی پڕۆگرام و خزمەتگوزاری و کاڵای هەیە.

ئەم تایبەتمەندییەش هەندێك جار بۆ مەبەستی خراپ و تاوانی جۆراوجۆر بەکار هێنراوە، دیارترینیان کڕینی جۆرەها کاڵا و بەرهەمی نایاساییە وەك: کڕین و فرۆشی چەك و تەقەمەنی، پڕۆگرامی سیخوری و ئابڕووبەر، ماددەی هۆشبەر، قاچاخچێتی، هاککردنی داتا بۆ مەبەستی فرۆشتنەوە و زۆر تاوانی تریش.

گرفتەکە لەوەدایە ئەم بێسنوورییە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کێشەی بۆ دامەزراوە یاساییەکانیش خوڵقاندووە، چونکە زۆر جار کەسە تاوانبارەکە لە دەرەوەی سنووری وڵاتەکەدایە، یاخود ناسنامەی خۆی ون دەکات تا لە سزای یاسایی خۆی دەرباز بکات.

بەگشتی کاریگەرییە نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان زۆرن، بەڵام ئەم پێنج مەترسییە بە دیارترین هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرێن.

**چوارەم: پێشنیار و ڕاسپاردەکان بۆ پارێزگاری لە ئاسایشی نەتەوەیی**

داڕشتنی چەندین بەرنامە و خستنەڕووی پێشنیارەکان بۆ پراکتیزەکردنیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستاندا، ڕۆڵێکی گرنگ لە ئاراستەکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینێت بۆ بەکارهێنانی بە مەبەستی پاراستن و خزمەت بە ئاسایشی نەتەوەیی کە ژیان و چارەنووسی سەرجەم دانیشتووانیشی بەخۆیەوە گرێ داوە.

ئەم سیناریۆیانە تەواوکاری یەکترن، واتە فرەڕەهەندیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێویستی بە کۆمەڵێك ڕێوشوێن هەیە تا بتوانرێت زیانەکانی کۆنترۆڵ بکرێت.

**1. پەرەپێدانی ئاستی هۆشیاریی جەماوەر**

هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی هۆشیاری و دروستکردنی هەستی بەرپرسیارێتی لەناو بەکارهێنەرانی تۆڕە

کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستان، ڕێکارێکی گرنگە بۆ هاندانی هەر بەکارهێنەرێك بە ئامانجی خزمەتکردن بە ئاسایش و ئارامیی کۆمەڵگا، هەروەها لە کاتی پێویستدا دەتوانرێ هەژموونی جەماوەر بخرێتە خزمەت پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵات و نێودەوڵەتییشدا.

بۆ نموونە؛ هەر بەکارهێنەرێك یاخود خاوەن ئەکاونت و پەیجێك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، کۆمەڵێك ڕاسپاردە و ڕێنمایی یاسایی تایبەت وەربگرێت تا ئاگادار بێت کە پاراستنی سەرجەم ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەرکی سەرشانیەتی. هەروەها لە کاتی قەیران و مەترسییشدا بەشداری لە هەڵمەتی هۆشیاری بۆ خۆپارێزی لە تاوانە جۆراوجۆرەکان بکەن، بە شێوەیەکی بەردەوامیش هاوکار بن لەگەڵ دادگا و هێزەکانی پۆلیس بۆ دۆزینەوەی تاوانبارە ئەلکترۆنییەکان.

ئەرکێکی تری جەماوەر، بەشدارییە لە ڕیپۆرتکردنی ئەکاونت و پەیجەکان کە هاندان و پڕوپاگەندەیان بۆ تاوانە جۆراوجۆرەکانی وەك تیرۆر و ماددەی هۆشبەر و لەشفرۆشی و هاوشێوەکانیان تێدایە، تا کۆمپانیاکانی نموونەی فەیسبوك، بە هۆی ئەو ڕیپۆرتانەوە دایبخەن.

بابەتێکی گرنگی تری هۆشیاریی جەماوەری، بێئاگابوونی زۆرینەی بەکارهێنەرانە لەو ڕاستییەی کە ئەمڕۆ تەکنەلۆژیا هێندە پێشکەوتووە، لەتوانایدایە تاوانبارە ئەلکترۆنییەکان بدۆزێتەوە. لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، زۆرجار تاوان لە ڕێی ئەلکترۆنییەوە ئەنجام دراوە، چونکە تاوانبار بەئاسانی ناسنامەی خۆی حەشارداوەو بە ناوی خوازراو تاوانەکەی کردووە، ئێستاش ڕێژەیەکی زۆری بەکارهێنەران هەر بۆ ئەو مەبەستە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ تاوانی جۆراوجۆری وەك تیرۆر و تەزویر و مامەڵەی نەشیاو بەکاردەهێنن، پێویستە بەکارهێنەران هۆشیار و ئاگاداربکرێنەوە کە بەهۆی تەکنەلۆژیاوە شیاوی دۆزینەوەن تا تاوان ئەنجامنەدەن.

### 2. دانانی دەرگاوان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

چەمکی دەرگاوانەکان (Gatekeepers) بۆ یەکەم جار لەلایەن کورت لوین (Kurt Lewin)ەوە بەکار هێنرا. بە تێڕوانینی ناوبراو، کۆمەڵێك فلتەر هەن کە هەواڵەکانی پیادا تێدەپەڕن، ئەم فلتەرانەش دەروازەیەکی چوونەژوورەوەن و تەنها مۆڵەت بە هەندێك هەواڵ دەدەن و هەندێکیشیان دوور دەخاتەوە و بە نەشیاو ناوزەدیان دەکات[٢٤].

بەگشتی ئەو کەسانەی لە ستافی نووسین و دامەزراوەکانی میدیادا بەشداری لە پرۆسەی ئامادەکردن و هەڵبژاردن و خستنەڕووی پەیامەکانی هەواڵدا دەکەن، پێیان دەوترێ دەرگاوان (gatekeeper)[٢٥].

لە هەرێمی کوردستان بۆ پارێزگاری لە ئاسایشی نەتەوەیی لە مەترسییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پێویستە لەسەر چەند ئاستێك سوود لە دەرگاوانەکان ببینن:

- خاوەن ئەکاونت و پەیج و وێبسایتەکان کە بە پێی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان بەرپرسن لەو بابەتانەی بڵاوی دەکەنەوە، پێویستە کەسێکی شارەزا لە یاسا و پرەنسیپەکانی ئازادیی ڕادەربڕین وەك دەرگاوان دابنێن تا سەرجەم بابەتەکان هەڵبسەنگێنێت، دوای دڵنیابوونەوە لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، پاشان بڕیاری بڵاوبوونەوەیان بدات.

- بەکارهێنەران هۆشیار بکرێنەوە لە دروست بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەگەرنا لایەنی بەرپرس بەدواداچوون بۆ سەرجەم ئەو هەواڵ و داتا و وێنانە بکات کە زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی دەگەیەنن.

- کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت و مۆبایل ئاگادار بکرێنەوە بۆ فلتەرکردن یاخود کۆنترۆڵکردنی سەرجەم ئەو ئەکاونت و پەیجانەی زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی دەگەیەنن. هەندێك لەو پەیج و ئەکاونتانە دەشێ لە وڵاتانی ترەوە ئاڕاستە بکرێن. ئەگەر هاندانیان بۆ تاوان تێدا بوو، بەتایبەت تاوانەکانی تیرۆر و بازرگانیی هۆشبەر و ڕیکلام بۆ کاڵای مەترسیدار، پێویستە فلتەر بکرێن.

### 3. ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی بۆ بەگژداچوونەوەی تاوانی ئەلکترۆنی

خەسڵەتێکی گرنگی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ گلۆباڵیزەبوونی خزمەتگوزارییەکەیە، واتە بەکارهێنەران سنووری وڵاتان دەبەزێنن و لەسەر ئاستی جیهان پەیامەکانیان بڵاو دەکەنەوە.

هەرێمی کوردستان وەك هاوپەیمانێکی گرنگی بەرەی دژەتیرۆر، پێویستە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی لەگەڵ کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت و وڵاتانی تری بەرەی دژەتیرۆردا هەبێت، بە مەبەستی هاریکاریی دوولایەنە بۆ دۆزینەوەی ئەو تاوانبارانەی زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی کورد دەگەیەنن، هەروەها هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەردەوام ئاگاداریان بکاتەوە بۆ فلتەرکردنی هەر ئەکاونت و پەیجێك کە زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی دەگەیەنن.

### 4. بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری

هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ژیانی دانیشتووانی وڵاتان، میتۆدێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ئاستی بایەخدانیشیان بە ئاسایشی نەتەوەیی، واتە هەر وڵاتێك خۆشگوزەرانی و بژێوییەکی شایستە بۆ هاوڵاتییانی خۆی دابین بکات، بەدڵنیاییەوە زیاتر خەمخۆری پاراستنی ئاسایشی نەتەوەکەیانن لەو مەترسییە جۆراوجۆرانەی دێنە ئارا.

لە هەمان کاتدا هەڵکشانی فشارە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیش، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەڵکشانی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەیە. هەتا ڕێژەی قەیران لەناو کۆمەڵگایەکدا زیاتر بێت، پتر ئاسایشی نەتەوەیی دەکەوێتە بەردەم مەترسییەوە.

لەم ڕوانگەیەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتداران پێویستە بەبەردەوامی پڕۆژەی خزمەتگوزاریی وەك: ڕەخساندنی هەلی کار، بایەخدان بە ناوەندە فێرکاری و ئەکادیمییەکان، دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون، بنەبڕکردنی ڕۆتین، چاککردنی ڕێگاکانی هاتوچۆ، کەمکردنەوەی فشارە ئابوورییەکان، یارمەتیدانی چینوتوێژە جۆراوجۆرەکان، کردنەوەی دەیان ناوەندی ڕووناکبیری و هونەری بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێت تا دانیشتووانی هەرێمی کوردستان هەست بە خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی بکەن و ئەمەش ببێتە پاڵنەرێك بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


1. Aminian, Bahadur (1991), Evolution Of National Security Concept, Rewal Pind, P2.
2. Iain McLean (editor) (1996), Oxford concise Dictionary of politics New York: Oxford university press, P332.

3. ماندل رابرت (1377)، چهره متغير امنيت ملی، ترجمه پژوهشكده مطالعات راهبردي، تهران، ص ص52-51.

4. هيثم الكيلاني (1996)، مفهوم الامن القومي العربی، دراسة فی جانبية السياسی و العسكری، بحث في كتاب (الامن العربی التحدديات الراهنة و التطلعات المستقبلية)، مركز الدراسات العربی-الاوروبی، الطبعة الاولی، ص70.

5. نبوی، سيدعبدالحسين و همكاران (1387)، "بررسی تأثير پايگاه اجتماعی- اقتصادی و هويت قومی بر اساس امنيت اجتماعی"، نشريه دانش نظامی، شماره 2، ص82.

6. People, states and fear.
7. Buzan, Barry; Weaver, Ole (1998): "Liberalism and security: the contradictions of the liberal leviathan", Copenhagen peace research institute (COPRI) Working papers, P302.

8. افتخاری، اصغر (1381): مراحل بنيادين انديشه در مطالعات امنيت ملي تهران: پژوهشكده مطالعات راهبرد، ص67.

9. صالحی اميری، سيدرضا و افسر افشاری نادری (1389)، "مبانی نظری و راهبردی مديريت ارتقای امنيت اجتماعی و فرهنگی در تهران"، شمارۀ پنجاه و نهم، سال بيستم، 1389، ص ص7-6.

10. ربيعی، علی (1383)، مطالعات امنيت ملی، تهران، وزارت امور خارجه، ص147.

11. دكتر سيد مجتبی تهامی (1384)، امنيت ملی، دكترين، سياست های دفاعی و امنيتی، انتشارات كانون پژوهش های دريای پارس، ص13.

12. Alexander, B. (2008), "Web 2.0: A New Wave of Innovation for Teaching and Learning", University of Southern California, P93.

13. علی اكبری تبار و ابراهيم اسكندر پور (1392)، رسانه‌های اجتماعی و شبكه‌های اجتماعی مجازی، موسسه فرهنگی هنری تقارب و تبادل فرهنگی، ص8.

14. Boyd, Danahm.& Ellison, Nicole B (2008), Social Network Sites: Definition ,History and Scholarship ,Journal of Computer-Mediated Communication ,Vol.13. P211.
15. Obar, Jonathan A. and Wildman, Steven S. (2015), "Social Media Definition and the Governance Challenge: An Introduction to the Special Issue", SSRN Electronic Journal, doi:10.2139/ssrn.2647377, P745.

16. كاميان خزايی (1391)، "آسيب¬های نوپديد شبكه‌های اجتماعی مجازی"، نخستين كنگره ملی فضای مجازی و آسيب های اجتماعی نوپديد، ص ص7-6.

17. محمد علی سفری (1384)، مفاهيم تروريسم در قاموس زورمداران جهان، انتشارات صبا، ص22.

18. عبدالرضا جوان جعفری (1389)، جرايم سايبر و رويكرد افتراقی حقوق كيفری، مجله دانش و توسعه، سال هفدهم، شماره 34، ويژه اسفند 1389، ص ص180-176.

19. اردشير زابليزاده (1397)، "قدرت بازدارندگی در فضای سايبر"، مجله رسانه‌و فرهنگ، شماره 1، ص68.

20. جمال ابراهيم الحيدري (2013)، القسم الخاص من قانون العقوبات، دار السنهوري، ص43.

21. الدكتور عبدالفتاح بيومي حجازي (2008)، التزوير في جرائم الكمبيوتر و الانترنت، دارالكتب القانونية، مصر، ص106.

22. Warren and Brandeis: The Right to Privacy, Harvard Law Review, Vol. IV, December 15 1890, No. 5, http://groups.csail.mit.edu/mac/classes/6.805/articles/privacy/Privacy_brand_warr2.html -

23. فتحی حسين عامر: المسئولية القانونية و الآخلآقية للصحفي، القاهرة، 2014، ص24.

24. ژان كازنو (1365)، جامعه‌شناسی وسايل ارتباط جمعی، ترجمه: باقر ساروخانی و منوچهر محسنی، تهران، ص61.


25. نەعیم بەدیعی (2009)، ڕۆژنامەگەریی ئەلکترۆنی، وەرگێڕانی: کارزان محەمەد، چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، 2009، ل21.

# مەترسییەکانی دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەویی هەولێر و کاریگەریی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون

**ئامادەکردن:**

**ڕێکخراوی ستۆپ:** ڕێکخراوی ستۆپ بۆ چاودێری و پەرەپێدان، ڕێکخراوێکی کوردستانیی قازانج نەویستە، بە گوێرەی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی -2011ی پەرلەمانی کوردستان، لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کوردستان تۆمارکراوە و لەبواری بەهێزکردنی بنەماکانی حکومڕانیی باش و هەوڵدان بۆ باشترکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان لە هەرێمی کوردستان کاردەکات.

**تۆڕی میدیایی موڵک نیوز:** دامەزراوەیەکی میدیایی سەربەخۆیە، لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە 61 تۆمار کراوە، تایبەتمەندە بە پێشـاندانی کەرتی خانووبەرە و وەبەرهێـنان، بەرهەمەکانی بە شـێوەی بینراو و بیستراو و نووسراو بڵاو دەکاتەوە.




## بەرایی

کارکردن لەسەر پرسی ئاو و هەڕەشەکانی کەمبوونەوەی، ئێستا بابەتیکی جیهانییە. زۆرێك لەو دامەزراوانەی گرنگی بە پرسە گشتییەکان دەدەن، کاری لەسەر دەکەن. بەو پێیەی ئەم بابەتە فرەڕەهەندە، پێویستی بەوەیە بە شێوەیەکی هەمەلایەنەش کاری لەسەر بکرێت، بۆیە ئێمەش لە هەریەك لە ڕێکخراوی ستۆپ بۆ چاودێری و پەرەپێدان و تۆڕی میدیایی موڵك نیوز، لە ماوەی ڕابردوو لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی هاوبەشدا، بڕیارمان دا کار لەسەر ئامادەکردنی ئەم بابەتە

بکەین، هەر لایەکمان بە گوێرەی شارەزایی خۆمان زانیاری و تواناکانی خۆمان خستە گەڕ تاکوو ئەو توێژینەوەی بەردەستتانی لێ بەرهەم هات. ئامانج لەم توێژینەوەیە، بەشێکە لە هەوڵی هێنانە دیی ئەو هۆکارانەی کە لە پێناویاندا دروست بووین. پێمان وایە پرسی ئاو خەمێکی گشتییە، بۆیە خۆبەخشانە لە ماوەی 4 مانگدا چەندین دیدار و کۆبوونەوە و بەدواداچوونی مەیدانیمان ئەنجام داوە، بۆ ئەوەی بگەینە زانیاریی دروست و شیکار و ئەنجام و پێشنیاری واقعی بۆ چارەسەرکردن.

## کێشەی ئاوی خواردنەوە

دابینکردنی ئاو، بەتایبەت ئاوی خاوێن بۆ خواردنەوە، یەکێکە لەو پرسانەی چەند دەیەیەک دەبێ جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. بە گوێرەی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرووی "دوو ملیار کەس" ناگەنە ئاوی خاوێن بۆ خواردنەوە، هاوکات عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بەچڕیی ڕووبەڕووی دابەزینی ئاستی ئاو لە ژێرزەوی و بەنداوەکان بووەتەوە، بە جۆرێك ساڵی 2022 بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو، ڕێژەی عەمبارکراوی ئاو لە عێراق بۆ نیوە کەم بووەتەوە. ئەو داتا مەترسیدارانە وای کردووە زۆرێك لە وڵاتان بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن لە ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخی لەم شێوەیە، سیاسەتی نیشتمانیی گشتگیر بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو و پاراستنی لە بەفیڕۆدان جێبەجێ دەکەن[١].

ئەوەی تایبەتە بە هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی لە ٢٠٢٢/٦/٢ پەرلەمانی کوردستان یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاوی پەسەند کرد، بەڵام تا ئێستا حکومەتی هەرێم خاوەنی سیاسەتێکی پەسەندکراوی بەڕێوەبردنی ئاو نییە، بۆیە بە گوێرەی داتاکانی حکومەتی هەرێم ڕۆژانە لە هەرێمی کوردستان (2 ملیۆن و 600 هەزار) مەتر سێجا ئاوی پاکی خواردنەوە بەرهەم دەهێنرێت، لەم بڕە ڕۆژانە (850 هەزار) مەترسێجا ئاوی پاکی خواردنەوە بەفیڕۆ دەچێت، تێچووی ئەم ئاوە بەفیڕۆدراوە ڕۆژانە (340 ملیۆن) دینار لەسەر حکومەت دەکەوێت[٢].

بە گوێرەی بۆچوونی پسپۆڕانیش، ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2030دا تووشی قەیرانی ئاو دەبێت[٣]. بە هۆی بۆشایی نێوان داخوازی و بەرهەمهێنان، بە گوێرەی چەند داتایەك کە دەست تیمی ئامادەکاری توێژینەوە کەوتووە، لە ئێستاوە بە هۆی وشکەساڵییەوە نزیکەی 650 گوند هەڕەشەی چۆڵبوونیان لەسەرە[٤].

لەم نێوانەدا ئەوەی تا ئێستا دەبینرێت نەك کێشەکان لە ڕووی ستراتیژییەوە چارەسەر ناکرێن، بەڵکوو خەریکە فراوانتر دەبن. لەم توێژینەوەدا، بۆ هێنانە بەرباسی ئەو کێشە گەورەیە شاری هەولێرمان بە نموونە وەرگرتووە، لەناو شاری هەولێریش تیشکمان خستووەتە سەر پڕۆژەکانی نیشتەجێبوونی باڵەخانە، بەو پێیەی لە ماوەی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر باڵەخانە دروست کراون و ئێستاش لە دروستکردندان کە زۆرینەیان لە دەرەوەی ماستەرپلانی شارەکەن کە پێشتر پەسەند کراون، هەموو ئەو یەکانەش پێویستیان بە خزمەتگوزاری هەیە لە نێویاندا ئاوی خاوێن کە ئەمەش

جارێکی تر بارگرانی دروست دەکات لەسەر شارەکە.

ئەم توێژینەوەیە شیکاری بۆ کاریگەریی نێگەتیڤی ئەم پڕۆژانە لەسەر ئاوی ژێرزەویی هەولێر دەکات. دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بۆ لێدان نییە لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوونی خانووبەرە، بەڵکوو ڕەخنەکردنی شێوازی دابینکردنی ئاوی پاکە بۆیان، لە کاتێکدا هەولێر خۆی تووشی گرفتی دابینکردنی ئاوی خاوێن دەبێتەوە بەتایبەت لە وەرزی هاویندا.

## دابینکردنی ئاوی خاوێن لە شاری هەولێر

دابینکردنی ئاوی خاوێن لە ڕێگەی پڕۆژەکانی ئاوی "ئیفراز 1 و 2 و ٣" و هەروەها زیاتر لە "1240 بیری ئاو" دەبێت کە ڕۆژانە (665,000م٣) ئاوی خواردنەوە بۆ هاوڵاتییانی نێو شاری هەولێر بەرهەم دێت، بە جۆرێك ڕێژەی 60%ی ئاوەکە لە ڕێی پڕۆژەکانی ئیفراز دابین دەکرێن، واتە ئاوی سەر زەوی، ڕێژەی 40%ێ لە ڕێی بیرەوە واتە ئاوی ژێرزەوی دابین دەکرێت، بە هۆی پشتبەستنی زۆر بە ئاوی ژێرزەویی هەولێر. بە گوێرەی ئامارەکان ساڵ دوای ساڵ ئاوی ژێر زەوی دادەبەزێت و بڕەکەی کەمتر دەبێتەوە[٥].

## ئاوی ژێرزەوی

ئەو ئاوەیە کە وا لەژێر ڕووکەشی زەوی و بەدیاریکراوی لەنێو کونە بۆشە خۆڵییەکان و لەنێو جێگا شکاوەکانی کەڤردا بوونی هەیە. هەر کاتێک ئاوی سەر زەوی دەچێتە نێو قووڵایی خاکەکە، ئەوا بە ئاوی ژێرزەوی پێناسە دەکرێت. ئەو ئاوەشی کە دەچێتە ژێر زەوی، ڕاستەوخۆ کون و کەلێنە بۆشەکان پڕ دەکاتەوە. ماددەی ڕەقنەبوو (وەک خۆڵ) یان هەر تەنێک بە چینی ئاوهەڵگر یان ئاوە کۆگای ژێرزەوی بانگ دەکرێت هەر کاتێ توانای دروستکردنی بڕە ئاوێکی هەبێت. کاتێ ئاویش دەچێتە ژێر زەوی، دەکرێ بەسەر سێ چیندا دابەش بکرێت کە بریتین لە "ناوچەی نەخوساو - Unsaturated Zone" کە تێیدا ئەو ناوچەیە کە هیچ ئاوێک لەنێو کەلێنەکانی بەدی ناکرێت، "ناوچەی خوساو - Saturated/Phreatic Zone" کە تێیدا خوساوە یان تێرە لە ئاو. هێڵی جیاکەرەوەی نێوان هەردوو ناوچەکەش پێی دەگوترێ "Water Table - ئاستی وەستانی ئاو"[٦].




سەرچاوەکانی دابینکردنی ئاوی خاوێن لەهەولێر/ ڕێژەیی

**ئاماری دابەزینی ئاوی ژێرزەوی لە هەولێر**

سەرچاوە: فرمان رشاد (2019)، تقييم خدمة المياه في مدينة اربيل، منظمة ستوب


سوودوەرگرتن لە ئاوی ژێرزەوی لە ڕێگای لێدانی بیرەوە بۆ دابینکردنی ئاوی خاوێن بۆ هاوڵاتییان لە شاری هەولێر، یەکێکە لە ڕێگا سەرەکییەکانی دابینکردنی ئاوی خاوێن لە دەیان ساڵی ڕابردووەوە لەم شارەدا، بەڵام بەکارهێنانی بە شێوەیەکی بەردەوام وای کردووە قۆناغ بە قۆناغ ئاستی ئاوی ژێرزەوی دابەزێت. ئێستا ژمارەی بیرە فەرمییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی هەولێر 1240 بیرە، کە ڕێژەی 60%ی پێویستیی هاوڵاتییان لە شارەکە دابین دەکەن. ئەمە جگە لەو بیرانەی کە لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون و پڕۆژە بازرگانییەکانی سەر بە وەبەرهێنان لێدراون کە مەزەندە دەکرێت ئێستا ڕێژەیان (1200) بیر بێت.

دابەزینی ئاوی ژێرزەوی لە هەولێر لەم دواییەدا زۆر خێراتر بووە، لێرەدا هەوڵ دەدەین دابەزینی ئاوی ژێرزەوی بۆ سێ قۆناغی سەرەکی دابەش بکەین: قۆناغی یەکەم (1960-2000)، قۆناغی دووەم (2000–2010)، قۆناغی سێیەم (2010–2020)، لە خوارەوەدا شێوازی ئاستی دابەزینەکە ڕوون کراوەتەوە.

**قۆناغی یەکەم (1960-2000)**

بە گوێرەی داتای بەردەست (بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی هەولێر)، لە ساڵی 1960 تا 1980، بیرەکانی هەولێر بە قووڵایی (100) مەتر لێدراون بۆ گەیشتن بە ئاوی خاوێن. لە ساڵی 1980 بۆ 1990، قووڵایی بیرەکان بۆ 120 مەتر دابەزیون، بەرهەمیش بۆ 180 گاڵۆن لە هەر خولەکێک دابەزیوە. لە ساڵی 1990 بۆ 2000، جارێکی تر دابەزین ڕووی داوە، بە جۆرێك قوڵایی بیرەکان 250 مەتر

دابەزیون، بەرهەمیش بۆ 150 گاڵۆن لە هەر خولەکێك دابەزیوە. واتە تا ساڵی 2000، بە ڕێژەی 150%ی ئاوی ژێرزەویی هەولێر بە بەراورد لەگەڵ 1960 دابەزیوە.




دابەزینی ئاوی ژێر زەوی لە هەولێر بە قوڵایی (1960 - 2000)

**قۆناغی دووەم (2000-2010)**


لەم قۆناغەدا دابەزینی ئاوی ژێرزەویی هەولێر بەرەو قۆناغە مەترسیدارەکە دەڕوات، بە جۆرێك قووڵایی بیرەکان بۆ 250 مەتر دادەبەزێت، ئاستی بەرهەمیش لە 150 گاڵۆن لە هەر خولەکێک بۆ 100 گاڵۆن لە خولەکێک دادەبەزێت، واتە بە ڕێژەی ٥٠%، ئەمەش دابەزینێکی هەستپێکراو و خێرایە بە بەراود لەگەڵ قۆناغی یەکەم. ئەمە لە کاتێکدایە لەم 10 ساڵەدا پڕۆژەی ئاوی ئیفراز3-ی هەولێر خرایە گەڕ کە ڕێژەی 40%ی ئاوی ناو شاری هەولێری دابین دەکرد.

**قۆناغی سێیەم (2010-2020)**

دەکرێت بڵێین ئەمە قۆناغە هەرە مەترسیدارەکەی دابەزینی ئاوی ژێرزەویی هەولێرە، بە جۆرێك ڕێژەی قوولیی بیرەکان بۆ 450 مەتر دابەزیوە، ڕێژەی بەرهەمی ئاویش 70 گاڵۆن بۆ هەر خولەکێک دابەزیوە.


ئەوەی لەم هاوکێشەیەدا دەبینرێت، لەگەڵ دروستکردنی شارەکانی نیشتەجێبوونی وەبەرهێنان و فراوانبوونی خێرای شاری هەولێر؛ ڕێژەی دابەزینی ئاوی هەولێر تەنها لەم 10 ساڵەدا بە شێوەی 100% دابەزیوە و بڕی ئاوی بەرهەمهاتووش بە ڕێژەی 50% دابەزیوە.

ئەم خێرابوونە هەستپێکراوە لە دابەزینی ئاوی ژێرزەوی لەم 10 ساڵەی کۆتایی، ئاماژەیەکی مەترسیدارە بۆ ئەوەی لە ماوەی 10 ساڵی داهاتوودا ڕێژەکە بۆ 100% جارێکی تر دابەزێتەوە(٧).




دابەزینی ئاوی ژێر زەوی لە هەولێر بە گالۆن
(2020 - 2000)

لە نوێترین بڕیاریشدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٢دا بە گۆژمەی زیاتر لە حەوت ملیار دینار بڕیاری لێدانی 138 بیری ئاوی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی و دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ شاری هەولێر تەرخان کرد، ٧٠%ی بیری بەدیلن بۆ ئەو شوێنانەی ئاویان وشکی کردووە یان دابەزیوە، 30%ی بیری نوێن بۆ گەڕەکە نوێکان و گەڕەکە فراوانبووەکان لێدەدرێن.





دابەزینی ئاوی ژێر زەوی لە هەولێر بە قوڵایی
(2020 - 2000)

**پڕۆژەکانی نیشتەجێبوونی باڵەخانە لە هەولێر**
**کاریگەرییان لەسەر دابینکردنی ئاوی خاوێن**

لە ماوەی نێوان 2004 تاکوو 2022، شاری هەولێر ڕووبەرەکەی چوار هێندە زیادی کردووە. لەگەڵ زیادبوونی دانیشتووانی، بووەتە ناوەندێکی بازرگانیی قەرەباڵغ، سەرەڕای بابەتی گەشتیاری. لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی ئەوەی پایتەختی هەرێمی کوردستانە، لە ڕووی دیپلۆماسی و سەردانە زۆرە فەرمییەکانیش قەرەباڵغتر و چڕترە، هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەرانی خەڵك و گۆڕان لەسەر شێوازی ژیان، خواست لەسەر ئاویش بەرزتر بووەتەوە .

تاوەکوو ساڵی 2025، زیاتر لە (50,000) یەکەی نیشتەجێبوون لە (50) پڕۆژەی جیاواز تەواو دەبێت. بە گوێرەی داتای فەرمیی فەرمانگەی میدیا و زانیاری، لەم کابینەیەدا مۆڵەت بە دروستکردنی 14 پڕۆژەی نیشتەجێبوون دراوە.




نەخشەی فراوانبوونی شاری هەولێر لەنێوان ساڵانی (١٩٨٤-٢٠٢٢)

سەرچاوە: د. توانا ئەحمەد، پسپۆڕی جوگرافیا و GIS

پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون بەشێکیان لە چوارچێوەی وەبەرهێنان و بەشێکیشیان لە دەرەوەی وەبەرهێنانە، ئەگەر بەراوردی دروستکردنی ئەو ڕێژەیە بەو ماوەیە بکرێت، بەڕوونی هەست بەوە دەکرێت وەك پێویست لە چوارچێوەی پلان نەبووە، وەك ئاماژەشمان پێ کرد کە لە ماستەرپلانی پێشووی شاری هەولێردا بە هیچ شێوەیەك ئاماژە بە دروستکردنی ئەو ڕێژەیە باڵەخانە و یەکە نیشتەجێبوونە نەکراوە، بۆ نموونە لە کۆنفرانسی وەبەرهێنانی د. ئەحمەد ڕێکانی؛ سەرۆکی یەکێتیی وەبەرهێنەرانی کوردستان، دەڵێت زۆربەی داواکاریی دروستکردنی پڕۆژەی نیشتەجێبوون بە پلەی یەکەم بە هۆی چاولێکەریی زۆری قازانجی پڕۆژەکانە، ئەمەش دەریدەخات کە وەڵامدانەوە نییە بۆ پێویستییەکانی شارەکە. هەر بۆیە فشارێکی زۆریان بۆ چۆنیەتیی دابینکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان دروست کردووە، بەو پێیەی ئێمە دابینکردنی ئاومان کردووەتە نموونە لەم توێژینەوە، بە شێوەیەکی مەزندەکراو ئاوی خاوێن کە پێویستە بۆ ئەم پڕۆژانە شی دەکەینەوە. ئەگەرچی بڕی پێویست بۆ هەر تاکێك کە لە شوقە دادەنیشێت کەمترە بە بەراورد لەگەڵ خانووی ئاسایی، بۆ هەر نیشتەجێیەکی شوقە بەتێکڕایی (200) لیترە، لە کاتێکدا بۆ هەر کەسێک لە خانووی ئاسایی (300) لیتری ڕۆژانە بەکار دەهێنێت، ئەمەش هەر چۆنێك بێت قورساییەکی زۆر بەسەر دابینکردنی ئاو لە هەولێر دروست دەکات.

### بارگرانیی پڕۆژەکانی شوقە لەسەر ئاوی هەولێر بە داتا

نموونەی پڕۆژەیەکی 1000 شوقەیی وەردەگرین، ئەگەرچی بە گوێرەی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ناوەندی ئەندامانی خێزان (٢ تا ٥) کەسە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام بەو پێیەی بە سروشتی خۆی ئەوانەی شوقە بەکار دەهێنن ژمارەی ئەندامەکانیان کەمترە، ئێمە 4 کەس هەژمار دەکەین.

نموونەیەکی خەمڵێنراو:

پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوون، 1000 یەکەی نیشتەجێبوون

پێویستیی ئاو بۆ خێزانێکی چوار کەسی[٩]:





سەرچاوە: فەرهاد دۆڵەمەری (6/7/2002)، ”لە هەرێمی کوردستان بۆ هەر تاکێک زیاتر لە تێکڕای ئەڵمانیا و پۆڵەندا ئاو دابین دەکرێت“، https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/060720223.

### لێکەوتەکانی دابینکردنی ئاو بۆ پڕۆژەکانی نیشتەجێبون لە هەولێر

- بەگشتی لە ماستەرپلانی هەولێردا ڕەچاوی ئەوە نەکراوە لە ماوەیەکی کەمدا ئەو هەموو یەکەی نیشتەجێبوونە لە هەولێر دروست بکرێت، بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی هەولێریش لە پێشوودا هۆشداریی داوە لە بارەی کێشەی دابینکردنی ئاوی خاوێن بۆ پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون، بۆیە لە پێداچوونەوە بە ماستەرپلانی هەولێر، ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەر شارەوانی، کارەبا و ڕێگاوبان، بۆ هەزمکردنی ئەو فشارە زۆرەی بە هۆی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون کەوتوونەتە سەر هەولێر.
- بەو پێیەی بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی هەولێر ناتوانێت لە ڕێی تۆڕە سەرەکییەکانی ئاوی ئیفراز ئاو بۆ ئەم پڕۆژانە دابین بکات، بۆ دابینکردنی ئاوی پڕۆژەکان پشت بە ئاوی ژێرزەوی دەبەسترێت،

لێدانی ئەم ڕێژە زۆرەی بیر لە دەرەوەی پلانە[١٠]. پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بە نیشتەجێبوون و هۆتێل و نەخۆشخانە و پیشەسازی، ئەوانیش نزیکەی (1200) بیریان لێداوە.

- سەبارەت بە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوونی شوقە، زۆرینەی ئەم پڕۆژانە دوای تەواوبوونی پڕۆژەکانیان ئینجا بۆ مۆڵەتی وەرگرتنی ئاوی خاوێن سەردانی وەزارەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ دەکەن، بەو پڕۆژانەی ئێستاشەوە کە لە دروستکردندان، کاتێکیش مۆڵەتیان پێ نادرێت، بە ڕێگای خۆیان مۆڵەتەکان وەردەگرن، ئەمەش وا دەکات ئەو بنەمایەی کە پێویستە لەنێوان هەردوو بیرێك 500 مەتر کەمتر نەبێت تێك بدرێت، بە جۆرێك ئێستا لە هەندێ شوێن نێوانی دوو بیر زۆر کەمتر بووەتەوە، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی دابەزینی ئاوی ژێرزەویی هەولێر.
- دەکرا بۆ دابینکردنی ئاوی ئەم پڕۆژانە، پڕۆژەی ئاوی ئیفراز 4 دەستی پێ بکردایە کە دەتوانێت لە هەر کاتژمێرێکدا 25 هەزار مەتر سێجا ئاو دابین بکات. بۆ دروستکردنی پڕۆژەی ئاوی ئیفراز4-، پێویستی بە ملیارێك و 200 ملیۆن دۆلارە، بەڵام پڕۆژەکە وەك پێویست نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.
- ژێرخانی تۆڕی دابەشکردنی ئاوی هەولێر ناتوانێت ئەو پێداویستییە زۆرەی ئاو بگوازێتەوە کە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون دروستیان کردووە. ئەگەر پڕۆژەی ئیفرازی چواریش دروست بکرێت، هێشتا پێویستمان بە دووبارە دانانەوەی تۆڕی دابەشکردنی ئاوی هەولێر هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت ڕێژەی پێویستی ئاو بگوازێتەوە کە ئەوەش جارێکی تر خەرجی لەسەر حکومەت دروست دەکات.
- بە گوێرەی بەدواداچوونەکانی تیمی ئامادەکردنی توێژینەوە، بەڕێوەبردن و دابینکردنی ئاو و وەرگرتنی کرێی دابینکردنی ئاو لەلایەن کۆمپانیاکان خۆیانەوە لە دەرەوەی وەزارەتی شارەوانی بەڕێوە دەچێت، ئەو پارەیەی کە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون لە هاوبەشەکانیان وەردەگرن.
- بۆ وەرگرتنی پارەی دابینکردنی ئاو، پشت بە سیستمی پێشووی حکومەت دەبەستن، ئەویش لەسەر ڕێنمایی لیژنەی چاودێریی پڕۆژەکانی وەبەرهێنانی سەر بە پارێزگای هەولێر، بە گوێرەی ڕووبەری شوقەکە پارە وەردەگیرێت، بۆ نموونە شوقەیەکی 100 مەتری؛ 5 هەزار دینار مانگانە وەردەگیرێت، هەر چەندە بە گوێرەی بەدواداچوونی تیمی ئامادەکاری توێژینەوە پڕۆژەکان بەو ڕێژەیە پابەند نین و زیاتر وەردەگرن.
- وەرگرتنی پارە هیچ پەیوەندییەکی بە حکومەتەوە نییە، خاوەنی پڕۆژەکان دەڵێن بەو پێیەی ئێمە خۆمان بیر لێدەدەین، کارەبا و کلۆر و پێویستییەکانی تر دابین دەکەین، خۆشمان کرێیەکە وەردەگرین. لە کاتێکدا کەرتی ئاوی حکومی کەرتێکی قازانجنەویستە، واتە حکومەت لە ڕووی داراییەوە قازانجی لێ ناکات، بەڵام بەشێك لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون، کۆمپانیاکان قازانج لە دابینکردنی ئاو بۆ هاوبەشەکانیان دەکەن.



**نەخشەی بیرەکانی ئاوی هەولێر**

(سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی هەولێر)

**دەرەنجامەکانی توێژینەوە:**

1. دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی نیشتەجێبوون بەتایبەت شوقە، لەم چەند ساڵەی کۆتاییدا لە دەرەوەی ماستەرپلانی شاری هەولێر بووە، بە هیچ شێوەیەك پێشوەختە پرس نەکراوە، هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر لێکەوتی خراپی لێ کەوتووەتەوە.

2. دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی نیشتەجێبوون بەتایبەت شوقە، کە ولێکۆڵینەوە و بەدواداچوون نەکراوە کە چ کاریگەرییەکی لەسەر (ئاوی خاوێن، ئاوەڕۆ، ڕێگاوبان و کارەبا)ی شاری هەولێر دەبێت.

3. قووڵایی ئێستای بیرەکانی هەولێر لەنێوان 400 تا 600 مەترە، تا 10 ساڵ پێش ئێستا ساڵانە 50 بۆ 60 سەنتیمەتر ئاستی ئاو دادەبەزی، ئێستا 5 بۆ 6 مەترە ساڵانە .

4. هەماهەنگیی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەم پرۆسەیەدا لە ئاستی پێویستدا نەبووە و ئاگاداربوونیان لە یەك وەك پێویست نەبووە.

5. زۆرینەی پرۆژەکان لە پێشدا مۆڵەتی فەرمانگە خزمەتگوزارییەکانیان لە نێویاندا ئاوی وەرنەگرتووە، بەڵکوو لە قۆناغەکانی کۆتاییدا دەستیان بە مامەڵە کردووە، بۆیە دامەزراوەکان ناچار

کراون بە پێدانی مۆڵەتی دابینکردنی خزمەتگوزاری.

6. زۆریی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون یەکێکە لە هۆکارەکانی دابەزینی ئاوی ژێرزەویی هەولێر، چونکە لە ڕێی بیرەوە ئاویان بۆ دابین دەکرێت.

7. پڕۆژەکان فشارێکی زۆر لە داهاتوودا لەسەر تۆڕی دابەشکردنی ئاو لە هەولێر دروست دەکەن، بەو پێیەی توانای تۆڕەکانی دابەشکردنی ئاو ئێستا بەرگەی ئەو پڕۆژانە ناگرێت ئەگەر لە داهاتوودا لە ڕێی ئیفرازیشەوە ئاویان بۆ دابین بکرێت.

8. پڕۆژەکان وەك پێویست پابەندی ڕێنماییەکانی دەستەی ژینگە نین، بەتایبەت لە پرسی دروستکردنی یەکەی چارەسەری ئاوی قورس.

9. پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون لە دەرەوەی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ئاو کرێی ئاو لە نیشتەجێبووانیان وەردەگرن، لەم پڕۆسەدا بە پێچەوانەی حکومەت خاوەنی پڕۆژەکان قازانج دەکەن.

10. بەشێك لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون پابەندی ڕێنماییەکانی وەرگرتنی پارەی خزمەتگوزاری لە پڕۆژەکان نابن، بەم هۆیەوە تەنها لە شەش مانگی کۆتایی ئەمساڵدا 4 پڕۆژەی نیشتەجێبوونی شوقە لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند لە پارێزگا سزا دراون.

### سیناریۆکان

لە ئەگەری بەردەوامیی ئەم دۆخەی ئێستا، ئەگەری قووڵبوونەوەی کێشەی ئاو لە هەولێر زیاتر دەبێت، بە جۆرێک لە مەودا جیاوازەکانی داهاتوودا چەند سیناریۆیەک لەئارادان، بەم شێوەیە:

**سیناریۆی نزیکمەودا:** بەردەوامبوونی پشتبەستن بە ئاوی ژێرزەوی، بەتایبەت بۆ پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون، وا دەکات دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی خێراتر بێت و قووڵایی بیرەکان زیاتر بێت، بەمەش قەیرانی ئاو بەردەوام دەبێت و حکومەت ناچار دەبێت بیری زیاتر لەم گەڕەکانە لێبدات بۆ دابینکردنی ئاو.

**سیناریۆی ماوە مامناوەندمەودا:** دوای لێدانی ژمارەیەکی زیاتری بیر لە گەڕەکەکان و شارەکانی نیشتەجێبوون، بڕی بەرهەمیان کەمتر بێتەوە، ئەمەش وا دەکات دابینکردنی ئاوی پێویست لە ڕێی ئاوی ژێرزەوی بۆ تەواوی دانیشتووانی ئەم گەڕەکانە ئەستەم بێت، بۆ ئەمەش دەبێت لە ڕێی ئۆتۆمبێلی تایبەت ئاو بۆ ئەم گەڕەکانە دابین بکرێت.

**سیناریۆی دوورمەودا:** ئەگەری زۆرە ئەم گەڕەک و پڕۆژانەی نیشتەجێبوون کە پشت بە ئاوی ژێرزەوی دەبەستن؛ بەرەو چۆڵبوون بچن، یان دانیشتووانیان زۆر کەم ببێتەوە، بە هۆی نەمانی خواستی خەڵک بۆ ژیان لەم گەڕەکانە، بەمەش فشارێکی زۆر دەکەوێتە سەر ئەو گەڕەکانەی کە ئاویان لە ڕێگای پڕۆژەکانی ئیفراز بۆ دابین دەکرێت.

ڕاسپاردەکان بەتایبەت پێوست دەکات کە هەریەکە لە (ئەنجوومەنی وەزیران، بۆ پارێزگای هەولێر، دەستەی وەبەرهێنان) کاری بەپەلەی بۆ بکەن.

1- پێویستە پێداچوونەوە بە ماستەرپلانی شاری هەولێردا بکرێت، ئەم گۆڕانکارییانەی ئێستا لە بواری دروستکردنی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون لەبەرچاو بگیرێت و سنوورێکی بۆ دابنرێت یان ڕێك بخرێت.

2- بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی پێشوەختە لە لایەنە پەیوەندیدارەکان، لە نێویاندا بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆ، مۆڵەت بە دروستکردنی هیچ پڕۆژەیەك نەدرێت.

3- بۆ کەمکردنەوەی فشارەکان لەسەر ئاوی ژێرزەویی هەولێر لەلایەن ئەم پڕۆژانەی نیشتەجێبوون و ئەو بەشەی شاری هەولێر کە پشت بە ئاوی ژێرزەوی دەبەستن، پێویستە پڕۆژەی ئیفراز چوار بەپەلە دەست پێ بکرێت.

4- دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان لە نێویاندا ئاو، لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبووندا ڕاستەوخۆ ببەسترێتەوە بە بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆ، چیتر لەلایەن کۆمپانیای بەڕێوەبردنی پڕۆژەکانەوە پارە بە قازانجەوە وەرنەگیرێت.

5- ناچارکردنی کۆمپانیاکانی بەرپرس لە دروستکردنی پڕۆژەکان بە دانانی یەکەی چارەسەری ئاوی قورس و بەکارهێنانەوەی لەناو بەشی سەوزایی پڕۆژەکان.

6- بۆ بەرزکردنەوەی ئاوی ژێرزەویی هەولێر و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی، پێویستە پڕۆژەکانی دروستکردنی بەنداو لە دەوروبەری شارەکە زیاتر و خێراتر بکرێن.

7- دەستەی وەبەرهێنان هانی کۆمپانیاکان بدەن وەبەرهێنان لە کەرتی ئاوی خاوێن و دروستکردنی بەنداو لە شاری هەولێر بکەن.

## سەرچاوەکان


1. محەمەد لادێ (12/6/2022)، "یەدەگی ئاو لە ئێراق کەم دەکات و دیسان لە وەرزی گەرمادا کێشەی کەمئاوی بەرۆکی ئێراقییەکان و کوردستانییان دەگرێت"، https://hawlerweb.net/kurdistan/2022/06/22384/.

2. کوردستان جەلال (31/8/2022)، "ڕۆژانە 850 هەزار مەتر سێجا ئاوی پاکی خواردنەوە لە هەرێم بەفیڕۆ دەچێت"، https://xelk.org/slider/387011/.

3 . USAID, Kurdistan regional government roadmap for long-term regional water Security workshop recommendation, Nov 17, 2021.

4. بەدواداچوونی تیمی مەیدانی، ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی سەرچاوەکانی ئاو.

5. فرمان رشاد (2019)، تقييم خدمة المياه في مدينة اربيل، منظمة ستوب.

6. فەرهەنگی زەویناسی (2009)، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی، ل120.

7. بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی هەولێر

8. چاوپێکەوتنی تیمی مەیدانیی پڕۆژە لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ، هەولێر.

9. فەرهاد دۆڵەمەری (6/7/2002)، "لە هەرێمی کوردستان بۆ هەر تاکێک زیاتر لە تێکڕای ئەڵمانیا و پۆڵەندا ئاو دابین دەکرێت"، https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/060720223.

10. بە گوێرەی بەدواداچوونی تیمی ئامادەکردنی توێژینەوە.

11. چاوپێکەوتنی تیمی ئامادەکاری ڕاپۆرت لەگەڵ ئەندازیار عەبدولوەهاب کاکەڕەش، لیژنەی چاودێریی خزمەتگوزارییەکەکانی نیشتەجێبوون.



ئایندەناسی

# توێژینەوەی وەرگێڕدراو

# دەروازەیەك لەمەڕ بەكارهێنانی لێكۆڵینەوەی ئایندەیی لە زانستی سیاسەت

**نووسەر: سەید حسێن میر خەلیلی**
ماستەر لە زانستە سیاسییەکان - زانکۆی "باقرالعلوم"
**وەرگێڕان: عەبدوڵا ڕەسووڵی**

**سەرچاوە:** وەرزنامەی زانستی - پسپۆڕیی "فرهنگ پژوهش"، ژمارە 24، زستانی 1394، تایبەت بە زانستە سیاسییەکان



**پوختە**

لێکۆڵینەوەی ئایندەیی (آیندەپژوهی) و زانستی سیاسیەت دوو پانتایی خوێندنەوەن کە کارلێکی بنەماییان پێکەوە هەیە. بۆ شیکارییکردنی کارلێکی نێوان ئەم دوو زانستە و ڕوونکردنەوەی بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لە خوێندنەوە سیاسییەکاندا، دەبێت سەرەتا پەیوەندیی نێوان ئەم دوو زانستە پێکەوە تاووتوێ بکەین. زانستی سیاسەت سەرقاڵی شیکاری و تاووتوێکردنی لایەنی سیاسیی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانە. لەسەر بنەمای ئەوەی لە زانستی سیاسەتدا باوە: شیکاریی سیاسی یارمەتیی مرۆڤ دەدات بۆ ئەوەی جیهانێك کە لەودا دەژیەت باشتر بناسێت و لەنێو لقە جۆراوجۆرەکانی بەردەمی باشترینیان هەڵبژێرێت و لە دواییدا بتوانێت کاریگەریی زۆرتری لەسەر گۆڕانکارییە بچووك

و گەورەکان هەبێت کە هەریەکیان بەشێکی جیانەکراوەی ژیانن. ئەگەر ئاینده بە پێکهاتوو لە کارلێکی چوار توخمی ڕووداو، ڕەوتەکان، وێنەکان و هەنگاوەکان بزانین، خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئاسۆکانی ئاینده و دەستەبەرکردنی وێنەیەکی ڕوون و شیاو لەم بارەیەوە پەیوەندیی بە ناسینی گۆڕانکارییەکان و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەیانەوە هەیە. پێشکەشکردنی چوارچێوەیەکی ڕێکوپێك و دەستڕاگەیشتن بە تێگەیشتنێکی سیستماتیك لە وەڵامە ڕێتێچووەکان بۆ ئەم گۆڕانکارییانە، پێویستی بە ئامراز، ستراتیژی و هەنگاو هەیە. لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەك زانستێك یەکێك لەو ئامرازانەیە کە لە بەدیهێنان و دروستکردنی ئەم بابەتەدا یارمەتیی ئێمە دەدات. لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بە نیگایەکی وشیارانە، ورد و بە کەڵکوەرگرتن لە میتۆد و تەکنیکەکانی، سەرقاڵی پێشکەشکردنی ڕێگەچارە لە بارەی ڕووبەڕووبوونەوە و بەڕێوەبردنی گۆڕانکارییەکان و دروستکردنی ئاسۆیەکی گشتیگر و پراکتیکی لە بارەی ئایندەی زانستی سیاسییە. بۆیە ناسینی گۆڕانکاری لە پانتایی خوێندنەوە سیاسییەکان، لە ئاست بڕیاردان، پلاندان و بەرنامەدانانی ورد؛ یارمەتیی بڕیاردەران و سیاسەتمەداران دەدات و ئەوان لە ڕووبەڕووبوونەوەی چالاکانەتری قەیرانەکانی بەردەمیان ئاگادار دەکاتەوە. جیا لەمەش، میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەتوانێت ببێتە هۆی پەرەسەندنی خوێندنەوە سیاسییەکان و ئەم بابەتە تەنها لە ڕێگای ناسینی لایەنەکانی بەکارهێنانی میتۆدی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لە خوێندنەوە سیاسییەکان دەلوێت. لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێت بوارەکانی بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لە زانستی سیاسەت تاووتوێ بکرێت.

**وشە کلیلییەکان:** لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، زانستی سیاسەت، ڕەوت، وێناکردن (تصویر پردازی)

## پێشەکی

لێکۆڵینەوەی ئایندەیی و زانستی سیاسەت دوو پانتایی خوێندنەوەن کە کارلێکی بنەماییان پێکەوە هەیە. لە لایەکەوە لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەك بوارێکی نێوپسپۆڕی (Interdiscipli-nary)، دەستڕاگەیشتن و ناسینی ڕووداو، ڕەوت و ماکرۆ؛ ڕەوتەکانی کاریگەر لە پانتاییەکانی بیچمگرتنی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئاینده و لە دواییدا دەستڕاگەیشتن بە وێنەی ئاینده بۆ ئێمە دەرەخسێنێت و دەستەبەر دەکات (حسینی مقدم، 1389، ص1)، بە واتایەکی دیکە: دەتوانین لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بە نێوپسپۆڕییەك بزانین، لەبەر ئەوەی بارودۆخی ئاڵۆز لە ئاستی جیهانی پێشان دەدەن و لە بوارەکانی ناوەرۆك یان جوگرافیاییەوە جیایان دەکەنەوە. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین خوێندنەوەی ئاینده بە نۆرمێك دێتە ئەژمار، بەم مانایە کە لە ڕوانین بۆ ئاینده خاوەنی بارێکی بەهایین (حاجیانی، 1391، ص44). لە لایەکی دیکەوە لە کۆمەڵگەی زانستیی جیهان، زانستی سیاسەت لەو زانستانەیە کە ئەکتەرەکانی ڕۆڵێکی گرنگیان لە ناسینی ڕێبازەکان، بڕیاردان و جووڵە بۆ گەیشتن بە ئایندەی شیاوی وڵاتان هەیە. دەستڕاگەیشتن بە ئایندەیەکی شیاو،

یەکێك لە بنەماییترین ئایدیالەکانی زانایانی زانستی سیاسەتە. ئاراستەکردنی کۆمەڵگا لە بارودۆخی هەنووکەییەوە بۆ دۆخێکی شیاو، یەکێك لە گرنگترین سەرقاڵییەکانی توێژەرانی بواری سیاسی و سیاسەتدانەران بووە. بۆیە تاووتوێکردنی پەیوەندیی نێوان توێژینەوە لەمەڕ ئایندە لەگەڵ زانستە سیاسییەکان و زانستی سیاسەت بۆ ئێمە زۆر گرنگە.

لەم توێژینەوەدا میتۆدی شیکاریی ئێمە؛ تاووتوێکردنی پەیوەندیی زانستەکان پێکەوەیە، بە شێوەیەك کە پەیوەندیی نێوان لێکۆڵینەوەی ئایندەیی و زانستە سیاسییەکان تاووتوێ بکەین کە ئایا پەیوەندیی ئەوان بە شێوەیەکی دژبەیەک و ناکۆکییە (تباین)، یان بە شێوەی کارلێکییە (تعامل)؟ بێگومان پەیوەندیی ئەم دووە دژبەیەك نییە، لە پەیوەندیی کارلێکیش، هەر چەندە کارلێکی دوولایەنەیە، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەدا ئاماژە بە کارلێك و کاریگەری و بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لەسەر زانستە سیاسییەکان دەکەین و مەبەستمان پێچەوانەی نییە. بۆیە ئەمڕۆ لێکۆڵینەوەی ئایندەیی و زانستە سیاسییەکان دوو بواری خوێندنەوەی گرنگی پانتایی زانستی و ئاکادێمیکن و لە بواری بابەتی و بەکارهێنانەوە کارلێکی بنەماییان پێکەوە هەیە. گرنگترین و سەرەکیترین پانتایی کارلێکی ئەم دوو پانتاییە، خوێندنەوەی بواری بەکارهێنانی میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لە زانستە سیاسییەکانە.

## چەمکناسی

### 1. چەمکناسیی خوێندنەوەی ئایندە

لێکۆڵینەوەی ئایندەیی[١]، ئایندەناسی[٢]، ئایندەنووسی[٣]، پێشبینی[٤] و چەمکەکانی هاوشێوەی ئەم چەمکانە؛ ئەو زاراوە و وشانەن کە کەم و زۆر لە نووسراو و ئاراستە زانستی و توێژینەوەکاندا دەبینرێن. لە ڕاستیدا ئەمڕۆ لقەزانستییە نوێیەکان کە ئامانجیان خوێندنەوەی ڕێکوپێکی ئایندەیە، ناسراو بە لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ئایندەبینی یان توێژینەوەکانی بەستراوە بە ئایندەن و بە شارەزایان و توێژەرانی دەڵێن ئایندەناس[٥] (اسلاوتر، 1384، ص20).

ئەمڕۆ ناوەند، ڕێکخراو و ئایندەناسانی زۆر هەن کە هەریەکێکیان پێناسەی سەربەخۆیان لە بارەی خۆیان پێشکەش کردووە، کە یەکێك لە هۆکارەکانی بوونی ئاراستەی جۆراوجۆری ئەم بوارەیە. بەڵام لە پێناسە پێشکەشکراوەکاندا خاڵ و لایەنی هاوشێوە هەیە، کە هەوڵ دەدرێت ئەم خاڵانە بەرجەستە بکرێن و لە ئایندەدا پێناسەیەکی گشتگیر لە بارەی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەستەبەر بکرێت. لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لە زماندا دەربڕی لێکۆڵینەوەی ئایندەییانەی خوێندنەوەکانی پەیوەندیدار بە ئایندەیە. هەر چەندە زۆر کەس ئەم وشە بە هاوتای وشەگەلێك وەك بیرکردنەوە لە ئایندە (آینده اندیشی)، نووسینەوەی ئایندە (آینده نگاری) و تەنانەت ئایندەناسی (آینده شناسی) دەزانن.

لە پەیوەندی لەگەڵ زاراوەی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، لەو پێناسە جۆراوجۆرانەی کە هێنراون؛ هەریەکیان لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە سەیریان کردووە. وێندیل بێل وەك یەکێك لە پێشڕەوانی

بواری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی پێناسە و وەسفکردنی باشی لە بارەی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی هێناوەتەوە. ئەو لەو باوەڕەدایە لێکۆڵینەوەی ئایندەیی پانتاییەکی نوێی توێژینەوەی لە حاڵی گەشەکردندایە، کە هەڵگری بیری سیستماتیك و ڕوون لە بارەی ئایندە بەدیلەکانە. ئەو لە پێناسەیەك لە بارەی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەڵێت: "تاووتوێکردنی ڕوانگە و خوێندنەوەی سیستمەکانی ئایندە بەدیلەکانە بە مەبەستی یارمەتیدانی خەڵك لە هەڵبژاردن و ئافراندنی شیاوترین ئایندە. ئایندەناسەکان تێکەڵاوێکی جۆراوجۆر لە زانستی ڕابردوو، زانستی ئێستا، خەیاڵ، خواست و پێویستییەکان بۆ دەستڕاگەیشتن بەم ئامانجە بەکار دێنن. جیا لەم ئایندەناسەکان، هەوڵ دەدەن دەرئەنجامە پێشبینینەکراوەکان، نەخوازراو و دەستنیشانکراوی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان کەشف بکەن (Bell, 2003, p2). ئەم پانتاییە لەسەر بنەمای ئاسۆگەلێکی تایبەت و گریمانەگەلێك بنیات نراوە کە کەڵك لە تیۆری، میتۆد و بەهاگەلێکی تایبەت وەردەگرێت. بیل پێناسەیەکی کۆمەڵناسانەی لە بارەی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی پێشکەش کردووە: خوێندنەوەی ئایندە، بەشێك لە ئۆمانیزم[٦] یان مرۆگەرایی مۆدێرنە، کە هەم فەلسەفییە و هەمیش زانستی و ناوەرۆکی سیکۆلارە. ئایندەناسەکان، واتە چالاکانی بواری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، هەوڵ دەدەن ڕەمزەکانی ئایندە بکەنەوە، میتۆدەکانی خۆیان شەفاف بکەن، سیستماتیك و ئاوەزمەندانە کار بکەن و ئەنجامی خوێندنەوەکانیان لەسەر بنەمای بینراوە ئەزموونییەکانی واقیعیەت بنیات بنێن .(Bell, 2003, p3)

بە هەمان شێوە کە لە پێناسەی پێشکەشکراو لە بارەی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەبینرێت، یەکێك لە دڵەڕاوکێ بنەماییەکانی بیرمەندانی ئەم بوارە سەرنجدان بە ئایندە و ڕووداوەکانی دەوروبەری ئەوە. ناسین و کەشفکردنی ئایندە، سیمای هاوبەشی زۆربەی پێناسەکانە. ئەوەی ئێمە لە بارەی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی و لە پەیوەندی لەگەڵ ئایندە دەیبیستین، هەموو لە بارەی سێ جۆر ئایندەیە؛ ئایندەی لواو (ممکن): هەر شتێك کە ڕەنگە لە ئایندەدا ڕوو بدات، ئایندەی ڕێتێچوو (محتمل): هەر ئایندەیەکی لواو کە بە ئەگەری زۆر لە ئایندەدا ڕوو دەدەن و ئایندەی شیاو (مطلوب): هەر ئایندەیەکی ڕێتێچوو کە شیاو و لەسەرتر بێت (محمودی و عباسی، 1384، ص3)، لەم ڕووەوەیە کە بابەتی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بە هەڵگری سێ جۆری ئایندە دەزانن، لەبەر ئەوەی تاووتوێکردن و هەوڵدان لە ئاڕاستەی گەیشتن بە ئایندە بەدیل و جێگرەوەکان و نەك تەنیا یەك ئایندە؛ یەکێك لە ئامانجەکانی خوێندنەوەی ئایندەیە.

### 2 . چەمکناسیی زانستی سیاسەت

لەو چەمك و بابەتە گشتییانەی دیکە کە دەبێت لەم بەشەدا باسی بکەین بۆ ئەوەی هاوزمانییەك لە باسی بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لە زانستە سیاسییەکان دەستەبەر ببێت، باسکردن لە زانستی سیاسەتە. بەو شێوەی کە لە پێناسە باوەکان لە کتێبەکانی زانستی سیاسەتدا هاتووە، زانستی سیاسەت بەشێك لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانە کە پەیوەندیی بە خوێندنەوەی دەوڵەت،

حکومەت و سیاسەتەوە هەیە. ئەرستۆ ئەم زانستە وەك خوێندنەوەی حکومەت پێناسە دەكات. ئەم زانستە سەروكاریی زۆری لەگەڵ سیاسەت لە پانتایی تیۆر و لە گۆڕەپانی پراکتیك، شیکاری سیستمە سیاسییەکان و ڕەفتاری سیاسی هەیە. بیرمەندانی سیاسی خۆیان دەرگیر لە ناسینی پەیوەندیی بنەمایی لەنێوان بارودۆخ و گۆڕانکاریی سیاسی دەبینن و لە ڕێگەی ئەم کارەوە هەوڵ بۆ ناسینی پرەنسیپی بنەمایی بۆ ڕێکوپێککردنی زانستی سیاسەت و پێشبینیی کارە سیاسییەکان لە شوێنە جیاکانی دونیادا دەدەن. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە زانستی سیاسەت تێکەڵبوونێکی لەگەڵ لقەکانی دیکەدا هەیە، بەتایبەت ئابووری، ماف، دەروونناسی، مێژوو، ئەنتروپۆلۆژیا، یاسای کارگێڕی، سیاسەتی گشتی، سیاسەتی نەتەوەیی، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی بەراوردکاری، کۆمەڵناسی، دامەزراوە سیاسییەکان و تیۆرییە سیاسییەکان. هەر چەندە سەدەی نۆزدەیەم بە سەردەمی دارشتنی هەموو لقەزانستییە کۆمەڵایەتییەکان دەزانن، بەڵام زانستی سیاسەت ڕیشەگەلێکی لە سەردەمی کۆندا هەیە، لە ڕاستیدا ئەم زانستە نزیکەی 2500 ساڵ پێش لە ڕێگەی کارەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆوە ڕێك خرا (ملکی فر، 1386، لل20،30).

بۆ وشەی سیاسەت مانای زۆر و جیاواز لەلایەن بیرمەندانەوە بەکار هێنراوە، بەڵام دەتوانین گرنگترین مانایەك کە بە شێوەی پۆلێنکردن پێشکەش کراوە؛ بەم شێوە باس بکەین:

### 2.1. سیاسەت بە مانای ”زانستی دەسەڵات“

ژمارەیەك لە بیرمەندانی خۆرئاوایی وەك فرانکێل، ماکیاڤێل، فرانکلین لوان بومرور، نیچە و...؛ زانستی سیاسییان بە ”زانستی دەسەڵات“ زانیوە. هەر چەندە ئەم پێناسە لانی کەم لە پراکتیك لە سەرەتای پێکهێنانی حکومەتەکان لە کۆمەڵگای مرۆیی هەبووە، بەڵام دارشتنی کلاسیکی ئەم پێناسەیە دەگەڕێتەوە بۆ پێناسەی ”موریس دوورژە“ (دوورژە، 1381، لل17-18).

### 2.2. سیاسەت بە مانای ”زانستی دەوڵەت“

ژمارەیەکی دیکە لە بیرمەندانی خۆرئاوایی تیۆری سەرەوەیان دەستکاری کردووە و ڕایانگەیاندووە سیاسەت واتە ”زانستی دەوڵەت“ و مەبەست زانستێکە کە تاووتوێ و خوێندنەوە بۆ ڕەفتاری دەوڵەت دەکات. ڕافائیلی بیرمەندی بەناوبانگ لەو باوەڕەدایە: ”ئەوەی پەیوەندیی بە دەوڵەتەوە هەیە بابەتێکی سیاسییە“ و بلۆنشلی بیرمەندی بەناوبانگی دیکەش دەڵێت: ”زانستی سیاسەت بە مانای دروستی وشە، زانستێکە کە تاووتوێی دەوڵەت دەکات“ (وینسنت، 1371، ل20).

### پێویستیی بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لە زانستی سیاسەت

لێکۆڵینەوەی ئایندەیی شێوازێکی تایبەت لە باسکردنی ئایندەیە و ئاماژە بە پارامێترگەلێك وەك بەردەوامیی ڕەوتە مێژووییەکان، ئەگەری ئامادەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئایندە، چاودێریکردنی

گۆڕانکارییە لواو و ڕێتیچووەکان دەدات. ئەمڕۆژە گرنگی و پێویستیی "لێکۆڵینەوەی ئایندەیی" بۆ کەسێك شاراوە نییە، لەبەر ئەوەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، سیستمی زانستی و تەکنۆلۆژیا، دەبێ لە ڕێگەی گونجاندنی تەکنۆلۆژیای ئارایی یان دروستکردن و و بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا نوێیەکان؛ توانایی وەڵامدانەوە و گۆڕانکارییان هەبێت. بەهای لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لەوەدایە کە دەرفەتێکی پێکهاتووی پەیدا کردووە بۆ سەیرکردنی ئایندە و تاووتوێکردنی ڕۆڵی زانست و تەکنۆلۆژیا لە ئایندەدا دەستەبەر دەکات و بەم شێوە بەستێنی شیاو بۆ دانانی سیاسەتی زانست و تەکنۆلۆژیا بۆ وڵاتان دەستەبەر دەکات. ڕوون و ئاشکرایە تاووتوێکردن و باسکردن لە بارەی زەروورەتی ئایندەناسی بە شێوەی ئۆتۆماتیکی وەك دەروازەی زەروورەتی بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لە زانستی سیاسەت گرنگ و ڕێگەخۆشکەر دەبێت. ئەگەر بمانەوێت بەڵگەکانی زەروورەتی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لە چەند حاڵەتدا باس بکەین، دەتوانین ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بدەین:

1. پلان و جێبەجێکردنی هەر جۆرە چالاکییەک لە ئاڕاستەی بەرزکردنەوەی ئاستی سیستم و دامەزراوەکان، بەبێ خوێندنەوەی ئایندە چالاکیی خۆی لەدەست دەدات.

2. شیکارینەکردنی ڕووداوەکانی ئایندە، چ لە جۆری هەڕەشە و چ لە جۆری دەرفەت، ڕەنگە بۆ ڕێکخراوەکان و سیستم مەترسیدار بێت. ڕوونە هەندێ لەم زەروورەتانە دەتوانێت پێشاندەری پەیوەندیی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی و زانستی سیاسەت بێت، هەروەها ئەم باسە ناسین و چاودێریکردنی گۆڕانکارییەکانە کە لە بواری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەك ستوونێکی بنەماییە لە زانستی سیاسەت، بە شێوەی گشتییش زۆر گرنگ و زەروورییە.

3. پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیا، گەشەکردنی بەردەوامی دانیشتووان و چاوەڕوانیی کۆمەڵگا لە سیستم؛ پلاندانەر و سیاسەتدانەر ناچار دەکات کەڵك لە تەکنیك و میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەربگرێت.

4. گۆڕانکاری لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگا، چ لە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری لە سەردەمی ئێستادا؛ پلاندانەر ناچار بە ناسین و تاقیکردنەوەی بگۆڕگەلێك دەکات کە دەبێتە هۆی کاریگەریدانان لەسەر سیستم و وردەسیستمەکان (طبیبی، 1374، صص43-42).

به باسکردن لە بارەی پێویستیی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، دەتوانن ئاماژە بە بوارگەلێك بە مەبەستی بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی و تەکنیك و میتۆدەکانی ئەو لە زانستی سیاسەت بدەین. لە بنەمادا بۆچی دەبێت بەدووی بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لە زانستی سیاسەت بین، بەستراوەتەوە بە بابەتی جۆراوجۆرەوە کە ئەگەر بمانەوێت بە ڕیزبەندیی باسیان بکەین دەتوانین ئاماژە بە بابەتەکانی خوارەوە بدەین:

- لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ئامرازی سیاسەتدانەرانە، وێناکردنی ئایندەی لواو و ڕێتێچوو؛ چرای بەردەم پرۆسەی سیاسەتدانان بۆ بەدیهێنانی ئایندەیەکی وەهایە. لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

یارمەتیی سیاسەتمەداران دەدات بۆ ئەوەی بتوانن ئایندەیەکی لواو و ڕێتێچوو بۆ ڕێکخراو و کۆمەڵگا وێنا بکەن.

- لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە ئاسایشی نەتەوەیی، ڕۆڵێکی بنەمایی هەیە: بە شاراوە هێشتنەوەی بەشگەلێك لە وێنەی ئایندەی لواو و ڕێتێچوو دەتوانێت چەکێکی نەرم بۆ کەوتنە پێشەوە لە ڕکابەرەکان بێتە ئەژمار.

- لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ڕێگەی پێشگرتن لە غافڵگیربوونە: لێکۆڵینەوەی ئایندەیی فێرمان دەکات چلۆن ڕووبەڕووی ئایندەی ئاڵۆز و شاراوە بینەوە بۆ ئەوەی کەمترین زیان بکەین و زۆرترین قازانج دەستەبەر بکەین. لێکۆڵینەوەی ئایندەیی ڕێگە لە غافڵگیربوون دەگرێت.

- لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، بەهێزکەری کولتووری هیوایە: یەکێك لە پرەنسیپەکانی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی ئەمەیە کە ئایندە مسۆگەر نییە و ویستی مرۆڤ کاریگەریی لەسەر ڕوودانی هەیە.

- لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەبێتە هۆی ڕوودانی یەکێتیی کارامەیی نەتەوەیی. میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لەسەر بنەمای وەرگرتنی بۆچوونی شارەزایان و کەمکردنەوەی پاشەکشە لەنێوان ئەم بۆچوونانەدایە. خودی ئەم بابەتە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی یەکێتیی ڕێژەیی لەنێوان شارەزایاندا. ئەم یەکێتییەش لە ئاستی خۆی، یەکێك لە دەروازەکانی بەدیهاتنی ئایندەی لواو و ڕێتێچوو دەستەبەر دەکات.

- لێکۆڵینەوەی ئایندەیی زەینی سیاسەتدانەران لە حاڵەتی دۆگم بۆ بابەتی دانانی سیاسەت دەردێنێت: لەبەر ئەوەی پێویستە بە شێوەی خولی (بۆ نموونە خولێکی پێنج ساڵە) وێنەی ئایندەی لواو و ڕێتێچوو چاوی پێدا بخشێنرێتەوە، لەبەر ئەوەی تێپەڕبوونی کات بە شێوەی سروشتی پێشانی دەدات کە لە چ بوارگەلێك گومانە سەرەتاییەکان نادروست بوون. ڕەخنە و تاووتوێکردنی ئەم وێنە (بە شێوەی خولی)، زەینی هێزە سیاسەتدانەرەکان لە ئەگەری دۆگمبوون ڕزگار دەکات کە سەرچاوەی لە باوەڕ بە وێنە سەرەتاییەکان وەرگرتووە (پدرام و جلالی وند، 1390، جلد اول، ص54).

**بوارەکانی بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لە زانستی سیاسەت**

زانستی سەروپسپۆڕیی (فرارشتەای) لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بەگشتی لە وێناکردنی ڕەوتەکان بۆ ئایندەیەکی شیاو لە بواری زانستە مرۆییەکان و بە شێوەی تایبەت لە زانستە سیاسییەکان، یارمەتییەکی زۆری شارەزایان دەدات. گرنگیی پێگەی زانستە مرۆییەکان وەك زانست و تەکنۆلۆژیاگەلێك کە لە خودی خۆیدا جۆرێك تەکنۆلۆژیای نەرمن، لە بەڵگەنامەی دیدگای بیست ساڵەی (سند چشم انداز بیست ساله) کۆماری ئیسلامی ئێران، لەو بابەتانەیە کە جیا لە زانایانی بەشە جیاوازەکانی زانستە مرۆییەکان، سەرنجی ئایندەناسەکانیش لە دوو بواری فێربوون و توێژینەوە ڕاکێشاوە.

لەم ڕووەوەیە کە زانایان بواری لێکۆڵینەوەی ئایندەییان ئەوەندە بە بەرفراوان زانیوە کە لە بوارە جیاوازە زانستییەکان (تەکنەلۆژیا، کولتووری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و تەنانەت

ئایینی) بەکار دەهێنرێت و کاریگەریی داناوە. زانستی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی پەیوەندیی پتەو و نەپساوی لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانستی سیاسی، کۆمەڵناسی، بیرکاری، لێکۆڵینەوە لە بواری جێبەجێکردن، کۆمپیوتەر و هاوشێوەسازی، ئامار و ئەگەرەکان و زۆربەی بوارەکانی دیکە هەیە. بۆیە بەدروستی دەتوانین یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی بواری مۆدێرنی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی؛ سەرنجپێدانی زۆر بە پرسە مرۆییەکان، کۆمەڵایەتی، ڕێکخراوەیی، کولتووری، تەندروستی، ژینگەیی، جنتیکی، دیمۆگرافیا و... بزانین. هەر چەندە لەپاڵ ئەوەدا تایبەتمەندیگەلێکی دیکە وەك تێکچنراوی[٧] و کاریگەریی زانستە جیاوازەکان لەو، پشتبەستن بە زانست و تەکنۆلۆژیا، سەرنجدانی جددی بە نەسەلماوی، هەوڵدان لە پێشکەشکردنی سەرباشقەکان، مۆدێل و سێناریۆکانی ئایندە و...؛ ئاماژە پێ بدەین (قربانی، 1391، ل35).

ئەم توێژینەوەیە بەدووی بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەی ئایندەییە لە خوێندنەوە سیاسییەکان بە مانای گشتییە، ئەوە لێکۆڵینەوانەی کە هەڵگری هەموو بوارەکانی ئەم زانستە بێت. ئەمڕۆ ئەو دابەشکردنانەی کە لەم زانستە لە ئەنجوومەنە ئاکادێمیکەکان ڕووی داوە؛ لەسەر بنەمای ئێنتماگەلی جیاوازە، بە دەربڕینێك زانستی سیاسی بە مانای گشتی خۆی هەڵگری ئێنتماگەلێکە کە هەریەك لە بوارەکانی خوێندنەوە تایبەتەکانیان لەبەرچاوە، بۆ نموونە خوێندنەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە چڕ بووەتەوە سەر باسی پەیوەندیی نێوان وڵاتان و کارلێکی ئەوان، خوێندنەوەی سیاسەتی دەرەوە، هەروەها خوێندنەوەی هزری سیاسی، خوێندنەوەی کۆمەڵناسیی سیاسی و...؛ کە هەریەك لەمانە لە پانتایی خۆیاندا باسی پسپۆڕییان هەیە. لەم توێژینەوەدا ئێمە بەدووی ناسینی بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لە زانستی سیاسی بە مانای گشتین. ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە، ئەمەیە کە پرسی بنەمایی بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی توێژینەوەی سیاسی پرسی بینینی ئایندەیە. سەرنجدان بە ئاسۆکانی بەردەم و وردبوونەوە لە بارەی چەندایەتی و چۆنایەتیی بارودۆخەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی پرۆسەی توێژینەوەی سیاسەت بە وردبینییەکی زۆرترەوە بەدواداچوونی بۆ بکرێت و سیاسەتدانەران بتوانن بژاردەی زۆرتریان لەبەرچاو بێت و ئەوان هەڵبژێرن. بۆیە لێرەدا بینینی ئایندە یەکێك لە ئامرازە سەرەکی و بنەماییەکانی سیاسەتدانەرانە، لەبەر ئەوەی کە بڕیار و هەنگاوەکان لەسەر بنەمای بارودۆخی ئایندە لەلایەن ئەوانەوە دەگیرێتە بەر (حاجیانی، 1391، ل95).

دەتوانین بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لە زانستە جیاوازەکان بەگشتی و لە زانستی سیاسەت بە شێوەی تایبەت لەسەر بنەمای ناوەرۆکی تێکەڵاویی[٨] خوێندنەوەی ئایندەدا باس بکەین. ناوەرۆکی تێکەڵاو، چاودێرە بەسەر دوو پارامێتری جیاوازی وەسفی و ڕاسپاردەیی. بۆیە ئەم بەکارهێنانە لە دوو جۆری وەسفی و ڕاسپاردەییە:

**1. بەکارهێنانی وەسفی**

لە پانتایی وەسفکردن، ئایندەناس وەك لێکۆڵەرانی دیکە لە هەموو بەشەکانی زانستە نوێیەکان

بە پشتبەستن بە بارودۆخی سەرەتایی کاتی ئێستا و بارودۆخی سنوور و ئاستی پەیوەندیدار بە ژینگە و بە پشتبەستن بە تیۆرگەلێك کە لە پانتایی چالاکیی خۆیدا لەبەر دەستیدایە و یان دایدەهێنێت، سەرەتا وێنای ئایندە لواوەکانی لە حاڵی ڕوودان دەکات و دوای ئەو لەنێو ئەم ئایندە لواوانەی لە حاڵی ڕوودانە، لواوترینی ئەوان بە کەڵکوەرگرتن لە میتۆدەکانی چەندایەتی و چۆنایەتی دەستنیشان دەکات. لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بە تاووتوێکردنی ڕێسا و چاودێریکردنی گۆڕانکارییەکان و بە پێشکەشکردنی ڕێگاچارەی بەڕێوەبردن، لە بڕیارداندا یارمەتیی سیاسەتمەداران دەدات. لەبەر ئەوەی وەسفکردن و بنیاتنانی ئایندەی شیاویگونجاو لەگەڵ تواناکان و پێگەی گونجاوی کەسەکان، ڕێکخراو و کۆمەڵگاکان، یەکێك لە تواناییەکانی خوێندنەوەی ئایندەیە.

### 2. بەکارهێنانی ڕاسپاردەیی (تجویزی)

دوایی لە پانتایی ڕاسپاردندا، زانای ئایندەناس هەوڵ دەدات بە سەرنجدان بە ڕێتێچووترین ڕووداو و ڕەوتەکان کە ناسیویەتی، بارودۆخ و ڕێگاچارەگەلێك بۆ بەدیهێنانی شیاوترینیان پێشنیار بکات. لەم حاڵەتەدا، مەسەلەگەلێك کە لەلایەن زانای ئایندەناسەکانەوە پێشنیار دەکرێن، لایەنی وەسفکردنیان نابێت، بەڵکوو لە چوارچێوەی ڕاسپاردەگەلێك کە پەیوەندیی نێوان ئامانجەکان و ئامرازەکان باس دەکەن؛ بەدەر دەکەون (پاپا، 1384، لل12-11).

بە سەرنجدان بە ڕوونبوونەوەی ناوەرۆکی ئەم بەکارهێنانە کە یان لە ڕەگەزی وێنایییە یان ڕاسپاردەیی، دەتوانین لە چوار بابەتی بنەماییدا شرۆڤەی بەکارهێنانە بنەماییەکانی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لە زانستی سیاسیدا بکەین (سەیری بل، 1391، لل130-119 بکەن). هەر چەندە دەبێت ئەم چوار کارکردە لە چوارچێوەی کۆمەڵەیەك و لە کارلێك لەگەڵ یەکتر سەرنجیان پێ بدەین، بەڵام بە مەبەستی گرنگیی ژمارەیەك لەوان، بەتایبەت باسی ئامانج و بەهاکان، بە شێوەی جیاواز باس کراون:

### شرۆڤە، شیکاری و شەفافسازیی ئامانج، پرۆگرام و بەهاکان

پێویستیی شرۆڤەی وردی بەهاکان و کەڵکوەرگرتن لە بەهاکان، وەك بنەمایەك بۆ چالاکییە زانستییەکان زۆر گرنگە. لەبەر ئەوەی توێژینەوەکانی پەیوەندیدار بە بەها بنەماییە مرۆییەکان، دەتوانێت لە ئافراندنی ئایندەی شیاو یان ڕێگەگرتن لە ڕوودانی ئایندەی نەشیاو بەسوود بێت. یەکێك لە باسە بنەماییەکان لە زانستی سیاسەتدا، بەهاکانی خەڵکسالارییە. هەروەها باسی ئازادییە مەدەنییەکان، مافی مرۆڤ و...؛ هەموو ئەمانە لە بەها بنەماییەکانی سیستمێکی سیاسی دێتە ئەژمار کە لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەتوانێت وەك زانستێکی خاوەن بەهای بنەمایی، بە سوودوەرگرتن لە تەکنیك و میتۆدەکانی خۆی، بەتایبەت میتۆدی ئاسۆ لەخزمەت زانستی سیاسەتدا بێت. لەبەر ئەمەیە کە لێکۆڵینەوەی ئایندەیی کە زانستێکی بەهاتەوەرە (ارزش محور)، جیاوازیی لە دوو ئاڕاستەی سیکۆلار و ئایینیدا دەتوانێت ڕێباز و ڕێڕەوی ئێمە لە دەستنیشانکردنی بەهاکانی

سیستمێکی سیاسی دەستنیشان بکات، بۆ نموونە لە سیستمێکی ئایینی وەك کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەها و ئامانجەکان جیاوازیی هەیە لەگەڵ بەها و ئامانجەکانی سیستمێکی سیاسیی نائایینی وەك ئەمەریکا. لەبەر ئەوەی بابەتی خوێندنەوەی ئایندە، مرۆڤە. مرۆڤ هەم خاوەنی بەها و کەرامەتە و ئەو باسەی کە لە بارەی خوێندنەوەی ئایندەی سیکۆلار و خوێندنەوەی ئایندەی ئایینی دەخرێتە بەر باس، واتە لێکۆڵینەوەی ئایندەیی سیکۆلار و لێکۆڵینەوەی ئایندەی ئایینی، بنەما و بنچینەی ئەمەیە، واتە ئاڕاستەی خوێندنەوەی ئایندەی سیکۆلار؛ مرۆڤ تەرەوە، بەڵام لە فیکری ئایینی، پێوەر کەرامەت و باوەڕداریی خواییە. لە لێکۆڵینەوەی ئایندەیی ڕووبەڕووی جیهانبینی، کولتوور، ئایدۆلۆژیاکان و... هتد؛ دەبینەوە. بەهاکانی زانستێك دەتوانێت پێوەرێك بۆ بڕیاردان لە بارەی ئاستی شیاوبوونی ئایندەی وێناکراوی ئەو زانستە بێت.

### تاووتوێکردن و وەسفی ڕەوتەکان

دوای شرۆڤەکردنی بەهاکان، دەتوانین بڵێین لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بە یارمەتیی تەکنیکگەلێك وەك شیکاری ڕەوتەکان[٩]، چاودێریکردنی ڕەوت[١٠]، دەرکەوتنی ڕەوتەکان[١١]؛ دەتوانێت یارمەتیی بەردەوامیی ڕەوت و ڕەوتگەلێکی بەرز کە لە پانتایی پەیوەندیدار بە سیاسەتدانان و توێژینەوەی سیاسی ڕوو دەدات، یان ڕەنگە پێش بە ڕەوتە نەخوازراوەکان بگرن. ئایندەناس، ڕەوتەکان بە وێناکردن و بارودۆخ شرۆڤە دەکات و بە سەرنجدان بەم دوو هۆکارە، ئەگەری ئایندە وێنا دەکات. ڕەوتەکان هەڵگری کۆمەڵە ڕووداوگەلێکن کە پێکەوە گونجانێکی لۆژیکییان هەیە، دەتوانین بە ڕەوتەکان جیا لە پێشبینیی ڕووداوەکانی ئایندە، وێنەکانی ئایندەش وێنا بکەین. جیا لەمە، دەتوانین بڵێین ڕەوتە کاریگەریدانەرەکان لەسەر ئایندەی هەر بوارێك، دەربڕی هەنگاوەکانی ئەوانی تر لەم بوارەیە و بە ئاگایی لە ڕەوتەکانی ئایندە دەکرێت هەنگاوی ئەوانی تریش شیکاری و پیشبینی بکەین (پدرام و جلالی وند، 1390، جلد اول، صص5-4). بۆ نموونە؛ لە بواری باسەکانی پەیوەندیدار بە پەیوەندیی نێودەوڵەتی، ئێمە ڕووبەڕووی زۆربەی ڕەوتگەلێك دەبینەوە کە کاریگەریی لەسەر ئایندەی جیهان داناوە و یان دادەنێت. بۆ نموونە؛ ڕەوتەکان یان ڕەوتە قەبەکان وەك: بەجیهانیبوون، گۆڕینی ژینگە، ئابووری و...؛ زۆربەی ئایندەناسەکانیش زۆرتر سەروکارییان لەگەڵ ڕەوتەکان هەیە و بە پێی سروشت بەدووی پێشکەشکردنی ڕێتێچووترین ئایندەکان بۆ پلاندانەران و سیاسەتدانەرانن. بۆیە ئایندەناس بە شیکاری ڕەوت، یارمەتیی سیاسەتمەداران لە کەشفکردنی پەیوەندیی هۆکاری لەنێوان ڕووداوە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوورییەکان و... دەدات (اسلاوتر، 1384، ص120).

### وێنەسازیی ئایندە لواو و ڕێتێچووەکان لە ئاڕاستەی سیاسەتە شیاوەکاندا

لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بەدووی خوێندنەوەی سیستماتیك، کەشف، داهێنان، پێشکەشکردن، تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئایندە لواو و ڕێتێچوو و شیاوەکانە. لەم ڕوانگەوەیە کە لێکۆڵینەوەی

ئایندەیی بژاردە و هەڵبژاردە جۆراوجۆر و جیاوازەکان لە بارەی ئایندەی بەردەم تاك و ڕێکخراوەکان لەبەرچاو دەگرێت و لە دواییدا لە هەڵبژاردن و داڕشتنی شیاوترین ئایندە یارمەتییان دەدات. (Bell, 2003, p70) ئافراندنی وێنە بەدیلەکان لە ئایندەدا بە شێوەیەك کە لەسەر بنەمای لۆژیك و بەڵگەگەلێك لە ڕابردوو و ئێستا بنیات نرابێت، دەبێتە هۆی بەدیهاتنی ئەوان لە ئایندە. هەڵبەتە ئەم بەشە کە ئامرازێکی لێکۆڵینەوەی ئایندەیە لە خزمەتی زانستی سیاسەتە، بە تەنیایی تەواو نییە، بە واتایەك ئەمە بە تەنیایی بۆ دیزاین و جێبەجێکردنی هەنگاوی زیرەکانەی مرۆیی تەواو نییە. بڕیاردان و سیاسەتدانان لەسەر بنەمای ئەم وێنانە ئافرێنراوە، پێویستی بە ئامانجداربوون و دادوەرییە بەهاییەکانە. دادوەریکردنێك لە جۆری ئەوەی کە شیاوترینی ئایندە کامەیە، شیاوترین و لەپێشترین ئایندەی لواو کامەیە. لەبەر ئەوەی بەبێ ئەم دادوەرییە بەهایانە، بڕیاردەران و سیاسەتدانەران هیچ بنەمایەکیان بۆ پێشخستنی ئایندەیەك لەسەر ئایندەی دیکە نابێت. بێگومان وێناکردن یەکێك لە گرنگترین میتۆدەکان و ئاڕاستەکانی خوێندنەوەی ئایندەیە. لە میتۆدی وێناکردن، لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لەسەر بنەمای پشتبەستن بە زانست و شیکاریی خۆی، ئایندە بۆ تاك و ڕێکخراوەکان وێنا دەکات و ئایندە بەو جۆرەی کە بیر دەکاتەوە نەك بەناچاری؛ بەو جۆرەی کە دەیەوێت باسی دەکات. وێناکردن هەڵگری جۆرێك پەیوەندیی هۆکاری و بەرهۆییە. ئەمڕۆ وێناکردن لە هەموو زانستەکاندا باوە و لە ڕاستیدا بە بەشێکی جیانەکراوەی پڕۆسەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زۆربەی زانستەکان دێتە ئەژمار (ذوالفقار، 1391، ل81).

**داهێنان، هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردنی بژاردە جێگرەوەکان**

لێکۆڵینەوەی ئایندەیی زانستی ناسینی گۆڕانکارییەکان و ئامادەیی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو گۆڕانەیە، واتە خوێندنەوەی ئایندە، گۆڕان و پەیوەندیی نێوانیانە. بە دەربڕینی ئێدوارد کرنیش، ئەگەر ئێمە لەبەرامبەر گۆڕانکارییە دەستەبەربووەکان لە سیستمی نێودەوڵەتیی ئارایی، "گۆڕانکارییە ئەمڕۆییەکان" گۆڕانکارییان بەدواوە نەبێت، لەژێر گۆڕانکاریدا ورد دەبین، بەڵام سیستمی نێودەوڵەتیی ئەمڕۆ و جیهان ئەوەندە لە حاڵی گۆڕانی خێرادایە، کە هەڵوێستەکردن ڕەوا نییە. دەبێت ستراتیژی و بەڕێوەبردنمان هەبێت. دەبێت لەم جیهانە پڕ لە گۆڕانەدا بتوانین ئەو بەڕێوەبەرییە بنەمایی و گەورەیە جێبەجێ بکەین. تەکنیکەکانی خوێندنەوەی ئایندە، یارمەتیی سیاسەتمەداران و بڕیاردەران دەدات بۆ ئەوەی بە تاووتوێ ئەنجامدراوەکان؛ بژاردەی بەدیل و نوسخەی جێگرەوەیان هەبێت (کورنیش، 1388، لل35-20).

ئەگەر بەکورتی بمانەوێت دوو ئامانجی زانستە سیاسییەکان؛ یەکەم، دروستکردنی زانستی داڕێژراو و جێبەجێکردنی سیاسەت (شیکردنەوەی پڕۆسەی بڕیاردان) و دووەم، بەشداری لە پڕۆسەی بڕیارداندا بزانین، دەتوانین بڵێین لێکۆڵینەوەی ئایندەیی و زانستە سیاسییەکان هەردوویان بە ئامانجی دەستڕاگەیشتن بە ئایندەی شیاو، هەوڵ دەدەن ئاستی پڕۆسەکانی بڕیاردان و سیاسەتدانان بەرز بکەنەوە. هەردووی

ئەمانە لە ئێنتما بۆ بەها مرۆییەکان، ئاڕاستەی نۆرمییان هەیە و هەردوو ئاڕاستەیەکی ئایندەییان هەیە. لێکۆڵینەوەی ئایندەیی ئەو توانایيە بە زانستی سیاسەت دەبەخشێت کە نیگای خۆی لەسەر بنەمای ئاسۆی ئاینده بنیات بنێت. بە مانایەك، ناسینی بارودۆخەکان، داڕشتنی سیاسەتەکان و بیچمپێدان بە ستراتیژییەکان، واتە سەرەتا بارودۆخەکان بناسێنێت، کاتێك دەستی بەم بابەتە ڕاگەیشت، سیاسەت و ستراتیژییەکان دابڕێژرێت و بەم شێوە ستراتیژییەکان بیچم دەگرێت (عیوضی، 1388).

**دەرئەنجام**

لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بە سوودوەرگرتن لە لقە جیاوازە زانستییەکان، هەوڵ دەدات ئایندەیەکی شیاو بە مەبەستی بەرزکردنەوە و کەمالی پێگەی مرۆڤ دیزان و وێنا و لەبەردەمی ئەوی دابنێت. هەر چەندە ڕێبازە جیاوازە فیکرییەکانی خوێندنەوەی ئاینده؛ ئامانجی جۆراوجۆریان باس کردووە، بەڵام سەرنجدانی تایبەتیان بە پەرەپێدانی زانستە سیاسییەکان وەك ژێرکۆمەڵەی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان بەرجەستەیە. لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەك زانستێکی چەند لقی و تەنانەت میتابەشی پێگەیەکی تایبەتی لە زانستە سیاسییەکان هەیە، زانستە سیاسییەکان کە بە مێحوەربوونی بابەتی دەسەڵات و دەوڵەت و دامەزراوە بەستراوەکان بنیات نراوە. لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەتوانێت دەرفەتی شیاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لۆژیکی گۆڕانکاری و بڕیارەکان بە ئەنجامی شیاو و لە دواییدا وێناکردن و دروستکردنی ئایندەی شیاو پێشکەشی بیرمەندان و هۆکارە جێبەجێکارییەکانی سیستمی سیاسی بکات (عیوضی و نوزازنی، 1391، صص85-84). گۆڕانکاریی سیاسی هەمیشە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە و سیستمە سیاسییەکان دادەنێت. بیچمگرتنی دەسەڵاتە نوێیە سیاسییەکان لە بوارەکانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، بە ستێنسازی ڕووداونی پرۆسە ڕێتێچووەکان یان ڕێتێنەچووەکان دەبێت کە بوونی وشیاری لە بارەی ئەوان بۆ ئامادەبوونی لە جیهانی ئایندەدا زۆر گرنگە. هاوکێشە جیهانییەکان هەمیشە بگۆڕێك لە سیاسەتی بەدواوەیە و سروشتییە کە ئەم بگۆڕە لە ئاستی خۆی بارودۆخی ئاینده بەرەو ئاڕاستەیەك بەرێت، کە هەندێ کات تەنانەت کاریگەری لەسەر بگۆڕەکانی دیکە دادەنێت.

لە هەر حاڵەتێك پرسگەلێك وەك سەرهەڵدانی هێزە نوێیەکان و کاریگەر لەسەر چارەنووسی وڵاتان، باڵادەستیی نەرمەواڵە (software) لەسەر ڕەقەواڵە (hardware)، هەژموونی زانست بەسەر ئابووری، هەڕەشە بەرفراوانەکان، هەڵاوسان و قەیرانە ئابوورییەکان، پرسی ژینگە، زۆربوونی نائەمەنی و تاوانەکان و...؛ زەروورەتی تاووتوێکردنی خوێندنەوەی ئایندەی پرسەکان بۆ ئێمە و بۆ وێناکردنی ئایندەی شیاو دەستنیشان دەکات. پێویستیی سەرنجدان بە لێکۆڵینەوەی ئایندەیی و ڕۆڵی لە زانستی سیاسی، بابەتێکە کە بۆ بەدیهاتنی پێویستی بە کولتوورسازیی گشتگیر و هەڵبەت بوار ڕەخساندنی بەستێنە پێویستەکان هەیە بۆ خوێندنەوەکانی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لە بواری زانستی سیاسی لە کایەی ئاکادێمی و توێژینەوە.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

1- Futuer Studies.

2- Fututology.

3- Forsight.

4- Forecast.

5- Futurist.

6-Humanism.

7-Interaction.

8-Hybird.

9- Trend Analysis.

10- Trend Monitoring.

11-Trend Projection.

1. اسلاوتر ریچارد و همکاران (1384)، نواندییشی برای هزاره نوین، مفاهیم، روشها و ایده‌های آینده‌پژوهی، عقیل ملکی فر و همکاران، چاپ اول، تهران، مرکز آینده‌پژوهی علوم و فناوری دفاعی، موسسه اموزشی و تحقیقاتی صنایع دفاعی.

2. بل وندل (1392)، مبانی آینده‌پژوهی، ترجمه مصطفی تقوی و محسن محقق، تهران: دانشگاه عالی دفاع ملی.

3 . پایا علی (1384)، "ملاحظاتی شتابزده در باب معرفت شناسی آینده‌اندیشی"، مجموعه مقالات و سخنرانیهای نخستین کارگاه آینده‌اندیشی، تهران، مرکز تحقیقات سیاست علمی کشور، وزارت علوم، تحقیقات و فناروی.

4 . پدرام عبدالرحیم و جلالی وند عباس (1390)، اشنایی با آینده‌پژوهی (مجموعه کتابچه‌های اموزشی آینده‌پژوهی)، 7 جلد، تهران، مرکز آینده‌پژوهی علوم و فناوری و دفاعی، 1390.

5 . حاجیانی ابراهیم (1391)، مبانی، اصول و روشهای آینده‌پژوهی، چاپ اول، تهران، انتشارات دانشگاه امام صادق.

6. حسینی مقدم، محمد (1389)، کاربرد آینده‌پژوهی در علوم سیاسی با تکیه بر روش تحلیل لایه لایه علت ها، مجله رهیافت های سیاسی و بین المللی، شماره 23.

7. دوورژه، موریس (1381)، اصول علم سیاست، ابوالفصل قاضی شریعت پناهی، چاپ چهارم، تهران، انتشارات میزان.

8 . ذوالفقارزاده محمد مهدی (1391)، اصول و روش های آینده‌شناسی فرهنگی، رهنامه آموزش فرهنگی، تهران، وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، ص81 به نقل از غلامرضا گودرزی، طراحی مدل مفهومی مدیریت بحران آینده‌نگری با رویکرد فرهنگی، کمال مدیریت، شماره 4 و 5، زمستان 82 و بهار 83.

9. طبیبی سید جمال الدین (1374)، جایگاه آینده‌نگری در برنامه‌ریزی آموزش عالی، پژوهش و برنامه‌ریزی در آموزش عالی، شماره 9، بهار.

10. عیوضی محمدرحیم و نوازنی علی (1391)، جایگاه آینده‌پژوهی در مطالعات علوم سیاسی، مجموعه مقالات همایش ملی آینده‌پژوهی، تهران.

11 . عیوضی محمدرحیم (1388)، نشست علمی "آینده‌پژوهی و مطالعات دینی"، پژوهشگاه علوم و فرهنگ اسلامی، 28 خرداد.

12. قربانی، سعید (1391)، بنیان های معرفت شناسی آینده‌پژوهی، دو ماهنامه داخلی جشنواره بین المللی فارابی، ش 27 خرداد و تیر.

13 . کورنیش ادوارد (1388)، آینده‌پژوهی پیشرفته، سیاوش ملکی فر و فرخنده ملی فر، چاپ اول، تهران، اندیشکده صنعت و فناوری.

14 . محمودی مهدی و عباسی عطا (1384)، گزارش آینده‌پژوهی و نقش ان در سیاستگذاری علم و فناوری: تهران، مرکز آینده‌پژوهی علوم و فناوری دفاعی.

15. ملکی فر عقیل و همکاران (1386)، الفبای آینده‌پژوهی: علم و هنر کشف اینده و شکل بخشیدن به دنیای مطلوب فردا، چاپ سوم، تهران، انتشارات کرانه علم.

16. وینسنت اندرو (1371)، نظریه‌های دولت، حسین بشیریه، چاپ اول، تهران، نشر نی، 1371.

17. Bell, Wendell; Foundations of Futures Studies; New Brunswick (USA) and London (UK): Transaction Publishers, 2003.

# قەیرانی ئۆکرانیا

## شەڕی وزە و ئاسایشی خۆراک

ئامادەکردن و وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: پەرۆش محەمەد



**شەڕی پوتن لەوانەیە ئەورووپا بوێرتر بکات**[1]

بیر لە ١٢ مانگ پێشتر بکەوە کاتێک جیهان لە کەرەنتینە و داخرانی کۆرۆنا ڕزگاری دەبوو، ئەوە ئەو کاتە بوو کە خواست لەسەر وزە زۆر بەخێرایی بەرز بوویەوە و بەرهەمهێنەرانی گاز و نەوتیش پەلەیان بوو بۆ تێرکردنی ئەم خواستە، لە ئەنجامدا نرخی وزە فڕی.

بە درێژایی پاییزی ٢٠٢١ بەهای گازی ئەورووپی -کە بە "TTF" ناسراوە- بەردەوام بوو لە بەرزبوونەوە و ڕوون بوو کە شتێک لەگۆڕێدایە سەبارەت بە بۆریی گازەکەی ڕووسیا.

ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی لە مانگی ١٠دا ڕایگەیاند کە ڕووسیا دەبێت و پێویستە گازی زیاتر هەناردەی ئەورووپا بکات بۆ ئەوەی وەکوو دابینکەرێکی متمانەپێکراو خۆی نیشان بدات. دواجار گازپرۆم تەنها ئەوەی لە ڕێککەوتنەکەیدا بەڵێنی دابوو دابینی کرد نەک زیاتر. کۆمپانیا ڕووسییەکە لە بازاڕی ئەورووپی کشایەوە و بەرزبوونەوەی نرخی وزە لە بازاڕی ئەورووپادا بەردەوام بوو لە هەڵکشان.

لە ٢٠٢١دا ئەورووپا لە ٪٦٠ی ئەو وزەیەی بەکاری هێنابوو هاوردەی کردبوو، لەم بڕەش لە ٪٤٠ی لە ڕووسیاوە هاتبوو. ئەو وزەیەی کە ڕووسیا دابینی کردبوو؛ لە ٪٤١ گازی سروشتی بوو، لە ٪٣٦ نەوت بوو، لەگەڵ خەڵووز کە لە ٪٢٠ بوو. لە ٪٧٥ی ئەم گازە سروشتییەی ڕووسیا، بە ڕێگای بۆریی جێگیر دابین کرابوو.

لەو کاتەوەی ڕووسیا بڕیاری داگیرکردنی ئۆکرانیای دا، بڕی ئەو گازە ڕووسییەی ئەورووپا بەکاری دەهێنا بە شێوەیەکی زۆر دابەزی. لەم پاییزەی ئێستادا ئەم ڕێژە دابەزیوە بۆ لە ٪٩. کە هەواڵی داگیرکارییەکە بڵاو بوویەوە، بازاڕی گاز بە بەرزبوونەوەی نرخ وەڵامی دایەوە. لەو کاتەوە تاوەکوو ئێستا، ئەورووپا و ڕووسیا لەم شەڕە بەردەوامن.

ئاستی گەمارۆکانی ئەورووپا لە دژی ڕووسیا بۆ دژایەتیکردنی شەڕە نایاساییەکەی لە ئۆکرانیا، تا بێ زیاتر دەبێت و لە هەمان کاتدا ڕووسیاش ڕێگای تری دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی گازەکەی وەکوو چەکێ دژی ئەورووپا بەکار بهێنێت. لە سەرەتای مانگی نۆ، ڕووسیا بۆریی گازی "نۆرد-ستریم-١"ی تا کاتێکی نادیار داخست -لە هەمان کاتدا قازانجی باشی کردووە لەو داهاتەی لە هەناردەی کەمترەوە دەستی دەکەوێت.

ئا لەم بارودۆخەدایە کە ئەورووپا پێ دەنێتە ناو مانگەکانی زستانەوە بە دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە دەربارەی ئاسایشی گازەکەی، بارودۆخێک کە چەند هێندە خراپتر بووە بە هۆی قەیرانێکی فراوانترەوە کە ئەویش بەرهەمهێنانی وزەیە کە دەرئەنجامی کەشوهەوای سەخت و کۆنیی ژێرخانەکەیەتی.

**پاڵنەرە سەرکەوتووەکەی عەمبارکردنی غاز**

هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە ئەورووپا بەرەوپێشچوونی ڕاستەقینەی بینیوە لە پڕکردنی عەمبارە غازەکانی بۆ زستان کە لە ئێستادا لە ٪٨٠ی ئامانجەکەی تێپەڕاندووە. پڕکردنی تەواوەتی بە مانای ئەوە دێت کە توانای دابینکردنی غازی هەیە بۆ سێ مانگ، ئەمەش ئەرکی پێدانی تێچووی غاز بە هەر نرخێک ئاسانتر دەکات و هۆکاری ڕوودانی ئەمەش ئەوەیە کە کڕیارە ئەورووپییەکان بڕێکی زۆر غازی سروشتیی شلیان لە ئەمەریکاوە هێناوە.

بێگومان کۆمپانیاکانی غازی شل لە سەرانسەری جیهاندا سوود لەو نرخە بەرزە وەردەگرن و بەوپەڕی توانای خۆیانەوە کار بۆ بەرهەمهێنان دەکەن. هەروەها تێرمیناڵەکانی غازی شلی ئەورووپاش لە هەمان کاتدا زۆر بەجددی کار دەکەن.

بەریتانیا لێرەدا ڕۆڵی بینیوە. لە کاتێکدا بەریتانیا عەمباری ناوخۆیی دیاری نییە، هەناردەکانی غازی شل بەناو بەریتانیادا لە ڕێگەی دوو بۆریی پێکەوەبەستراوەوە بۆ بەلژیکا و هۆڵەندا تێپەڕیون.

بەریتانیا لە هەمان کاتدا هەناردەی کارەبای بۆ ئەورووپا زیاد کردووە، چونکە لەم کاتەدا

وزەی کارەبای ناوکی فەڕەنسا بە هۆی ڕۆتیناتی چاکسازیی هاوینە و کۆنیی هەندێ ئامێرەوە کەمی کردووە. ئایا هیچ بڕێ لەم غاز و کارەبایە دەگەڕێتەوە بۆ بەریتانیا لە زستاندا؟ ئەمەیان دەکەوێتە سەر ئەوەی کە ئێمە چەندێ ئامادەین پارەی پێ بدەین و هەروەها ئەورووپاش چۆن وەڵامی هەر حاڵەتێکی لەناکاوی بەریتانیا دەداتەوە لە کاتێکدا بەریتانیا دەکەوێتە دەرەوەی بازاڕی ناوخۆی وزەی ئەورووپاوە.

کەمبوونەوەی خواستی چین لەسەر وزە بە هۆی سیاسەتی سفر-کۆرۆناوە، پاڵنەرێکی پشت پڕکردنی ئەمبارەکانی غازی ئەورووپایە، چونکە چین ساڵ لەدوای ساڵ لە ٪۲۲ی هاوردەی غازی شلی کەمی کردووە، بەڵام ئەوە ڕەنگە بگۆڕێ ئەگەر چین تووشی زستانێکی سەخت بێتەوە.

وڵاتانی تریش کاریگەریی ئەم نرخە بەرزەی غازیان بەر کەوتووە کە هۆکارەی شەڕەکەی ئەورووپایە، بۆ نموونە: پاکستان، هیندستان و بەنگلادش شکستیان هێناوە لەوەی ئەو بڕە غازەی پێویستیانە دابینی بکەن. ئەورووپا ئەم ناسەقامگیرییەی وزەی خۆی بێباکانە گواستەوە بۆ وڵاتانی تر، لە کاتێکدا زۆر وڵات ئەمە وەکوو "شەڕی ئەورووپییەکان" دەبینن. بۆ نموونە؛ هیندستان زۆر ئاسان و ئامادە ڕێککەوتنی کردووە بۆ هاوردەکردنی نەوت و غازی ڕووسیا و چینیش هەمان شتی ئەنجام داوە.

ئەورووپا و وڵاتانی ئەندام تێیدا خەریکی پەیداکردنی سەرچاوەی دیکەی جێگرەوەن و پلانی کورتخایەن و ستراتیژیەتی درێژخایەنیشیان هەیە بۆ ئەوەی زستان تێپەڕێنن و نەخشەی داهاتوویەکی بێ غازی ڕووسیا دابڕێژن. ئەم پلانەش ئامانجی ئەوەیە دابینکردنی غاز فرەجۆر بکات و پێش زستان عەمبارکردن زیاتر بکات، پەرە بە بەرهەمی وزەی نوێبووەوە لەگەڵ سەقامگیریی وزە بدات و لە کۆتاییشدا پێش ۲۰۳۰ چیتر پەیوەستی بە وزەی بەبەردبووی ڕووسیا بدات.

### ئەورووپا خۆی لە غازی ڕووسیا دەبڕێتەوە

دیمەنی نەڕۆیشتنی کەمێک یان هیچ بڕێک لە غازی ڕووسیا بۆ ئەورووپا خەریکە بەخێرایی ببێت بە واقیع. لە مانگی حەوتدا ڕێکاری ئەوە گیرایە بەر کە خواستی ئەورووپا لەسەر غاز لە ٪۱۵ کەم بکرێتەوە لەگەڵ ڕێکاری توندتر، ئەگەر بێتوو کورتهێنانی بەرچاوی غاز ڕوو بدات. لە مانگی نۆدا پلانی زیاتر گیرایە بەر بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کارەبا بەتایبەتی لە کاتە دیارەکاندا، هەروەها نرخی وزەی نوێبووەوە لەگەڵ وزەی ناوکی جێگیر کرا بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی بەرهەمهێنەرە گەورەکانی وزەی بەبەردبوو کە قازانجی زۆر دەکەن، بڕی مەعقول پارە بدەن.

حکومەتی بەریتانی ڕایگەیاندووە کە نرخی کڕیارە ناوخۆییەکان بۆ دوو ساڵ دیاری بکات. هەروەها بەرهەمهێنانی غاز و نەوت لە دەریادا بێت یان وشکانی، هان دەدرێت و قەدەغەی

سەر هەندێ ڕێکاری دەرهێنانیش لا براوە. بەریتانیا دەیەوێ هەندێ پێوەریش جێگیر بکات کە وا دەکات لە ٢٠٤٠دا بەریتانیا بکات بە وڵاتێکی نێردەی وزە. لێرەدا جەخت لەسەر دابینکردنە و شتێکی کەم وتراوە لە بارەی کەمکردنەوەی خواستەوە لەم زستانەدا یان زستانی داهاتوودا.

لە ئەڵمانیا تێرمیناڵی گازی شل لە دەریادا دانراوە و لە زەوییشدا ئامرازی نوێ بۆ هێنانی غازی شل بونیاد نراوە. لە سەرانسەری ئەورووپا، لە هەر جێیەک گونجاو بێ، وێستگەکانی کارەبای خەڵووز ئامادە کراون.

پرسیاریش دەربارەی ئەو وێستگە ناوکییە کارەباییانەی ئەڵمانیا دەکرێت کە هێشتا ماون. ئەڵمانیا هیوای وا بوو تاوەکوو کۆتایی ئەمساڵ واز لە وزەی ناوکی بهێنێت، بەڵام لە ئێستادا دووبارە بە بڕیاری داخستی کۆتا سێ وێستگە ئەتۆمییەکەیدا دەچێتەوە. هەروەها بیر لەوەش دەکاتەوە سێ وێستگەی دیکەی ئەتۆمی بخاتەوە کار کە ساڵی پار لەکاری خستبوون.

بەریتانیا بیر لەوە دەکاتەوە کە دامەزراوەی خەزنکردنی گاز دووبارە بخاتەوە کار کە لە ٢٠١٧دا دایخستبوو، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە بەرگەی زیاتر بگرێت. هەروەها پلانی ئەوەشی هەیە کە خێراتر سوود لە وزەی ئەتۆمی، با، هایدرۆجین و خەزنکردنی کاربۆن وەربگرێت کە هەموو پێکەوە بەشێکن لە ستراتیژیەتی سفرکردنەوەی گازە زیانبەخشەکان. نەهێشتنی کاربۆن لە کەرتی وزەی ئەورووپادا، سەری کێشاوە بۆ بەکارهێنانی زیاتری وزەی نوێبووەوە لەگەڵ گۆڕینی خەڵووز بۆ غاز. لە دەرئەنجامدا و لە ساڵی ٢٠٢١دا پێکەوە وزەی ئاو، خۆر و با نزیکەی لە ٪٣٧ی وزەی بەریتانیایان دابین کردبوو لە کاتێکدا ئەم بڕە لە ٢٠١٠ لە ٪٢١ و لە ١٩٩٠ لە ١٢٪ بووە.

لە کاتێکدا بڕی بەکارهێنانی گازی سروشتی لە بەرهەمهێنانی کارەبادا لە (٪٨.٦)ەوە لە ١٩٩٠ بەرز بوویەوە بۆ لە ٪٢٣ لە ٢٠١٠دا، ئەم بڕە پاشتر دابەزییەوە بۆ لە ٪٢٠ لە ٢٠٢١دا. بە بەراورد بە وڵاتانی تر، لە هەمان ساڵدا غاز لە ٪٤٠ی کارەبای بەریتانیای بەرهەم هێناوە و وزەی ئەتۆمییش ڕێژەکەی بەجێگیری ماوەتەوە، بەڵام کۆنبوونی وێستگە ئەتۆمییەکان لە هەندێ وڵات، مەترسیی دروست کردووە بۆ سەر بڕی دابینکراوی وزە.

لە مەودای ماوە مامناوەندا دۆزینەوەی سەرچاوەی جێگرەوە بە مانای بەکارهێنانی غازی شل دێت، کە ئەمیش لەدوای ساڵەکانی (٢٠٢٥)ەوە بەردەست دەبێت، ئەمەش بەو مانایە دێت کە خواست لەسەر غاز بە شێوەیەکی هەمیشەیی کەم بکرێتەوە لە ڕێگەی گۆڕینی سووتەمەنی، باشکردنی بەکاربردن و کەمکردنەوەی خواستەوە. ئەمانە دەبێ گرێ بدرێنەوە بە خێراکردنی پرۆسەی نەهێشتنی کاربۆن و کارەباوە.

گەشتی ڕووەو سەقامگیریی وزە دەکرێ ببێ بە هێزێک بۆ هەمیشە. بە شێوەیەکی فراوانتر، سەرکەوتنی ئەورووپا لە خێراکردنی گواستنەوە بۆ ئابوورییەکی کەمتر کاربۆن دەکرێ ببێت بە مۆدێل بۆ شوێنەکانی تر.

**هاریکاریی زیاتر لەنێوان وڵاتانی ئەورووپا و بەریتانیا**

پشتبەستنی نوێی ئەورووپا بە گازی سروشتیی شل، دەکرێ لە کۆتاییدا سەر بکێشێ بۆ کاری ژینگەیی لە ئەفەریقا، چونکە ئەمە پێویستی بە بنیادنانی پەیوەندیی وزەی دیکە لەو کیشوەرەدا هەیە کاتێک کە پڕۆژەکانی هەناردەکردنی گازی شل لەوێ پەرەیان پێ دەدرێت.

لەبەرانبەر ئەمەدا، ئەورووپا دەتوانێ وەبەرهێنان بکات لە دروستکردنی وێستگەی غازی ناوخۆ، خستنەکاری تەکنەلۆژیای بێکاربۆن لەگەڵ چارەسەری سروشتدۆستانە لەو وڵاتە هەناردەکەرانەوە.

ئایا تا چەندە ئەمە دەکرێت ئەنجام بدرێت؟ ئەمە دەبێ چاوەڕێ بین و ببینین. لە باشترین دۆخدا، لە ٢٠٣٠دا ئەورووپا چیتر غازی ڕووسیا بەکار ناهێنێت. ئەورووپا هەروەها غازی کەمتریش بەکار دێنێت لەوەی کە چاوەڕێ دەکرێت هاوشانی کەمبوونەوەی دەردراوە کاربۆنییەکان و هەڵکشانی بەرهەمهێنانی وزەی پاکژتر.

هەروەها پابەندییەکان دووبارە دەکرێنەوە بە ئامانجی گەیشتن بە "fit for 55"، کە ئەمەش کەمکردنەوەی دەردراوە گازییەکانە بە ڕێژەی لە ٥٥٪ تاوەکوو ساڵی ٢٠٣٠ و هاریکاریی زیاترە لەنێوان وڵاتانی ئەندامدا. هەروەها شتەکە ڕێی تێدەچێت کە بەریتانیاش وەکوو وڵاتێکی هاوپەیمان هاوبەشیی پێ بکرێت و دەرک بە ڕۆڵی گرنگی ژێرخانی غازی بەریتانیا بکرێت.

بەم شێوە سەرەڕای ڕووبەڕووبوونەوەی کاتێکی سەخت لە زستانەکانی داهاتوودا، بەڵام تراژیدیای ترسناکی شەڕ و کاریگەرییەکانی لەسەر نرخی غازی جیهانی و ئەورووپی، دەکرێ سەر بکێشێ بۆ سەقامگیریی زیاتری وزە و کاری ژینگەیی زۆر پێویست.

**باشترین و خراپترین سیناریۆکانی وزە**

حاڵەتە کتوپڕە ئەمنییەکانی غاز بەگشتی کورتمەودان و هۆکارەکەیان کێشەی تەکنیکی یان کەشوهەوای خراپن نەک ئەم هەڕەشە جیۆپۆلەتیکییەی کە ئێستا ئەورووپا ڕووبەڕووی بووەتەوە. مایک برادشۆ دوو سیناریۆی کێشاوە بۆ ئەم دۆخە لە دوو جەمسەری جیاوازەوە، خۆشبەختانە واقیعەکە شتێکە لەنێوانی هەردووکیاندا.

**سیناریۆ خراپترینەکە**

ئەم کێشانەی دابینکردنی کارەبا لە ئێستادا هەن، بەردەوام دەبن تاوەکوو زستان و دەبنە هۆی بەکارهێنانی زیاتری غاز وەک لەوەی کە هەیە و گرفت بۆ ئەوە دروست دەکەن کە عەمبارەکانی غاز پڕ بکرێن بۆ زستان. لە ئەنجامدا، تاکتیکی کەمکردنەوەی خواست جێبەجێ دەکرێت و سنووردارکردنی دابەشکردنی وزە لە زستاندا دەبێ بە ناچاری. یەکێتیی ئەورووپا نرخێک لەسەر غازی ڕووسی دادەنێت و ڕووسیاش بەوە وەڵام دەداتەوە کە هەموو بۆرییەکانی غاز بۆ ئەورووپا بگرێتەوە.

زستانێکی سەخت لە ئەورووپا و باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا خواست زیاد دەکات و ماوەیەکی درێژی تاریکیش لە باکووری ڕۆژئاوای ئەورووپا بەرهەمهێنانی وزەی نوێبووەوە لە کاتێکی زۆر گرنگدا کەم دەکاتەوە، ئەمەش دەبێت بە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر غاز و خاڵیبوونەوەی عەمبارەکان.

زستانێکی سارد لە ئاسیا پێشبڕکێ لەسەر ئەو بڕە دیاریکراوەی گازی شل زیاد دەکات و نرخەکەشی لە ئەورووپا زیاتر دەکات، هەر چەندە ئەم غازە لە ئاسیا هەناردەکردنەکەی بۆ بازاڕێک دیاریکراو پەیوەست نییە. چین واز لە سیاسەتی سفرکردنەوەی کۆرۆنا دێنێ و بەرهەمی پیشەسازی هەڵدەکشێت و هێنانی غازی شلیش بۆ چین زیاتر دەبێت و فشاری زیاتر بۆ بازاڕەکە زیاد دەکات.

لە دەرئەنجامی ئەم ڕووداوانەدا، ئەورووپا دەبێ ڕێکاری کتوپڕ بگرێتە بەر بۆ کەمکردنەوەی خواست لەسەر غاز لە ڕێگای کەمکردنەوەی خستنەبازاڕەوە بەر لە کاتی چاوەڕوانکراو. کۆمسیۆنی ئەورووپاش ئامانجەکانی بەسەر وڵاتە ئەندامەکانیدا دەسەپێنێ.

سەرەڕای هەموو قسەکان، لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە ڕاستەقینەکەدا وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا هیچ شێوەیەکی هاریکاری نیشان نادەن و غاز کۆ دەکەنەوە و هەناردەی کارەبا کەم دەکەنەوە کە ئەمەش دۆخەکە خراپتر دەکات، بەریتانیاش بۆرییە غازە پێکەوەبەستراوەکان دادەخات لە کاتە سەختەکاندا بۆ ئەوەی سیستمی بۆرییە ناخۆییەکانی بپارێزێت.

نرخی زۆر و کورتهێنانی وزە؛ ئەورووپا تووشی داڕووخانی ئابووری دەکات، هەژاریی وزە دەفرێت و خەڵکی لە ماڵە ساردەکانیاندا دەمرن و زۆر لە کارەکانیش بەناچاری دادەخرێن. توندوتیژیی کۆمەڵایەتی لە ئەورووپادا بەرپا دەبێت و یەکدەنگی لە پشتیوانیکردن لە ئۆکرانیا کەم دەکاتەوە -ئەمەش ئەوەیە پوتن ئاواتی بۆ دەخواست.

**سیناریۆ باشترینەکە**

لە کاتێکدا پاییز خەریکە بگات، قەیرانی کەرتی غاز کەم دەبێتەوە و غازی کەمتر پێویستە بۆ هەڵکردنی ڕووناکی، ئەمەش بوار دەدات کە ئاستی عەمبارکردنەکە تاوەکوو زستان بە بەرزی بمێنێتەوە.

سەرەڕای چەندین پچڕان و نیگەرانی لە هاوردەی غازی بۆرییەکانی ڕووسیا و سەرەڕای گلەیی لە هەردوو لاوە، بەڵام لێشاوی غاز لە بۆریی نۆردستریمی یەک و لە ڕێگەی ئۆکرانیاوە هەر دێت. هاتنی غازەکە هەرگیز وەکوو جاران "نۆرماڵ" نییە، بەڵام کاتێك غاز بەردەوامە لە هاتن، ئاستی عەمبارەکانیش ئەندازەی پێویستە و تەنها لە کاتی سەرما کەم دەکات کە ئەوەش هەمیشە هەر ڕووی داوە.

زستانێک بە شنەبا و پلەیەکی مامناوەندەوە وزەی با زیاد دەکات و خواست لەسەر گەرمکردنەوە کەم دەکاتەوە لە ئەورووپا، هەروەها کەشوهەوایەکی مامناوەندیش لە ئاسیا خواستی وەرزی لەسەر غاز کەم دەکاتەوە و وەرزی سەرماش درەنگتر دەست پێ دەکات و زووتریش کۆتایی دێت. هەر چەندە بازاڕی غازی شل لە جیهاندا بەرز دەمێنێتەوە، بەڵام ئەورووپا دەتوانێت ئەوەندە کارگۆ بۆ خۆی بەرێت کە هاوسەنگیی خواست و خستنەڕوو بپارێزێت بەبێ ئەوەی نرخێکی زۆری لەسەر بکەوێت.

لە چین بەردەوامیی سیاسەتی سفرکردنەوەی کۆرۆنا دەبێتە هۆی خاویی پرۆسەی ئاساییبوونەوەی خواستی پیشەسازی و خواستیش لەسەر غاز هەر لەخوار ئاستەکانی (٢٠٢١) ەوە دەمێننەوە.

ڕێکاری کەمکردنەوەی خواستی ئەورووپا گۆڕانکارییەک دروست دەکات و زۆرینەی ئەندامەکان، بەڵام هەموویان نا، پێویستیان بەوە نابێ خستنەڕوو سنووردار بکەن و پچڕانی کارەباش ڕوو نادات. بەریتانیاش دەتوانێ هێڵە پێکەوەبەستراوەکانی غاز و کارەباش بە کراوەیی بهێڵێتەوە بە درێژایی زستان بۆ بەرژەوەندیی هەمووان.

نرخەکانی وزە بە بەرزی و ناجێگیری دەمێننەوە، بەڵام خەزنی پێویست و کەمکردنەوەی خواست کاریگەرییەکەی نزمتر دەکەنەوە، لە هەمان کاتدا ئەورووپا بەدوور دەبێت لە داکشانی ئابووریی بەربڵاو.

ئەو پاکێجانەی بۆ یارمەتی لەلایەن حکومەتەکانەوە بەکار دەهێنرێن و ئەو ڕێکخستنانەی بۆ بازاڕی کارەبا دەکرێن، ئەوەمان پێ دەڵێن کە تێچوونی ئەم دەستتێوەردان و پاڵپشتیکردنە لە کردن دێت و زۆرینەی خێزانەکان دەتوانن ماڵەکانیان گەرم بکەنەوە و ئیشوکارەکانیش دەتوانن بەردەوام بن.

### کاریگەریی شەڕی ڕووسیا دژی ئۆکرانیا لەسەر ئاسایشی خۆراک لە جیهاندا(2)

جگە لە زیانە مرۆییە زۆرەکان و وێرانکاری، شەڕە بێبەهانەکەی ڕووسیا دژی ئۆکرانیا کە "تەشتی نان"ی ئەورووپایە، بووە بە گرفت بۆ دابینکردنی وزە و خواردنیش. سیستمی خۆراکێک کە خۆی لەژێر ڕەحمی گۆڕانی کەشوهەوا و پەتای کۆرۆنادا دۆخی خراپ بوو.

ترس لەوەی کە قەیرانێکی خۆراکی دیکەی هاوشێوەی ئەوەی (٢٠٠٧-٢٠٠٨) جیهان بگرێتەوە زیادی کردووە و کاریگەرییشی هەبووە لەسەر ئاسایش، کۆچ و نائارامیی سیاسی. ئەم شۆکی خستنەڕووە کە هۆکارەکەی داخستنی بەندەرەکانی هەناردەی ئۆکرانیایە، لەگەڵ نرخی بەرزی وزە و شمەکە بنەڕەتییەکان وای کردووە زۆر وڵات هەناردە سنووردار بکەن کە ئەمیش ئاگری لە بازاڕ بەر داوە. لە کاتێکدا شەڕەکە هەر بەردەوامە، ڕووسیا ترسی کورتهێنانی خۆراک وەکوو چەکێک بەکار دێنێ و ئاسایشی خۆراکیش لە ئەجێندای سیاسەتی نێودەڵەتیدا

لەسەروو هەموو شتێکەوە بووە لە شوباتی (٢٠٢٢)ەوە.

وەڵامی کۆمەڵگای نێودەڵەتی، لە نێویدا ئەو ڕێککەوتنەی بە نێوەندگیریی تورکیا لەگەڵ ڕووسیا کرا بۆ ئەوەی بەندەرەکانی دەریای ڕەش بە ڕووی ئۆکرانیادا بکاتەوە، تا ئەندازەیەک مەترسیی قەیرانی خۆراکی هەنووکە لە جیهاندا ڕەواندووەتەوە، هەر چەندە ژمارەیەک وڵاتی پشتبەستوو بە هاوردە و کۆمەکی خۆراک لە ناجێگیریی نرخی خۆراک و بەهای دراوی بیانی؛ دۆخیان خراپە و ناسەقامگیرن.

ڕووسیا و ئۆکرانیا پێکەوە لە ١٢٪ی ئەو خۆراکە هەنارده دەکەن لە جیهاندا ئاڵوگۆڕی پێ دەکرێت و دابینکەری گەورەی شمەک و کەرەستە کشتوکاڵییەکانن، لە نێویدا گەنم، گەنمەشامی و ڕۆنی گوڵەبەڕۆژە. ڕووسیا خۆیشی گەورەترین هەناردەکاری پەیینە کیمیاییەکانە. چەندەها ناوچە بەزۆری پشت بە هەناردەی ئەم دوو وڵاتە دەبەستن بۆ دابینکردنی خۆراک: ڕووسیا و ئۆکرانیا پێکەوە زیاتر لە ٥٠٪ی ئەو دانەوێڵە دابین دەکەن کە دەگات بە باکووری ئەفەریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە کاتێکدا دانەوێڵەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەفەریقا لە ٧٢٪ لە ڕووسیا و لە (١٨٪)ش لە ئۆکرانیاوە هاوردە دەکرێت.

ئەم داگیرکارییە سەربازییەی ڕووسیا بە سێ شێواز کاریگەریی دەبێت لەسەر دابینکردنی خۆراک لە جیهاندا:

- کەمبوونەوەی بەرچاوی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی شمەک لەو ناوچانەی شەڕی لێیە و بەتایبەتییش ئۆکرانیا.

- هەڵکشانی نرخی خۆراک و شمەک و کەرەستەکانی بەرهەمهێنانی خۆراک (پەیین و وزە) لە جیهاندا.

- ڕێکار و وەڵامی حکومەتەکان لە ناوخۆی وڵاتەکەیاندا، یان ئەوەتا دەرئەنجامی قەیرانەکە گەورەتر دەکات (بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی ڕێگریی شپرزە یان ڕێکاری گوماناوی)، یاخود کاریگەریی قەیرانەکە کەمتر دەکاتەوە (لە ڕێگای پیادەکردنی ئەو وانانەی لە قەیرانی خۆراکی (٢٠٠٧-٢٠٠٨)ەوە فێری بوون).

### کاریگەریی چاوەڕوانکراوی ئەم قەیرانە لەسەر ئاسایشی خۆراک

### کاریگەریی لەسەر ئاسایشی خۆراکی ئەورووپا

هەر چەندە لە ئێستادا خۆراک بەردەستە لە ئەورووپادا و کێشەی نییە، بەڵام بەردەستیی خۆراک بۆ خێزانە داهات مامناوەندییەکان ڕەنگە لە مەترسیدا بێت. لەوەش زیاتر، پێویستیی ستراتیژی ئەورووپا بە ژمارەیەک کەرەستە کاریگەریی دەبێت لەسەر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی. بلۆکی ئەورووپا بە ئەندازەیەکی زۆر پشت بە خۆی دەبەستێ لە هەندێ بەرهەمی گرنگی کشتوکاڵیدا، وەکوو: گەنم، جۆ (لەمەیاندا هەناردەکارە) و گەنمەشامی و شەکر. ئەورووپا

هەروەها لە هەندێ بەرهەمی ئاژەڵییشدا پشت بە خۆی دەبەستێ: شیرەمەنی، گۆشت، سەوزە و میوە. هەر چەندە ئەورووپا لە هەندێ بەرهەمی دیاریکراودا هاوردەکارە و شتێکی ئەستەمە لە ئایندەیەکی نزیکدا خۆی بتوانێ دابینی بکات، وەکوو ڕۆنی گوڵەبەڕۆژە و خۆراکە دەریاییەکان.

لاوازیی ئەورووپا لەهەمبەر تێکچوونی بازاڕی پەیینی کیمیاییدا (لە نرخ و ڕێگریی هەناردەکردندا) ڕەنگە زۆر مەترسیدار بێت، چونکە پەیینەکان لە ٪١٨ی تێچووی دانەوێڵەکان پێک دێنن. بۆ پەیینی پۆتاسیۆم، ئەورووپا لە ٪٥٩ پشت بە ڕووسیا و بیلاڕووسیا دەبەستێت لە کاتێکدا بۆ نایترۆجین (کە دیاریکەری سەرەکیی نرخ غازی سروشتییە) ئەورووپا لە ٪٣١ی لە ڕووسیاوە دەهێنێت.

لە بابەتی بەردەستبوونی خۆراکدا، هەڵکشانی نرخ کاریگەریی زیاتری دەبێت لەسەر خێزانە داهات مامناوەندەکانی وەکوو ئاوارەکان. بە پێی ڕێخراوی فاو، نزیکەی ٦.٩ ملیۆن کەس تووشی قەیرانی ناسەقامگیریی خۆراک بوونەتەوە لەنێوان ساڵەکانی (٢٠١٦-٢٠١٨). پەتای کۆرۆناش ناسەقامگیریی هەندێ هاوڵاتیی ئەورووپیی بەدەرخستەوە کە تێیدا بنکەکانی پێدانی خۆراک بۆ هەژاران خواستێکی زۆریان لەسەر پەیدا بوو. دیسانەوە ئەوەشی نیشان دا کە خێزانە داهات مامناوەندەکان پشت بە بەرنامە هاریکارییە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستن، وەکوو ژەمی نیوەڕوانی قوتابخانە بۆ دابینکردنی خۆراکی پێویستیان. لە ساڵی ٢٠٢٠دا، لە ٪٨.٦ی دانیشتووانی هەموو ئەورووپا نەیانتوانیوە بۆ دوو ڕۆژ لەسەر یەک ژەمێک دابین بکەن گۆشت، ماسی یان هاوشێوەی ڕووەکی بێت.

**کاریگەریی لەسەر ئاسایشی خۆراکی جیهانی**

ڕێکخراوی فاو پێشبینیی ئەوە دەکات کە شەڕی ڕووسیا دژی ئۆکرانیا مەترسیی ئەوە بێنێتە ئاراوە کە ئەوانەی خۆراکی پێویستیان نییە لە (٢٠٢٢-٢٠٢٣)، ژمارەیان لە ٧.٦ بۆ ١٣.١ ملیۆن کەسی تری بچێتە سەر. بە پێی زانیارییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ژمارەی ئەوانەی کە ئاسایشی خۆراکیان زۆر خراپە، لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٢دا گەیشتووەتە ٢٧٦ ملیۆن کەس. لە ئۆکرانیا بەرنامەی خۆراکی جیهانی دەڵێت: لە ٪٥٤ی دانیشتووانی وڵاتەکە نیگەرانی ئەوەن خۆراکی پێوست دابین بکەن بۆ خواردن. کێشەکە کاریگەریی خراپی هەبووە لەسەر وڵاتانێک کە یەکێتیی ئەورووپا نین و بەڵام پشت بەو شمەکانە دەبەستن لە بنچینەوە لە ڕووسیا و ئۆکرانیاوە دێن، ئەمانەش وڵاتانی وەکوو ئوردن، یەمەن، ئیسرائیل و لوبنان و ژمارەیەک وڵاتی هەژاری ئەفەریقا دەگرێتەوە وەکوو ئەریتیریا، سۆماڵ، مەدەگەشکەر، تانزانیا و ئەسیوبیا. وڵاتانی دیکەی ئەفەریقا و پێشکەوتووی جیهان، هەر چەندە کەمتر پشت بە ڕووسیا و ئۆکرانیا دەبەستن، بەڵام کاریگەریی بازاڕی جیهانیان لەسەرە.

شەڕی ئۆکرانیا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی بەرهەمهێنان لە وڵاتانی جیهانی سێیەم ئەویش بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی پەیین، وزە و ئەندازەیەکی کەمتریش دژەمێرووەکان و تۆوی دانەوێڵە، لە دەرئەنجامدا جووتیارەکان لە وڵاتە هەژارەکاندا ڕەنگە بەرهەمهێنانی خۆراکیان کەم بکەنەوە، چونکە ناتوانن پەیین و کەرەستەکانی تر دابین بکەن. نرخی زۆر و کورتهێنان، بەخراپی کاریگەرییان دەبێت لەسەر ئەو یارمەتییە خۆراکییەی بۆ وڵاتە شکسخواردووەکان دابین دەکرێت.

## وەڵامەکانی یەکێتیی ئەورووپا

داگیرکارییەکەی ڕووسیا ئەوەی یەکلا کردەوە کە ئاسایشی خۆراک لە سەرەوەی ئەجێندای سیاسیی یەکێتیی ئەورووپادا دەمێنێتەوە. ڕاگەیاندنی ڤێرسایلی ئاداری ٢٠٢٢ کە لەلایەن سەرۆکەکانی ئەورووپاوە قبووڵ کراوە، هانی کۆمسیۆنی ئەورووپا دەدات کە بژاردەکان بخاتە ڕوو بۆ چارەسەری بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک، کۆمسیۆنەکەش خێرا پاکێجێکی پێشکەش کرد کە پێک هاتووە لە کۆمەڵێ ڕێکار بە شێوازی کورتمەودا و درێژمەودا، دابینکردنی خۆراک لە ئەورووپا و ئۆکرانیا باشتر دەکات. هەمان کۆمسیۆن ئەوەشی ڕاگەیاند خستنەکاری دوو پڕۆژەی ژینگەیی چاوەڕوانکراو دوا دەخرێت، پڕۆژەکانیش بریتی بوون لە بەکارهێنانی بەردەوامی دژەمێروو لەگەڵ پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی سروشت لە یەکێتیی ئەورووپا. کۆمسیۆنەکە هەروەها پاکێجی ڕێکاری قەیرانەکانیشی خستە ڕوو بۆ هاوکاریکردنی سامانی ماسی و ژینگە ئاوییەکان لەبەر ڕۆشنایی داگیرکردنەکەی ئۆکرانیادا.

ئەم ڕێکارانەی یەکێتیی ئەورووپا بۆ قەیرانی خۆراک، هەمان کێشەی لە جیهاندا بەگشتی لەبەرچاو گرتووە و پابەندە بەو هاوکارییە لەمێژینەیەی یەکێتییەکە بۆ وڵاتانی تازەپێشکەوتوو کە لە ٢٠١٠دا بەڵێنی لەسەر دراوە. ئەم پابەندییەی یەکێتییەکە، خۆی لەم بوارانەدا دەبینێتەوە:

- هاریکاری لە ڕێگەی کتوپڕ و میکانیزمی بەردەوامیدان بە بەردەستبوونی خۆراک -پەرەدان بە سیستمی گۆڕینی خۆراک بۆ ئەوەی بەرهەمهێنان بەردەوام بێت و بەرگەگرتن بەهێز بێت.
- ئاسانکاریی ئاڵوگۆڕ بۆ شمەکە کشتوکاڵییەکانی ئۆکرانیا و خۆراک و پەیینی جیهانی.
- پتەوکردنی هاریکاری لە ڕێگای دیداری چەند لایەنەوە.

(1) Mike Bradshaw (30\9\2022), “Putin’s gas warfare might galvanize Europe”, https://www.chathamhouse.org/publications/the-world-today/2022-10/putins-gas-warfare-might-galvanize-europe?utm_source=pocket_saves.

(2) European Parliament (April 2022), “Russia’s war on Ukraine: Impact on global food security and EU response”, Briefing Paper.

# بانکە ناوەندییەکان؛ هەڵکشانی مشتومڕەکان لە بارەی سەربەخۆیی سیاسەتی دراو لە جیهاندا

**نووسین: عەلی سەڵاح**
سەرۆکی یەکەی توێژینەوە ئابوورییەکان لە سەرۆکی ناوەندی "المستقبل" بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە پێشکەوتووەکان - ئەبوزەبی
**وەرگێڕان: بارام سوبحی**

**سەرچاوە:** "اوراق اكاديمية" لەلایەن "مركز المستقبل للابحاث والدراسات المتقدمة"، ژمارە 5، 2/4/2019.




**بەرایی**

لە بیری ئابووریدا بانکە ناوەندییەکان لە دروستبوونیانەوە تا ئێستا خاوەنی پێگەیەکی گرنگن. بە تێپەڕبوونی کات و لەگەڵ گەشەسەندنی چالاکیی ئابووری و فراوانبوونی پێداویستییە داراییەکانی حکومەتەکاندا، گرنگییان زیادی کردووە و ڕۆڵەکەیان فراوانتر بووە. دوای ئەوەی بیری ئابووری بایەخی بە ناساندنی بانکە ناوەندییەکان و دیاریکردنی ڕۆڵەکانی دا، لە سەرەتای کارەکەدا چوارچێوەی بۆ ئەم ڕۆڵانە و پێوەری بۆ کاریگەرییان

دانا. لەم ساڵانەی دواییدا مشتومڕەکان لەنێوان بیرمەندە ئابوورییەکاندا لەم بارەیەوە بەرەو هەڵکشان ڕۆیشت، بەتایبەتی لەدوای دروستبوونی قەیرانی دارایی جیهانی لە ساڵی (2008)، لەوێدا ڕۆڵی حکومەتەکان لەگەڵ ڕۆڵی ئەو بانکانە لە وێنەکردنی سیاسەتی ئابووریدا تێکەڵاو بوون، بەوەش سەربەخۆییان کەوتە سەر سەنگی مەحەك.

**یەکەم: پێناسەی بانکە ناوەندییەکان**

کۆمەڵێك پێناسەی زۆر بۆ بانکە ناوەندییەکان هەن، وەکوو: دامەزراوەیەکە حکومەت دروستی دەکات تاوەکوو بەرپرس بێت لە چاودێریکردنی خستنەڕووی دراو و مەرجەکانی قەرزپێدان، سەرپەرشتیکردنی سیستمی دارایی و بانکە بازرگانییەکان[1]. یان: ئەو دامەزراوەیەیە کە ئەرکەکانی ئاڵوگۆڕی ناوەندی ئەنجام دەدات کە خۆی لە کۆمەڵێك سیاسەتی گشتیدا دەبینێتەوە کە ئامانجیان بەهێزکردنی سەقامگیریی دارایی و دراوە[2].

هەروەها بانکی ناوەندی پێناسە دەکرێت بە "دامەزراوەی بەرپرس لە هاوسەنگیی گشتی لە بازاڕی دراودا هاوشانی بازاڕی ڕاستەقینە[3]". پێناسەکی دیکەی ئەوەیە: ئەو دەستەیەیە کە ئەرکی دەرچوواندنی دراوی بانکییە، بە ئامرازی جۆراوجۆر بنەماکانی سیستمی بانکی زامن دەکات، هەروەها ئەرکی سەرپەرشتیکردنی سیاسەتی قەزرکردنی لە وڵاتدا لەئەستۆدایە، لە ئەنجامی ئەمەشدا کاریگەریی گرنگی لە هەردوو بواری ئابووری و کۆمەڵایەتیدا لێ دەکەوێتەوە[4].

ئاڕاستەیەکی دیکە هەیە پێی وایە کە بانکی ناوەندی "ئەو دامەزراوەیەیە کە ئەرکی دەرکردنی دراوە"، بەو پێودانگەی کە هەموو ئاڵوگۆڕی ناوەندی بریتییە لە سیستمێکی بانکی کە تەنها بانکێك قۆرخی تەواوەتی یان بەشێکی پرۆسەی دەرکردنی دراو دەکات، هەر لەم پرۆسەیەشەوە ئەرکەکانی دیکەی بانکی ناوەندی دادەتاشرێت[5].

لە ڕێگەی ئەم پێناسانەوە دەتوانین بڵێین کە بانکی ناوەندی "ئەو دامەزراوەیەیە کە حکومەت دروستی دەکات، تاوەکوو بەرپرس بێت لە: دەرکردنی دراو، ڕێکخستن و چاودێریکردنی ئاڵوگۆڕکردنی، دانانی مەرجەکانی قەرزکردن لە سیستمی بانکیدا، جەختکردنەوە لە پابەندبوونی بانکە بازرگانییەکان بەو مەرجانەوە، بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان بازاڕی دراو و بازاڕی ڕاستەقینەدا، بە مەبەستی هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی سەقامگیریی دراو و دارایی لە ئابووریی هەمووەکیدا".

**دووەم: سەرهەڵدانی بانکە ناوەندییەکان**

بانکە ناوەندییەکان کەمێك درەنگتر لە بانکە بازرگانییەکان سەریان هەڵدا، بانکە بازرگانییەکان پێش سەدەی حەڤدە لە ئەورووپا دەرکەوتن. لە سەرەتادا بانکە بازرگانییەکان هاوشانی وەرگرتنی وەبەرهێنان و پێشکەشکردنی قەرز، دراویشیان دەردەکرد. هیچ پێویستییەکیش بۆ هەبوونی

دەستەیەکی سەرپەرشتی نەبوو، کە ئەرکی ڕەسمکردنی سیاسەتی گشتی یان دانانی ڕێسای ڕێکخراوەیی بێت بۆ کاری بانکەکان، بەتایبەتی لە سایەی قەبارەی سادە و ئاسانی چالاکیی ئابووری لەو دەمەدا. بەڵام زێدەڕەویی هەندێك لە بانکە بازرگانییەکان لە دەرکردنی دراو؛ بووە هۆی دروستبوونی قەیرانی دارایی، ئەوەش پێویستی هەبوونی دامەزراوەیەکی تایبەت بە دەرکردنی دراو و ڕێکخستنی چالاکی بانکیی هێنایە ئاراوە. لەو سەردەمەدا ئەم ئەرکە لە بانکە بازرگانییە گەورەکاندا سنووردار کرابوو.

لەگەڵ فراوانبوونی چالاکیی ئابووری و زیادبوونی جموجووڵی کاڵا و کەلوپەل لە دەرەوەی سنوورەکان، فراوانبوونی پێداویستیی حکومەتەکان بە پارەدارکردن، زیاتر ئاڵۆزبوونی پرۆسەکانی ئاڵوگۆڕ، پێویستیی هەبوونی دەستەیەکی تایبەت بە ئەرکی "ئاڵوگۆڕی ناوەندی" دەرکەوت، بە جۆرێك پێگەیەکی باڵاتر لە بانکە بازرگانییەکانی هەبێت و سەرپەرشتیکردنی کارەکانیش لەئەستۆ بگرێت. تەریب لەگەڵ دەرکردنی دراو و کۆنترۆڵکردنی خستنەڕووی، لێرەوە "بانکە ناوەندییەکان" سەریان هەڵدا[6].

بانکی سوید یەکەم بانك بوو لە جیهاندا، ئەوەی کە ئێستا پێی دەوترێت "ئاڵوگۆڕی ناوەندی"ی ئەنجام دا. لە ساڵی 1656دا وەکوو بانکێکی تایبەت دروست کرا، پاشان لە ساڵی 1668دا لە پێناوی پارەدارکردنی گەنجینەی پادشا و ڕێکخستنی پرۆسەی دەرکردنی دراو و گۆڕینی دراوە کاغەزییەکان بۆ زێڕ و زیو، کارەکەی بۆ "ئاڵوگۆڕی ناوەندی" گۆڕدرا[7]. بەڵام لەو کاتەدا "بانکی سوید" بە "بانکی ناوەندی" نەناسرا، چونکە چەمکی "بانکی ناوەندی" لەو کاتەدا مەبەست لێی "لقی سەرەکی"ی هەر بانکێکی بازرگانیی فرەلق بوو[8].

بانکی ئینگلتەرا یەکەم بانك بوو کە ناوی "بانکی ناوەندی"ی بەسەردا بڕا بەو جۆرەی کە ئێستا لە ڕووی ناو و ڕۆڵەوە ناسراوە، بە هۆی ئەنجامدانی ئەرکی "ئاڵوگۆڕی ناوەندی"یەوە. لە ساڵی 1694دا وەکوو بانکێکی بازرگانی دامەزرا. لە ساڵی 1844دا بەفەرمی ئەرکی بانکی ناوەندیی پێ سپێردرا. دوای ئەوە ژمارەیەك لە دەوڵەتانی ئەورووپا شوێنپێی بەریتانیایان لە دامەزراندنی بانکە ناوەندییەکاندا هەڵگرت، بەتایبەتی لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، بەڵام دەوڵەتانی دیکە زۆرینەیان لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی بانکی ناوەندییان دامەزراند، ئەو کاتەی کە بووە پێویستییەکی هەنووکەیی[9].

### سێیەم: کارەکانی بانکە ناوەندییەکان

بانکە ناوەندییەکان لە دامەزراندنیانەوە تا ئێستا گۆڕانکاریی زۆر بەسەر کارەکانیاندا هاتووە، سەرباری ئەوەی لە سەرەتادا لە دەرکردنی دراو و سەرپەرشتیکردنی بانکە بازرگانییەکاندا سنووردار کرابوو، بەڵام پلە بە پلە فراوان بوو تاوەکوو ئەرکی دیکە بگرێتەوە، وەکوو: دانانی سیاسەتی دراو، ئاڕاستەکردنی قەرزکردن، پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی گشتی و هیی تر. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین کارەکانی بانکە ناوەندییەکان بەم شێوەیە پوخت بکەینەوە:

**1. دەرکردنی پارە:** لە هەر دەوڵەتێکدا بانکی ناوەندی بە تەنها لایەنی ڕاسپێردراوی یاسایی دادەنرێت بۆ دەرکردنی دراو، مەبەست لەمەش گۆڕینی سەروەت و سامانی ڕاستەقینەیە (نەختینەیی یان شێوە نەختینە) لە نموونەی کاغەزی دارایی و زێڕ و زیو بۆ یەکەی دراوی کە شیاوی دەستاودەست بێت و لە نرخاندن و ئاڵوگۆڕی سامان و بەرهەمهێنراوەکان لە شمەك و خزمەتگوزاری بەکار بهێنرێت[10]. تەریب لەگەڵ ئەوەشدا، بانکە ناوەندییەکان دەسەڵاتی کشانەوەی کاغەزی دراو لە ئاڵوگۆڕ و پووچەڵکردنەوەی وەکوو دراو هەیە[11].

وەکوو پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، بەر لە سەرهەڵدانی بانکە ناوەندییەکان، دەرکردنی دراو یەکێك بووە لە ئەرکەکانی بانکە بازرگانییەکان، پاشان ئەو ئەرکە بەخشرایە بانکە ناوەندییەکان، چیتر هیچ بانکێکی بازرگانی دەسەڵاتی دەرکردنی دراوی نەما هەروەکوو لە ڕابردوودا باو بوو[12]. سنووردارکردنی ئەم ئەرکە بە بانکە ناوەندییەکان، دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارگەلێك کە پەیوەستە بە کۆنترۆڵکردنی قەبارەی قەرزکردن لە ئابووریدا، لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی دەرکردنی کاغەزی دراو بە گوێرەی پێویست، بە جۆرێك زامنی سەقامگیریی دراو بکات، هاوشان لەگەڵ دۆزینەوەی جۆرێك لە وەکیەکی و یەکسانی لەنێو ئەو کاغەزە دراوییانەی کە لە ناوخۆی وڵاتێکدا دەردەکرێن[13].

**2. دانانی سیاسەتی دراو:** مەبەست لێی "کۆمەڵێك ئامرازە کار دەکەنە سەر خستنەڕووی دراو، تاوەکوو لەگەڵ قەبارەی خستنەڕووی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بگونجێت و سەقامگیری لە نرخەکاندا مسۆگەر بکات". هەروەها سیاسەتی دراو ئاماژەیە بۆ "کۆمەڵێك ڕێکار و ڕێوشوێن کە بۆ بەڕێوەبردنی دراو و قەرزکردن پەیڕەو دەکرێن، هەروەها بۆ ڕێکخستنی دراوی گشتی لە ئابووریدا". سیاسەتی دراو لەلای دەوڵەت بە گرنگترین جۆری سیاسەتی ئابووری دادەنرێت، چونکە هۆکاری کاریگەرە لە دابینکردنی پارەی پێویست بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی پارەدارکردن لە کەرتە ئابوورییە جۆراوجۆرەکاندا، هەروەها کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر قەبارەی بازاڕ و چالاکیی ئابووری و توانای فراوانبوونی هەیە[14].

**3. بانکی حکومەت:** بەو مانایەی بانکی ناوەندی بریکاری حکومەت و ڕاوێژکاریەتی لە کاروباری دارایی و دراودا[15]. لە ڕێگەی ئەم ڕۆڵەوە، بانکی ناوەندی بەشداری لە دانان و جێبەجێکردنی تەواوی سیاسەتە دارایی و ئابوورییەکانی حکومەتدا دەکات[16]. هەروەها بانکی ناوەندی پارێزگاری لە ئەژمێرەی دراوی حکومەت دەکات، واتە حکومەت پارەکانی لەلای ئەو دادەنێت، ئیدی لە شێوەی دراوی ناوخۆیی یان دراوی بیانی یان سامانی دارایی دیکەدا بێت. حکومەت لە دۆخی پێویستییەکی هەنووکەیی بە قەرزکردن، دەتوانێت پەنا بباتە بەر بانکی ناوەندی، ئیدی بە قەرزکردن بێت لە داراییەکانی، یان لە ڕێکخستن و

سەرپەرشتیکردنی دەرچوواندنی قەرزە حکومییەکاندا، لە وێنەی بۆند و قەواڵەی کورتخایەندا. هەروەها بانکی ناوەندی بە نوێنەرایەتیی حکومەت قیست و سوودی قەرزەکان دەداتەوە، سەرباری سەروکاریکردنی قەرزە دەرەکییەکان بە نوێنەرایەتیی دەوڵەت[17].

**4. بانکی بانکەکان (دوا پەناگە):** لە دۆخی ڕوودانی قەیرانی نەختینە لە دەزگای بانکیدا بە هەر هۆکارێك، ئەوا بانکی ناوەندی دەبێتە "دوا پەناگەی" بانکە بازرگانییەکان، بە جۆرێك پێدانی قەرزی پێ دەسپێردرێت تاوەکوو بتوانێت قەرزی پێویست بۆ سەقامگیرکردنی چالاکیی ئابووری دابین بکات. هەروەها بانکی ناوەندی ڕۆڵی ناوبژیوان لەنێوان بانکە بازرگانییەکاندا دەگێڕێت، ئەوەش بە جێبەجێکردنی پڕۆسەی پاکتاوکردنی ژمێرەی ئەو بانکانەی کە لەلایەتی، بە جۆرێك کارەکان تۆمار دەکات و ئەو پابەندییانەی لە نێوانیاندا سەر هەڵدەدات؛ لە ڕێگەی ئەو ژمێرانەوە یەکلا دەکاتەوە[18].

سەرباری ئەوانە، تەواوی بانکە بازرگانییەکان پابەندن ئیدی بە حوکمی نەریت بانکی یان بە هێزی یاسا بێت، کە دەبێت بەشێك لە یەدەگی دراوییان لەلای دەستەی سپاردن لە بانکی ناوەندی بپارێزن، ئەمەش یارمەتیی بانکەکە دەدات تاوەکوو چاودێریی خۆی بەسەر قەبارەی قەرزی بانکیدا بسەپێنێت کە ئەو بانکانە دەیبەخشن[19].

**5. بەڕێوەبردنی یەدەگی دراوی بیانی:** پاراستنی یەدەگی دەوڵەت لە ڕەسیدی دراوە بیانییەکان و زێڕ و مافی ڕاکێشانی تایبەت بە بانکی ناوەندی سپێردراوە[20]، لەگەڵ تەواوی سامانی دارایی بیانی شیاوی گۆڕینن بۆ دراو.

بانکی ناوەندی لەبریی دەوڵەت، یەدەگی دراوی بیانی وەکوو ڕووپۆشێکی نەختینەیی بۆ دراوی ناوخۆیی بەکار دەهێنێت، یان وەکوو بەرانبەرێك بۆی، بە جۆرێك لە پێناوی پارێزگاریکردن لە سەقامگیریی بەهای دراوی ناوخۆیی، بەشێکی لە ڕێگای دەزگای بانکەوە لە ئابووریدا خەرج دەکات، یان ڕاکێشانی بە پێی پێویست. هەروەها ئەم یەدەگانە بۆ پارەدارکردنی پڕۆسەکانی هاوردەکردن و ڕێکخستنی تەرازووی پارەدان بەکار دەهێنێت[21].

**6. دیاریکردن و هاوسەنگکردنی نرخی ئاڵوگۆڕ:** ئەرکی بەڕێوەبردنی نرخی ئاڵوگۆڕی دراوی ناوخۆیی لەبەرامبەر دراوە بیانییەکاندا لەئەستۆی بانکی ناوەندییە، ئەم ئەرکەش لە دوو بەش پێك دێت: یەکەمیان دیاریکردنی سیستەمی نرخی ئاڵوگۆڕە، بە هەڵبژاردن لەنێوان سیستەمی نرخی ئاڵوگۆڕی "جێگیر" یان "نەرم" یاخود "جووڵاو".

ئەم بژاردەیەش پشت بە کۆمەڵێك هۆکار دەبەستێت، لەوانە: قەبارەی ئابووریی دەوڵەت، پلەی کرانەوەی ئابووری، تێکڕای هەڵاوسان، شێوازی

دابەشکردنی بازرگـــــــانیی دەرەکی[22]. بەشی دووەمی ئەرکەکە بەڕێـــوەبردنی بازاڕی ئاڵوگۆڕە، لە ڕێگەی دیاریکردنی نرخی ئاڵوگۆڕ یان سەرپەرشتیـــکردنی دیاریکردنی، چاودێریکردنی، هەوڵدان بۆ هاوسەنگکردنی، بە جۆرێك بانکی ناوەندی لە سایەی سیستمی نرخی "جێگیر"دا نرخی ئاڵوگـــــــۆڕ دیاری دەکات، یان لە سایەی سیستمی نرخی نەرم یاخود جووڵاودا، لە پێنـــــاوی هێشتنەوەی نرخی ئاڵوگۆڕ لە ئاستی خواستراودا دەستوەردان دەکات[23].

لە هەندێك دۆخدا، بانکی ناوەندی بە بەرزتر لە نرخە ڕاستەقینەکەی هەڵسەنگاندن بۆ دراوی ناوخۆیی دەکات، ئەمەش لە کاتێکدا ناچار بێت بۆ دانەوەی پارەدانی گەورەی دەرەکی، بە ئامانجی کەمکردنەوەی قورسایی ئەو پارەدانانە. لە هەندێك دۆخی دیکەدا بانکی ناوەندی بە کەمتر لە نرخە ڕاستەقینەکەی هەڵسەنگاندن بۆ دراوی ناوخۆیی دەکات، کاتێك لە هەناردەی دەوڵەتیدا ئارەزووی باشکردنی توانای کێبڕکێ دەکات. بەڵام لە دۆخی سروشتیدا بانکی ناوەندی کار بۆ سەقامگیرکردنی بەهای دراو دەکات، بۆ دوورکەوتنەوە لە ناسەقامگیریی نەختینەیی[24].

لە کاتێکدا نرخی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ سیاسەتەکانی دەوڵەتدا نەگونجێت، ئەوا بانکی ناوەندی دەستوەردان لە بازاڕی ئاڵوگۆڕدا دەکات. هەر بۆیە ئەرکی دانانی چوارچێوەی ڕێکخراوەیی بازاڕی ئاڵوگۆڕ دەخرێتە ئەستۆی بانکی ناوەندی، تاوەکوو مامەڵەی ئەم بازاڕە لەگەڵ سیاسەتە ئابوورییەکانی دەوڵەتدا بگونجێت، چونکە ئەم بازاڕە بە گوێرەی سیستمی نرخی ئاڵوگۆڕی کارپێکراو، دراوی ناوخۆیی بە دراوی بیانی دەگۆڕێتەوە، بەمەش بانکی ناوەندی لە دیاریکردنی سیماکانی پەیوەندی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت کە ئابووریی ناوخۆیی بە هاوتا دەرەکییەکەیەوە دەبەستێتەوە، ئاوێنەیەکیشە بۆ پێگەی بازرگانیی دەوڵەت لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، هەروەها ڕەنگدەرەوەی پەیوەندیی نێوان هاوردە و هەناردەی دەوڵەتە[25].

**چوارەم: ئامرازەکانی سیاسەتی دراو**

بانکی ناوەندی بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دراوی پەیڕەوکراو، کۆمەڵێك ئامرازی چۆنێتی و چەندێتی بەکار دەهێنێت، بە جۆرێك لەگەڵ دۆخی ئابووریی هەنووکەییدا بگونجێت، کە بەم شێوەیەیە:

1. ئامرازەکانی چەندێتی: دیارترین ئامرازەکانی چەندێتی کە بانکی ناوەندی لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی دراودا بەکاری دەهێنێت، بریتین لە:

- نرخی دووبارە گەڕانەوەی لێبڕین (نرخی بانك): کە پێناسە دەکرێت بە: نرخی ئەو سوودەیە (الفائـدة)کە بانکی ناوەندی لەبەرانبەر دووبارە داشکاندنەوەی کاغەزە بازرگانییەکان و قەواڵە کورتخایەنەکانی بانکە بازرگانییەکان وەریدەگرێت، ئەمەش


لەبەرانبەر ئەو قەرز و پێشینانەی پێشکەش بە بانکە بازرگانییەکان دەکرێت. نرخی دووبارە گەڕانەوەی لێبڕین لەم بارەدا هاوتایە لەگەڵ نرخی ئەو سوودەی کە بانکە بازرگانییەکان بەسەر خزمەتگوزارییەکانی قەرزپێداندا دەیسەپێنن کە پێشکەش بە کڕیارەکانیان لە هاوڵاتییان و دامەزراوەکان دەکەن[26].

نرخی دووبارە گەڕانەوەی لێبڕین بە دێرینترین ئامرازەکانی سیاسەتی دراو دادەنرێت، گرنگییەکەی لە دەیەی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەدەر کەوت، لەگەڵ زیادبوونی پشتبەستنی بانکە بازرگانییەکان بە قەرزکردن لە بانکە ناوەندییەکان، بە جۆرێك قەرزەکانیان گەیشتە نزیکەی (30%)ی یەدەگەکانیان. نرخی دووبارە گەڕانەوەی لێبڕین، یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکان کە دەسەڵاتی بەخشیوەتە بانکە ناوەندییەکان لە کارەکانی ئەم بانکانەدا[27].

بانکی ناوەندی لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی نرخی دووبارە گەڕانەوەی لێبڕین، دەتوانێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کار بکاتە سەر قەبارەی ئەو قەرزەی بانکە بازرگانییەکان پێشکەش بە هاوڵاتییان و دامەزراوەکانی دەکەن. نرخی دووبارە گەڕانەوەی لێبڕین بریتییە لە تێچووی ئەو قەرزەی بانکە بازرگانییەکان لە بانکی ناوەندییەوە دەستیان دەکەوێت، بۆیە بە بەرزبوونەوەی ئەو تێچوونە، ئەوا ناچار دەبن نرخی سوودی ئەو قەرزە بەرز بکەنەوە کە پێشکەش بە هاوڵاتییان و دامەزراوەکانی دەکەن، ئەم کارەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خواستی هەمووەکی لەسەر وەرگرتنی قەرز.

بە مانایەکی دیکە: پەیوەندییەکی پێچەوانە لەنێوان نرخی دووبارە گەڕانەوەی لێبڕین و خواست لەسەر وەرگرتنی قەرز هەیە، وێنەی ژمارە (1) ئەم بابەتە ڕوونتر دەکاتەوە. گریمان نرخی سوود لای بانکە بازرگانییەکان بە (5%) دیاری دەکرێت، بەمە دەتوانێت قەبارەی خواست لە وەرگرتنی قەرز بگەیەنێتە ئاستی "Y2"، بەڵام لە دۆخی بەرزکردنەوەی نرخی دووبارە گەڕانەوەی لێبڕین لەلایەن بانکە ناوەندییەکانەوە بۆ (10%)، ئەوا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی قەبارەی خواست لەسەر قەرز وەرگرتن بۆ "Y1"، بەم شێوەیە قەبارەی خستنەڕووی دراو لە ئابووریدا بە بڕی "Y2Y1"دادەبەزێت، ئەم کارەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی مەترسییەکانی هەڵاوسان.

هۆکارگەلی زۆریش هەن کار دەکەنە سەر چالاکیی سیاسیی نرخی دووبارە گەڕانەوەی لێبڕین و توانای بانکی ناوەندی بۆ بەکارهێنانی، وەکوو: قەبارەی بازاڕی دراو، کێشی ڕێژەیی نرخی سوود لە ڕووی کۆی خەرجییەکانی چالاکیی ئابووری، دۆخی چالاکیی ئابووری بە شێوەیەکی گشتی، جۆری ئەو چالاکییانەی کە بانکە بازرگانییەکان پارەی بۆ دابین دەکات، ئاستی پشتبەستنی ئەم بانکانە بە بانکی ناوەندی بۆ دەستکەوتنی سەرچاوەی زێدەبایی دراو، هاوشان لەگەڵ سروشتی پەیوەندیی نێوانیان.




**وێنەی (1)**
**چەماوەی خواست لەسەر قەرز**

* **پرۆسەی بازاڕی کراوە:** لە سایەی ئابووریی بازاڕدا بە گرنگترین ئامرازی سیاسەتی دراو دادەنرێت. مەبەست لە سیاسەتی بازاڕی کراوە: دەستوەردانی بانکی ناوەندییە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە بازاڕە داراییەکاندا، لە پێناوی کڕین یان فرۆشتنی کاغەزە داراییەکان بە سیفەتی گشتی، قەواڵە حکومییەکان بە سیفەتی تایبەت، بە ئامانجی کاریگەریدانان لە خستنەڕووی دراو بە گوێرەی پێداویستییەکانی بارودۆخی ئابووری. ئەم سیاسەتە یارمەتیی بانکە ناوەندییەکان دەدات کە بەردەوام دەستپێشخەری لە دەستی خۆیاندا بهێڵنەوە، هەروەها ڕێگەی پێ دەدات بە هەڵڕشتنی پارەی کاش بۆ شادەماری ئابووری یان هەڵمژینی لە کاتێکی گونجاودا، لە پێناوی زامنکردنی سەقامگیریی دراودا. بۆیە بانکە ناوەندییەکان لە پێناوی بەکارهێنانی بۆ سەقامگیریی دراو، پارێزگاری لە بڕێکی گەورەی کاغەزە داراییەکان دەکەن[29]. هەروەها بانکە ناوەندییەکان ئەم سیاسەتە وەکوو ئامرازێك بۆ مسۆگەرکردنی سەقامگیریی نرخی ئاڵوگۆڕ بەکار دەهێنن، لە ڕێگەی دەستوەردان لە بازاڕی ئاڵوگۆڕ، ئیدی بە کڕین یان فرۆشتنی دراوی بیانی بێت لەبەرانبەر دراوی ناوخۆییدا بە پێی پێویست[30].

بۆ بەکارهێنانی سیاسەتی بازاڕی کراوە، بانکە ناوەندییەکان دوو ڕێگەیان هەیە: یەکەمیان لە

حاڵەتی داکشانی ئابووریدایە کە ئامانجی بانکە ناوەندییەکان نەهێشتنی ئەو داکشانەیە، لە ڕێگەی زیادکردنی خستنەڕووی دراو یان جێبەجێکردنی ئەوەی بە "سیاسەتی فراوانخوازیی دراو" ناو دەبرێت، بۆ دروستکردنی خواستێکی کارا لەسەر شمەك و خزمەتگوزارییەکان و زیادکردنی گەشەی ئابووری. لێرەدا بانکی ناوەندی وەکوو کڕیاری کاغەزە داراییەکان لە هاوڵاتییان و بانکە بازرگانییەکان دەچێتە بازاڕەکەوە، تاوەکوو لەبەرانبەر ئەو کاغەزە داراییانەدا پارەی کاشی نوێ هەڵبڕێژێتە شادەماری ئابوورییەوە. هەر چی ڕێگەی دووەمە، لە حاڵەتی هەڵئاوساندایە. لێرەدا بانکی ناوەندی وەکوو فرۆشیاری کاغەزە داراییەکان دەچێتە بازاڕەکەوە، بۆ کێشانەوەی پارەی کاشی زیادە لە سووڕی ئابووریدا کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی قەبارەی خواست و داڕووخانی بەهای دراوی ناوخۆیی دەوەستێنێت[31].

**کۆمەڵێك هۆکار کار دەکەنە سەر کاریگەریی سیاسەتی بازاڕی کراوە، گرنگترینیان بریتین لە[32]:**

- قەبارەی یەدەگی دراو لای بانکە بازرگانییەکان: ئەگەر لەلای بانکەکان یەدەگێکی گەورەی دراو هەبێت، ئەوا کاریگەریی ئەم سیاسەتە کەم دەکاتەوە، چونکە بانکەکان لە ترسی داڕووخانی بەهای دراوەکانیان، بەرەو گرتنەبەری هەنگاوی دژبەرانە دەڕۆن.

- پەیوەندیی بانکە بازرگانییەکان بە بانکی ناوەندییەوە: هاوکاریی نێوانیان و هێزی کاریگەریی بانکی ناوەندی لەسەر ئەو بانکانە، دەبێتە هۆی زیادبوونی کاریگەریی ئەم سیاسەتە، پێچەوانەکەشی ڕاستە.

- یەدەگی دراوی ناچاری: پێویستە لەسەر بانکە ناوەندییەکان پارێزگاری لە لانی کەمی یەدەگی دراوی بانکی ناوەندی بکەن لەژێر ناوی "یەدەگی دراوی ناچاری"دا، کە گوزارشتە لە ڕێژەیەکی دیاریکراو لەو پارانەی لە بانکە بازرگانییەکان دانراون کە پێویستە لەلای بانکی ناوەندی بپارێزرێت، بەبێ ئەوەی بانکی ناوەندی سووی ئەو پارانە بدات کە لەلای پارێزراوە[33]. بانکی ناوەندی لە ڕێگەی ئەم ئامرازەوە دەتوانێت کار بکاتە سەر توانای بانکە بازرگانییەکان لە پێدانی قەرزدا، لە ڕێگەی زیادکردن یان کەمکردنی ڕێژەکەی، وەکوو ئامرازێك بۆ کارکردنە سەر قەبارەی خستنەڕووی دراو لە تەواوی ئابووریدا. ئەم ئامرازە لە دۆخی ناکاریگەری یان بێتوانایی لە بەکارهێنانی بازاڕی کراوە و نرخی دووبارە گەڕانەوەی لێبڕیندا بەکار دەهێنرێت، ئەم دۆخەش لەو وڵاتانەدا ڕوو دەدات کە بازاڕی دراو و داراییان گرفتاری کێشەکانی سنوورداری و گەشەکردن دەبێتەوە[34].

شێوازی بەکارهێنانی ڕێژەی یەدەگی ناچاری لەلایەن بانکی ناوەندییەوە پشت بە دۆخی باوی ئابووری دەبەستێت، بەدیاریکراوی ئەگەر داکشان یان هەڵئاوسان هەبێت. لە دۆخی داکشاندا بانکی ناوەندی ڕێژەی یەدەگی ناچاری کەم دەکاتەوە، بە ئامانجی ئەوەی بانکەکان پارەیەکی کاشی زیاتریان لەبەردەستدا بێت کە یارمەتییان دەدات تاوەکوو قەرزی

زیاتر ببەخشن، وەکوو ئامرازێك بۆ زیاترکردنی خەرجکردنی گشتی لە ئابووریدا. بەڵام لە دۆخی هەڵئاوساندا بانکی ناوەندی پێچەوانەکەی دەکات، بە جۆرێك ڕێژەی یەدەگی ناچاری بەرز دەکاتەوە، تاوەکوو پارە کاشە زیادەکان لە دەستی بانکەکان بکێشێتەوە، توانایان لە پێدانی قەرز کەم بکاتەوە، بەمەش قەبارەی خواستی گشتی کەم دەکاتەوە، پاشان فشارەکانی هەڵئاوسان لە ئابووریدا کەم دەبێتەوە(35).

سەرباری بەکارهێنانی ئەم شێوازە لە هەردوو دۆخی هەڵئاوسان و داکشاندا، بەڵام کاریگەرییەکەی لە نەهێشتنی هەڵئاوساندا گەورەترە وەك لە بەرەنگاربوونەوەی داکشاندا، لە دۆخی هەڵئاوساندا کۆتوبەندێکی چەندایەتیی ڕاستەوخۆ لەسەر توانای فراوانکردنی قەرزپێدانی بانکە بازرگانییەکان دادەنێت، بەڵام لە دۆخی داکشاندا زیادەی سەر پارە کاشەکان لەلای بانکە بازرگانییەکان زیاتر دەکات، بەڵام ئەم بانکانە ناچار ناکات بە زیادکردنی ئەو قەرزانەی دەیبەخشن(36). ڕاستودروستیی ئەم حوکمە لە سەروەختی قەیرانی "بێبازاڕیی گەورە"دا سەلما، کە لە دەیەی بیست و سییەکانی سەدەی بیستەمدا جیهانی گرتەوە، چونکە هەوڵەکانی بانکە ناوەندییەکان لە هاندانی بانکەکان بۆ قەرزپێدان لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ڕێژەی یەدەگی ناچارییەوە سەرکەوتوو نەبوو، بەدیلەکەش ئەوە بوو بانکە ناوەندییەکان پرۆسەی بازاڕی کراوەیان بە شێوەیەکی فراوان بەکار هێنا. بە شێوەیەکی گشتی کاریگەریی ئەم ئامرازە دەوەستێتە سەر قەبارەی ئەو پارە کاشەی لەبەر دەستیدایە، هەروەها ئەگەری دەستکەوتنی پارەی کاش لە سەرچاوەی دیکەوە(37).

2. ئامرازەکانی چۆنایەتی: بانکە ناوەندییەکان ئامرازەکانی چۆنایەتی بەکار دەهێنن بۆ باشترکردنی جۆری قەرزپێدان و ئاسانکارییە بانکییەکان کە لەلایەن بانکە بازرگانییەکانەوە دەبەخشرێت، هەروەها پێدانی قەرز بەو کەرتە ئابوورییانەی کە بەلای دەوڵەتەوە زۆر گرنگن و دوورخستنەوەی ئەو بوار و چالاکییانەی کە ئارەزوو ناکات پارەیان بۆ دابین بکات(38).

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین هەر چەندە سیستمی ئابووری پێشکەوتوو بێت، ئەوا ڕێژەی پشتبەستنی بانکە ناوەندییەکان بە ئامرازەکانی چۆنایەتی سیاسەتی دراو کەم دەبێتەوە، بە هۆی بوونی بازاڕی دراو و دارایی پێشکەوتوو، پێچەوانەکەشی ڕاستە(39).

- چاودێریی چۆنایەتی لەسەر قەرزپێدان: بانکی ناوەندی لە پێناوی کاریگەری خستنە سەر دابەشکردنی قەرز لەنێوان کەرتە ئابوورییەکان یان لەنێوان ناوچە جوگرافییەکانی دەوڵەتدا، هەندێك لە ئامرازەکانی چۆنایەتی بەکار دەهێنێت، بە جۆرێك کە لەگەڵ ئامانجە گشتییەکانی سیاسەتی دراودا بگونجێت، ئەو ئامرازانەش خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە(40):

- دیاریکردنی بڕی ئەو قەرزەی کە بە چالاکییە ئابوورییە جۆراجۆرەکان دەبەخشرێت: بە نموونە زیادکردنی پشکی قەرز بۆ کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی، لەسەر حیسابی پشکی ئەو قەرزانەی بۆ مەبەستە بەکاربەرییەکان دەبەخشرێن. دەکرێت ئەمە بە گوێرەی ڕەهەندی

جوگرافییش بکرێت، بە جۆرێك دەکرێت ئەو قەرزەی بە ناوچە هەژارنشینەکان دەبەخشرێت لەسەر حیسابی ناوچە دەوڵەمەندەکان زیاتر بکرێت.

- دیاریکردنی وادە جیاوازەکان بۆ شایستەیی قەرزەکان بە پێی جۆری بەکارهێنانەکەی، بە جۆرێك وادەی ئەو قەرزانەی بە ئامانجی گەشەپێدان پێشکەش دەکرێن زیاتر بکرێت، لەبەرانبەر کەمکردنەوەی وادەی ئەو قەرزانەی کە بۆ ئامانجەکانی دیکە پێشکەش دەکرێن.

- کاریگەریی مەعنەوی لەسەر سیاسەتەکانی قەزرپێدان: بانکی ناوەندی خاوەنی توانایەکی کاریگەریی مەعنەوییە لە ئاڕاستەکردنی بانکە بازرگانییەکان و سیاسەتەکانی قەرزپێدانی، لە ڕێگەی گرتنەبەری ئەو ڕێکار و ڕێوشوێنانەی کە بانکە بازرگانییەکان بۆ هەموارکردنەوەی سیاسەتی بانکی و قەرزپێدان هان دەدات، بە جۆرێك لەگەڵ تەواوی بانکەکانی دیکەی سیستمەکە و لەگەڵ سیاسەتەکانی دراو و ئابووریی گشتیدا بگونجێت[41]. ئاستی سەرکەوتنی بانکە ناوەندییەکان دەوەستێتە سەر ئاستی هەژموونی مەعنەویی بانکە ناوەندییەکان بەسەر بانکە بازرگانییەکاندا، هەروەها ئاستی هەماهەنگی و هاوکاریی نێوانیان.

**پێنجەم: مشتومڕ لە بارەی سەربەخۆیی بانکە ناوەندییەکان**

لەم ساڵانەی دواییدا مشتومڕەکان لە بارەی سەربەخۆیی بانکە ناوەندییەکان هەڵکشاون، بەتایبەتی لەدوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی جیهانی لە ساڵی 2008، دەتوانین بەم شێوەیە ڕوونی بکەینەوە:

**1. چەمکی سەربەخۆیی بانکە ناوەندییەکان:** سەربەخۆیی بانکی ناوەندی ئاماژەیە بۆ "سەربەخۆبوونی لە دەسەڵاتی حکومەتی جێبەجێکار لەو بڕیارانەی کە پەیوەستن بە سیاسەتی دراوەوە"(42)، بە جۆرێك "جیاکاری هەبێت لەنێوان دەسەڵاتی دراو کە خۆی لە بانکی ناوەندیدا دەبینێتەوە، لەگەڵ دەسەڵاتی ئابووری کە خۆی لە حکومەتدا دەبینێتەوە، ئەمەش لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی دراو و قەرزپێدان و پەیکەری ڕێکخراوەیی بانکدا".

سەربەخۆیی بانکی ناوەندی مانای تاکڕەویی بانکەکە لە دیاریکردنی ئامانجە کۆتاییەکانی سیاسەتی دراودا ناگەیەنێت، بەڵکوو ڕێککەوتنێك لەسەر دیاریکردنی ئەو ئامانجانە لەنێوان حکومەت و بانکی ناوەندیدا هەیە، دەبێت بڕیارەکانی بانکی ناوەندی هاوشان لەگەڵ سەربەخۆییەکەی لەگەڵ سیاسەتی گشتیی ئابووری دەوڵەتدا بگونجێت. لەبەر ئەوە بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی، چەندین مەرجی دیاریکراو هەن کە ئەمانەن[43]:

سەربەخۆیی کارگێڕیی بانکی ناوەندی لە حکومەت، لە ڕێگەی دەستوەرنەدانی حکومەت لە دامەزراندن یان لابردنی بەرپرسە سەرەکییەکانی، تاوەکوو ڕێگە بەو کەسانە بدات سەربەخۆییانە بە دوور لە کاریگەریی فشارەکانی حکومەت بڕیار بدەن.

- سەربەخۆیی بانکی ناوەندی لە دانانی سیاسەتی دراو، هەڵبژاردنی ئامرازە

بەکارهێنراوەکان بۆ جێبەجێکردنی.

- سەربەخۆیی دارایی بانکی ناوەندی، تاوەکوو بێتوانایی حکومەت مسۆگەر بکات لە سنووردارکردنی توانای لە دەستکەوتنی سەرچاوەی دارایی پێویست، بەتایبەتی لە دۆخی پەیڕەونەکردنی ڕێنماییەکانیدا[44].

**2. پاساوەکانی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی:** ژمارەیەك بەڵگەی ئابووری هەن کە جەخت لە گرنگیی سەربەخۆیی بانکە ناوەندییەکان دەکەنەوە. بێرنی فریزەر پارێزگاری پێشووی بانکی یەدەگی فیدراڵیی ئوستراليا دەڵێت: هەوڵی پاساودانی گرنگیی سەربەخۆیی بانکە ناوەندییەکان لە ناوەڕۆکدا یەکسانە بە هەوڵی پاساودانی گرنگیی سەقامگیریی نرخەکان لەلای ئابووریی هەمووەکی. بۆ بەدیهێنانی سەقامگیریی نرخەکان، سەربەخۆیی بانکی ناوەندی بە داخوازی یەکەم دادەنرێت[45]. دەتوانین بەڵگە بە گرنگیی سەربەخۆیی بانکە ناوەندییەکان بهێنینەوە لە ڕێگەی ژمارەیەك پاساوەوە، لەوانە:

- ڕاستگۆیی سیاسەتی دراو پەیوەستە بە ئاستی متمانەی بکەرە ئابوورییەکان لە بانکە ناوەندییەکاندا، هەروەها توانایان لە بەدیهێنانی سەقامگیریی دراودا، لە کاتێکدا سەربەخۆنەبوونی ئەم بانکانە لە دەسەڵاتی حکومەتەکاندا وایان لێ دەکات لە بەکارهێنانیان بۆ مەبەستی سیاسی پارێزراو نەبن، بەتایبەتی کە سروشتی سیاسەتەکانی حکومەت وایە بە ئاڕاستە سیاسییەکانی بەرپرسانی حکومەت کاریگەرە[46].
- سەربەخۆیی بانکە ناوەندییەکان بەتوانایان دەکات لە بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکان بە پلەیەکی گەورەتر لە کارایی و وردی، هەروەها مەرجەکانی شەفافیەت و ڕوونکاری لە کاری ئەم بانکانەدا بەدی دەهێنێت[47]. لە بابەتی بانکە ناوەندییەکان بۆ سەرکەوتن یان شکستهێنان لە دانانی سیاسەتی دراو و جێبەجێکردنیدا، هەروەها لە توانای بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا، سەربەخۆیی مەرجێکی پێویستە[48].
- سیاسەتکاران و بەرپرسانی حکومی ئارەزووی هاندانی ئابووری دەکەن بەرەو گەشەپێدان بە تێکڕاییەکی خێراتر و زیاتر لەوەی توانای لەخۆگرتنی ڕێگەی پێ دەدات، لەم جۆرە بارودۆخانەدا سەربەخۆیی بانکە ناوەندییەکان دەبێتە ئەرك بۆ خۆگرتن لە ڕوودانی ئەو دۆخە[49].
- حکومەتەکان لە بەدیهێنانی کورتهێنان لە بودجەی گشتی و پڕکردنەوەی لە ڕێگەی قەرزکردن لە بانکە ناوەندییەکان هیچ ڕێگرییەکیان نییە، ئەمەش دەبێتە هۆی هاتنەئارای فشاری هەڵئاوسانی گەورە، سەربەخۆیی بانکە ناوەندییەکان هەلی ملکەچنەبوونیان بۆ فەرمانەکانی حکومەت دەڕەخسێنێت و لە لێکەوتە نەرێنییەکانی ئەو دۆخە دووریان دەخاتەوە[50].
- بەرپرسیارێتیی چاودێریکردن و ئاڕاستەکردنی سیستمی دراو و دارایی لە دەوڵەتدا دەخرێتە ئەستۆی بانکی ناوەندی، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئاماژە ڕاستەقینەکانی پەیوەست

بە هەڵئاوسان و داکشان لە ئابووریدا سەربەخۆیی زامنی تواناکانی دەکات، بە دوور لە فشارەکانی حکومەت[51].

• زیادبوونی جیهانگیریی بازاڕە داراییەکان و هاوەدەمبوون لەگەڵ قەیرانە داراییە دووبارەکان، سەربەخۆیی بانکە ناوەندییەکان دەخوازێت، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو قەیرانانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازە داراییە گونجاوەکانەوە، بەتایبەتی کە سەربەخۆیی بە گوێرەی بارودۆخ و پێشهاتە ئابوورییە ڕاستەقینەکان نەرمی و ئازادیی جموجووڵ و کاریگەری بە بانکەکان دەبەخشێت[52].

**3. سەربەخۆیی بانکە ناوەندییەکان لەسەر مەحەك:** پەیوەندیی نێوان حکومەت و بانکە ناوەندییەکان لە دروستبوونیانەوە تا ئێستا چەندین پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە، بە هۆی گەشەکردنی چالاکییە ئابوورییەکان و گۆڕانی ئەرکی ئەم بانکانەوە، هەر لە تێپەڕاندنی ئەرکی دەرکردنی دراوەوە بەرەو کاریگەری لە ئابووریی دەوڵەتان و سەقامگیریی بەهای دراو، تاوەکوو ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان قەبارەی خستنەڕووی دراو و قەبارەی ئابووریی گشتی. لە کاتێکدا دەوڵەتان لە سەرەتادا بەرەو پشتیوانیکردن لە بانکە ناوەندییەکان دەڕۆیشتن، بەڵام لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکەدا ئەم پەیوەندییە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی وەرگرت، چونکە قەیرانی گەورەی ئابووری هانی ژمارەیەك لە دەوڵەتانی دا بۆ ملکەچکردنی بانکە ناوەندییەکان بۆ دەسەڵاتەکانیان بە شێوەیەکی تەواوەتی، هەروەك زیادەڕەوییان کرد لە وەرگرتنی قەرزکردن لەو بانکانە، ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی زیانێکی زۆری بە بارودۆخی دارایی و دراوی نێودەوڵەتی گەیاند، نەوەکوو تەنها بە بارودۆخی بانکە ناوەندییەکان[53].

بیری ئابووری بایەخی بە سەربەخۆیی بانکە ناوەندییەکان داوە. لە ساڵی 1931دا ئابووریناسی بەریتانی جۆن مینارد کینز ئاماژەی بەوە کرد: "بانکی ناوەندی نموونەیی ئەو بانکەیە لەنێوان بەرپرسیارێتیی بنەڕەتیی حکومەتەکان و پلەیەکی باڵا لە سەربەخۆیی دەسەڵاتی بانکەکان تێکەڵاوییەك دروست دەکات".

ئابووریناسی ئینگلیزی دەیڤید ڕیکاردۆ یەکەم کەسە بیرۆکەی سەربەخۆیی بانکە ناوەندییەکانی باس کردووە لە ساڵی 1824دا و دەڵێت: ناکرێت پشت بە حکومەت ببەسترێت لە کۆنترۆڵکردنی دەرکردنی دراوی کاغەزی، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی مەترسییەکی گەورە. حکومەت لە دەرکردنی دراودا زیادەڕەوی دەکات، بۆیە پێویستە دەسەڵاتی دەرکردنی دراو بە لیژنەیەکی هەڵبژێردراو بسپێردرێت، نابێت حکومەت هیچ هەژموونێکی بەسەریاندا هەبێت". ڕیکاردۆ دژی ئەوەیە هەر پەیوەندییەك لەنێوان ئەم لیژنەیە و وەزارەتەکانی حکومەتدا هەبێت، ئەوەش ڕەت دەکاتەوە ئەم لیژنەیە پارە بۆ حکومەت قەرز بکات، لەو بارەیەوە دەڵێت: "لە دۆخێکدا حکومەت پێویستی بە پارە بێت، دەکرێت ئەم لیژنەیە بە پێی یاسا؛


ڕێنمایی یاخود لە ڕێگەی میکانیزمەکانی قەرزپێدانی حکومییەوە قەرزی بداتێ[54]".

لێکۆڵینەوەیەکی بانکی یەدەگی فیدراڵیی ئوسترالی کە هەژدە دەوڵەتی لە ماوەی ساڵانی (1960-1993) گرتووەتەوە[55]، دەیسەلمێنێت کە سەربەخۆیی بانکە ناوەندییەکان دەبێتە هۆی سەقامگیریی دراو و کۆنترۆڵکردنی تێکڕای هەڵئاوسان، لە کاتێکدا مەترسییەکانی هەڵئاوسان لە زیادبووندان ئەگەر بێت و بانکە ناوەندییەکان ببنە نێچیری فشارەکانی حکومەت، حکومەتیش سامانی ئەم بانکە بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجە بەکار بهێنێت. وێنەی ژمارە (2) ئەم بابەتە ڕوون دەکاتەوە، بە جۆرێك هەر دەوڵەتێك بە خاڵێك دیاری کراوە، دەریدەخات هەر چەندە بەهای سەربەخۆیی بانکە ناوەندییەکان بەرز ببێتەوە بە ئاڕاستەی ئاسۆیی بەرەو لای ڕاست، ئەوا دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی تێکڕای هەڵئاوسان لە دەوڵەتدا بەسەر تەوەری سەرەوە بەرەو خوار.

سەرباری هەموو ئەوانە، تا ئێستاش پەیوەندیی نێوان حکومەت و بانکە ناوەندییەکان جێگەی باسوخواسە، لێرەدا پێویستە ئاماژە بکەین بە گرژیی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنجوومەنی یەدەگی فیدراڵیی (بانکی ناوەندی) ئەمەریکی و حکومەتی ئەمەریکی لە ماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا، بە هۆی ئەوەی ئەنجوومەنەکە هەوڵی دا لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی نرخی سوودەوە کۆنترۆڵکردنی هەڵئاوسان بکات، لە کاتێکدا دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمەریکا بۆ هاندانی گەشەپێدان؛ کەمکردنەوەی سوودی بە باشتر دەزانی، بۆیە ترەمپ بەردەوام ڕەخنەی لە ئەنجوومەنی یەدەگی فیدراڵی دەگرت، تا گەیشتە ئەوەی لە تشرینی یەکەمی 2018دا ئەنجوومەنەکە بە "شێت" وەسف بکات[56]. هەروەها هەڕەشەی لەکارخستنی جیرۆم پاوڵی سەرۆکی ئەنجوومەنەکەی کرد، ئەوەش نیگەرانیی ئابووریناسان و ناوەندەکانی دارایی و دراوی لە بارەی سەربەخۆیی ئەنجوومەنەکەوە وروژاند. لەو کاتەدا دامەزراوە داراییەکان پێشبینیی ئەوەیان کرد ئەگەر لەکار لابردنەکە ڕوو بدات، ئەوا بازاڕی دارایی و بەهای سەروەت و سامانی ئەمەریکی بۆ ماوەیەکی درێژ دادەڕووخێت، چونکە دەبێتە هۆی نەمانی متمانە بە سیاسەتی دراوی ئەمەریکی بە شێوەیەکی تەواوەتی[57].

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین سەربەخۆیی بانکە ناوەندییەکان بووەتە پاڵپشتێکی سەرەکی بۆ ئابووریی هاوچەرخ و پێشکەوتوو[58]، تیۆرە ئابوورییەکان و ئەزموونە کردارییەکان ئەوەیان سەلماندووە، بەڵام ئەمە لایەنەکەی دیکەش ڕەت ناکاتەوە کە بە هۆی نەبوونی سنوورێکی ڕوون لەنێوان هەبوون و نەبوونی سەربەخۆییدا، دژواری لە دیاریکردنی پێوەرە وردەکانی سەربەخۆیی بانکە ناوەندییەکاندا هەیە. جگە لەوەی سەربەخۆیی وەکوو خۆی نابێتە هۆی ئەدایەکی ئابووریی نموونەیی لەسەر ئاستی گشتی. بەم شێوەیە نهێنییەکە لە هەڵسەنگاندنی ورد و واقیعی کێشە و ئاڵنگارییە ئابوورییەکانە لە دەوڵەتێکی دیاریکراودا، تا ببێتە بناغەیەك بۆ دانانی سنوورێکی گونجاو بۆ سەربەخۆیی بانکە ناوەندییەکان، وەکوو

ئامرازێك بۆ دۆزینەوەی سیاسەتێکی دراو کە بە شێوەیەکی باشتر بەشداری لە خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگادا بکات[59].




**شێوەی ژمارە (2)**

**پەیوەندیی پێچەوانە لەنێوان سەربەخۆیی بانکە ناوەندییەکان و تێکڕای هەڵئاوسان**

Source: B.W. Fraser, Central Bank Independence: What Does It Mean? Reserve .Bank of Australia Bulletin, December 1994, p 5

## سەرچاوەکان

١. زكريا الدوري، يسرا السامرائي، البنوك المركزية والسياسات النقدية، عمّان: دار اليازوري العلمية، 2013، ص23 .

2. Stefano Ugolini, The Historical Evolution of Central Banking, Handbook of the History of Money and Currency, (UK: Springer Nature, 2018), p2.

3 . ضياء مجيد الموسوي، اقتصاديات أسواق المال، الإسكندرية: مؤسسة شباب الجامعة، 1999، ص246 .

4 . زينب عوض الله وأسامة محمد الفولي، أساسيات الاقتصاد النقدي والمصرفي، بيروت: منشوارت الحلبي الحقوقية،2003 ، ص138 .

5. عبدالواحد المخزومي، الصيرفة المركزية، بيروت: دار الطليعة للطباعة والنشر، 1987، ص25 .

6. أمينة طوقان، دور البنوك المركزية في إرساء السياسة النقدية، مؤتمر مستجدات العمل المصرفي في سورية في ضوء التجارب العربية والعالمية، البنك المركزي السوري، دمشق، 2 - 3 يوليو 2005، ص ص1-2.

7. Roger Orsinger, Banks of the World, (London: Mac Milan & CO. Ltd, 1967), p258.

8. Stefano Ugolini, Op.Cit, p2.

9. سهير معتوق، استقلالية البنك المركزي المصري، مجلة كلية التجارة، جامعة حلوان، 2002، ص10 .

10. محمد حامد دويدار، مبادئ الاقتصاد النقدي والمصرفي، الإسكندرية: جامعة الإسكندرية، 1983، ص218 .

11. بان صلاح الصالحي، دور البنك المركزي في مالية الدولة، بغداد: جامعة بغداد، 2012، ص7.

12. المرجع السابق، ص7.

13. محمد حامد دويدار، مرجع سابق، ص218 .

14. عدنان خالد التركي، السياسة النقدية والمصرفية في الإسام، عمَّان: مؤسسة الرسالة، 1988، ص ص113-112.

15. زكريا الدوري و يسرا السامرائي، مرجع سابق، ص25 .

16. بان صلاح الصالحي، مرجع سابق، ص8.

17. فوزي القيسي، النظرية النقدية، بغداد: مطابع دار التضامن، 1964، ص268 .

18. بان صلاح الصالحي، مرجع سابق، ص10 .

19. محمد حامد دويدار، مرجع سابق، ص219 .

20. حقوق السحب الخاصة: هي أصل احتياطي دولي استحدثه صندوق النقد الدولي عام 1969، كمكمل للاحتياطيات الرسمية للبلدان الأعضاء لدى الصندوق. وتتحدد قيمة حقوق السحب الخاصة وفق سلة من 5 عمات رئيسية، هي اليوان الصيني، والدولار الأمريكي، واليورو، والين الياباني، والجنيه الاسترليني. وحقوق السحب الخاصة هي استحقاق محتمل على عمات البلدان الأعضاء القابلة للاستخدام الحر. ويستطيع حائزو حقوق السحب الخاصة الحصول على هذه العمات من الصندوق في مقابل ما لديهم من حقوق سحب خاصة.

21. فوزي القيسي، مرجع سابق، ص268 .

22. هيفاء غدير غدير، السياسة المالية والنقدية ودورها التنموي في الاقتصاد السوري، المجلد 11 من دراسات اقتصادية، دمشق: الهيئة العامة السورية للكتاب، 2010، ص50 .

23. بان صلاح الصالحي، مرجع سابق، ص10 .

24. عبدالعلي جبيلي، فيتالي كرامارنكو، اختيار نظم الصرف في الشرق الأوسط وشمال إفريقيا، واشنطن، صندوق النقد الدولي، 2003، ص ص21-19 .

25. موري سومية، آثار تقلبات أسعار الصرف على العائدات النفطية: دراسة حالة الجزائر، رسالة دكتوراه، كلية العلوم الاقتصادية وعلوم التيسير، جامعة أبي بكر بلقايد، الج ا زئر، 2009/2010، ص ص7-14.

26. إيمان باديس، دور البنك المركزي في ممارسة الرقابة على البنوك التجارية، رسالة ماجستير، كلية العلوم الاقتصادية والعلوم التجارية وعلوم التيسير، جامعة العربي بن مهيدي، الجزائر، 2011/2012 ، ص65 .

27. باري ن. سيجل، النقود والبنوك والاقتصاد، ترجمة: طه عبدالله منصور وعبدالفتاح عبد الرحمن عبد المجيد،)الرياض: دار المريخ للنشر، 1987، ص254 .

28. فوزي القيسي، مرجع سابق، ص270 .

29. باري ن. سيجل، مرجع سابق، ص251 .

30. سعيد نعمان، النظام النقدي، الجزائر: وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، 2008 ، ص105 .

31. خضير عباس المهر، التقلبات الاقتصادية بين السياسة المالية والنقدية، السعودية: جامعة الملك سعود،1980 ، ص ص184-189 .

32. إيمان باديس، مرجع سابق، ص ص74-80 .

33. نواف جابر مالك الصباح، أثر أدوات النقد التي يستخدمها البنك المركزي الكويتي في إرساء السياسة النقدية لتشجيع البنوك على دعم الاستثمار، رسالة ماجستير، جامعة الشرق الأوسط، الأردن، 2013، ص13 .

34. أحمد غربي، مدى فعالية السياسة النقدية في التشغيل و استقرار الأسعار - حالة الجزائر، مجلة الاقتصاد والمالية، جامعة حسيبة بن بوعلي الشلف، ديسمبر 2016، ص5.

35. نواف جابر مالك الصباح، مرجع سابق، ص19 .

36. أحمد غربي، مرجع سابق، ص5.

37. Allan H. Meltzer, Monetary, Credit and (Other) Transmission Processes: A Monetarist Perspective, Journal of Economic Perspectives, Fall 1995, pp66-68.

38. إيمان باديس، مرجع سابق، ص ص56-57 .

39. Allan H. Meltzer, Op.Cit, p68.

40. باري ن. سيجل، مرجع سابق، ص272 .

41. نواف جابر مالك الصباح، مرجع سابق، ص ص20-21 .

42. بان صلاح الصالحي، مرجع سابق، ص5.

43. خلف محمد حمد الجبوري، دور استقلالية البنوك المركزية في تحقيق أهداف السياسة النقدية مع الإشارة إلى التجربة العراقية في ضوء قانون البنك المركزي العـ ا رقي رقم 65 لسنة 2004، مجلة تكريت للعلوم الإدارية، كلية الإدارة والاقتصاد، جامعة تكريت، العدد 23، المجلد 7، 2011، ص72 .

44. حيدر حسين آل طعمة، استقلالية البنوك المركزية: المبررات والمعايير، مركز الفرات، 4 ديسمبر 2018، متاح على الرابط: http:// cutt.us/pCkPL

45. B.W. Fraser, Central Bank Independence: What Does It Mean?, Reserve Bank of Australia Bulletin, December 1994, p1.

46. Gabriel Mangano, Measuring Central Bank Independence: A Tale of Subjectivity and of its Consequences, Oxford Economic Papers, Volume 50, Issue 3, July 1998, pp 468–492.

47 . هيفاء غدير غدير، مرجع سابق، ص207 .

48. منصوري زين، استقلالية البنك المركزي وأثرها على السياسة النقدية، ملتقى المنظومة المصرفية الجزائرية والتحولات الاقتصادية: واقع وتحديات، جامعة الشلف، الجزائر، 2010، ص424 .

49. B.W. Fraser, Op.Cit, p1.

50. Gabriel Mangano, Op.Cit, p2.

51 . حيدر حسين آل طعمة، مرجع سابق.

52. المرجع السابق.

53 . خلف محمد حمد الجبوري، مرجع سابق، ص ص73-74 .

54. منصوري زين، مرجع سابق، ص421 .

55. B.W. Fraser, Op.Cit, p 1.

56. إيمان باديس، مرجع سابق، ص ص48-53 .

57. Samuel Rines, The Clash between Trump and the Federal Reserve, The National Interest, January 6th 2019, available at: http://bit.do/eMbrN

58. The Economist, A debate about central-bank independence is overdue, October 20th - October 26th, 2018, p 9.

59. Athanasios Orphanides, the Boundaries of Central Bank Independence: Lessons from Unconventional Times, Institute for Monetary and Economic Studies, Bank of Japan, Discussion Paper No. 2018-E-10, August 2018, p1.

ئایندەناسی

# ڕاپۆرتی ئایندەیی

# گەندەڵی وەك یەكێك لە چوار مەترسییەكەی سەر ئایندەی دەوڵەتی عێراق

**ڕاپۆرتی تایبەت بە "دیداری ڕافیدەین"**
**ئامادەكردن:** گۆڤاری ئایندەناسی




**بەرایی**

ڕۆژانی 30-28، لە شاری بەغدا كارەكانی دیداری ڕافیدەین بەڕێوە چوون لە بارەی پرسە هەنووكەییەكانی عێراق، لەم دیدارەدا یەكێك لە ووركشۆپە داخراوەكان تایبەت بوو بە هەڵكشانی دیاردەی گەندەڵی و مەترسییەكانی لە بارەی ئایندەی دەوڵەتی عێراقەوە بە ناونیشانی "سیستمی گەندەڵی: ئافاتێكی زاڵ و چارەسەرگەلێكی شەرمنانە". نێردراوی ئایندەناسی لە دیدارەكەدا لەم ووركشۆپەدا بەشدار بوو كە ژمارەیەك بەرپرس و باڵوێز و بەڕێوەبەرانی كۆمپانیاكان تێیدا ئامادە بوون و لێرەدا پوختەی گفتوگۆكان خراونەتە ڕوو.

بەشدارانی ووركشۆپەكە كە سەرەكیترینیان بریتی بوو لە نوێنەرانی دیوانی چاودێریی عێراق و ئاسایشی نیشتمانی و ژمارەیەك ئەكادیمی و نوێنەری كۆمپانیا وەبەرهێنەكان، هاوڕا بوون لەسەر

ئەوەی کە دیاردەی گەندەڵی لە عێراق لە حاڵەت و دیاردەوە بووەتە سیستم و کۆنترۆڵی زۆر لە جومگەکانی کردووە. لە بارەی وردەکارییەکانی دیاردەی گەندەڵییشەوە، هەندێك وردەکاری خرانە ڕوو.

**سکاڵاکانی دیوانی چاودێری**

جێگری سەرۆکی دیوانی چاودێریی عێراق؛ عەبدولکەریم فارس، باسی لەوە کرد مێژوووی دامەزراندنی دیوانی چاودێری لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1927. بە گوێرەی یاسا کارپێکراوەکانیش، دەزگاکە مافی چاودێریکردنی هەیە بەسەر سەرجەم دامەزراوەکان، بەڵام لە ئێستادا کێشەی ئەوەیە لایەنێکی جێبەجێکار نییە ڕاپۆرت و ڕاسپاردەکانی جێبەجێ بکات. هەروەها ئەوەی خستە ڕوو لەپاش هەڵوەشاندنەوەی نووسینگەی پشکنەرە گشتییەکانی وەزارەتەکانەوە، دیوانی چاودێریی دارایی لایەنێکی جێبەجێکاری گرنگی لەدەست داوە.

بەرپرسەکەی دیوانی چاودێریی دارایی باسی لەوە کرد دەزگاکەیان توانای پاکتاوکردنی بودجەی زۆربەی ساڵەکانیشی نییە (الحسابات الختامية)، چونکە کابینەکان پێشکەشی ناکەن، ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی دەزگاکانی جێبەجێکردن چۆنیان بوێت؛ پاساوی خەرجکردن بۆ پارە خەملێنراو و تەرخانکراوەکان بدۆزنەوە. ناوبراو بەبێ ئاماژەکردن بە ناوی سەرۆکوەزیران، ئەوەی خستە ڕوو لە بودجەکانی کابینەی (2014-2018)، کە سەردەمی حەیدەر عەبادی دەکات، تاوەکوو ئێستا تەنیا حساباتی کۆتایی و پاکتاوی خەرجییەکانی بودجەی ساڵی 2015ی بەتەواوی کردووە و تازەبەتازە وردبینی لە ژمێرەی 2016 دەستی پێ کردووە. شتێکی ڕوونیشە کە لە هەر وڵات و جێگەیەکدا ژمێرەی کۆتایی نەبوو، ئەوە مانایەکی ئەوتۆ بۆ خەمڵاندنەکانی بودجە نامێنێتەوە.

ئەم دانپێدانانەی دیوانی چاودێریی دارایی دەربارەی سەردەمێکە کە سەرۆکوەزیرانەکەی (حەیدەر عەبادی) زۆرترین بانگەشەی شەفافیەت و گێڕانەوەی ماف دەکات، بە گەڕانەوەش بۆ سەردەمی مالیکی کە ساڵانی بودجە 100 ملیار دۆلارییەکان بوون چەندەها چیرۆکی بەهەدەردانی سامانی گشتی هەن. لەم سەردەمەدا (2006-2014) جگە لەو پارانەی بۆ مووچەی کاش ڕۆیشتوون، سەرجەم خەرجییەکانی دیکە قسە و ڕاپۆرتیان لەسەرە و هەندێك پارەی تەرخانکراو بۆ نەخۆشخانە و دەزگا خزمەتگوزارییەکان هیچ شوێنەوارێکیان نییە، هەندێ پڕۆژەش کە بەردی بناغەیان دانراون، نە پڕۆژەکە و نە پارەکەشیان هیچی دیار نین. لە کۆتا ساڵی ویلایەتی دووەمی مالیکیشدا، عێراق خاوەن بودجە نەبوو بە هۆی ناکۆکییە سیاسییەکان و پاشان پەلکێشانی داعش لە عێراق و کەوتنی شارەکانی موسڵ و سەلاحەدین و ئەنبار بە دەستی ئەم ڕێکخراوە کە گەیشتنە لێواری پشتێنەی بەغدا لە حوزەیرانی 2014، ئەمەش وای کردووە حکومەت دەستکراوە بێت لە خەرجیدا بەبێ هەبوونی چاودێری.

## پۆست و پێگە هەستیارەکانی نزیك لە گەندەڵی

بە گوێرەی زانیاریی لایەنە پەیوەندیدارەکانی ووۆرکشۆپەکە، 37 پۆستی وەزیفی و 17 لیژنەی حکومی و پەرلەمانی زۆرترین خواستیان لەسەرە لە جومگە سەرەکییەکانی حکومەتی فیدراڵیدا، چونکە ئەم پێگە و بەرپرسیارێتییانە دەرفەتیان هەیە گەندەڵی تێبپەڕێنن یان چاوپۆشیی لێ بکەن، جارجارەش باسی ئەوە گەرمە کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت. لایەنە پەیوەندیدارەکان باسی ئەوەشیان کرد هیچ یاسایەکی تایبەت نییە کاری ئەم جومگە هەستیارانە ڕێک بخات، یان چاودێرییان لەسەر دابنێت بۆ ئەوەی لە گەندەڵییەوە نەگلێن. هەندێك لەو میوانە لوبنانییانەشی لە ووۆرکشۆپەکەدا بوون، باسیان لەوە کرد ئەگەر یاسای تایبەتیش هەبن بۆ ڕێگری زۆر لە بارودۆخەکە ناگۆڕێت، چونکە نزیکترین نموونە لە عێراقەوە کە لوبنانە، دەوروبەری 300 یاسای جۆراوجۆری چاودێری و بەدواداچوونی هەیە، کەچی دەرەنجامی حکومەتەکەی بە مایەپووچی و دارمانی باری ئابووری کۆتایی هات، ئەویش بە هۆی سستی و خراپیی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و مانەوەی یاساکان بەبێ جێبەجێکردن.

ئەم هەڵوەستەیە لەسەر کاری لیژنە و پێگە هەستیارەکان، بەر لە دیارنەمانی 3.7 ترلیۆن دینار (2.5 ملیار دۆلار)ی سپاردەی باجی کۆمپانیا بیانییەکان بوو کە لە میدیاکاندا بە "دزی سەدە" ناسراوە. بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانەشی کە کراون، بەفەرمی 16 بەرپرس و پێگەی جۆراوجۆر ڕۆڵیان هەبووە لە ئاسانکاریکردن بۆ بردنی ئەو پارانە لەلایەن پێنج کۆمپانیای وەهمییەوە، بەر لەوەی دواتر پەرلەمانتاری سەربەخۆ باسم خەشان باس لەوە بکات نزیکەی 100 بەرپرس لە پۆستی هەستیاری جیاجیا هەر لە پەرلەمانەوە تا حکومەت، ڕۆڵیان هەبووە لە ئاسانکاریکردن بۆ ئەو گەندەڵییە گەورەیە. لەم گەندەڵییەدا ئەو پارەیەی کە براوە، سپاردەی کۆمپانیا بازرگانی و نەوتییەکانە کە بە گوێرەی یاسا بڕی 5%ی هەموو گرێبەستێك لە هەژمارێکی بانکی ڕافیدەین دادەنێن تا ئەو کاتەی پاکتاوی باج و سزاکانی سەریان دەکەن، ئەگەرنا دەست بەسەر ئەو سپاردانەیاندا دەگیرێت. بەم پێیەش، پارەکە بەشێکە لە سامانی گشتی و ڕسوماتی دەوڵەتە لە کۆمپانیاکان.

## هۆکارەکانی تەشەنەکردنی گەندەڵی و لێکەوتەکانی

بە گوێرەی بەشداریی کەسایەتییە ئەکادیمییەکانی ووۆرکشۆپەکە، گەندەڵیی دارایی و ئیداری مەترسیدارترین جۆری گەندەڵییە، چونکە دەبێتە هۆی پەکخستنی پلانەکانی پەرەپێدان، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و هەڵهاتنی سەرمایە نیشتمانییەکان بۆ ژینگە گونجاوەکان، بۆ چارەسەرکردنیشی پێشنیارەکان زیاتر بریتین لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەنێوان خەڵك، پابەندیی حکومەت بە بەرەنگاربوونەوەی، پەرەپێدانی یاساکانی

چارەسەرکردنی، چونکە باوەڕ وەهایە لە عێراقدا پێنج هەزار یاسای بیرۆکراتی و لەمپەر هەبن لەبەردەم کاری کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کە بڕیارە تەواوکەری کەرتی گشتی و لە هەمان کاتیشدا ڕکابەریشی بن.

لە بارەی هۆکاری سەرهەڵدانی دیاردەی گەندەڵییشەوە، بە گوێرەی بۆچوونە ئەکادیمییەکان دوو ڕەوتی توێژینەوەی سەرەکی هەن سەبارەت بە سەرهەڵدانی دیاردەی گەندەڵی؛ یەکەمیان بۆ هۆکاری ئەخلاقی دەگەڕێنێتەوە، ئەمەش پەیوەست بە گەندەڵیی ڕەفتاری خەڵک و مەیلی دەروونیی کەسانی خراپ، دووەمشیان بۆ لاوازی و سستیی یاساکان و نەبوونی چاودێریی پێویست کە ئەمەش سەرەنجام ڕێگا خۆش دەکات بۆ گەندەڵبوونی ناگەندەڵەکان لە کۆتاییدا.

زۆربەی بۆچوونەکانیش هاوڕان لە بارەی ئەوەی ئابووریی ڕەیعی بەشداریی سەرەکیی هەیە لە بەرهەمهێنانی گەندەڵی بە هەمان شێوە. ئەو قسەیەکی مایکڵ ڕۆسی هێنایەوە، کە ڕایگەیاندووە سیستمی سیاسی لە ئابوورییە ڕەیعییەکاندا کار لەسەر دابەشکاری و کڕینی خەڵك دەکات، لەم کاتەشدا دەوڵەت ناتوانێت یاساکان جێبەجێ بکات و لێپرسینەوە لە دژی ئەو گرووپانە بکات کە لە شێوەی تۆڕی قووڵی گەندەڵیدا کار دەکەن و بوونەتە ڕێکخراو.

لە جێبەجێکردنی هەمان دیدگاش بەسەر عێراقدا، ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە وڵاتەکە "بەدەست گەندەڵییەکی بەرفراوان لە هەموو دامودەزگاکانی حکومەتدا دەناڵێنێت". لە بارەی هۆکاری ئەمەشەوە، باس لە میراتی دەسەڵاتی پێشوو دەکرێت (نەبوونی شەفافیەت، دامودەزگای دیموکراسی و بەهەدەردانی سامان)، هەروەها شلۆقیی دەوڵەت کە خۆی لە (لاوازیی پێکهاتەی حکومەت، نەبوونی ژێرخان و سەرکردەی کارامە)دا دەبینێتەوە، لە کاتێکدا کارتێکەرەکە باڵادەستەکان بریتین لە: تایفەگەری، خزمایەتی، بەڕێوەبردنی لاوازی کەرتی گشتی، بێسەروبەریی یاسادانان، نەبوونی دیدێکی گشتگیر و لاوازیی ئیرادەی سیاسی و لاوازیی کۆمەڵگەی مەدەنی.

### سێ مەترسییەکەی تری سەر عێراق

جێگری سەرۆکی دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی عێراق د. عیسام سەعدی، لە میانەی بەشداریی وۆرکشۆپەکەدا ئەوەی خستە ڕوو کە لە ئێستادا ئەو هەڕەشانەی ڕووبەڕووی عێراق بوونەتەوە، بە پلەی یەکەم چوار شتن کە بریتین لە: تیرۆر، ماددەی هۆشبەر، گۆڕانی کەشوهەوا، گەندەڵی و خستنەلای سامانی گشتی. مەترسیی هەڕەشەی چوارەمیش کە گەندەڵییە، لەوەدایە کە ڕێگر و کێشەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی لێکەوتەی سێ مەترسییەکەی دیکە کە پێویستیان بە تەرخانکردنی بودجە هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان.

# ١٠٠ ساڵەی کۆمار
# ئایندەی تورکیا بەرەو کوێ؟

**ئامادەکردن: عەدنان ئەحمەد**




**بەرایی**

کۆماری تورکیا ١٠٠ ساڵی تەمەنی تێدەپەڕێنێت، ١٠٠ ساڵ لە دروستبوون، جەنگ، ناکۆکی لەگەڵ کورد و دراوسێ و ڕۆژئاوا، زنجیرەیەک کودەتا، قەیرانی ئابووریی قورس و دەستگەیشتن بە چەکی پێگەیشتوو. دوای ١٠٠ ساڵ لە سەرهەڵدانی کۆماری تورکیا، لە ئێستادا هەموو چاوەکان لەسەر ئایندەی ئەم کۆمارەن، هەندێک کەس پێیان وایە ئایندەی ئەم کۆمارە پەیوەندیی بە پەیوەندییەکانیەوە هەیە لەگەڵ کورد و هەندێکیش دەیبەستنەوە بە بەهاکانی دیموکراسیەت و ئازادییەکان لەو وڵاتەدا. لە ئێستادا کە وڵاتەکە بەرەو هەڵبژاردنێکی چارەنووسساز هەنگاو دەنێت، لە هەر کاتێک زیاتر باس لە ئایندەی ئەم وڵاتە دەکرێت، چونکە دوای ٢٠ ساڵ ئیتر پارتی داد و گەشەپێدان ناتوانێت حاکمی ڕەهای وڵاتەکە بێت، ڕکابەرەکانی چاویان لە کورسییەکەیەتی و کوردیش بووە بە کلیلی یەکلاکەرەوەی ئەنجامەکان و تا ئاستێکی زۆر پارتی دیموکراتی گەلان دیاریی دەکات کێ فەرمانڕەوایەتیی

ئایندەی تورکیا دەکات. لەم دۆخە ئاڵۆزەدا هەمووان پرسیار دەکەن ئایندەی ئەم وڵاتە بەرەو کوێ دەچێت؟

**دیدگای ئەردۆغان، ١٠٠ ساڵەی تورکیا**

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری 2022، لە هۆڵی وەرزشیی ئەنقەرە، لەژێر ١٦ ناونیشاندا و بە ناوی "١٠٠ ساڵەی تورکیا"؛ دیدگا، ئامانج و پلانەکانی وڵاتەکەی بۆ 100 ساڵی ئایندە خستە ڕوو.

سەرۆککۆماری تورکیا ماوەی کاتژمێرێک و ١٥ خولەک قسەی کرد، زۆربەی کاتی قسەکانی تەرخان کرد بۆ ئەزموونی ٢٠ ساڵەی فەرمانڕەوایی پارتەکەی و چەند خولەکێکی کۆتایی قسەکانیشی تەرخان کرد بۆ "ڕۆحی دیدگای ١٠٠ ساڵەی تورکیا" و لەم بەشەدا باسی ئایندەی وڵاتەکەی و ئامانجەکانی کرد و وتی بە ڕێگا و میکانیزمی تایبەت دەست بە قۆناغێکی نوێ دەکەن.

ئەردۆغان وتی، بەجۆشوخرۆشەوە پێ دەنێینە "100"ەمین ساڵەی دامەزراندنی کۆمارەکەیان و ئەم ڕۆیشتنە نێو سەدەی دووەم تەنها گۆڕینی ڕێکەوتێک و ژمارەگۆڕین نییە، بەڵکوو بازدانێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و دیپلۆماسییشە و وەک سەرمایەیەکی هەرە گەورە بۆ نەوەکانی ئایندەی بەجێ دەهێڵن. هەروەها دیدگاکانیان بۆ ساڵانی (2053) و (2071)یش لەو هەنگاوە گەورانەن کە لە رێگای 100 ساڵی ئایندەدا دەیهاوێژن. لەم ڕێگایەدا هەوڵی فراوانکردنی ڕووبەڕەکانی ئازادی، ماف، گەشەپێدان و بەهێزبوون دەدەن، هەوڵیش دەدەن تورکیا بکەن بە هێزێکی گەورەی هەرێمی و جیهانی و تەنها لە بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتییانیان ناوەستن. ئەردۆغان پێی وایە سەد ساڵی ئایندە بریتییە لە بازدان بۆ زیندووکردنەوەی ڕەگوڕیشەی شارستانیەتەکەیان و پێکەوە هەوڵ دەدەن یادی 100 ساڵەی دامەزراندنی کۆمارەکەیان بکەن بە خاڵی سەرەتای ئەو بازدانە گەورەیە. ئەردۆغان نایشارێتەوە کە یەکێک لە ئامانجەکانیان گۆڕینی دەستوورە کە وەک پارێزەر و بەهایەکی گرنگ دادەنرێت لە تورکیا و دەیانەوێت بە جۆرێک دایبڕێژنەوە لەگەڵ سەردەمی نوێ و فەلسەفەی پارتەکەیاندا بگونجێت.

ئەردۆغان لە ڕاگەیاندنی دیدگا ١٠٠ ساڵەییەکەی تورکیادا بەوردی ئامانجەکانی وڵاتەکەی لە سەدەی نوێی دەوڵەتەکەیدا ئاشکرا کرد و وتی دەبێت ئامادەی هەڕەشەکان بن، هەلەکان لەدەست نەدەن و بە ڕێگا شۆڕگێڕی و دینامیکییەکەی مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە دەست بەو گەشەپێدانەوە بگرن کە لە نەجمەدین ئەربەکانەوە بۆیان بەجێ ماوە. لەمەش گرنگتر، هەوڵ بۆ ئاشتیی نێوخۆیی، سیاسی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییە هەرێمی و جیهانییەکان دەدەن.

لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا ئەردۆغان پێی وایە پێویستە تورکیا لە ئاستی جیهانی ئیسلامیدا ببێتە ڕێبەر، بەرگریکار و ئاڵاهەڵگری ئەم جیهانە. هەروەها لە ئاستی وڵاتانی تورک زمانیشدا ڕێبەرایەتیی خۆی بەهێز و تۆکمە بکات.

**ئایندەیەکی گەش و خەمی کۆمار**

لەبەر ئەوەی ئێستا تورکیا لەنێو ژمارەیەک قەیرانی قووڵ و لەبەردەم کۆمەڵێک ئاڵنگاریی قورسدایە، هەمووان چاویان لە ئایندەیە و پارتەکانیش زیاتر لەوەی باسی ئێستا بکەن؛ بەڵێنی "ئایندەیەکی گەش" بە خەڵک دەدەن، تەنانەت ئەستێرەناسەکانیش زیاتر لە جاران پێشبینییەکانیان دەخەنە ڕوو. "نوورای سایاری" کە ئەستێرەناسێکی بەناوبانگی تورکیایە، لە وتارێکیدا کە لە مانگی تەمموزی ٢٠٢٢ لە ئەنتاڵیا پێشکەشی کرد، باسی لە "ئایندەی گەش"ی وڵاتەکەی کرد. سایاری لە وتارەکەیدا وتی، لە ئایندەی تورکیادا جەنگ بوونی نییە، لەگەڵ هیچ دراوسێ و وڵاتێکی دیکەدا ناکەوێتە نێو جەنگەوە و دەبێتە گەورەهێزی جیهان. "ئایندەی تورکیا زۆر جوان دەبێت، بەتایبەت لە ساڵی ٢٠٢٥ و ساڵانی دوای ٢٠٢٧، تورکیا پەیامی جوانی دەبێت بۆ هەمووان، ئابووریی تورکیا بەهێز دەبێت و لە وڵاتە بەهێزەکانی جیهان دەبێت."

ئاک پارتی و سەرجەم پارتەکانی دیکە لە ئێستادا زۆرترین گرنگی بە گەنجانی وڵاتەکەیان دەدەن و پێیان وایە ئەم "ئایندە گەشە" لە دەستی ئەم گەنجانەدایە، بەتایبەت کە گەنجانی تورکیا لە ٨٥ ملیۆن دانیشتووی تورکیا، سەرووی ١٣ ملیۆنی پێک دەهێنن. دامەزراوەی ڕاوێژکاری و توێژینەوەی ئابووریی ئەستەنبوڵ، ڕاپرسییەکی لە بارەی تێڕوانینی گەنجانی تورکیا لە بارەی ئایندەی وڵاتەکەیان ئەنجام داوە. بە پێی توێژینەوەکە، بە پێچەوانەی پێشبینیی زۆربەی توێژەر و شیکەرەوە سیاسییەکان، زۆربەی گەنجانی تورکیا پێیان وایە لە ئایندەدا پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ناتۆ و یەکێتیی ئەورووپا باشتر و بەهێزتر دەبێت و بە ئەرێنی لێی دەڕوانن، بەڵام بە نەرێنی و بێهیواییەوە تەماشای پەیوەندی و ئایندەی تورکیا لەگەڵ چین، ڕووسیا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکەن.

سەمیر ئەلتەقی؛ سەرۆکی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی شەرق، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ د. گۆکهان چنکارا؛ پسپۆڕ و توێژەری بواری جیۆپۆلەتیک، باس لە ڕۆڵی تورکیا لە چەند ساڵی ئایندە دەکات و دەڵێت تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە خاوەن پێگەیەکی گرنگ و بێوێنەیە لە چەند ساڵی ئایندەدا. تورکیا لەدوای جەنگی ساردەوە پێگە هەرێمایەتییەکەی لە ڕێگەی گەشەپێدان، پەرەپێدانی ئابووری و ڕۆڵە جیۆئیکۆنۆمییەکەیەوە دروست کردووە و بە پێچەوانەی ئێران و چەند وڵاتێکی دیکەشەوە کە هەمان خواستیان هەبووە و شکستیان هێنا، سەرکەوتوو بوو لەم کارەیدا. تورکیا خاوەن ژێرخانێکی کولتووری و بەهاکانی دەوڵەتێکی سکۆلاری نیشتمانیی تەمەن درێژە و کولتوورێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی بەهێز و دامەزراویشە، ئەمە جگە لەو سوپا دیسپلینکراو و دوور لە سیاسەتەی کە دایمەزراندووە. هەموو ئەم تایبەتمەندییانە وای کردووە تورکیا ببێتە یەکێک لەو وڵاتانەی کە لە ئاستی هەرێمی و جیهانییشدا کاندیدن بۆ ئەوەی ببنە وڵاتی خاوەن پێگە، دیار و پێشکەوتوو، بەڵام بۆ ئەوەی خۆی بگەیەنێتە ئاستێکی باڵا لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا، پێویستە چەند هەنگاوێک بنێت، لەوانەش ئەو ڕێگرییانە لا ببات کە لەسەر ڕێگای گەشە ئابوورییەکەیدا

هەن، گرنگیی زیاتر بە بونیادنان بدات، لە چوارچێوەی ئابوورییەکی لیبراڵ و ڕووندا. ناکۆکییە ئایدۆلۆژییەکان کەم بکاتەوە و ئاشتیی نێوخۆیی بەرقەرار بکات. پێویستە سەرکردەکانی تورکیا خۆیان لە چوونە ناو هەر جەنگێکی گەورە بەدوور بگرن تا ئەو کاتەی جەنگەکە یەخەیان دەگرێت، بەتایبەت کە تورکیا خاوەن میراتێکی گەورەی ڕووبەری ئاویی گرنگ و ستراتیژییە.

نازم گویڤەنچ لە نووسەرە هەرە دیارەکانی لایەنگری جەهەپەیە، لە کتێبێکیدا بە ناوی "ئایندەی تورکیا و جەهەپە"، باس لە ڕابردووی تورکیا لە ١٠٠ ڕابردوودا و ئایندەکەی دەکات. گویڤەنچ دەڵێت: "بەڵێ، دەزانین و هەستی پێ دەکەین کە ڕۆژبەڕۆژ تورکیا بەرەو سیستمی 'شەریعەتی نەرم' دەبرێت و هەوڵ دەدرێت کۆتایی بە کۆمارییەتی ١٩٢٣، یەکێتیی نەتەوەیی و یەکدەستیی دەوڵەت بهێنرێت." گویڤەنچ دەڵێت، ئەم مەترسییە وەها دەکات بە ڕێگای ئەتاتورک ئەم ئایندەیە ڕزگار بکرێت و ئەوەش تەنها بە میراتەکەی ئەتاتورک دەکرێت کە پارتی گەلی کۆماریی "جەهەپە"یە، چونکە ناتوانرێت ئایندەی تورکیا لە ئایندەی جەهەپە جیا بکرێتەوە، ئەمەش بەوە دەکرێت جەهەپە نوێ بکرێتەوە و تەنها بەم نوێکردنەوەیەش دەتوانرێت تورکیا ڕزگار بکرێت.

### پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەورووپا

تورکیا کە لە کۆتایی (١٩٥٩)وە و لەسەر دەستی عەدنان مەندەریسی سەرۆکی پارتی دیموکرات و سەرۆکوەزیران؛ ڕووی لە دامەزراوە گەورەکانی ئەورووپا کرد، هەمیشە هەوڵی داوە لە پەیوەندییەکی بێکێشەدا بێت لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا، بەڵام قەیرانەکانی ئەو وڵاتە، هاتن و چوونی فەرمانڕەوا خاوەن ئایدۆلۆژییە جیاوازەکان و تێڕوانینی ئەورووپییەکان بۆ ئەنقەرە، وای کردووە ئەم خواستە بەئاسانی نەیەتە دی.

ئاتیلا ئەرئالپ؛ توێژەر لە ناوەندی توێژینەوە ئەورووپییەکان و پرۆفیسۆری فەخری لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی تەکنیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باس لە پەیوەندییەکانی تورکیا و یەکێتیی ئەورووپا دەکات و دەڵێت لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا تورکیا لە بابەتە گەرمەکانی گفتوگۆکانی ئەورووپا بووە. تورکیا لە ساڵانی نەوەدەکان و سەرەتای دوو هەزارەکانیشدا بابەتی هەرە گەرمی ئەورووپا بوو، هۆکاری ئەمەش ئەوە بوو کە تورکیا دەستی بە چاکسازی کردبوو، کاندیدی بەهێزی بوونە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا بووە و بەگەرمی دانوستانی لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپاش هەبوو، بەڵام تورکیای ئەمڕۆ ئیتر کاندیدی بەهێزی یەکێتییەکە و هاوپەیمانێکی نزیکی ئەورووپا نییە و وەک وڵاتی سێیەم و دراوسێ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

دواین بڕیارەکانی ئەورووپا لە بارەی ئەورووپا لە بواری یاسایی، بازرگانی و سیاسییش، ئاماژەی ڕوونن کە پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی ئەورووپا و تورکیا بەتەواوی لاواز بووە و تازەنەکردنەوەی یەکێتیی گورمگیش هێندەی دیکە ئایندەی پەیوەندییەکانی تاریک کردووە.

ئەورووپییەکان بەوردی هەڵوێستیان وەرگرتووە لە بارەی ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە کێشە ئەمنی، وزەیی و سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و پێیان وایە تورکیا لەو سنوورانەدا تاکلایەنە بڕیار دەدات و مامەڵە دەکات. ئەوەی پەیوەندییەکانی تورکیای لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپادا لاوازتر کردووە بریتییە لە کێشە نێوخۆییەکان، ناکۆکییە سیاسییەکان، ڕەخنەکان دەربارەی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی بیروڕا. بەردەوامیی کێشەی کۆچ و ئەمنی، هێندەی دیکە پەیوەندی و متمانەی ئەنقەرە و برۆکسلی لاوازتر کردووە و وای کردووە هەمیشە بەگومانەوە لە هەنگاوەکانی یەکتر بڕوانن.

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە کۆبوونەوەیەکیدا کە سەرەتای ساڵی 2021 بەڕێوە چوو، بە ئورسولا ڤۆدێرلەین سەرۆکی کۆمسیۆنی یەکێتیی ئەورووپای ڕاگەیاند، پێویستە کارەکانی نوێکردنەوەی یەکێتیی گومگری و پێدانی ڤیزای بێسنوور بە هاوڵاتییانی تورکیا خێرا بکرێن و لە دانوستانەکانی تایبەت بە ئەندامبوونی وڵاتەکەی لە یەکێتیی ئەورووپا هەنگاو بنرێن. سەرەڕای هەموو ڕەخنەکانی ئەردۆغان لە ئەورووپا و ڕۆژئاوا، ئەردۆغان لە چەند کات و شوێنێکی جیاوازدا وتوویەتی ئایندەی تورکیا لە ئەورووپادا دەبینن.

ئەمەریکا لە ئێستادا نەک هەر لە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و ناجێگیردایە لەگەڵ ئەنقەرە، بەڵکوو سیاسەتەکەشی بەو ئاڕاستەیەیە تورکیا لە هاوپەیمانەکانی ئەورووپای دوور بخاتەوە، ئەمە لە کاتێکدا باراک ئۆباما سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا دوو جار باسی لە پێویستیی ئەندامێتیی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا کردووە. جاری یەکەم لە لوتکەی ئەورووپا بوو لە شاری پراگ و جاری دووەمیش لە پەرلەمانی تورکیا.

## ئایندەی ئابووریی تورکی

تورکیا کە یەکێک بوو لە 20 وڵاتە گەورەکەی ئابووریی جیهان، چەند ساڵێکە لە پاشەکشەی بەردەوامدایە. بە پێی پێشبینییەکانیش، ئابوورییەکەی لە 2023دا بەرەو لاوازیی زیاتر دەڕوات. تورکیا لە ساڵی 1980 تاکوو ئێستا، باشترین ساڵەکانی لەم ڕیزبەندییەدا ساڵانی 2013 تاکوو 2015 بوو کە توانیی سێ ساڵ لەسەر یەک پلەی 16ی گەورەترین ئابووریی جیهان بەدەست بهێنێت. ئەو کاتەی ئاکپارتی هاتە سەر دەسەڵات (2003-2002)، تورکیا لە پلەی 21دا بوو، لەنێوان ساڵانی 2004 تاکوو 2010 گەیشتە پلەی 17، لە ساڵانی 2018 و 2019 پاشەکشەی کرد و لە پلەی 19دا گیرسایەوە. ساڵی 2020 بە هۆی قەیرانە بەردەوامەکانەوە، تورکیا پاشەکشەی زیاتری کرد و گەیشتە پلەی 20. لە ساڵی 2021 و دوای 18 ساڵ، تورکیا جارێکی دیکە کەوتەوە دەرەوەی لیستی 20 وڵاتە گەورەکەی جیهان و لە پلەی 21دا وەستا و لە (2022)شدا پلەیەک زیاتر پاشەکشەی کرد و بوو بە (23)یەمین گەورەئابووریی جیهان و دۆخە ئابوورییەکەی گەڕایەوە بۆ پێش دەسەڵاتدارییەکەی پارتی داد و گەشەپێدان.

بە پێی پێشبینییەکان، تورکیا ساڵی 2023 و لە 100 ساڵەی تەمەنی کۆمارەکەیدا لە پلەی (23)یەمدا دەمێنێتەوە و لە ساڵانی 2024، 2025 و 2026دا دەچێتەوە پلەی 22. هەر بە پێی پێشبینییەکان، لە ساڵی 2027دا تورکیا دەتوانێت پلەی (17)یەمین گەورەئابووریی جیهان بەدەست بهێنێتەوە.

لەبەر ئەوەی گرووپی 20 گرنگیی گەورە بەم ڕیزبەندییە نادات، تورکیا لە گرووپەکەدا ماوەتەوە و ئەندامێتییەکەی لەدەست نادات، بەڵام قەیرانە ئابوورییەکەی، هەڵئاوسانە بەردەوامەکەی، شکانی بەهای دراوەکەی و خاویی گەشە ئابوورییەکەی؛ کاری کردووەتە سەر پێگە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکەی.

لە کۆتا مانگەکانی 2022دا، بە هۆی پاشەکشەی بەردەوامی بەهای لیرە بەرامبەر دۆلار، بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵئاوسان و گەورەبوونی زیاتری قەیرانەکان، تورکیا تاکوو پلەی 23 پاشەکشەی کرد.

مەحفی ئەیلمەز ئابووریناسی تورکیا، دەڵێت ئابووریی تورکیا لە حەوت ساڵی ڕابردوودا ڕووبەڕووی گەورەترین گۆڕانکاری بووەتەوە و زۆرترین هێزی لەدەست داوە. بەم پێیە تورکیا لە کاتێکدا لە ساڵی 2015 لە لیستی (66)یەمینی جیهان بووە لە ڕووی داهاتی تاکەکەس، کەچی لە ساڵی 2021 تاکوو پلەی 78 پاشەکشەی کردووە.

**درۆنەکان، ئومێدی سەربازیی تورکیا**

لەگەڵ لاوازبوونی ئابووریی تورکیا، دابەزینی بەهای لیرە، بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵئاوسان و قەیرانە سیاسییەکان لە تورکیا؛ ئومێدەکان لەو وڵاتە بە بواری پیشەسازیی سەربازیی زیاتر دەبێت و وەک هیوایەک بۆ هەستانەوە لێی دەڕوانن. لە چەند ساڵی ڕابردوودا پیشەسازیی بەرگریی تورکیا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەت لە بواری دروستکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی شەڕکەر و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی جەنگی. خراپبوونی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و تورکیا، گەمارۆ ئابووری و سەربازییەکانی واشنتن بۆ سەر ئەنقەرە و توندبوونەوەی پێکدادانەکانی سوپای تورکیا لەگەڵ پەکەکە و ڕۆژئاوای کوردستان؛ لەو هۆکارە گرنگانەن وای لە تورکیا کرد پیشەسازیی سەربازی و بەتایبەتتر دروستکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان خێراتر بکات.

تورکیا لە ڕێگەی چەند کۆمپانیا و دامەزراوەیەکەوە بەردەوامە لە پێشخستنی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی، لەوانەش "پیشەسازیی ئاسمانی و فڕۆکەوانیی تورکیا و بایکار" کە دیارترین بەرهەمەکانیان بریتین لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئانکا و بایراکتار تی بی ٢.

بە پێی دۆخی ئێستا و پێشبینییەکان، چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەی نزیک، ناوەند و دووردا، ئاستی پێشکەوتن و توانای فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی تورکیا بەرزتر بکرێنەوە، کاتی مانەوەیان لە ئاسمان درێژتر بکرێنەوە، خێرایی، توانای هەڵگرتنی مووشەک و وردیی ئامانج پێکانیان، بەشدارییان

لە جەنگی دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان زیاتر بکرێن، داهاتی فرۆشتنی ئەم فڕۆکانە بە وڵاتانی جیهان بەرزتر ببنەوە و بەمەش پێگەیەکی بەهێزتری هەرێمی و نێودەوڵەتی بە ئەنقەرە ببەخشن.

تورکیا هەوڵ دەدات لە ئایندەدا فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی لە ئاستێکدا بن بە کەمترین کات و زیانەوە زۆرترین ئامانج بپێکن و زیانی زیاتر لە نەیارەکانیان بدەن. ئامانجێکی دیکەش بریتییە لە پێشخستنی ئەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانانەی کە ئەرکیان چاودێریکردن و کۆکردنەوەی زۆرترین زانیارییە، چونکە کلیلی بردنەوەی هەر جەنگێک ئەو زانیارییانەیە بەر لە جەنگەکە لە بارەی هێزی بەرانبەرەوە کۆ دەکرێنەوە، بۆ ئەمەش کۆمپانیا تایبەتمەندەکانی ئەم بوارە لە هەوڵی چڕ و بێوچاندان، بەتایبەت کۆمپانیای بایکار.

بایکار لە ئێستادا کار لەسەر پرۆژەیەک دەکات بە ناوی "سیستمی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی جەنگی" و چاوەڕوان دەکرێت لە ساڵی ٢٠٢٣دا دروستکردنی یەکەم فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی جەنگی تەواو ببێت. ئەم فڕۆکەیە بۆ یەکەم جار لە ٢٠ی تەمموزی ٢٠٢١ لەلایەن کۆمپانیای بایکارەوە ڕاگەیەنرا و ڤیدیۆکەی بڵاو کرایەوە.

ئەوەی وای کرد کارەکانی دروستکردنی ئەم فڕۆکەیە خێراتر بکرێت، دەرکردنی تورکیا لە گرێبەستی کڕینی فڕۆکەی ئێف ٣٥ و ئەو کێشانە بوون لەبەردەم گرێبەستی کڕینی سیستمی بەرگریی ئێس ٤٠٠ی ڕووسیدا بۆ تورکیا دروست بوون.

وەک کۆمپانیاکە ڕایگەیاندووە، ئامانجیان ئەوەیە خێرایی ئەم فڕۆکەیە لە ساڵانی ئایندەدا بگاتە خێرایی دەنگ. لە یەکەم قۆناغدا فڕۆکەکە توانای هەڵگرتنی یەک تۆن و نیو مووشەک و چەکی هەیە و هەوڵ دەدرێت لە ئایندەدا ئەم توانایە بەرزتر بکرێتەوە.

ساڵی ٢٠١٢ "نەخشەڕێگای سیستمی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی تورکیا" بڵاو کرایەوە، تێیدا بەوردی باس لە پلانەکان بۆ گەشەپێدانیان کرابوو تاکوو ساڵی ٢٠٣٠ و ساڵی (٢٠١٧)ش نەخشەڕێگاکە نوێ کرایەوە.

**ئاییندەی ماف و یاساکان لە تورکیا**

ئاکپارتی شانازی بە دوو دەیەی ڕابردووەوە دەکات و پێی وایە تورکیایان لە وڵاتی کودەتا و ستەمەوە گواستووەتەوە بۆ دیموکراسیەت و ماف و یاساسەروەری. بەپێچەوانەشەوە ڕەخنەگران دەڵێن وڵاتەکەیان لە 20 ساڵی ڕابردوودا لە ڕووی ماف، ئازادی و یاسا سەروەریی پاشەکشەیەکی مەترسیداری کردووە و لە ئاییندەشدا بەرەو دۆخێکی خراپ و مەترسیدارتر هەنگاو دەنێت.

کەمال گوێزلەر؛ پسپۆڕی دەستوور و یاسا، لە کتێبێکیدا بە ناوی "تورکیا بەرەو کوێ دەچێت؟"، ڕەخنە لە یاسا لەژێر دەسەڵاتی ئاکپارتی دەگرێت و پێی وایە مەترسییەکی گەورە لەسەر دەستوور و یاسا و ئازادییەکان هەیە و دەڵێت لە تورکیا دیموکراسی، دەوڵەتی ماف،

ئازادی و مافە بنەڕەتییەکان ڕۆژبەڕۆژ پاشەکشە دەکەن، ئەمەش پرسیار لەسەر مافەکان دروست دەکات. دەکرێت بوترێت لەم چەند ساڵەدا مشتەکۆڵەیەکی زۆر قورس بەر یاساکان کەوتووە. دادوەرەکان لەبریی پاراستنی ئازادی و مافە بنەڕەتییەکان، بوون بە کەسانێک کە دەستوەردان لە ئازادی و مافە بنەڕەتییەکان دەکەن. دادگای دەستووری کە ئەرکەکەی بریتییە لە سنووردارکردنی فەرمانڕەوایی، بووە بە دەزگایەک کە لەلایەن فەرمانڕەواوە بڕیاری لەسەر دەدرێت. واتە ئیتر یاسا سیاسەت ناخاتە چوارچێوەوە، بەڵکوو یاسا کەوتووتە ژێر فشار و کۆنترۆڵی سیاسەتەوە.

ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەرانی دیکەی تورکیاش ڕەخنە لە فەرمانڕەوایی پارتی داد و گەشەپێدان دەگرن و پێیان وایە ئاکپارتی تورکیا بەرەو ئایندەیەکی نادیار و تونێلێکی تاریک دەبات. ئێرۆڵ مانیسالی؛ نووسەر و پسپۆڕ لە بواری سیاسەتی ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نووسەری ڕۆژنامەی جمهوریەت، دەڵێت تورکیا خراوەتە نێو قەیرانگەلێکی نائاساییەوە کە لە مێژووی تورکیادا شتی وەها ڕووی نەداوە، نە لە ساڵانی 1945 تاکوو 1950، نە لە سەردەمی پارتی دیموکرات (1950-1960) و نە لە کودەتاکانی 1971 و 1980. تورکیا بە کۆمەڵێک قەیرانی سیاسی، ئابووری، کولتووری و ئەخلاقییەوە بەرەو هەڵبژاردن دەڕوات، ئەم جۆرە دۆخە لە مێژووی کۆماردا وێنەی نەبووە. ئێستا دیارە تورکیا بەرەو کوێ دەبرێت، ساڵی 1933 پرۆفیسۆرەکانی ئەورووپا لە نموونەی "Fritz Neumark" بۆ تورکیا دەهاتن، ئێستاش تاڵیبان و سوورییە توندڕەوەکان ڕوو لە تورکیا دەکەن.

### کورد و تورکیا، ئایندەیەکی ناڕوون

کورد لە مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دواتریش کۆماری تورکیادا هەمیشە ئامادەیی بەهێزی هەبووە، هەندێک جار لەگەڵ ئەم دوو دەسەڵاتەدا تەبا و زۆر جاریش ناتەبا بووە. هەر بۆیە هەر کاتێک باس لە ئایندەی تورکیا دەکرێت، لەگەڵیدا باس لە مەسەلەی کورد دەکرێت، زۆربەی شیکەرەوە، مێژوونووس و لێکۆڵەرانیش پێیان وایە ناکرێت بەبێ باسکردن لە پەیوەندییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ کورد؛ باس لە ئایندەی تورکیا بکرێت. بەشێکی دیاری ڕەخنەگرانی ئاکپارتی پێیان وایە سیاسەتی ئێستای تورکیا بەرامبەر بە کورد هەڵەیە و ئەم هەڵەیەش بۆ ئایندەی تورکیا زیانی زۆری دەبێت.

عەبدولباقی ئەردۆغموش پێی وایە چیرۆکە فەرمییەکان لە بارەی مێژووی تورکیا و کوردەوە ناڕاستن و بەتوندی ڕەخنە لە ڕابردووی ئەم پەیوەندییە و ئێستا دەگرێت. ئەردۆغموش دەڵێت، تورکیا سیاسەتێکی ڕاست و دروست و واقعی نییە بەرامبەر بە کورد لە تورکیا، عێراق و سووریاش. تورکیا لەبریی ڕێککەوتن لەگەڵ کوردانی سووریا، هەوڵی سڕینەوەی دەستکەوتەکانیان دەدات و ڕێگری لە بەرەوپێشچوونەکانیان دەکات، لە کاتێکدا ئێستا کوردەکان لە ناوچەکەدا

پێگەیەکی بەهێزیان هەیە، زلهێزەکانی جیهان هاوپەیمانیانن، مەسەلەی کورد بووە بە ڕۆژەڤ و بابەتی گفتوگۆ. بۆیە ئایندەی تورکیا بەستراوە بە ئایندەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کورد و بە ئاشتی ژیان لەگەڵیان. تورکیا ناچارە لە سەد ساڵەی تەمەنیدا بە ڕۆحێکی گونجاو لەگەڵ ئەم سەردەمەدا مامەڵە بکات.

جومعە چیچەک؛ نووسەری کتێبی "پرۆسە، پێکدادانی کوردی و گەڕان بەدوای چارەسەر"، لە گفتوگۆیەکیدا دەربارەی کتێبەکەی، ئایندەی مەسەلەی کورد لە تورکیا، تێڕوانینی ئاکپارتی و دەوڵەتی تورکیا لە بارەی مەسەلەی کورد و سیناریۆ چاوەڕوانکراوەکانەوە دەڵێت، دواین ڕێگاچارە و شوێن تورکیا ناچار بێت ڕووی تێ بکات، مێزی گفتوگۆیە. بە پێی توێژینەوەکان، دەوڵەتەکان ئەگەر لە ماوەی پێنج بۆ حەوت ساڵدا توانییان سەرهەڵدان و هەڵگەڕانەوەکانی وڵاتەکانیان سەرکوت بکەن، دەتوانن کۆتایی بەو سەرهەڵدان و هەڵگەڕانەوەیە بهێنن، بەڵام ئەگەر دۆخەکە سەرووی حەوت یان ١٠ ساڵی تێپەڕاند، ئەوا پێویستی بە دانوستان و گفتوگۆ هەیە بۆ چارەسەرکردن، بەم پێیەش مەسەلەی کورد لە تورکیا بە ڕێگای سەربازی و ئەمنی چارەسەر ناکرێت و پێویستی بە ڕێگەچارەی ئاشتییانە، دانوستان و گفتوگۆ هەیە.

چیچەک پێی وایە لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییانەی هەن، چەن سیناریۆیەک ئەگەری ڕوودانیان هەیە و لەبەردەم ئایندەی تورکیادان، قەیرانی سەرەکیی تورکیا لە نێوخۆ و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش بریتی دەبێت لە شەپۆلی بەردەوام بەهێزبووی کورد و ئەم شەپۆلەش تەنها لەسەر پشتی بزووتنەوە سیاسییەکانی کورد ڕانەوەستاوە، بەڵکوو بووە بە بزووتنەوەی شەقام. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە تورکیا، ئێران و سووریا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم شەپۆلەدا دەکەن؟ بەتایبەت کە ئەم شەپۆلە بەردەوامە و ناوەستێت. بۆ نموونە سەرەڕای کەوتنی عەفرین بە دەستی تورکیا و بێدەنگکردنی کورد، هێشتا بزووتنەوەی کوردی بەهێزتر دەبێت، چونکە ناتوانرێت تا کۆتایی ئەم شەپۆلە سەرکوت بکرێت. بۆیە تاکە ڕێگای بەردەم تورکیا، ڕووکردنە کورد و شەپۆلەکەیەتی.

سیناریۆی خراپ بۆ تورکیا ئەوەیە ئەم مامەڵەیە لەگەڵ کورد بەم جۆرەی ئێستا لە چەند ساڵی ئایندەشدا بەردەوام بێت (ڕێگەچارەی سەربازی)، ناوەندسەنتەری و سیستمی کۆماری بەهێزتر بکرێت کە ئەمە تەنها لە ویستی ئەردۆغاندا نەماوە و بووە بە ویستی بەشێکی دیاری نوخبەی دەسەڵات. بۆیە ڕێگەچارەی سەربازییش لەئارادا نەبێت، ئەم بیرە وەک تیۆر ئامادەیی دەبێت، باجی ئەمەش تەنها کوردەکان نایدەن، بەڵکوو ئیسلامییەکانیش هەمان باج دەدەن. بەکورتی: دەکرێت جەخت لەوە بکرێتەوە، دەکرێت شەپۆلی بەهێزبووی کورد بۆ ماوەیەک ڕابگیرێت، بەڵام بە شێوەیەکی بەهێزتر دەگەڕێتەوە.

ساڵح یلماز لەو کەسە دیارانەیە کە ئایندەی تورکیا بە ئایندەی کوردەوە دەبەستێت و ڕەخنە لە سیاسەتی ئاکپارتی بەرامبەر نوێنەری سەرەکیی کورد دەگرێت کە هەدەپەیە. یلماز پێی

وایە سەرەڕای ئەوەی هەوڵی داخستنی ئەم پارتە دەدرێت، بەڵام کاریگەرییەکانی ئەم پارتە بەداخراوییش گەورە و بەهێزن لەسەر تورکیا. ئێستا هەمووان دان بەو ڕاستییەدا دەنێن کە لە تورکیا سیاسەت بەبێ مەسەلەی کورد ناکرێت، هەر بۆیە هەموو پارت و هێزە سیاسییەکان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەست بە مەسەلەی کورد ئاڕاستەی سیاسییان دادەڕێژن. سیاسەتی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنیش کە ئامانجیان بەکارهێنانی دۆزی کوردە هەڵەیە، چونکە هیچ لایەکیان ئامانجیان چارەسەرکردنی کێشەی کورد نییە. یڵماز دەڵێت، ئایندەی تورکیا لەسەر بنەمای دروستکردنی پەیوەندیی نوێ و دروست لەگەڵ کورد بونیاد دەنرێت، هەروەک چۆن ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەستە بە کوردەوە.

**سیناریۆکان**

یەکەم: چەند مانگ و ساڵی ئایندەی تورکیا پڕ لە گۆڕانکاری و ڕووداوی سیاسی دەبێت، بەتایبەت مانگەکانی بەر لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتی و پەرلەمانییەکەی ئەو وڵاتە. لەم چەند مانگەدا زۆربەی پارتە سیاسییەکان سەرنجی خەڵک بۆ باسکردن لە بارەی ئایندەی وڵاتەکەیان ڕادەکێشن، ئاکپارتی بە سەرۆکایەتی ئەردۆغان باس لە ئایندەیەکی گەشتر بۆ وڵاتەکەیان دەکەن و ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتەش بەچڕی ئەو مەترسییانە دەخەنە ڕوو کە لەبەردەم ئایندەی وڵاتەکەیاندایە.

دووەم: پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا بەرەو گرژیی زیاتر هەنگاو دەنێن، بەتایبەت لەگەڵ نزیکبوونەوە لە هەڵبژاردنەکان، سزا و گەمارۆکانی ئەمەریکا بۆشایی نێوان واشنتن و ئەنقەرە زیاتر دەکەن، بەڵام بە هۆی بەرژەوەندییە ئابووری، ئەمنی و سیاسییە ستراتیژییەکانەوە خراپیی پەیوەندییەکان تا ئاستی پچڕان ناڕۆن، ئۆپۆزسیۆنیش پێشوازی لەم دۆخە دەکەن.

سێیەم: سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکان، ئابووریی تورکیا بەرەو لاوازیی زیاتر دەچێت و هەڵاوسانیش زیاتر دەبێت، ئەمەش باری گوزەرانی هاوڵاتییانی ئەو وڵاتە قورستر دەکات و بۆشایی نێوان هاوڵاتییان و داڕێژەرانی ئەم سیاسەتە ئابوورییە فراوانتر دەکات.

چوارەم: لە چەند ساڵی ئایندەدا تورکیا گرنگیی زیاتر بە پیشەسازیی چەک دەدات، بەتایبەت دروستکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، لەم بوارەشدا چاوەڕوان دەکرێت پێشکەوتنی خێرا و گەورە تۆمار بکات و لەدوای ئیسرائیل وەک وڵاتی هەرە بەهێزی ناوچەکە لە بواری فڕۆکەی بێفڕۆکەوان پێگەی خۆی بپارێزێت.

پێنجەم: لەسەر بنەمانی ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردوو و پێدراوەکان، چاوەڕوان دەکرێت ئازادی، چالاکیی سیاسی، بیروڕای ئازاد، مافە بنەڕەتییەکان، میدیای ئازاد، سەربەخۆ، ئەهلی و ئۆپۆزسیۆن، بەتایبەت کوردی؛ سنووردارتر بکرێن و دادگاکان سەربەخۆیی زیاتر لەدەست بدەن.

شەشەم: پەیوەندیی نێوان ئاکپارتی و کورد بە نوێنەرایەتیی هەدەپە لاوازتر دەبێت و بۆشایی نێوانیان فراوانتر دەبێت، ئەمەش بە هۆی سیاسەتی قورسی ئاکپارتی بەرامبەر پارتەکە و زیاتربوونی بێمتمانەیی هەدەپە و کورد بەرامبەر ئاکپارتی و ئەردۆغان. ئەم دوورکەوتنەوەیەش لە کاتێکدایە بە پێی هەموو ڕاپرسی و چاوەڕوانییەکان، هەدەپە دەنگی یەکلاکەرەوە دەبێت لە هەڵبژاردنی مانگی حوزەیران و ئەگەر موفاجەئەی گەورە ڕوو نەدات، تا ئاستێکی زۆر ئەم پارتە یەکلای دەکاتەوە کێ دەبێتە فەرمانڕەوای نوێی وڵاتەکە، ئاکپارتی و مەهەپە یان پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان.

حەوتەم: تا لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان نزیکتر ببینەوە، هێرشەکانی سوپای تورکیا لە ڕۆژئاوا و هەرێمی کوردستانیش زیاتر دەبن، بەتایبەت بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، هۆکاری چاوەڕوانیی زیاتربوونی ئەم هێرشانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەردۆغان پێویستی بە دەنگی نەتەوەییە توندەکانە، بەتایبەت کە بەشێکی زۆری ئەو دەنگانە چوونەتە ژێر باڵی پارتی باشی جیابووەوە لە مەهەپە، چونکە ئاکپارتی دەزانێت دەنگی ئەم نەتەوەییانە بە لوولەی تفەنگی سەربازەکانیدا تێدەپەڕێت.

هەشتەم: سەقامگیریی نێوخۆیی تورکیا لە ئایندەدا، ڕۆڵی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان و چارەنووسەکەی، تا ئاستێکی زۆر پەیوەست دەبێت بە مەسەلەی کوردەوە لە تورکیا، هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوا. سەرەڕای ئەم ڕاستییانەش، چاوەڕوان ناکرێت گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە سیاسەتی ئەم وڵاتە بەرامبەر بە مەسەلەی کورد و پارچەکانی کوردستان بێتە ئاراوە.

**بۆ نووسینی ئەم بابەتە، سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**


1. Sayın, Ayşe (28/11/2022), “Cumhurbaşkanı Erdoğan’ın ‘Türkiye yüzyılı’ açıklamasında neler öne çıktı?”, https://www.bbc.com/turkce/articles/cx9701ge4yzo?fbclid=IwAR0VZGyUY4RYDnv-Ce90iaE3yEDx9fTXnsSbQXJtPG71M8EBSfJuY8VrsUWc.

2. türkiye cumhuriyeti cumhurbaşkanlığı, (24/10/2022), “Cumhuriyetimizin 100’üncü yılına büyük bir heyecanla, şevkle, coşkuyla hazırlanıyoruz”, https://www.tccb.gov.tr/haberler/410/140330/-cumhuriyetimizin-100-uncu-yilina-buyuk-bir-heyecanla-sevkle-coskuyla-hazirlaniyoruz-.

3. Yılmaz, Dr. Mehmet Yalçın, (4/11/2022), “Erdoğan’ın kızıl elması: Türkiye Yüzyılı”, https://www.aa.com.tr/tr/analiz/erdogan-in-kizil-elmasi-turkiye-yuzyili/2729567?fbclid=IwAR37fZS8gu-AubZRvGF40SQyGbB8LRN7vhEwsWGHefSArfS7rHkAlSnAwPcI.

4. Haberturk, (18/7/2022), “Türkiye’nin geleceği çok güzel”, https://www.haberturk.com/antalya-haberleri/98455591-astrolog-sayari--turkiyenin-gelecegi-cok-guzel-2025-ozellikle-de-2027den-sonra-turkiye.

5. Can Selçuki, (12/11/2021), “Türkiye’nin Geleceğine Genç Bakış”, https://www.freiheit.org/sites/default/files/2021-11/turkiyenin-gelecegine-genc-bakis_0.pdf.

6. Dr. Gökhan Çınkara, (17/9/2022), "Dr. Samir el-Taki ile Ortadoğu ve Türkiye'nin geleceği", https://www.indyturk.com/node/553656/t%C3%BCrki%CC%87yeden-sesler/dr-samir-el-taki-ile-ortado%C4%9Fu-ve-t%C3%BCrkiyenin-gelece%C4%9Fi.

7. Güvenç, Nazım, (2008) "Türkiye'nin Geleceği ve CHP", Anahtar Kitaplar.

8. Atila Eralp, (6/2021), "Avrupa'nın Geleceği Tartışması: Değişen Küresel Bağlamda Türkiye-AB İlişkilerini Yeniden Canlandırmak", https://ipc.sabanciuniv.edu/Content/Images/CKeditorImages/20210816-20080306.pdf.

9. bbc türkçe, (9/1/2021), "Erdoğan: Türkiye'nin geleceğini Avrupa'da görüyoruz", https://www.bbc.com/turkce/haberler-turkiye-55604477.

10. T.C. Cumhurbaşkanlığı Yatırım Ofisi, (10/4/2009), "Türkiye'nin geleceği Avrupa'da", https://www.invest.gov.tr/tr/news/news-from-turkey/sayfalar/1004200915321.aspx.

11. Euronews Türkçe, (21/06/2022), "Türkiye en büyük 20 ekonomi arasına yeniden girebilecek mi?", https://tr.euronews.com/2022/06/21/turkiye-en-buyuk-20-ekonomi-arasina-yeniden-girebilecek-mi.

12. Serdar Değirmenci, (19/3/2019), Dünyanın en büyük ekonomileri sıralaması (2022), https://egezegen.com/ekonomi/dunyanin-en-buyuk-ekonomileri-siralamasi/.

13. Euronews Türkçe, (23/04/2022), Türkiye, dünyanın en büyük 20 ekonomisi sıralamasında yerini kaybetti, https://tr.euronews.com/2022/04/23/en-buyuk-20-ekonomi-listesinde-yerini-kaybeden-turkiye-kac-nc-s-rada.

14. Sanal Savunma, "İHA'ların Geleceği ve Türkiye -1", https://www.sanalsavunma.com/ihalarin-gelecegi-ve-turkiye-1/.

15. Sanal Savunma, "Baykar MİUS | Muharip İnsansız Uçak Sistemi", https://www.sanalsavunma.com/baykarin-insansiz-savas-ucagi-projesi-mius/?swcfpc=1.

16. STM Future Technology Institute, (2/2016), "Geleceğin Hava Kuvvetleri: 2016 – 2050", https://thinktech.stm.com.tr/uploads/docs/1608914423_satm-bb-17-0200-sektor-raporlari-iha-260417.pdf.

17. Gözler, Kemal, (12/2020), Türkiye Nereye Gidiyor? Akademi ve Hukuk Üzerine Gözlemler ve Eleştiriler (Makalelerim 2019), Bursa, Ekin, 2. Baskı.

18. Manisalı, Erol, (19/4/2022), "Türkiye nereye mi gidiyor?", https://www.cumhuriyet.com.tr/yazarlar/erol-manisali/turkiye-nereye-mi-gidiyor-1927254.

19. Erdoğmuş, Abdulbaki, (27/6/2021), "Kürtler ve Türkiye'nin geleceği!", https://www.indyturk.com/node/379581/t%C3%BCrki%CC%87yeden-sesler/k%C3%BCrtler-ve-t%C3%BCrkiyenin-gelece%C4%9Fi.

20. Çiçek, Cuma, (24/3/2018), "Türkiye'nin Geleceği Kürt Galgasına Bağlı", https://www.gazeteduvar.com.tr/yazarlar/2018/03/24/cuma-cicek-turkiyenin-gelecegi-kurt-dalgasina-bagli.

21. Yılmaz, Salih, (21/6/2022), "Kürtler ve Türkiye'nin geleceği", https://yeniyasamgazetesi3.com/kurtler-ve-turkiyenin-gelecegi/.

ئایندەناسی


# کتێبی ئایندەیی

کتێبە ئایندەییەکان

خوێندنەوەی کتێبی:


# ژیان وەك سیاسەت: چۆن خەڵکی سادە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕن

ئامادەکردن: د. عابد خالد









**بەرایی**

ئەم کتێبە لە نووسینی ئەکادیمی و کۆمەڵناسی ئێرانی ئاسیف بەیات (Asef Bayat)ە کە لە بنەڕەتدا بە زمانی ئینگلیزی بە ناونیشانی "Life as Politics: How Ordinary People Change the Middle East" نووسراوە، ساڵی ٢٠٠٩ بۆ یەکەم جار لەلایەن زانکۆی ئەمستردامەوە لەچاپ دراوە و ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن زانکۆی ستانفۆردەوە بۆ جاری دووەم لەچاپ دراوەتەوە، دواتر لە ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن "ئەحمەد زاید"ەوە بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوە کە بە ناونیشانی "الحياة سياسة: كيف يغير بسطاء الناس الشرق الأوسط؟"، لە دووتوێی (٦٠١) لاپەڕەدا، لەلایەن دەزگای "المركز القومي للترجمة" لە قاهیرە بڵاو کراوەتەوە.

ئاسیف بەیات؛ پرۆفیسۆری کۆمەڵناسی و توێژینەوەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئیلینۆیس، توێژەرێکی بەرچاوە لە بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان و کاروباری کرێکاران و هەژاران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێشتر لە زانکۆی لیدن لە هۆڵەندا مامۆستای کورسیی لێکۆڵینەوە لە کولتوور و کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. هەروەها وەک بەڕێوەبەری ئەکادیمی لە "دامەزراوەی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە ئیسلامییەکان لە جیهانی مۆدێرندا" کاری کردووە، کە لەلایەن کۆمەڵێک زانکۆی هۆڵەندییەوە دامەزرابوو، جگە لەوەی ماوەیەکیش لە زانکۆی ئەمەریکی لە قاهیرە کاری کردووە. لە نووسینەکانیدا بایەخێکی زۆری داوە بە لێکۆڵینەوە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و فەزای شارنشینی و سیاسەت لە ژیانی ڕۆژانە و ئایینداری لە جیهانی ئیسلامیدا، بەتایبەت لە هەردوو وڵاتی ئێران و میسردا.

کتێبی "ژیان وەک سیاسەت: چۆن خەڵکی سادە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕن"، هەوڵێکە بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوەی تیۆرە ڕۆژئاواییـــەکان سەبارەت بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕادەی شیاویی بەکارهێنانیان بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی جووڵە و گۆڕانکارییەکان لە کۆمەڵگا غەیرە ڕۆژئـــاواییەکاندا. ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا کۆکراوەی زنجیرەیەک وتار و توێژینەوەیە کە لە گۆڤاری ئەکادیمیی جیاوازدا لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٠ و ٢٠٠٩ بڵاو کراونەتەوە، کە دوای کۆکردنەوە و دەستکـــاریکردنیـــان؛ لە دووتوێ ئەم کتێبەدا لەچاپ دراوە. کتێبەکە لە دەمی ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبیدا لە ساڵی ٢٠١١، وەک ئایندەزانییەکی پێغەمبەرانە وەسف دەکرا، بەتایبـــەت کە دوو ساڵێک بەر لەو ڕووداوانە بڵاو کرابووەوە و بەشێک لە ڕەهەندەکانی ئەو ڕووداوانەی پێشبینی کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا لە پێشەکیی چاپی دووەمیـــدا کە لێکۆڵینەوە لە بزافی سەوزی ئێرانیی ٢٠٠٩ و ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبیی ٢٠١١ی بۆ زیاد کراوە، بەیات جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەرگیز بە خەیاڵیـــدا نەهاتبوو، چ جای ئەوەی پێشبینیی بکات،



کە ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە بەکۆمەڵانە بەو شێوەیە بتەقنەوە، ئەم شۆڕشانە نەک تەنها بۆ ڕژێمە حوکمڕانەکانی وڵاتانی ناوچەکە، بەڵکوو بۆ ئەو کۆمەڵناسانەش کە ساڵانێکی زۆرە لەسەر ناوچەکە کار دەکەن، ڕووداوگەلێکی زێدە سەرسوڕهێنەر و لەناکاو بوون.

بەیات سەرەتا گرنگیی بە لێکۆڵینەوە لە ژیانی گرووپ و توێژە پەراوێزخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داوە، بەتایبەت ژنان و گەنجان و هەژارانی نیشتەجێبووی شارەکان، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە ئەم گرووپانە هێزی جووڵێنەری هەر گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسین لە ناوچەکەدا. بەمەش بەیات مۆدێلێکی تیۆری بەدیل لەجیاتیی ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتییە ڕۆژئاواییە باوانە دەخاتە ڕوو، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نوخبەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی تاکە هەڵسووڕێنەری گۆڕانکارییەکانن. بە بڕوای بەیات، ئەو تیۆرە نێرسالارییانە بە پێی ئەزموون و ململانێ و پەرەسەندنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە ئەورووپی و ئەمەریکییەکانی ڕۆژئـــاوا داڕێژراون و ناتوانن ئاڵۆزی و وردەکاریی بزووتنەوە ئایینی و سیاســـی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوون بکەنەوە. بۆیە بە ڕای بەیات، دەمێکە خەیاڵدانی باوی ئەم تیۆرانە گریمانەی ئەوە دەکات کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنها سەرزەمینی موسوڵمان و مزگەوت و منارە و ژنانی باڵاپۆشکراو و ڕژێمە ستەمکارەکان و خۆڵی بیابانەکانە، ناوچەیەکی گیرخواردووە لە تەقالید و مێژووی خۆیدا، نە دەگۆڕێت و نە قابیلی گۆڕانیشە، بەڵام لای بەیات ئەم گریمانەیە شکستی هێناوە لە دانان بەو خەبات و نارەزایەتییە ڕۆژانەییە لەسەرخۆ و بەردەوامەی

**لە دەروازەی دووەمدا، بە ناونیشانی "سیاسەتی شەقام و شەقامی سیاسی"، کە بەشەکانی ٨ تا ١١ی کتێبەکەی لەخۆ گرتووە، بەیات بایەخ بە لێکۆڵینەوە لە شەقام و شوێنە گشتییەکان دەدات وەک گۆڕەپانی سەرەکیی گوزارشتکردن لە تووڕەیی و نارەزایەتییەکانی خەڵکی سادە لە دژی ستەم و نادادیی ڕژێمە سەرکوتکارەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.**

کە خەڵکانی پەراوێزخراوی ئەم ناوچەیە بەدەم زەحمەتی ژیان و مانەوەوە، لە دژی ستەمی دەوڵەت و ملهوڕیی دەستەبژێرە ئابوورییەکان دەیکێشن و دەریدەبڕن کە پەیتاپەیتا دەرگا و مەیدانی نوێ لەبەردەم گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسیی گەورە لە ناوچەکەدا دەکەنەوە. لێرەوە بەیات گریمانەی ئەوە دەکات کە لۆژیکی گۆڕانکاری لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەسەر دەستی ماندووبوو، ئاڵەنگاری و نارەزایەتیی ئەم مرۆڤە سادانە دێتە ئەفراندن.

ئاسیف بەیات، لە چاپی یەکەمی کتێبەکەیدا کۆی تێڕوانین و بیروڕاکانی لە چوارچێوەی ١٢ بەشدا خستووەتە ڕوو، بەڵام لە چاپی دووەمدا ٢ بەشی تری بۆ زیاد کردووە و بووەتە ١٤ بەش. بەشی یەکەم و دووەمی وەک پێشەکییەک بۆ کتێبەکە تەرخان کردووە، ١٢ بەشەکەی تریشی بەسەر ٣ دەروازەدا دابەش کراوە. لە دوو بەشەکەی سەرەتادا، بەیات تیشک دەخاتە سەر دۆخی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زەحمەتییەکانی ژیان و ئەو کێشانەی کە خەڵکی سادەی ئەم وڵاتانە بەدەستیانەوە دەناڵێنن، هەر لە کەمیی داهات و بەرهەمهێنان و خراپیی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و دۆخی تەندروستی و پاشەکشەکردنی بوارەکانی زانست و پەروەردە و فێرکردنەوە تا بەردەوامبوونی ڕژێمە ستەمکار و توندوتیژ و نادیموکراتەکان، دواتر بەیات گریمانەکانی خۆی لەمەڕ لۆژیکی گۆڕانکاری لەم ناوچەیە و ڕەتکردنەوەی تێزە ڕۆژئاواییەکان لەسەر چەقبەستوویی ناوچەکە و نەگۆڕانی دەخاتە ڕوو.

لە دەروازەی یەکەمدا، بەیات چەمکی "نابزاڤی کۆمەڵایەتی" کە هاوکات ناونیشانی دەروازەکەشە، وەک چەمکی سەرەکیی کتێبەکەی دەخاتە ڕوو کە بە پێناسەی ئەو بریتییە لە بەشێک لەو چالاکییە دەستەجەمعییانەی کە تاکەکەسەکان لە چینوتوێژی جیاوازەوە بەشداریی ئەنجامدانیان دەکەن، بێ ئەوەی ئایدۆلۆژیایەک یان سەرکردایەتییەکی دانپیانراو ئەم چالاکییانە ئاڕاستە بکات، تەنانەت ئەگەرچی ڕێکخراوێک یان دامەزراوەیەکیش لەپشت پێکهاتنیانەوە هەبێت. ئەوەش کە نابزافە کۆمەڵایەتییەکان لە بزافە کۆمەڵایەتییەکان جیا

دەکاتەوە ئەوەیە کە ملیۆنان خەڵکی پەراوێزخراو لە هەژارانی شارەکان و ژنانی موسوڵمان و گەنجانی بێبەش پێشەوایەتیی دەکەن. دواتر بەیات هەر بەشێکی ئەم دەروازەیەی، کە بەشەکانی ٣ تا ٧ی کتێبەکەی لەخۆ گرتووە، تەرخان کردووە بۆ خستنەڕووی دۆخی هەریەک لە "هەژارانی شارەکان و ژنان و گەنجان" کە دەشێت بەدەم زەحمەتییەکانی بەدەستهێنانی ژیانی ڕۆژانەیانەوە ناڕەزایەتی و ئاڵنگارییەکانیان، بە ڕووی ستەم و بێدادیدا، لەسەرخۆ ببنە ئەفرێنەری گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لە دەروازەی دووەمدا، بە ناونیشانی "سیاسەتی شەقام و شەقامی سیاسی"، کە بەشەکانی ٨ تا ١١ی کتێبەکەی لەخۆ گرتووە، بەیـــات بایەخ بە لێکۆڵینەوە لە شەقام و شوێنە گشتییەکان دەدات وەک گۆڕەپانی سەرەکیی گوزارشتکردن لە تووڕەیی و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی سادە لە دژی ستەم و نادادیی ڕژێمە سەرکوتکارەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە هاوکات شوێـــنی دەربڕینی شێوازەکانی ململانێ و پێکەوەژیانی نێوان کولتوور و تایەفە جیاوازەکانیشە. لەبەرامبەر ئەو پرسەشدا کە بۆچی شەقامی شارەکان دەبنە باشترین شوێن بۆ دەربڕینی تووڕەییە گشتییـــەکان؟ بەیات دەڵێت شۆڕش بزاوتێکی شارییانەیە، شارەکانیش شوێنـــی ناکۆکی و ململانـــێ کۆمەڵایەتییەکانن، هاوکات ناوەندی جووڵەی سامان و هێز و خەڵکن، لەبەر ئەمانە شەقامەکان هەر تەنها شوێنی دەبڕینی ناڕەزایەتییەکان نین، بەڵکوو یارمەتیـــدەریشن بۆ ئەوەی خەڵکانی سادە بتوانن لە دەرەوەی بازنەی دۆخـــی ئێستـــایان درێژە بە ناڕەزایەتیـــیەکانیان بدەن. دواتر بەیات ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە کاتێکدا کە ڕژێمە حوکمڕانەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی توندوتیژی و ئاسایش و پۆلیسەوە سیاسەتەکانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جووڵە نوێیەکانی شەقام خستووەتە کار، کاراکتەرە نوێیەکانی ئەم شەقامە پەرە بە میکانیزمی نوێ بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتییەکانیان لە دژی ستەمە ناوخۆیی و دەستتـــێوەردانە دەرەکییەکان دەدەن، وەک هـــەڵمەتەکانی بایکۆتکردن و وەگەڕخستنی سۆشیالمیدیا و پانتاییە ئەلکترۆنییەکان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان.

لە دەروازەی سێیەمدا بە ناونیشانی "شۆڕشەکان"، کە بەشەکانی ١٢ تا ١٤ی کتێبەکەی لەخۆ گرتووە، ئاسیف بەیات لە پەیوەند بە مۆدێـــرنەدا لێکـــۆڵینەوە لە شۆڕشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، هاوکات هەوڵ دەدات پێشبینیی ئایندەی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی بکات و بە بڕوای ئەو شۆڕشـــی ئێرانی ١٩٧٩؛ یەکەم و کۆتا مۆدێلی شۆڕشی ئیسلامی دەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـدا کە توانیویەتی بە تونـــدوتیژی بە ئامانجەکانی خۆی بگات. بۆیە ئەو شۆڕشانەی کە دەشێت لە ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەدیهێنەری گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسیی بەرچاو بن، لە

جۆری "شۆڕشی پۆستئیسلامی" بن، بەو واتایە کە بۆ گەیشتنیان بە ئامانجەکانی خۆیان؛ ئامرازەکانی ناتوندوتیژی و بێدەنگی و ستراتیژی ڕیفۆرمی ئاشتییانە دەگرنە بەر. چەمکی "پۆستئیسلامی یان پۆستئیسلامیزم"، لای بەیات واتای پشتبەستن بەو ڕەگەزە ئاشتیخواز و مرۆڤدۆستانەییانەی کە لە کۆمەڵگە ئیســـلامییەکان و خودی ئیسلامیشدا هەن بۆ وەدیهێنانی گۆڕانکارییەکان. لێرەدا بەیات ڕەخنە لەو تێزانە دەگرێت کە ڕایان وایە ئیسلام دیموکراسی قبووڵ ناکات، بۆیە دوای خستنەڕووی پاشخانی ئەو بزاوتە ئاشتیخواز و ناتوندوتیژانە کە لە ئیسلامدا هەبوون؛ لای بەیات پۆستئیسلامیزم پردی پێکەوەبەستنی ئیسلام و دیموکراسییە.

دواتر بەیات ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەر چەندە لەوانەیە شۆڕشەکان لەسەر دەستی گرووپ و خەڵکی نابزاڤی کۆمەڵایەتیی گەورە بخولقێنرین، بەڵام زۆربەی جار ئەم خەڵکانە دەسەڵاتی ئیدارەدانیان نییە، چونکە پێشتر ئەزموونی حوکمڕانییان نەکردووە، هەر بۆیە ئەم شۆڕشانە ناچارن دووبارە لە ڕێی ئامرازە کۆنەکانی دەوڵەتەوە سەودای چاکسازیی شۆڕشگێڕانە بکەن کە ئەمەش هەمیشە مەترسیی گەڕانەوەی دژەشۆڕش لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، بەتایبەت ئەگەر شۆڕشەکە نەیتوانیبێت سیستمە سەرەکییەکانی ئیدارەدانی دەسەڵاتی دەوڵەت بگۆڕێت. بۆیە بەیات جەخت لەوە دەکاتەوە کە گەورەترین ئاڵنگاری لەبەردەم شۆڕشەکانی ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەیە کە چۆن لە ئامرازە کۆنەکانی ئیدارەدان  دوور بکەوینەوە، بەبێ پشتبەستن بە توندوتیژی و لە سایەی بنەماکانی هەماهەنگی و دادپەروەریدا.

لە کۆتاییدا، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم کتێبە ڕووبەڕووی چەند ڕەخنەیەک بووەتەوە، وەک گرنگیدانی تەنها بە بزوێنەرە ناوخۆییەکان و لەبەرچاونەگرتنی کاریگەریی فاکتەرە دەرەکییەکان، هەروەها باسکردنی چەندین ڕووداو بەبێ سەلماندنیان بە سەرچاوەی پێویست، هاوکات پشتنەبەستن بە بەڵگەی تەواو تاقیکراوەی توندوتۆڵ، هەر چەندە بەیات زانیاریی فراوان و شارەزاییەکی قووڵی لەسەر ناوچەکە هەیە، سەرەڕای ئەم ڕەخنانە، ئەم کتێبە ڕوانگەیەکی دەوڵەمەندە بۆ خستنەڕووی ژیانی ڕۆژانە و تێکۆشانی بەردەوامی ملیۆنان خەڵکی سادە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەشدارییەکی تیۆری و چەمکگەرایی گرنگە لە ئەدەبیاتی لێکۆڵینەوە لە لۆژیکی گۆڕانکاری لەژێر سایەی ستەم و سەرکوتکردندا. هەوڵێکە بۆ تێگەیشـــتن لە داینامیکی ئەو ڕاپەرین و جووڵە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی کە ئێستا لە دژی ڕژێمە حوکمڕانە ستەمگەرەکانی ناوچەکە دەگوزەرێن. خوێندنەوەی کتێبی "ژیان وەک سیاسەت"، بۆ هەموو توێژەر و چالاکوان و سیاسییەک گرنگە کە بخوازێت لە هۆکار و ئەنجامەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەئاگا بێت.


ئایندەناسی

# فەرهەنگی ئایندەناسی

چەمکناسیی ئایندەیی

# بەرنامەڕێژی
## (لەسەر بنەمای کاتـ و مەودا)

ئامادەکردن: ئەژی ئازاد ئەبوبەکر



بەرنامەڕێژی لە پێناسەیەکی کورتدا بریتییە لە: "وێناکردنی ئایندەیەکی خوازراو لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکان و گرتنەبەری ڕێگە کردارییەکان بۆ گەیشتن پێی". بەرنامەڕێژی بریتییە لەوەی کە لەسەر بنەمای پێشبینی و دووربینییەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجێك؛ پێویستە چ کارێك ئەنجام بدرێت، چۆن ئەو کارە ئەنجام بدرێت، لە چ بازنەیەکی کات و لە ڕێگەی چ کەسانێکەوە ئەنجام بدرێت. پرۆسەیەکە لە گرتنەبەری کۆمەڵێك بڕیاری پەیوەست بە یەکتر، پێش ئەوەی پێویست بکات جێبەجێ بکرێن، بەو پێیەی کە بەبێ هەڵنانی هەنگاوی کرداری، ئەگەری ڕوودانی دۆخی خوازراو لە ئایندەدا بوونی نییە و لە ئەگەری ئەنجامدانی، ئەگەری گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان زیاتر دەبێت.

لە سەرجەم ئەو پێناسانەی کە بۆ بەرنامەڕێژی کراوە، سێ تایبەتمەندیی گشتی و سەرەکی بوونیان هەیە: 1. بەرنامەڕێژی لە بنەڕەتدا بە "پێشبینی" بەستراوەتەوە و پێویستە پێش ئەوەی کارێك ئەنجام بدرێت، جۆرێتیی کار و چۆنێتیی ئەنجامدانی دیاری بکرێت. 2. بەرنامەڕێژی، سیستمێکی بڕیاردانە. 3. بەرنامەڕێژی جەخت لە ئەنجامی خوازراو دەکاتەوە کە لە "ئایندە"دا بەدەست بێت.

لەگەڵ ئەمەشدا، بەرنامەڕێژی "مسۆگەربوون"ی نییە. ئەگەر سبەی وەك ئەمڕۆ بێت، ئێمە دەتوانین بەمسۆگەری بەرنامەرێژی بکەین، بەڵام بە هۆی گۆڕانکارییە فراوان و بەردەوامەکان لە ئایندەدا، ئەگەری بەرنامەڕێژیی ورد بوونی نییە. لە ئایندەناسیدا ئێمە بە "خەونێك" دەست پێ دەکەین و دواتر لە خەونەکان واقعییەت دروست دەکەین. ئەو ڕێکخراو و دامەزراوە و وڵاتانەی کە کارنامەی لاوازیان هەیە لە ڕاستیدا "توانای خەیاڵکردنیان سنووردارە".

بەرنامەرێـــژی چەندین شێواز لەخـــۆ دەگرێت کە دواتــر بۆ داڕشتنیان، بەیەکەوە دەبەسترێنەوە؛ بەرنامـــەڕێژی لە ڕووی "ئاستی ڕێکخستنەوە" سێ شێواز لەخۆ دەگرێت:

1. بەرنامەڕێژیی ستراتیژی (strategic): دیاریکردنی بەرنامەی درێژخایەن و چارەنووسساز، ڕێکخستن و شێوازی گەیشتن پێی، بە ڕەچاوکردنی هۆکارە کاریگەرەکانی دەوروبەر و بە گرتنەبەری ئایندەی ڕێکخراوەکە.

2. بەرنامەڕێـــژیی تەکتیکی (tactical): گرتنـــەبەری بڕیارە کورتمەوداکان بۆ سوودوەرگـــرتنی بەکەڵـــك لە سەرچاوە هەنـــووکەییەکـــان بە پـــێی گۆڕانکارییەکانی ژینگە.

3. بەرنامەڕێـــژیی کردەیی (operational): دیاریکـــردنی کردە (چالاکی) پێویستییەکان بۆ گەیشـــتن بە ئامانجی ســـتراتیژی لە ڕێگەی ئامێرە دیاریکراوەکانەوە.

ئەم سێ شێوازە، لە بەرنامەڕێژییەك کە لەسەر بنەمای کات و مەودا بێت، ڕۆڵی خۆی دەبینێت و بەتایبەتی لە دوو ئاستی بەرنامەڕێژیی کورتمەودا و درێژمەودادا کەڵکی لێ وەردەگیرێت. بە شێوەیەکی گشتی بەرنامەڕێژی لەسەر بنەمای کات و مەودا بۆ سێ شێواز دابەش دەبن کە هەرکامێکیان تایبەتمەندی، ئامانج، خاڵی ئەرێنی و نەرێنی تایبەت بە خۆیان هەیە.

**1. بەرنامەڕێژیی کورتمەودا (کورتخایەن)**

بەرنامەڕێژییەکە بۆ "ئامانجێکی دیاریکـــراو" کە بە پێی گەورەیی و ئاستی پڕۆژە و کارەکان دەگـــۆڕدرێت. بەرنامـــەڕێژیی کورتمەودا پێویســـتە بتوانێت لە هەمان ماوە کورتەی کە بۆی دیاری کراوە، ئەنجامی خوازراو و قـــبووڵکراو بەدەست بهێنێت. ئەم بەرنامـــانە بەزۆری دەتوانـــرێت بۆ مەبەستـــێک بەکار بهێنرێت کە زۆر ئاڵۆز نین و پێویستیان بە لێهاتوویی تایبـــەت نییە. بەرنامـــەڕێژیی کورتمەودا بە پێی ئاست و قەبارەی پڕۆژە و کـــارەکان دەشێت ماوەکەی لە سێ مانگەوە بۆ ساڵێك یان زیاتر دیاری بکرێت. پڕۆژە و کارە بچووکەکانی وەك تاقیکردنـــەوەکانی کۆتایی ساڵ، وەبەرهێنان لە قەوارەیەکی بچـــووك و دیاریکراو، دابەزاندنی کێش، نووسینی توێژینەوە و ...، لەو جۆرە چالاکییانەن کە دەشێت لە ڕێگەی بەرنامەڕێژیی کورتمەوداوە بگەنە ئامانج.

بەرنامەڕێژیی کورتمەودا دەچێتە چوارچێوەی "بەرنامەڕێژیی تاکتیکی"یەوە و پێویستە وێنەی "ئایندەیەکی نزیک" لەبەرچاو بگرێت و ڕەچاوی سوودوەرگرتن لەو ئامراز و توانایانەی کە لە ئێستادا لەبەردەستە، بکرێت. گونجاندن لە ڕووی کاتەوە، بەردەستبوونی توانای جێبەجێکردنی گۆڕانکارییەکان، سادەیی توانای پێوانەکردنی بەرنامەکە، لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوازە لە بەرنامەڕێژین.

**2. بەرنامەڕێژیی درێژمەودا (درێژخایەن)**

لە پڕۆژە ئاڵۆزە ستراتیژییەکان و وەبەرهێنانە گەورەکان کە پێویستیان بە کات و دانبەخۆداگرتنی زیاتر هەیە بۆ بەدەستهێنانی قازانجی دروست و گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی، کار لەسەر بەرنامەڕێژیی درێژمەودا دەکرێت. بەرنامەڕێژیی درێژمەودا، دەشێت بۆ ماوەیەکی پێنج ساڵە و تەنانەت زیاتر ئامادە بکرێت؛ لێرەدا لایەنە گشتی و پێشبینیکراوەکان لەبەرچاو دەگیرێن و پرۆسەی تەرخانکردنی سەرچاوە و ئامرازەکان بۆ ماوەیەکی تا ڕادەیەک درێژ ئەنجام دەدرێت. بەرنامەڕێژیی درێژمەودا لە چوارچێوەی "بەرنامەڕێژیی ستراتیژی" پۆلێن دەکرێت و هەر ئەمەش وا دەکات بە بەراورد بە دوو

شێوازەکەی تر لە بەرنامەڕێژیی کات، هێز و توانای مرۆیی و لۆجستی، وردبینی و پشوودرێژی زیاتری پێویست بێت.

هەبوونی کاتێکی پێویست بۆ داڕشتنی بەرنامە و جێبەجێکردنی، توانای دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان و ڕاستکردنەوەیان، بەردەستبوونی کۆنترۆڵی کارایی بەرز و توانای هەڵسەنگاندنی ماوەی بەرەوپێشچوونی بەرنامەکان و پێداچوونەوەیان؛ لە تایبەتمەندییە ئەرێنییەکانی بەرنامەڕێژیی درێژمەودان. لە هەمان کاتدا، نادڵنیایی لە ئاکامی پرۆژەکە، ئەگەری بەدینەهاتنی تەواوەتیی ئامانجەکان و سەختیی پێشبینیکردن بۆ ئایندەی پرۆژە و بەرنامەکە، تایبەتمەندییە نەرێنییەکانی بەرنامەڕێژیی درێژمەودا دەردەخەن.

### 3. بەرنامەڕێژیی ماوە مامناوەند

ئەگەر بمانەوێت بەرنامەڕێژییەك بۆ مەودایەك دابنێین کە زیاتر لە یەک بۆ دوو ساڵ و کەمتر لە پێنج ساڵ لەخۆ بگرێت، پێویستە بەرنامەڕێژییەکی ماوە مامناوەند ئامادە بکەین، بە شێوەیەك کە ئەگەر پرۆژە و ئامانجی دیکە لەئارادا بن، ڕەچاوی بەرنامەی کورتمەودا و درێژمەودا بکرێت و لەمپەڕیان بۆ دروست نەکات.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم جۆرە لە بەرنامەڕێژی و پەیوەندیی بەوانی دیکەوە، دەشێت لە ڕێی نموونەیەکی سادەوە بخرێتە ڕوو: ئەگەر بڕیارت داوە بچیتە کۆلێژ بۆ ئەوەی ببیتە مامۆستا، پزیشکی دڵ، یان بەڕێوەبەری کار دوای تەواوکردنی خوێندن، لە دۆخێکی وەهادا بەرنامەی درێژمەودات ئەوەیە کە چالاکییەکانت لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا بە شێوەیەک ڕێک بخەیت کە بەرەو ئامانجە خوازراوەکەت ببات کە بریتییە لە دامەزراندنی لە پیشەیەکی دڵخوازی خۆتدا. لێرەدا بەرنامەی ماوە مامناوەندەکەت ئەوەیە کە لە ساڵی چوارەمەوە وەک فێرخوازێك لە کۆمپانیایەك دابمەزرێیت و لە هەمان کاتدا کە دەخوێنیت، ئەزموون لە ژینگەیەکی کارکردندا بەدەست بهێنیت. بەڵام بەرنامە کورتخایەنەکەت، بە ئەگەرێکی زۆرەوە، ئەوەیە کە نمرەی قبووڵکراو لە تاقیکردنەوەی داهاتووی زانکۆدا بەدەست بهێنیت بۆ ئەوەی هەنگاوێک لە ئامانجە ماوە مامناوەند و ئامانجە درێژمەوداکەت نزیک ببیتەوە.

## سەرچاوەکان


- معتمد وزیری، فریدون (1373)، "برنامه ریزی"، مجله تعاون، شماره 38.
- گوده، میشل (1375)، "از پیشبینی تا چشم انداز راهبردی"، مجله برنامه‌ریزی و بودجه، شماره ویژه ISC.
- مبروك، ساحلي (2019)، "مناهج وتقنيات الدراسات المستقبلية وتطبيقاتها في التخطيط"، المجلة الجزائرية للأمن والتنمية، جلد الرابع، رقم 2.
- حەسەن، کامەران (2021)، "سیناریۆ و بەرنامەدانان بە پێی سیناریۆ"، گۆڤاری ئایندەناسی، ساڵی دووەم، ژمارە 8.

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی





سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (١)

ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا

خۆپیشاندان، پێکهێنانەوەی حکومەت، پڕۆژەی هەرێمی سوننەنشین و کشانەوەی ئەمریکا

شوبات ٢٠٢٠

www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٥)

ئایندەی گفتوگۆ و ڕێککەوتنەکان
سێکوچکەی هەولێر – بەغدا – واشنتۆن
دەرفەت و کۆسپەکان

سلێمانی
حوزەیران 2020

www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٢)

پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان

ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئاسایشی تەندروستی، گرژیەکان و دیموکراسیی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکان

ئازار ٢٠٢٠

www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

قراءات مستقبلية رقم (٥)


مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل – بغداد – واشنطن
الفرص و المعوقات

السليمانية
حزيران ٢٠٢٠

www.centerfs.org


وەرزنامەی
ئێرانناسی


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة محكمة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية


العربية
کوردی
English


ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٤)
حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سیناریۆکان


وەرزنامەی
ئێرانناسی


وەرزنامەی
ئێرانناسی
کابینەی ئیبراهیم ڕەئیسی،
گەڕانەوە بۆ حکومەتی یەکدەست



قراءات مستقبلية رقم (٥)
مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل - بغداد - واشنطن
الفرص و المعوقات
نیسان 2020
السليمانية
www.centerfs.org


وەرزنامەی
ئێرانناسی


وەرزنامەی
ئێرانناسی
مافی نەتەوەیی کورد
لە سیستەمی سیاسیی ئێراندا




ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٣)
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان



THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018



نیسان 2020
www.centerfs.org


سەرهەڵدانەوەی
گروپە تیرۆریستییەکان
لەناوچە جێناکۆکەکان
2019


ئایندەی کەرکوک
لەنێوان هەولێر و بەغدا


ئایندەی عێراق و هەرێم
www.centerfs.org


The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories
2019


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية


www.centerfs.org


انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها
2019


ئاییندەناسی


ئاییندەناسی


ئاییندەناسی
پەیوەندییە داراییەکانی هەرێم و بەغدا


ئاییندەناسی
پۆست کۆرۆنا


ئاییندەناسی


ئاییندەناسی


ئاییندەناسی
کورد و هاوسێکانی لە سەردەمی بایدندا


ئاییندەناسی


ئاییندەناسی


ئاییندەناسی


ئاییندەناسی


ئاییندەناسی
ناوچەکانی ماددەی ١٤٠


ئاییندەناسی


ئاییندەناسی


ئاییندەناسی

CFS

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات




ئایندەناسی

ژمارە (١٥) ساڵی سێیەم، کانونی یەکەم ٢٠٢٢